هێگڵ

# ژیانی یەسووع

وەرگێڕانی

ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل

چاپی یەکەم

٢٠٠٨

حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی رۆشنبیری

بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان

- ناوی کتێب: ژیانی یەسووع
- نووسەر: هێگل
- وەرگێڕی لە عەرەبییەوە: ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل
- پیتچنین: ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل
- دیزاینی ناوەرۆک: کەمال عەبدولهادی
- دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی
- تیراژ: (١٠٠٠)
- زنجیرە: (٢١٩)
- چاپخانە: کارۆ
- چاپ: چاپی یەکەم
- ژمارەی سپاردن: (٢١٩٠) ساڵی (٢٠٠٨)

**پێشکەشە بە :**

**ئەژین عەبدولخالق...**

# پێرست

پێشەکی ــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــ ٧
هێگل، ژیانو کتێب ــــــــــــــــــــــــــــــــــــــ ١١
لەبارەی کتێبی ژیانی یەسووعەوە ــــــــــــــــــــــــــ ٧١
ژیانی یەسووع ــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــ ٨٢

# پێشەکی

لە کۆتاییەکانی ساڵی (١٩٩٧) بۆ یەکەمجار کتێبی (ژیانی یەسووع) م کەوتە بەرچاو، دیارە چەند ساڵێك پێش ئەو کاتە، بەوردی من لە ساڵی (١٩٩٤)ەوە شەیدای هێگل و فەلسەفەکەی هێگل بووم و بەدوای کتێبەکانیدا دەگەڕام و هێدی هێدی کۆم دەکردنەوەو دەمخوێندنەوە. (ژیانی یەسووع) کتێبێکی ئاسایی نەبوو بەلای منەوە، یەکەم لەبەرئەوەی من ئەو کاتە بایەخێکی زۆرم بەفەلسەفەی ئایین دەدا بەگشتی و تازە دەمویست بەشێوەیەکی باشترو جیاوازتر لەو بۆچوونە باوەی ئەو کات لە مەسیحییەت تێبگەم، لەلایەکی تریشەوە چونکە ئەو ئینجیلەی ئەوجارەیان دەستم کەوت لەلایەن هێگل نووسراوەتەوە.

لەوکاتە بەدواوە، من ساڵانە ئەو کتێبەم خوێندۆتەوەو لێی فێر بوومو یەکێك بووە لەو کتێبانەی بەڕاستی خۆشم ویستووەو پاراستوومە. بەڕاستیش من هەر کە یەکەمجار ئەو کتێبەم بینی بڕیارمدا وەریبگێڕمە سەر زمانی کوردی، بەبێ ئەوەی کاتێکی دیاریکراوی بۆ دابنێم و بەرنامەیەکم بۆی هەبێت. دوای ئەو هەموو ساڵە، لەو مانگەدا دەرفەتم بۆ هات و پشوویەکی باشم وەرگرت و بڕیارمدا خەونەکەم بکەمە ڕاستی و دەسم پێکرد.

وەرگێڕانی ئەو کتێبە یەك مانگی تەواوی خایاند، لە(١ ـ ٢٠٠٧/٩/٣٠) وەرگێڕانەکەم تەواو کردو کۆتاییم پێهێنا، مایەوە ئەوەی کە من دەبێت



ئەو کتێبە بدەمە دەست کەسێکی شارەزا بۆ ئەوەی پێیدا بچێتەوە، چونکە نامەوێت دوای ئەو هەموو ماندوو بوونە کەموکوڕی لەکتێبەکەدا هەبێت، ئەوەبوو داوام لەمامۆستای بەڕێزم (عەباس عەبدوڵلا یووسف) کرد کە ئەرکی پێداچوونەوەی کتێبکە بگرێتە ئەستۆ، دڵنیام پێداچوونەوەکەی ئەو، کتێبەکەی جوانترو دەوڵەمەندتر کردووە.

کتێبی (ژیانی یەسووع) یەکێکە لە کتێبە بەراییەکانی نێو ژیانی هێگل و بەنووسینەکانی سەردەمی گەنجی دەناسرێنەوەو لەماوەی نێوان ساڵانی (١٧٩٠ ــ ١٨٠٠) نووسراوە کە تێیدا هێگل لەژێر کاریگەری فەلسەفەی کانتدا بوو، بۆیە ئەو هێگلەی لێرەدا دەیبینین، هێگلی لاوی لاهووتییە، هێگلێك گەرەکیەتی لەژێر کاریگەری کانت بێتە دەرەوەو ببێتە خاوەنی تێڕوانینی تایبەت بەخۆی لەبارەی ئایین و ژیان و هزر، بۆیە ئەو هێگلەی لەنێو ئەو کتێبەدا بەرجەستە بووە، زۆر جیاوازە لەو هێگلەی کتێبی (فینۆمینۆلۆژیای عەقڵ) و (بنەماکانی فەلسەفەی ماف).

ئەو هێگلەی لەنێو ئەو کتێبەدا دەیبینین، هێگلێکە هەستێکی زۆر بەهێزی هەیە لەبەرانبەر ژیان و شێوەکانی بوون و یەکێتی ژیان و ژیانی هەمەکی نێو گەردوون و پڕە لەدڵەڕاوکێی ئایینی لەبەرانبەر دژکارییەکانی ژیانی ڕۆژانەدا، ئەو دژکارییانەی تاکە بوونەوەری بەرزو باڵا و ئەبەدی ئافرێدەی کردوون، بۆیە بەشەوقێکی زۆرەوە خۆی بۆ ئەوە ئامادە دەکات ئاشتەوایی لەنێوان هەموو ئەو ناکۆکی و دژکارییانە دروستبکات، سۆزێکی سۆفییانەی تێدایە بەیەکبوونی تەواو لەگەڵ هەمەکێتیدا.

هێگل لەسەرەتای ژیانی گەنجی خۆیدا هیواخواز بووە ببێتە قەشەیەکی ئایینی مەسیحی و ڕێبازی مزگێنی مەسیحییەت بڵاوبکاتەوە، بۆیە لەو گۆشەنیگایەوە بایەخەکانی بەکەسایەتی مەسیح و ئایینی مەسیحی دەردەکەوێت و هێرش دەکاتە سەر جووەکان و بەوە تۆمەتباریان دەکات کە دەستیان هەبووە لەکوشتنی مەسیحدا، بۆیە دێت دەیەوێت بەشێوەیەکی ترو لەمیانەی تێگەیشتن و بۆچوونی خۆیەوەو بەسوود وەرگرتن لەهەر چوار ئینجیلەکە، جارێکی تر عیسای مەسیح وەکو مامۆستایەکی یەسوعی پیشان بداتەوەو هەموو ئەو موعجیزانەی لێ دادەماڵێت کە لەنێو ئینجیلەکاندا هەنن بەوەش عیسای مەسیح ئەوەندەی لە کەسایەتی سوقرات نزیکدەکەوێتەوەن ئەوەندە لە کەسایەتی پێغەمبەرێك نزیك نییە، چونکە هێگل لەدروستکردنی ئەو ئیشکالییەتەدا دەیەوێت پێمان بڵێت هەموو مامۆستاکان لەکۆتاییدا بەشێوەیەك لەشێوەکان لەسەر دەستی دەسەڵاتێك ژەهر خواردو تیرۆر دەکرێن.

خۆ ئەگەر ئێمە موعجیزەمان لەپێغەمبەرەکان ساندەوە، ئایا ئەوان چییان بۆ دەمێنێتەوە؟ هێگل پێداگیری لەسەر ئەوە دەکات کە عیسای مەسیح وەکو سوقرات دەتوانێت بەبێ موعجیزەکانیشی درێژە بەڕۆڵی چاکسازو چاکخوازانەی خۆی بدات، ڕێبەرێکی باش و هاوڕێییەکی جوان بێت، چونکە ئەوەندەی هێگل کار لەسەر گوتارەکانی عیسای مەسیح دەکات، ئەوەندە کار لەسەر لایەنی هێزو دەسەڵاتی عیسای مەسیح ناکات وەکو پێغەمبەرێك کە خاوەنی دەسەڵاتێکی خواییانەیە.



ئاشکرایە خەونی هەرە گەورەی هێگل لەپشت نووسینی ئەو کتێبەدا ئەوەیە خۆی وەکو کەسێکی چاکسازو چاکخواز پیشان بدات، هەوڵدەدات بیرۆکەی ئایینێکی میللی بڵاوبکاتەوە کە لەسەر ڕایەڵی هزری مەسیحی وەستا بێت وەکو عەقیدەو دەسەڵات و کە دەبێتە لەکۆتاییدا ئایین بگەڕێتەوە سەر بنەمای ڕەسەنایەتی خۆی کە بریتییە لەچاکسازی کۆمەڵایەتی، بۆیە خەون بەئایینێك دەبینێت بەیەکەوە بتوانێت هەم عەقڵو هەم سۆز تێر بکات، ئایینێك بتوانێت شارستانییەتێکی هارمۆنیو دەوڵەمەندتر ئافرێدە بکات.

# هێگل، ژیان و کتێب

هێگـل لـەنێوان سـاڵانی (١٧٧٠ ــــ ١٨٣١) دا ژیـاوە، بـەمانای ئـەوەی لەتەمەنی (٦١) ساڵیدا کۆچی دواییکردووە، نیوەی ئەو تەمەنـەی دەچێتە ژێـر قۆنـاغی لاوێتـی و لـەنێو سـەرجەم نووسـینەکاندا بـەهێگلی لاو ناودەبرێت و دەناسرێت، کەواتە قۆناغی لاوێتی هێگل دەکاتـە (٣٠) ساڵی تەمەنی یەکەمی، لەو ماوەیەدا هێگل کە لە شتوتگارت لـەدایکبووە، دواتـر چۆتە پەیمانگای لاهوتی پرۆتستانتی لە توبنگن، دواتریش چووەتە بێرن، ئینجا دەچێتە فرانکفۆرت تاوەکو (١٨٠٠).

بێگومان ناکرێت باس لەفەلسەفەی هێگل بکەین، باس لە یـەکێك لـە کتێبە هەرە ناودارەکاکنی سەردەمی لاوێتی بکەین، بەبێ ئەوەی لە خودی کەسایەتیو قۆناغەکانی ژیانی نزیك نەکەوینەوە، چونکە ئەم فەلسەفەیە پەیوەستی کەسایەتی خودی خۆی بـووە بـەجۆرێك زەحمەتـە لـە یـەکتری جیابکرێنـەوە، بۆیـە پـێم وایـە هەرچـەندەی سـەرەدەری لـەم فەلـسەفەیە دەربکـەین، ئەوەنـدە زیـاتر پێویـستیمان بـەوە هەیـە قۆناغـەکانی ژیـانی هێگل بناسـین و لەنزیکـەوە لـە کەسـایەتی هێگل تێبگـەین، لەبەرئـەوەی ناشـێت هـزر لـە خـودی کەسـایەتی مرۆڤـی هزرڤـان دابـڕێنین و هێگـل خۆیشی دان بەو ڕاستییەدا دەنێت و ئاماژە بـۆ ئـەوە دەکـات کـە هـەموو فەلـسەفەیەك ڕۆڵـەو نـەوەی سـەردەمی تایبـەت بەخۆیـەتی، بۆیـە لـەو ڕوانگەیە هێگلییەوە ئەویش کوڕی سـەردەمی خۆیـەتی و فەلـسەفەکەشی





زادەی بیرو بۆچوونی ئەو سەردەمە.

دیارە فەلسەفەی هێگل لەگەڵ پێشفەچوونی ژیانی کەسایەتی خۆیدا بـەرەو پێـشفەچووە، بۆیـە ئێمـە لێـرەدا لەبـەردەم زیـاد لەهێگلێکـداین، هێگلی لاوو هێگلی لاهـوتیزان و هێگلی مامۆسـتاو هێگلی فەلـسەفەکار، چونکە نابێت ئەوە لەیاد بکەین کە هێگلی لاو ڕۆڵێکی هەرە مەزنی هەیـە لەدارشتن و پێکهاتنی هێگلی مامۆستاو هزرڤاندا.

جـان هیپۆلیـت لـەبارەی هێگلـەوە دەنووسـێت:" هێگـل دوا میتافیزیکستی مەزنە، چونکە ئەو بۆ خـۆی زۆر بـەڕوونی ئـەوە دەزانێت کە ئەم هزرە فەلسەفییە لەگەڵ ئـەو کۆتـایی پێهاتووە، هـەروەها ئـەوەش دەزانێت کـە هـزری ئـەو جێگـای بایـەخ و گرنگـی پێدانی ئێمەیـە. ئێمـە لەئاست هێگلدا وەکو سـەدە ناوەڕاستەکانین لـە ئاسـت ئەرسـتۆدا، چونکە ئـەو تارمایيـە مەزنەکـەی خـۆی دەخاتـە سـەر سـەرجەم ئـەو وتـارە فەلسەفییانەی لەبەرژەوەندی یا لە دژی ئەو نووسـراون، ئـەو تـا دوێنـێش بەسەرچاوەی سروشی هزری مێژوویی دادەنرێت، مێـژووی فەلـسەفە، کـە شوێنی فەلسەفە دەگرێتەوە".

کۆی گشتی فەلسەفەی هێگلی ئەنجامی ڕووداوەکـانی ئـەو سـەردەمەن کە هێگل تێیـدا ژیـاوە، ئـەو چرکەسـاتانەی کـە هێـدی هێـدی بـڕوا بـوون بەتوانا عەقڵییەکانی مرۆ سەری هەڵدەدا، بۆیـە هێگـل لـەژێر کاریگـەری کانتـدا کـار دەکـات، چـونکە کانـت ئـەو کەسـە بـوو کـە سـەردەمی عـەقڵی ڕاگەیانـدو چـەند کتێبێکـی لـەبارەی عـەقڵو ڕەخنـەگرتن لـە عـەقڵ و بیرکردنەوەی سەردەمەکەی خۆی بڵاوکـردەوە، بەتایبـەتیش ئـەو وتـارەی

لەبارەی سەردەمی ڕۆشنگەری بوو کە لەژێر ناوی (سەردەمی ڕۆشنگەری چییە؟) بوو تێیدا بنەماکانی بیرکردنەوەی عەقلانی ڕوون دەکاتەوەو جەخت دەکاتە سەر عەقڵ.

(١)

جۆرج فیلیهلم فردریش هیگڵ لەڕێکەوتی (٢٧)ی ئەگستۆسی ساڵی (١٧٧٠) لەشاری شتوتگارتی ئەلمانی لەخێزانێکی بۆرژوازی لەدایکبووە، باوکی ناوی جۆرج لۆدڤیگ هیگڵ بووەو دایکیشی ناوی ماریای مەجدەلی بووەو لە بنەماڵەیەك بوو کە بە بنەماڵەی فرۆم ناسراو بوو.

لەتەمەنی (١٠) ساڵیدا، واتا لەساڵی (١٧٨٠)دا هیگڵ دەچێتە پەیمانگای توبنگن بۆ ئەوەی لاهوت بخوێنێت، لەم ماوەیەشدا فەلسەفەی ڕۆشنگەری خاوەنی ناوو ناوداریەکی مەزن بووە.

خوێندنی هیگڵ لەتوبنگن ماوەی پێنج ساڵی خایاند، ئەم پێنج ساڵەش قۆناغێکی پڕ هەستیارو گرنگ بووە لەمێژووی ئەلمانیاو ئەوروپاو جیهانیش بەگشتی، چونکە لەساڵی (١٧٨٩)دا شۆڕشی مەزنی گەلی فەرەنسا سەرکەوتنی بەدەستهێناو ڕووگەی مێژووی ئەوروپاو جیهانی گۆڕی، دواتریش ساڵی (ڤالمی) هات، واتا ساڵی (١٧٩٢) کە تێیدا فەرەنسا ئەوەی ڕاگەیاند کەشاعیرو فەلسەفەکاری ئەلمانی شیلەر دەکرێتە هاوڵاتی شەرەف لەکۆماری فەرەنسادا.

کاتێك هێگڵ لە پەیمانگای توبنگن سەرقاڵی خوێندنی لاهوتە، ماریای دایکی لەساڵی (١٧٨٣)دا کۆچی دوایی دەکات. زۆر لەو مێژوو





نووسانەی باس لەژیانی هیگڵ دەکەن، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئەو هەرلەمنداڵیەوە زۆر جدی بووەو لەگەڵ خۆیدا توند بووەو زۆریش خۆی ماندوو کردووە، تەنانەت هەندێك لەوانە پێیان وایە هیگڵ وەکو منداڵانی تر سەردەمی ژیانی منداڵی خۆی نەژیاوە، بەڵام وەکو ئەوەی دیارە زۆر جدی بووەو لەکاتی مامۆستایەتیشدا بەردەوام کاتەکانی خۆی بەشێوەیەکی وا ڕێکخستووە کە بتوانێت بەرپرسیارێتییەکانی خۆی بەجێ بگەیەنێت و لەژیانی کۆمەڵایەتی خۆیشی دانەبڕێت.

حەزی هێگل بۆ ڕێکوپێکی و گونجان و هەڵکردن، هەر زوو پاڵی پێوەناوە بەدوای ئاشتی و یەکێتی و تەکامولدا بگەڕێت، بۆیە هەستی بەوە کردووە کە جیهان بەرجەستەکردنی ژیانێکی بێ کۆتاییانەیە.

هێگل زۆرجار حەزی بەوە کردووە کە هەر منداڵ بووایەو هەرگیز گەورە نەبووایە، چونکە پێیوابوو منداڵ لەپێوەندی سروشتی بەردەوامدایە لەگەڵ سروشتدا، منداڵی لەلای هێگل ئەو چرکەساتەیە کە مرۆڤ بەبێ نواندنو بەشێوەیەکی ڕەمەکیانە پێوەندی و تەماسی ڕاستەوخۆی هەیە لەگەڵ سروشتدا.

هێگلی لاو لەم کاتانەدا سەرقاڵی ڕەهایی بووەو بەردەوام هەوڵیداوە بە دوای حەقیقەتی هەمەکیانەدا بگەڕێت، بۆیە سەیر نییە کە دەزانین چەندە هەوڵیداوە لەکارکردن و بەدەستهێنانی یەك نەسەقی گونجاو لە مەعریفەدا لاسایی ئەرستۆ بکاتەوەو هەوڵبدات زۆرترین ڕێژەی مەعریفەی زانستەکان لەنێو عەقڵی خۆیدا کۆ بکاتەوە. ئەوەش وای لێدەکات لەکاتی خوێندنی لاهوتدا تەنیا بەوانەی مامۆستاکانی خۆی ڕازی

نەبێت، بەڵکو لە دەرەوەی پرۆگرامی خوێندندا سەرقاڵی خوێندنەوەی چەندین کتێب و بابەتی مەعریفی تر دەبێت و تێبینی خۆی لەسەریان دەنووسێتەوە، ئەم ڕۆحە ئینسکلۆپیدی خوازە هانی هێگل دەدات بێت نووسینی نووسەرو فەلسەفەکارە گریکیو رۆمانیەکان بخوێنێتەوە، بەوەش بە بێ ئەوەی بەخۆی بزانێت ڕووەو لێکۆڵینەوەی مێژوویی کێش بوو.

ئەو ڕۆحە بزۆزە بۆ فێربوون و مەعریفە وای کرد تەنانەت کاتێك کە پیریش بوو، کاتێك مامۆستای فەلسەفە بوو لەزانکۆی بەرلین، وا هەست بکات هێشتا قوتابییەو دەبێت بەردەوام بێت لەفێربوون و وەرگرتنی مەعریفەدا، لەمبارەیەوە دلتای دەڵێت:" ئەگەر هێگل لەمنداڵیدا بێبەش بووبێت لەنیعمەتی منداڵی، ئەوە لەکاتی پیریدا لاوێك بوو چاوەکانی پڕبوون لەباقو بریقی منداڵێتی"، بۆیە هێگل لەساڵانی دوایی تەمەنیدا بەردەوام بوو لەگەشت و گەڕان و سەردانی مۆزەخانە و شوێنەوارە مێژووییەکانی دەکردو دەچووە نێو هۆڵەکانی شانۆو ئامادەی نمایشە مۆسیقیەکان دەبوو.

هێگل فەلسەفەکارێك نەبوو لەواقیعی ژیانی کۆمەڵایەتی خۆی دابڕاو بێت، بە پێچەوانەوە پیاوێکی کۆمەڵایەتی بووەو بایەخی زۆری بەڕووداوەکانی دەوروبەری داوەو حەزی بەکاری هونەری بووە، بەڵام پیاوێکی سۆزدارو ڕۆمانسی نەبووە، بەڵکو بەر لەهەرشتێك پیاوێکی عەقڵی بووەو جەختی لەسەر ئەوەش کردۆتەوە کە دەبێت عەقڵ بڕیاردەری هەموو شتێك بێت، تەنانەت بەردەوام هەموو جۆرە هەست و





نەست و ئەزموونەکانی خۆی گۆڕیوە بۆ ئیدراکی عەقڵی و وێنەی هزری.

لەماوەی خوێندنی لەپەیمانگای توبنگندا، هولدرلین و شلینگی ناسی، ئەگەرچی هێگل لەڕووی تەمەنەوە نزیکەی پێنج ساڵ لەهەردووکیان گەورەتر بوو، بەڵام هاوڕێیەتیان بەتین بوو. ئەم پەیمانگایە بەپێی سیستەمێکی ئایینی توندوو تۆڵ بەڕێوە دەبرا، لەوێشدا هێگل ناسیاوی لەگەڵ هەندێك لەمامۆستاکان پەیداکرد، بەتایبەتیش مامۆستای وای تێدابوو کە پێوەندی هاوڕێیانەی لەگەڵ جان جاك ڕۆسۆدا هەبووەو لەڕێگایەوە هێگل لەم تەمەنەدا شارەزای کارەکانی ڕۆسۆ بووەو کتێبەکانی خوێندۆتەوە.

جگە لە ڕۆسۆ، هێگل کەوتۆتە ژێر کاریگەری هەریەك لە فیختەو کانتیش و بەسەرگەرمیەکی زۆرەوە کتێبەکانی ئەوانی خوێندۆتەوە. جگە لەوانەش، هێگل بایەخی بە نووسینەکانی مندلسۆن داوە کە لێکۆڵینەوەی زۆری لەبارەی ئایینی یەهودیدا ئەنجامداوە. لەم کاتانەدا هێگل بەقووڵی ڕۆچووەتە نێو لێکۆڵینەوەو خوێندنەوەی فەلسەفەی گریکی و بۆتە لایەنگری ئەو ڕەوتە تاکگەرایانەی بانگەشە بۆ بوونی یەك حەقیقەتی خوایانەی تۆتالیتاری و گشتگیر دەکەن.

حەزکردنی هێگل بە نوێبوونەوە بووە هۆی ئەوەی هەموو ئەو نەزعە عەقڵییە تەسك و کورتبینانە بەلاوە بنێت کە لەسەردەمی ڕۆشنگەریدا باڵادەستبوون، بۆیە بەهاوکاری هۆڵدرلین و شلینگ کاری بۆ ئەوە دەکرد کە خۆی لەجێکەوتە هزریەکانی فەلسەفەی ئەو کاتە دەرباز بکات کە جێکەوتی بەسەر فەلسەفەی ئەڵمانیدا دیاربوو.

لەبەرئەوەی شۆڕشی گەلی فەرەنسا کاریگەری زۆری کردبووە سەر هێگل، بۆیە لەیەکشەممەیەکی ساڵی (١٧٩١)دا بەهاوڕێیەتی شلینگ دەچێتە قەراغ شاری توبنگن و درەختێك دەچێنێت و ناوی دەنێت درەختی ئازادی ـ شۆڕشی گەلی فەرەنسا لە (١٤)ی تەموزی ساڵی (١٧٨٩) ڕوویدا کاتێك سیستەمی پاشایەتی لویسی شازدەیەم ڕووخێنراو سیستەمی کۆماری بەسەر کردایەتی ناپلیۆن دامەزرا، ئەم شۆڕشە دروشمی برایەتی و یەکسانی و ئازادی هەڵگرتبوو.

لەڕاستیدا هێگل لەو باوەڕەدابووە کە شۆڕشی فەرەنسی ئەنجامی هەوڵ و کۆششێکی زۆری فەرەنسییەکان بووە لەپێناو بونیادنانی سیستەمێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی کەلەسەر عەقلانییەت و ئازادی بونیاد نرابێت.

لەڕوانینی هێگلدا عەقڵ ئاڕاستەکاری شۆڕشی فەرەنسی نەبوو، بەڵکو ئەو چرکەساتەی کە مزگێنی بەخشی شۆڕشی فەرەنسی بوو، چرکە ساتێکە مزگێنی ئەوەش دەبەخشێت کە لەمە بەدواوە مرۆ پشت بەبیرکردنەوەو عەقڵ دەبەستێت، ئەو ڕووداوە مێژووییەی کە ناوی شۆڕشی فەرەنسییە حەقیقەت دەخاتە ژێر پێوەرەکانی عەقڵ و ئاستەکانی، ئەو ڕووداوە سەلمێنەری ئەوەی کە عەقڵ کۆنترۆڵی حەقیقەت دەکات، چونکە یەکەمین پرنسیب و بنەمای ئەو شۆڕشە ئەوەیە کە عەقڵ کۆنترۆڵی حەقیقەت دەکات و ئاڕاستەکارییەتی، ئەم گوتەیەش ناوەڕۆکی هەرە جەوهەرییانەی فەلسەفەکەی هێگلە.

لەنێو ئەو نووسینانەی کە ئەو کاتە هێگل نووسیویەتی، چەندین





لێکۆڵینەوەو وتار بەدی دەکەین کە تایبەتە بەیۆنانییەکان و هزری گریکی، تێیاندا هێگل ئاماژە بە ئایینی گریکەکان دەکات و جەخت لەسەر خۆشەویستی ئەوان دەکاتەوە بۆ ژیان.

هێگل پێی وابوو ئایینی یۆنانییەکان ئایینی مرۆڤی ئازادبووە کە هەست بەهەڵەکردنی مەسیحی ناکەن و ملی خۆیان ناخەنە ژێر پێی خواوەندی باڵا، بەڵکو ئەوان دڵسۆزیان بۆ ئەو خواوەندانەیە کە شارەکانیان دەپارێزن و ئاگادری کۆمەڵگاکەیان دەبن. کەچی مەسیحییەت وانییە، مرۆڤی فێری ئەوەکرد کە هاوڵاتییەکی ئاسمانیە و نامۆیە بەم سەر زەوییە، بۆیە مەسیحییەت دێت ئەو ڕۆحە هەڕەمەکیەی مرۆڤ دەکوژێت کە مرۆڤی گریکی خاوەنداریتی دەکات. لەبری ئەوەش مەسیحییەت دێت حەزکردن بەئێش و ئازار لەناوەوەی مرۆڤدا جێگیر دەکات، جۆرێك لەڕەفتاری ماسۆشیانە.

ئالێرەدا دێت جۆرێك لەدژکاری لەنێوان ڕۆحی مەسیحییەت و ڕۆحی گریکیدا دەدۆزێتەوە، ئایینی هەڵەکردن و گوناه و قوربانی و ئازارو تلانەوەی ڕۆحی، لەبەرانبەر ئایینی ئازادی و بەختەوەری و بڕوابوون بەژیان دادەنێت. هێگل پێی وایە مەسیحییەت مۆرکی مرۆڤایەتیانە لەژیان دادەماڵێت و سروشت وەکو کۆمەڵێك هێزی مادییانە نمایش دەکات کە دەبێت مرۆڤی مەسیحی کار بۆ دەستەمۆکردن و کۆنترۆڵ کردنیان بکات و مرۆڤی کردۆتە کۆیلەیەکی بێ دەسەڵات کەدەبێت لەبەردەم خواوەندا کڕنۆش ببات و چۆك دابدات و ئەوەش ڕابگەیەنێت کە هەموو کارو کردەوە چاك و باشەکان لەلایەن

خواوەندەوەیە، لەهەمان کاتیشدا هەموو کارو کردەوە خراپ و ناپەسندەکانیش لەلایەن مرۆڤەوەیە.

لەم روانگەیەوە بوو کە هێگل لەتەمەنی لاویدا هێرشی زۆری کردە سەر ئایینی مەسیحی بەوسیفەتەی کە ئایینی ئازارو ئێش و تلانەوەی ویژدانە. بۆیە هێگل بەوردی چاودێری ڕەوشی ئایینی مەسیحی دەکات و دەبینێت کلێسا لەئاست ئەو کێشانەدا نییە کە ڕوو بەڕووی کۆمەڵگای مەسیحی ئەڵمانی دەبێتەوە، جگە لەوەی کلێسا هێشتا پەیوەستی هزرو بۆچوونی خورافی بووەو نەیتوانیوە واقیعییانە تەماشای جیهان بکات و بایەخ بەکاروباری سیاسی نادات کە لەو کاتەدا جێگای بایەخی خەڵکە.

لەلایەکی تریشەوە دەبینێت دەوڵەتی برۆسیایی لەسەر لێواری دارمانەو میریش دەسبەرداری دەسەڵاتەکەی خۆی نابێت بۆ ئەوەی وڵات لەڕووخان و لەناوچوون دەرباز ببێت. لەکاتێکدا بینیمان هێگل چەندە لەژێر کاریگەری دەوڵەتە شاری کۆنی یۆنانیدا بوو، بۆیە لێرەدا ئاماژەی پرسیار دەخاتە سەر ئایینی مەسیحی و دەپرسێت:" ئایا بەڕاستی مەسیحییەت بایی ئەوەی تێدایە ببێتە ئایینی میللەتێکی زیندوو؟".

دەبێت ئەوەش بزانین کە لەم ماوەیەی لاوێتیدا، هێگل بەتەنیا خەریکی مەسەلەی ئایینی نەبووە، بگرە مەسەلە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیش سەرقاڵی کردووە، لەم کاتانەدا ئەلمانیا لەژێر بارێکی سەختی کارگێڕیدابوو، گەندەڵی سیاسی باڵی بەسەر ڕەوشەکەدا کێشابوو، ناکۆکی و ململانێی ناوەخۆ دووبەرەکی نابۆوە، بۆیە ئاساییە کەسێکی وەکو هێگل سەرقاڵی بیرکردنەوە بێت لەدەربازکردنی وڵاتەکەی لەو





تەنگژانە. بەم شێوەیە هێگل لەنێو دوو قەیراندابوو، قەیرانێکی دەرەکی کە قەیرانی سیاسی و کۆمەڵایەتی وڵاتەکەیەتی، قەیرانێکی ناوخۆیی کە قەیرانی ئایینی خۆی بوو. لەڕاستیشدا هەردوو قەیران دوو ڕووی یەك کێشە بوون لەلای هێگلدا، بۆیە ئەو زیاتر سەرقاڵی دۆزینەوەی چارەسەریەك بوو کەیەك چارەسەری بێت بۆهەردوو قەیران.

لەبارەی قەیرانی ئایینییەوە، دەبینین هێگل بەتوندی ڕووبەڕووی ئەو نەزعە عەقڵییە چەقبەستووە دەبێتەوە کە لەو کاتانەدا لەئارادا بووە، بۆیە ڕەخنەی ئەوەی لەفەلسەفەکارانی ڕۆشنگەری دەگرت کە ئەوان توخمە تراژیدیەکانی نێو پێکهاتەی مرۆڤیان فەرامۆشکردووە. ڕەخنەی ئەوەی لەکانت دەگرت گوایە نەیتوانیوە بە ڕاستی لە خۆشەویستی تێبگات وەکو ئەوەی ڕەفتارێکی پاك و بێگەرد و ئەپستراکتە لەهەموو مەبەستێك.

هێگل مەبەستی نەبووە لەم کاتانەدا هیچ دابڕانێك لەنێوان عەقڵ و هەستناکیدا دروستبکات، بەڵکو پێی وابوو کە هەر ئایینێك یا ئەخلاقێك ناشێت بەتەنیا لەسەر عەقڵی پەتی بونیادنرا بێت، ئەگەر واش بێت، ئەوە غەدرێکی زۆر لەواقیعی مرۆڤایەتی دەکرێت. هەموو ئایینێك ئەگەر تەنیا کاری ئەوەبێت کۆمەڵێك عەقائیدی مەزهەبی بداتە پێڕەوکارانی، ئەوە بارێکی گران دەخاتە سەر یادەوەری مرۆڤ بەبێ ئەوەی بتوانێت ویستیان ببزوێنێت و بەرەو کارکردن و هەنگاوانی کردەیی پاڵیان پێوەبنێت.

کەواتە لەبری ئەم ئایینە بابەتیەی کە هەڵقووڵاوی نەزعەی عەقڵیو

لاهوتی و فەلسەفییە، دەبێت هانا وەبەر ئایینێکی تر بەرین کە لەسەر کارو گۆڕینی ویست و نوێکردنەوەی دڵ بونیادنرا بێت، نەوەکو تەنیا باوەڕبێت بەهەندێك حەقیقەتی تیۆری یا دەستگرتن بێت بەپێوەندییەکی ئەبستراکتانە لەگەڵ حەقیقەتی خوایی، یا بانگەشەکردنی هەندێك عەقیدەی پەتی عەقڵی بێت.

هێگل پێی وایە ڕێنمایی و ڕاسپاردەکانی ئایینی میللی دەبێت لەسەر عەوقڵ دامەزرا بێت و هاوشێوە بێت لەگەڵیدا، هەروەها دەبێت دان بەو عەقڵە دابنرێت و ڕێگاشی پێبدرێت، تەنانەت ئەگەر پشت بەسروشی خواییش ببەستێت، بەجۆرێك دەبێت هەموو مرۆڤێك بزانێت چۆن پابەند دەبێت پێیەوە.

ئینجا پێویستە ئەو ڕێنامیی و ڕاسپاردانە سادەو ساکار بن بتوانرێت کاریگەرییان هەبێت بەسەر دەروونداو بەشدار بن لەکولتووری ڕۆحی میللەتدا. جگە لەوەش، دەبێت ئەو ڕێنمایی و ڕاسپاردانە مرۆڤانە بن و لەگەڵ ئاستی خەلقی گەلدا بگونجێت.

لەم قۆناغەدا هێگل تەنیا ڕووبەڕووی نەزعەی عەقڵی توون ڕەوانە نەبۆوە لەتێڕامان لەئاییندا، بەڵکو بەسەر نەزعەی تاکگەرایی توندڕەویشدا هەڵگەڕایەوە کە جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە گوایە ئایین تەنیاو تەنیا پرسێکی کەسایەتییانەیە. پاساوی هێگل لەم لایەنەوە ئەوەبوو کە بنەچەی تلانەوەی ویژدانی هاوچەرخ لەو دابڕانەدایە کە لەنێوان ژیان و ئاییندایە، وەکو ئەوەی هیچ جۆرە پێوەندییەك لەنێوان موتەناهی و ناموتەناهی، یا لەنێوان زەوی و ئاسماندا نەبێت. بۆیە





لەڕوانگەی هێگلەوە کاری سەرەکی مرۆڤ بەر لەهەرشتێك ئەوەیە کار بۆ فراوانکردنی ئایین بکات بەشێوەیەك هەموو ژیان بگرێتەوە، بەوەش دەتوانین هەموو حەقیقەتە موتەناهیەکانی جیهان بەبەهای ناموتەناهی دابپۆشین. کەواتە بەبۆچوونی هێگل مانای وایە ئایین دەبێت بایەخەکانی تاکەکەس تێپەڕ بکات تاوەکو بتوانێت سەرجەم بایەخە باڵاکانی ژیانی مرۆڤ وەکو تاکێك لەخۆیەوە بگرێت و بەشداری لەم ژیانە کۆمەڵایەتییەدا بکات کە هێگل ناوی دەنێت (ڕۆحی گەل).

لێرەوە دەبینین هێگل ئایین تێکەڵاو بەژیانی کۆمەڵگا دەکات و بڕیاری ئەوە دەدات کە پێداویستییەکی ڕۆحی هەیە خۆی بەسەر هەموو دیاردەکانی ژیانی ڕۆحی ئادەمیزاددا دەسەپێنێت، تەنانەت خۆی بەسەر ئایینیشدا دەسەپێنێت. ئەم پێوەندییەش کە ئایین لەنێو هەموو کۆمەڵگایەکدا بەڕۆحی گەل دەبەستێتەوە، کار بۆ ئەوە دەکات کە دیاردەی ئایین بخاتە نێو ناوەڕۆکی سەیرورەتی مێژووییەوە.

کاتێکیش ئایین پەیوەستی مێژوو دەبێت، ئەوە ئایین بەتەنیا وەکو ڕووداوێکی دەرەکی دەرناکەوێت کە بەهیچ شێوەیەك پێوەندی بەژیانەوە نەبێت، بەڵکو دەبێتە واقیعێکی هەمەکی و هەموو دیاردەکانی وجود لەنێو خۆیدا حەشار دەدات.

مادام کاری سەرەکی ئایین ئەوەیە کە ئیرەیی تاکەکان لەناو ببات، ئەوە بۆیە ڕۆحی ڕاستەقینەی ئایینی دەبێت کار بۆ ئەوە بکات تاك لەنێو ژیانی کۆمەڵگا بتوێنێتەوە، ئەو کاتەش تاك دەتوانێت کۆنترۆڵی تاکگەرایی خۆی بکات کە لەسەر دابڕان بونیادنراوە تاوەکو بەشداری

لەژیانی گشتیدا بکات کە دەبێتە هۆی ئەوە ئاسوودەیی و ئارامی و دڵنەوایی ژیانی پێ ببەخشێت.

بە بۆچوونی هێگل هەڵەی هەرە گەورەی نەزعەی عەقڵی توندڕەوانە لەوەدایە ئیدراکی بەوە نەکردووە تاك جەوهەری کەسایەتیو بنەماکانی وجودی خۆی لەمێژووەوە وەردەگرێت.

لەو حاڵەدا دەبێت پرسیاری ئەوە لەخۆمان بکەین: ئایا هێگل هەموو توخمە کەسایەتییەکانی نێو ئایینی فەرامۆشکردووە بۆ ئەوەی تەنیا وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی نمایشی بکات؟ لەواقیعدا هێگل تائەم ڕادەیەش نەچووە، بەڵام تێبینی ئەوەی کردووە ئەم ئایینەی مەسیح بانگەشەی بۆ دەکات، ئایینێکی تەواو تاکگەرا بووە، ئەوە لەکاتێکدا ناشێت حەقیقەتی پیرۆز لەنێو قووڵایی ویژدانی تاکدا زیندانی بکرێت، بەڵکو دەبێت بێتە دەرەوە بەرەو وجودی دەرەکی، ئەوەش تاوەکو هەموو شتێکی نێو ژیان لەخۆیەوە بگرێت. هەرئایینێك سەرکەوتوو نەبێت لە لەخۆگرتنی ڕوخساری گروپگەرایی وجودی مرۆڤ، دەبێتە هۆی ئەوەی جۆرە دابەشبوونێك و دابڕانێك لەنێو قووڵایی ویژدانی تاکدا بەرهەم بێنێت.

ئەگەر ئایین ئەوەندە فراوان بوو بەشێوەیەك توانی ببێتە ئایینێك سەرجەم لایەنە ژیاریەکان لەخۆیەوە بگرێت ـــ وەکو ئەوەی لەلای گریکەکان وابووە ـ ئەوە ئەو کاتە مرۆڤ لەسایەی ئەو کردەیەوە دڵسۆزی بۆ ژیانی بەکۆمەڵی و کۆمەڵگا پیشاندەدات و لەنێو ئەم ژیانەدا گوزەران دەکات، ئەوە ئەم ژیانە خۆی مۆرکێکی ئایینیانە وەردەگرێت.





دواتر هێگل لەکۆتایی ئەم قۆناغەی پێشڤەچوونی خۆیدا گەیشتە ئەو باوەڕەی ئایین تەنیا دیاردەیەکی عەقڵی نییە پەیوەستی ژیانو مێژووی کۆمەڵگا بێت، بەڵکو جگە لەوەش، ئایین ڕووداوێکی وەزعیانەیەو لەبارودۆخێکی دیاریکراودا بەدیهاتووەو پەیوەستی بارودۆخێکی تایبەتیشە، بۆیە دەبێت کار بۆ ئەوە بکرێت لەتوخمە پێویست و ئەبەدییەکانی نێو ئایین بگەین و لەو توخمانەش تێبگەین کە ڕووداوی زەمەنین تاوەکو پێوەندی بونیادنراوی نێوان ئەم دوو جۆرە توخمە بناسین، ئەوەش ئەو کێشەیەیە کە لەقۆناغی دواتری پێشڤەچوونی خۆیدا دەیوروژێنێت.

(٢)

هێگل ساڵی (١٧٩٣) بڕوانامەی دبلۆمی لاهوتی لە پەیمانگای توبنگن بۆخوێندنی ئایینی پرۆتستانتی وەرگرت، لەبارەی ئەم ماوەیەی خوێندنی خۆیدا دەنووسێت:" لەجیهاندا هیچ نەتەوەیەکی وەکو ئەوانە بوونی نییە کە ئەوەندە بە توندو بە وەفاییەوە دەست بە پرۆتستانتییەتەوە بگرن".

دوای تەواوکردنی خوێندن لەتوبنگن، هێگل بۆماوەی سێ ساڵ چووە شاری بێرنو بوو بەمامۆستای تایبەتی یەکێك لەخێزانە دەوڵەمەندەکانی ئەم شارە. لەم قۆناغەی ژیانی هێگلدا تێبینی ئەوە دەکەین کە مۆرکی بیرکردنەوەی دەگۆڕێت و زیاتریش تێڕادەمێنێت و دادەبڕێت و دەچێتە نێو قووڵایی بیرکردنەوەوە، دیارە لەم ماوەیەشدا زیاتر دەکەوێتە ژێر

کاریگەری کانت، هەربۆیەش بەدیدو تێڕوانینێکی کانتیانەوە دەڕوانێتەوە ئایین و پێداگیری لەسەر ئەوە دەکات کە مەسیحییەت ئایینی ئازادی و تاکگەراییە. ئەوەش وای لێدەکات زیاتر لەئایینی مەسیحی بکۆڵێتەوە، بگرە ئەم بۆچوونە تازەیەی ئەنجامی لێکۆڵینەوەو وردبوونەوەی زیاتری خۆیەتی لەئایینی مەسیحی.

لێرەدا دێت لەژێر کاریگەری ڕۆحی گریکیانەدا بەراوردێك دەکات لەنێوان سوقرات و مەسیحەوەو لێکۆڵینەوەیەك دەنووسێت، لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە سوقرات بیریارێکی میللی بووەو تێکەلاّوی جەماوەر بووەو قوتابیانیشی پێویستیان بەوە نەبووە لەخەڵك دابڕێن و لەجیهان دوور بکەونەوە، کاری سوقرات تەنیا ئەوە بووە دەستیان بگرێت و ڕێنماییان بکات تاوەکو کەسایەتیان گەشە بکات و ئازادبن.

کەچی دەبینین لەبارەی مەسیحەوە پێی وابووە مەسیح خۆی وا لەبەردەم خەڵکدا پیشانداوە گوایە خاوەن دەسەلاّتەو هەڵگری پەیامێکی ئاسمانییە، جگە لەوەش ژمارەی قوتابییەکانی زۆر سنووردارو دیاریکراو بووە کە داوای لێکردوون پەیامەکەی بلاّوبکەنەوەو بەکۆمەلاّنی خەڵکی بگەیەنن.

هێگل پێی وایە سوقرات لەنێو ولاّتێکی کۆماریدا ژیاوە کە تێیدا هەموو هاولاّتییەك بەئازادی لەگەڵ خەڵك دەدواو قسەی دەکرد و پێوەندییە کۆمەلاّیەتییەکان بەشێوەیەك بوون کە مرۆڤ ڕێز لێگیراو بوو، بۆیە دەبینین سوقرات چەندە بەئەدەب و ڕێزەو قسە دەکات و ئەو





کەسانەش کە ڕای پێچەوانەو دژی ئەویان هەیە، ئەواونیش چەندە بەڕێزەو وتووێژی لەگەڵدا دەکەن، بۆیە قسەکانی سوقرات شێوازێکی فێرکارییانە لەخۆ ناگرێت و هەرگیز خۆیشی وا پیشان نادات گوایە دەیەوێت بەرانبەرەکانی فێر بکات، بۆیە زۆر بەشێوەیەکی ئاسایی دەدەوێت بەجۆرێك بەبێ ئەوەی پیشانی بدات کە فێریان دەکات، دێت فێریان دەکات.

لە کاتێکدا جووەکان بە پێچەوانەوە ڕاهاتبوون لەسەر وتاری حەماسیو تووندو تیژی پڕ لەڕێنمایی و ڕاسپاردەی ئەخلاقی و ڕیسواکردنی دوژمنەکانیان، ئەوەش کەشێکی تەواو جیاوازە بۆ بۆ مەسیح بە بەراورد لەگەڵ سوقراتدا.

مەسیح پیاوێکی چاکەخوازو نموونەیی بووە، بەلاّم هێگل پێی وایە بەڕادەی سوقرات شارەزایی نەبوو لەمامەڵەکردن لەگەڵ کۆمەڵگاکەی. مەسیح دوازدە هاوڕێی بۆ خۆی هەڵبژارد و بڕیاریدا فێریان بکات و هاوڕێی گەشت و سەفەرەکانی بن و لەمیانەی ئەو گەشتانەدا لێی فێر بن.

کێشەکە لەوەدا بوو کە ئەو هاوڕێیانەی مەسیح هێشتا لەو پەیامە گرنگەی مەسیح تێنەگەیشتبوون و چاوەڕوان بوون لەمیانەی موعجیزەو نیشانەی ڕوون و ئاشکراوە مەملەکەتی خوا لەسەر زەوی دابمەزرێنێت، ئەوان چاوەڕوان بوون کاتێك مەسیح دەبێتە سەرۆك و ڕابەری مەملەکەتی خوا، پلەو پایەیان پێبدرێت و پاداشت وەربگرن، بەوەش هاوڕێکانی مەسیح نەیانتوانی بەتەواوی لێی تێبگەن بۆیە دەبینین لەنێو ئەو کتێبەدا هێگل دەگێڕێتەوەو دەنووسێت:" دایکی

یۆحەنناو یەعقوب لەیەسووع نزیك کەوتەوەو خۆی خستە ژێر پێیەکانی، کاتێکیش یەسووع لێی پرسی چی دەوێت، ئەو ئافرەتە پێی وابوو خۆی و کوڕەکانی نزیك بوونەتەوە لەبەدیهێنانی هیواو ئاواتەکانیان و داوای لێکرد و گوتی: کاتێك مەملەکەتەکەی خۆت دادەمەزرێنیت، پلەو پایەی کوڕەکەم بەرز بکەوە بۆ جێگری ڕاستەوخۆی پلەو پایەی خۆت. یەسووعیش وەڵامی دانەوە: ئێوە نازانن داوای چی دەکەن. ئایا ئێوە ئامادەن بۆ ژیان لەپێناو ئەو ئەرکەی شانتان داوەتە بەری بۆ چاککردنەوەی مرۆڤ هاوچارەنووسی من بن، جا هەرچییەك ڕوو بدات و بێتە پێشەوە؟. ئەوانیش کە بڕوایان وابوو ئەو چارەنووسە بێگومان چارەنووسێکی ڕۆشن دەبێت، وەڵامیان دایەوە: بەڵێ! ئێمە ئامادەین!. بۆیە یەسووع گوتی: کەواتە ئەرکی خۆتان جێبەجێ بکەن و بەهێمنی چارەنووسی خۆتان قبووڵ بکەن و هیواخواز مەبن ببینن ئەو ئاواتەی هەتانە بێتە دی. هیچ شتێك لەبەردەم خوایەتیدا بەهای ئێوە دەرناخات، تەنیا پاکی ئەو سۆزە ئاشکرایەتان نەبێت لەبەردەم خوادا، نەوەکو لەبەردەم مندا".

کەچی دەبینین سوقرات هاوڕێ و قوتابی دەستنیشانکراوو تایبەتی خۆی نەبووە، هەموو ئەو کەسانەی هاتوونەتە کۆڕو کۆبوونەوەکانی خۆیان بەقوتابی، یا دژکاری ئەو زانیوەو چوونەتە نێو دیالۆگ لەگەڵیدا.

جگە لەوەش، سوقرات وەکو مەسیح پیاوێکی واعیز نەبوو، چونکە بیرۆکەی وەعزو ڕێنمایی پێشکەشکردن لەلای یۆنانییەکان نامۆ بوو، چونکە سوقرات بۆخۆی و ژیانی خۆی دەژیان نەوەکو لەپێناو ژیانی





قوتابییەکانی، سوقرات نموونەیەکی نەبوو بیەوێت بەسەر هاوڕێ و قوتابییەکانی خۆیدا بیسەپێنێت، نەیوەیستووە ڕۆحێکی تایبەتی و وشەی تایبەتیان بەسەردا بسەپێنێت. بۆیە دەبینین خەڵکانێك هەن سوقراتین، نەوەکو کۆمەڵەیەکی سوقراتی هەبێت، چونکە زۆر لەوانە دوای کوشتنی سوقرات هاتن قوتابخانەی تایبەتیان دامەزراند، هەندێکیشیان بوون بەسەرکردەو پاڵەوانی سیاسی، هەرگیز سوقرات ناچاری نەکردبوون ماڵ و ژیان و گوزەرانی خۆیان جێبێڵن و دوای ڕێنمایی و ڕاسپاردەکانی ئەو بکەون، بۆیە سوقرات تاوەکو مردنیش هەر باسی نەمری ڕۆحی دەروونی دەکردو نەپەڕییەوە بۆ جیهانی ئەودیوی مەرگ، داواشی نەکرد وەکو مەسیح لەدوای ئەو ڕاسپاردەکانی بەزیندوو بهێڵرێتەوە، ئەگەرچی لەکۆتاییشدا سوقراتیش وەکو مەسیح بڕیاری مردنی بۆ دەردەکرێت.

لەم کتێبەشدا ئەوە دەردەکەوێت کە هێگل هێشتا تائەم کاتەش هەر لەژێر کاریگەری ڕۆحی گریکیدا بووەو زیاتر بەلای سوقراتدا دەیشکێنێتەوە، ئەگەرچی ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە دەبوایە هەریەك لەسوقرات و مەسیح خۆیان لەگەڵ میللەتەکەی خۆیان بگونجێنن و ڕەچاوی عەقڵییەتی خەڵك بکەن.

زیاتریش پێدەچێت مەبەستی هێگل لەم باسە جەختکردنەوە بێت لەسەر مۆرکی مێژووییانەی ئایین بەوسیفەتەی دیاردەیەکی گشتییەو سەرجەم ژیانی مرۆڤ دادەپۆشێت. ئەگەرچی ئەوەش بەدی دەکەین کە ئەو لەنێو ئاییندا مۆرکی تاکگەرایی دەردەخات کە پێداویستی مرۆڤ بۆ

ئازادی تێر دەکات، مۆرکی کۆمەڵگەرایی ئایینیش دەربڕی پێویستی مرۆڤە بۆ ئاوێتە بوون لەگەڵ ئەو کۆمەڵگایەی لەنێویدا گوزەران دەکات.

هەر لەوماوەیەی ژیانی بێرندا، هێگل لێکۆڵینەوەیەکی تر لەبارەی پێشقەچوونی هەستی ئایینی دەنووسێت و هەوڵدەدات لەسایەی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا هۆکارەکانی شڵەژانی باری ئایینی ڕاڤە بکات کە ئەوکات سەرتاپای جیهانی نوێی گرتبوۆوەو ئەم هۆکارانەشی بۆ نەداری ئایین گێڕایەوە لەموسایەرەکردنی ڕۆحی جیهاندا لەکاتی پێشقەچوونیدا.

هێگل لەو باوەڕە دابووە کە لەم چرکەساتە مێژووییانەدا عەقڵ لەخەو هەڵساوەو خۆی داتەکاندووەو وریایە، ئایین هەروەکو خۆی ماوەتەوەو پێشقە نەچووەو نەیتوانیوە لەقۆناغی منداڵیەوە بازبدات و بچێتە قۆناغی پێگەیشتنەوە. بەو شێوەیە هێگل ڕەخنەی زۆر ئاراستەی هەستی ئایینی مەسیحیانە دەکات، لەبەرئەوەی زۆر لەڕەگەزو توخمەکانی ئایینی یەهودی لەنێو خۆیدا هێشتۆتەوە، بۆیە پێی وایە دەبێت کار لەپێناو لەڕیشەکێشانی ئەم توخمانە بکرێت کە زیانیان بەڕۆحی ئایینی مەسیحی گەیاندووە.

جگە لەوانە، هێگل لەم ماوەیەدا کە سەرقاڵی لێکۆڵینەوەی ئایینی بووە، چەندین وتارو باسی تری نووسیوە لەبارەی پێوەندی ئایین بە ئەخلاق و کاریگەری ئایین لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی ئەخلاق و بەها ئەخلاقییەکانی مرۆڤ. بەڵام هێگل پێی وایە ئایین ناکاتە ئەخلاق، چونکە لەنێو ئاییندا هەندێك توخمی ناعەقڵی بوونیان هەیە کە کار لەدڵ و ویستی مرۆڤ دەکەن، بەڵام یارمەتیدەرن بۆ بەدیهێنانی نموونەی





باڵای ئەخلاقی.

لە هەمان کاتیشدا هێگل ئەوە ڕەت دەکاتەوە مەسیحییەت تەنیا لە ڕوانگەیەکی ئەخلاقی پەتیانەوە راڤە بکرێت، چونکە پێی وابووە بنەماکانی مەسیحییەت بەتەنیا بەس نین بۆ بزواندنی ویستی مرۆڤ، بەڵکو دەبێت لەپاڵ ئەوانەدا بڕوایەکی قووڵیش بەکەسایەتی مەسیح بوونی هەبێت، لەبەرئەوەی مەسیح بە تەنیا حەقیقەتێکی خودی نییە، بەڵکو گوزارشتە لە باڵاترین نموونەی ئەخلاقی، مەسیح کەسایەتییەکی راستەقینەی مێژووییە کە ناوەڕۆکێکی بابەتیانە دەبەخشێتە نموونەی باڵا.

بەم جۆرە لای هێگل ئایینی مەسیحی دوو توخمی دژە یەکتری لەناوەخۆیەوە دەگرێت، یەکەمیان توخمێکی عەقڵی و ئەخلاقییە، ئەویتریان توخمێکی ناعەقڵی و مێژووییە. بۆیە هێگل ڕەخنە لەو کەسانە دەگرێت کە مەسیحییەتیان کردۆتە چەند یاساو ڕێسایەکی چەقبەستوو.

هەرلەم ماوەیەی ژیانی لەشاری بێرندا، هێگل لێکۆڵینەوەیەکی تری ئایینی دەنووسێت کە دواتر لەشێوەی کتێبێك بڵاوکراوەتەوە لەژێر ناوی (ژیانی یەسووع). لەم کتێبەدا هێگل مەسیح وەکو کەسێکی ڕیفورمخوازی شۆڕشگێڕ پیشاندەدات کە بەدوای جیهانێکی نوێ و تازەدا دەگەڕێت، وەکو ئەوەی مەسیح یەکێك بێت لەبانگەشەکارانی نەزعەی عەقڵی ئەخلاقی.

لەبارەی ئەم کتێبەوە دەڵتای گوتوویەتی:" ئەو ژیاننامەیەی هێگل بۆ مەسیحی نووسیوەتەوە، تەنیا لێکۆڵینەوەیەکی ئەخلاقییەو تێیدا هێگل کەوتۆتە ژێر کاریگەری مامۆستاکەی، کانت".

(٣)

لە ڕاستیدا کتێبی (ژیانی یەسووع) گوزارشت لەقۆناغێك لەقۆناغەکانی ژیانی هێگل دەکات، قۆناغی نێوان (١٧٩٠ ــ ١٨٠٠). هێگل ئەو کتێبەی لە ساڵی (١٧٩٥)دا نووسیوە، بۆیە ڕاستە لە کاتی داڕشتنەوەی کتێبەکەدا هێگل بەتەواوی لەژێر کاریگەری تێڕوانینەکانی کانت دابووە لەبارەی ئایینەوە.

هێگل لەم کتێبەیدا زۆر ئازادانە بیر دەکاتەوە بەشێوەیەك هیچ گوێی بەئینجیلەکان نەداوە، زۆر بەسانایی هاتووە هەموو موعجیزەی نێو ئینجیلەکان بەلاوە دەنێت و باسیان لێوە ناکات، بۆیە کتێبی (ژیانی یەسووع) وەرگێڕانی ئینجیل نییە بۆ سەر زمانی ئەلمانی، چونکە هێگل خۆی لەپەراوێزێکدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەم کتێبە بریتییە لەگونجاندنی ئینجیلەکان بەپێی لێکدانەوەو وەرگێڕانی تایبەتی خۆی".

ئێمە لەم کتێبەدا ئەوە بەدی دەکەین کە هێگل ئاماژە بۆئەوە دەکات گوایە مەسیح بانگەشەی مرۆڤی کردووە بۆ ئازادبوون و ملکەچی لەبەرامبەر ئەرکەکانداو ڕێزگرتن لەیاسای ئەخلاقی بەبێ ئەوەی ئەوە لەیاد بکات کە مەسیح داوای خۆڕسکیو سادەییو مەزنی مرۆڤی کردووە.

ئەوەش واتا هێگل لەنێو کەسایەتی مەسیحدا باشترین گوزارشت لەیەکێتی نێوان موتەناهی و ناموتەناهیدا بەدی دەکات. هێگل لەوباوەڕەدایە کاتێك مەسیح دەبێژێت مەملەکەتی خوا لەسەر زەویدا نایەتە دی، تەنیا بەهەوڵ و کۆششی ئەو کەسانە نەبێت کە ڕێنماییەکانی عەقڵی کردارەکیانە پراکتیك دەکەن. ئەوە توانیویەتی سەرلەنوێ ڕێزو





کەرامەتی مرۆڤ بگێڕێتەوە و ئازادی مرۆڤی نیشانداوە لەکارکردن لەپێناو دابینکردنی ئاییندەو چارەنووسی خۆیدا.

لەو کتێبەدا هێگل دەسپێکەکە لەئینجیلی یۆحەننا دەخوازێت و قسە لەبارەی وشە، یا عەقڵ دەکات و پێی وایە مەسیح بایەخی بەو عەقڵە داوەو هەوڵیداوە لەنێو مرۆڤدا گەشەی پێبکات و دەنووسێت:" عەقڵی پەتی کە هەموو ئاستێکی تێپەڕاندووە، بریتییە لە خواوەندێتی خۆی، چونکە لە بنەمادا نەخشەی جیهان بەپێی ئەو عەقڵە ڕێکخراوە. هەر ئەویشە مرۆڤ ڕادەهێنێت لەسەر ئەوەی چارەنووس و ئامانجی ڕەهای ژیانی خۆی بزانێت. ڕاستە زۆرجار تاریکی دایپۆشیوە، بەڵام هەرگیز نەیتوانیوە بەتەواوی دایمرکێنێتەوە، بۆیە تەنانەت لەنێو تاریکیشدا تروسکەیەکی لە ناوخۆیدا هەڵگرتووە".

کۆتایی ئەو کتێبەش بەمردن و لەخاچدانی مەسیح کۆتایی دێت و دەنووسێت:" یووسفی ڕامی یەکێك بوو لە ئەندامانی کۆڕی ئۆرشەلیم و هیچ شتێکی لەبارەیەوە نازانرێت، تەنیا ئەوە نەبێت کە هاوڕێی یەسووع بووە، داوای لە بیلاتس کرد تەرمی یەسووعی پێبدات، بیلاتسیش ڕازی بوو. یووسف لەگەڵ نیقۆدیمۆس کە هاوڕێیەکی تری یەسووع بوو، چوون تەرمەکەیان هێناو پاکیان کردەوەو بۆنداریان کرد و (بەقوماشی کەتان) کفنیان کردو خستییانە نێو گۆڕستانی خێزانەکەی یەسووع خۆیان کە لەبەرد هەڵکەنرابوو لەبێستانێکدا بوو نزیك شوێنی لەخاچ دانەکەی. بەو شێوەیە توانی بەئاسانی هەموو ئەو کارانە بکات بەرلەوەی جەژن دەست پێبکات: واتا ئەو ڕۆژەی ڕێگا نادرێت مردوو بشاردرێنەوە".

لەنێوان سەرەتادا کە بایەخ بەعەقڵ دەدەرێت و کۆتاییش کە مردنە، هێگل دێت ئینجیلەکان بەو شێوەیە ڕاڤە دەکات کە لەگەڵ وێناکردنی خۆی دەگونجێت بۆ ئایین و ژیان و عەقڵ و چاکەخوازی.

لە لێکۆڵینەوەیەکی تریدا بەناوی (ڕەوشی ئایینی مەسیحی) دەبینین هێگل پرسیار لەبارەی ئەو هۆکارانە دەکات کەوای لەمەسیحییەت کردووە لە ئایینێك کە بانگەشەی ئازادیو خۆشەویستی دەکات، بگۆڕێت بۆ ئایینێك داوای دەسەڵات و کۆیلایەتی دەکات؟ لەم نووسینەدا شێوازی هێگل شێوازێکی پڕ لەوێنەیە، شێوازێکی ڕەوانو ورد، بەیەکەوە ڕەخنە ئاڕاستەی هەردوو کڵێسای کاتۆلیکی و پرۆتستانتی دەکات، بگرە لەوەش زیاتر، ڕەخنە لەخودی مەسیحیش دەگرێت، ئەو ڕەخنەیەش لەهەندێك شوێندا ڕەخنەیەکی توندو زەقە.

بۆیە دەبینین جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە خودی مەسیح لەپێناو ئەوەدا هاتۆتە جیهان تاوەکو مرۆڤ لەدەست شەریعەتەکان دەرباز بکات، نەوەکو ئایینێکی نوێ دابهێنێت، یا ئەخلاقێکی تازە بەرهەم بێنێت. لەلای ئەو ئامانج و مەبەستی ئەسڵی مەسیحییەت ئەوە بووە حاڵەتی ملکەچی و دەستەمۆیی مرۆڤ بۆ ویستێکی باڵا بگۆڕێت، بۆ کارکردن لەپێناو بەدیهێنانی نموونەیەکی باڵای مرۆڤایەتیانە. لەهەمان کاتیشدا هێگل تێبینی ئەوە دەکات ویژدانی مەسیحیانە سەرلەنوێ گەڕاوەتەوە سەر نەزعەی یەهودی بۆ تیۆسێنترالیزم ـ بەسەنتەرکردنی خواوەند ـ بۆیە هیچ جیاوازیەکی گەورە لەنێوان خوای مەسیحییەت و خوای یەهودیەتدا نەماوەتەوە.





هێگل پێی وایە مەسیح بۆخۆیشی تاڕادەیەکی زۆر لەم حاڵەتە بەرپرسیار بووە، چونکە ناچار بووە بەپێی عەقڵییەتی گەلەکەی خۆی قسە بکات، بەڵگەش ئەوەیە پەیامەکەی خۆی لەسەر بیرۆکەی موعجیزەو شەیتان و بڕوابوون بەمەسیحی چاوەڕوانکراو....تاد، بونیادناوە.

ئەم بۆچوون و بیرۆکانە لەلای خودی مەسیحدا ئەوەندە بایەخیان نەبووە، بەڵام قوتابیانی پارێزگاریان لەم گوزارشتانەی ئەو کردووە بەبێ ئەوەی دەسکاری بکەن، بۆیە ڕێنماییەکانی مەسیحیان گۆڕی بۆچەند عەقیدەیەکی چەقبەستوو بڕوای مەسیحیان وا لێکرد تەنیا پەیوەستی هەندێك حەقیقەتی ئایینی و مەزهەبی بێت.

ئەلێرەوە ژیانی ئەخلاقی لەبری ئەوەی لەسەر خۆڕسکی و زیندوویی عەقڵی کردارەکی بونیادبنرێت، هات پشتی بەڕێنماییەکانی کڵێسا بەستا، بۆیە مرۆڤی مەسیحی لەکاتی ئەنجامدانی هەر کارێکدا پرس بەویژدانی خۆی ناکات، بەڵکو دەگەڕێتەوە سەر ئەو یاسایانەی پیاوانی کڵێسا دایانڕشتووە. بەم شێوەیەش هەوڵ و کۆششی مەسیح لەپێناو ئازادکردنی مرۆڤ، گۆڕا بۆ دەستەمۆکردنی مرۆڤ لەسایەی یاسای توندو پتەودا.

هەر لەو ماوەیەشدا هێگل لێکۆڵینەوەیەکی تری نووسی لەبارەی چۆنیەتی سەرکەوتنی مەسیحییەت بەسەر بت پەرستیدا. بەمانای ئەوەی چۆن ئایینی مەسیحی توانی بەسەر ئایینی بت پەرستی گریکیدا زاڵ بێت، لەگەڵ ئەوەی بت پەرستی زیاتر لەگەڵ سروشتی مرۆڤایەتیدا دەگونجا.

هێگل پێی وایە ئایین بەشێوەیەك لەشێوەكان فرمانێكی كۆمەڵایەتییانەیەو لەهەموو سەردەمو چاخێكدا پەیوەستە بەڕەوشی ژیانی مرۆڤ. كاتێكیش لەژێر دەسەڵاتی ڕۆمانیدا ڕەوشی ژیانی مرۆڤ خراپ دەبێت، ئەوە مرۆڤ چیتر ناتوانێت لەنێو بت پەرستیدا ئەو دڵنیاییە بەدی بكات كە پێشتر هەبووە، بۆیە مەسیحییەت مژدەی دڵنیاییەكی تازەی بە مرۆڤ داوە ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی بەسەر بت پەرستیدا زاڵ بێت.

هەر لەوكاتانەشدا هێگل شیعرێك دەنووسێت و بەدیاری پێشكەشی هۆڵدرلینی دەكات، ناوی شیعرەكە (ئیلیۆسیس) دەبێت و شیعرێكی نیمچە سۆفیانەیەو بۆ ئەو ڕۆحە هەمەكیەی گوتووە كە هێگل ڕۆچووەتە ناوەوەی و سەرسوڕمانە پێی.

بەهەرحاڵ لەم سێ ساڵەی ژیانی لەشاری بێرندا، هێگل بەیەكجاری دەسبەرداری بیرۆكەی ئایینی سروشتی بوو، زیاتریش بایەخی بەلێكۆڵینەوە دەدا لەتوخمە مێژووییەكانی نێو ئایین. بۆیە لێرەدا چیتر بەدوای ئەوەدا ناگەڕێت ئایین بكات بەدیاردەیەكی عەقڵی، بەڵكو بەپێچەوانەوە جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە كە ئایین هیچ ڕۆژێك بەبێ توخمی خۆڕسك و تێپەڕ نەبووە.

(٤)

لە كانوونی دووەمی ساڵی (١٧٩٧)دا هێگل لەسەر داوای هۆڵدرلین شاری بێرن جێدەهێڵێت و ڕوودەكاتە شاری فرانكفۆرت تاوەكو لەوێش





ببێتە مامۆستای تایبەتی یەكێك لەماڵە بازرگانەكانی ئەو شارە.

هێگل تاوەكو ساڵی (١٨٠٠) لەفرانكفۆرت مایەوە، تا ئەو كاتەی لە كۆتاییەكانی ساڵی (١٧٩٩)دا هەواڵی كۆچی دواییكردنی باوكی پێگەیشت. دوای مردنی باوكی كەمێك میراتی بۆمایەوەو دەسبەرداری وانە گوتنەوە بوو خۆی بۆخوێندن تەرخان كردەوە.

زۆر لەلێكۆڵەرەوان پێیان وایە ژیانی ئەم سێ ساڵەی هێگل لەشاری فرانكفۆرت سەردەمی ژیانی ڕۆمانتیكیانەیەتی و لەژێر كاریگەری ڕۆمانتیكییەتدا بووە، ئەوەش لەبەر هاوڕێیەتی بەتینی لەگەڵ هۆڵدرلیندا، بەڵام ناشێت ئەم كارانەش بەكاری تەواو ڕۆمانتیكی دابنرێن.

دیارە ئێمە لەئەنجامی لێكۆڵینەوەمان لەقۆناغەكانی ژیانی هێگلدا ئەوەمان بۆ دەركەوتووە كە هەریەك لەڕەوتی ڕۆمانتیكی و سەردەمی ڕۆشنگەری كاریگەرێتییان لەسەر بیركردنەوەی هێگل جێهێشتووە، بگرە بوونەتە هۆی بەپیت بوونی هزرو تێڕوانینی هێگل، بەڵام دەبووایە ئەو لەوەش هەورازتر بڕوات، تاوەكو بتوانێت گونجانێك و تەباییەك لەنێوان پەیامی شۆڕشگێڕانەی ڕۆمانتیكەكان و هزرە هێمن و سەنگینەكانی سەردەمی ڕۆشنگەری بەدیبێنێت.

ئەو هەوڵیدا شێوەیەك لەگونجان، فۆرمێك بۆ تەبایی لەنێوان ئەم دوو هاوكێشەیەدا بدۆزێتەوە، بۆیە هەوڵیدا ڕۆمانتیكییەت بەعەقڵانی بكات و سەردەمی ڕۆشنگەریش بەڕۆحانی بكات. دەتوانین بڵێین هێگل لەتێڕوانینی بۆ یەكێتی دژەكان كەسێكی ڕۆمانتیكی بووە، بەڵام لەبارەی چۆنیەتی بەدیهێنانی ئەو یەكێتییەدا دژی ڕۆمانتیكییەت بووە، چونكە

پێی وابوو یەکێتی دژەکان دەبێت بەشێوەیەکی عەقڵییانە بێتە دی نەوەکو بەشێوەیەکی ڕۆمانتیکیانە.

هەر لەماوەی ژیانی لەفرانکفۆرتدا، هێگل لێکۆڵینەوەیەکی تری لەبارەی ئایینی یەهودی نووسی. لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵیدا ئایینی یەهودی وانمایش بکات وەکو ئەوەی ئایینێکی کۆیلایەتیانە بێت، بەم شێوەیەش وەسفی پیاوی یەهودی دەکات:" پیاوێکی نامۆیە، دابڕاوە، بێ وڵات و بێ نیشتیمانە، زۆر هەست بەوە دەکات کە پێویستی بە خواوەندێك هەیە پشتی پێ ببەستێتو بیپارێزێت".

نیشاندانی پیاوی یەهودی بڕوادار بەم شێوەیە، واتا نیشاندانی ئایینی یەهودی بەوەی کە ئایینێکی دابڕاوەو بێ نیشتیمان و بێ خاکە، ئەوەش زیاتر لەوەوە دێت کە موسا کۆچی کردووەو وڵاتی خۆی جێهێشتووەو دابڕاوە لەنیشتیمان و خاکی خۆی. ئەو دابڕانەی خودی موسا لەلایەن هێگلەوە گشتگیر دەکرێت و بەسەر ئایینی یەهودیدا پراکتیك دەکرێت.

هێگل وەکو نموونەیەك باس لەئیبراهیم پێغەمبەر دەکات، وەکو ئەوەی نموونەی پیاوێکی یەهودی بێت. ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە ئەو تەنیاییە سەختەی ئیبراهیم تێیدا ژیاوە پاڵی پێوەناوە هەموو شتێکی خۆی بداتە دەست خواو ویستی خۆی لەدەستداوە، چونکە لێرەدا لەلای هێگل، ئیبراهیم خۆی تەسلیم بەخواوەند کردووەو خۆی لەدەستداوە.

هێگل دەنووسێت:" لەگەڵ ئیبراهیم ـ باپیرە گەورەی یەهود ـ مێژووی ئەم گەلە دەست پێدەکات، ڕۆحی ئیبراهیم فاکتەری یەکێتی یا





ڕۆحی ڕێکخەری سەرجەم نەوەکان بووە، بەچەندین شێوەی جیاوازیش لەململانێ لەگەڵ هێزە جیاوازەکاندا دەردەکەوێت، هەندێکجار بە سەریاندا زاڵ دەبێتو هەندێکجاریش دەکەوێتە ژێر دەستیان، شتێکی وامان بۆ نەماوەتەوە کە نیشانی پێشڤەچوونی ژیانی مرۆڤمان بۆ بکات بەر لە ئیبراهیم، ئەگەرچی ئەو ماوەیە گرنگیشە، چونکە کۆمەڵێك گروپو کۆمەڵە مرۆڤ کە بەژمارە کەم بوون بەشێوەیەك دەژیان کە خۆیان دابووە دەست سروشت".

ئەلێرەوە دوای نمایشکردنی ژیانی ئیبراهیم، هێگل دەگاتە ئەو بڕوایەی کە پێوەندی پیاوی یەهودی بەخواوەند، پێوەندییەکی پۆزەتیڤ نییە، بەڵکو پێوەندییەکی نێگەتیڤانەیە، پێوەندییەکە لەسەر هاریکاریکردن بونیاد نەنراوە، بەڵکو لەسەر کۆیلایەتی و گوێڕایەڵی بونیادنراوە.

بەم شێوەیە هێگل ڕەگوڕیشەی ئەم کۆیلایەتییەی نێو ئایینی یەهودی بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە کە ئایینی یەهودی ئایینێکی خۆرهەڵاتیانەیە، خۆرهەڵاتیش لای ئەو لەسەر سەرکوتکردنو کۆیلایەتی بونیادنراوەو بەڕێوە دەبرێت.

هێگل پێی وایە بەتێڕامانێك لەژیانی ئیبراهیم خەلیل مرۆڤ درك بەوە دەکات کە ئەو پیاوە ئامادە بووە لەپێناوی خوادا قوربانی بەهەموو شتێك بدات، تەنانەت ئیسماعیلی کوڕی خۆیشی، ئەوەش لای هێگل قوربانیدانە لەپێناو بابەتێکی باڵاتر، ئەویش ئەوەیە ئیبراهیم بۆ قوربانی بەکوڕەکەی دەدات؟ بۆ ئەوەی خوا بیپارێزێت و دەستی پێوە

بگرێت. ئەو تەنیاییەی ئیبراهیم خەلیل تێیدا ژیاوە ناچاری کردووە لەخوا بەولاوە نەتوانێت پشت بەکەسی تر ببەستێت.

لێرە لەنێو ئەم نووسینەدا، هێگل دێت قۆناغەکانی پێشڤەچوونی ڕۆحمان بۆ شی دەکاتەوە، قۆناغی یەکەم کە دەکرێت بەقۆناغی سروشتی ناوی ببەین، چونکە مرۆڤ بەشێوەیەك ژیاوە تەواو خۆی داوەتە دەست سروشت و ڕۆحیش لەنێو سەکینەتدا ژیاوە. دواتر تۆفان دێت، سەردەمی نوح و تۆفانی گەورە، تۆفان مرۆڤی دووچاری سەرسوڕمانێکی قووڵ و گەورە کرد، بەم شێوەیەش یەکەم گونجانی نێوان سروشت و مرۆڤ تێکشکا، مرۆڤ لەمە بەدواوە چیتر متمانە بە سروشت ناکات و لەنێو دوو دڵی و بیرکردنەوەدا دەژی، ئەو جۆرە لەتێڕوانینە بۆ سروشت گوایە هێمن و جێگیرە، گۆڕا بۆ گومان و بێ متمانەییەکی قووڵ، بۆیە مرۆڤ هەستیکرد دەبێت سروشت کۆنتڕۆڵ بکات.

کەواتە یەکێتی و تەماهی نێوان مرۆڤ و سروشت دارماو تێکچوو، بەڵام ڕۆح سەرلەنوێ هەوڵیدا ئەم دابەشبوون و تێکچوونە چاك بکاتەوە، ئەوەش ئەوکاتە هاتە دی کاتێك هزر بەسەر سروشتدا سەرکەوت و لەڕێگای هزرەوە نوح سەرلەنوێ دونیایەکی تازەی بونیاد نایەوە.

کەواتە ئەوە سێ قۆناغی بەدوایەکدا هاتووی ڕۆحە لەململانێی لەگەڵ سروشتدا: قۆناغی یەکەم قۆناغی یەکێتییەکی سادەو ساکارە لەگەڵ سروشتدا. قۆناغی دووەم قۆناغی تۆفان و تێکچوونی ئەم یەکێتییە سادەو ساکارەیە و سەرهەڵدانی وشیارییە. قۆناغی سێیەم قۆناغی سەرلەنوێ گێڕانەوەی یەکێتییە لەڕێگای هزرەوە یا سەرکەوتنی





ڕۆحە بەسەر سروشتدا. ئەوانە قۆناغی ململانێی ڕۆحن لەگەڵ سروشتدا، یا ململانێی نێوان هزرو وجودە. ئەوەش ململانێیەکە بەسەرکەوتنی هزر کۆتایی دێتو تێیدا هزر کۆنترۆڵی وجود دەکات.

(٥)

دواتر هێگل دێت باسێکی تر لەبارەی مەسیحییەت دەنووسێت لەژێر ناوی (ڕۆحی مەسیحییەت و چارەنووسەکەی). لێرەدا لای هێگل چارەنووس بەمانای هەموو ئەو بارودۆخە مێژووییانە دێت کە حوکم لەشێوەی ژیانی مرۆڤایەتی دەکەن.

لەم باسەدا زیاتر جەخت دەکاتە سەر قەدەر ــ چارەنووس و دێت خوێندنەوەیەکی مێژووییانە بۆ تێڕوانین و مامەڵەکردن لەگەڵ چارەنووس ئەنجام دەدات. لەلای یۆنانییەکانەوە دەست پێدەکات و بەیەهودییەت تێپەر دەبێت و دەگاتە مەسیحییەت و زیاتریش قسە لەبارەی چارەنووس لەلای مەسیح دەکات، لەبەرئەوەی هێگل پێی وایە هەڵوێستی مەسیح لەبەرانبەر قەدەر هەڵوێستی مرۆڤێکی موتەکامیلە کە نازانێت هەڵەو گوناه چییەو هەرگیز ئەنجامی نەداوە، بۆیە مەسیح کاتێك لەسەر خاچ بەرگەی ئەم هەموو ئێش و ئازارە دەگرێت، بەرگەی مردن دەگرێت، ئەوە لای هێگل سەرکەوتنێکی ڕاستەقینەی مەسیحە بەسەر قەدەردا، چونکە لەو ڕێگایەوە توانی ئازارو مردن بکات بەشێوازێك بۆ یەکبوون و توانەوە لەنێو خواوەنددا. ئەلێرەدا دەبینین جارێکی تریش دێت ڕەخنە ئاڕاستەی ئایینی یەهودی دەکاتەوە.

لەڕاستیدا هێگل هەمووو دەرفەتێك دەقۆزێتەوە بۆ ئەوەی تێیدا ڕەخنە لەیەهودییەت بگرێت، ناکرێت ئەوەش لەیاد بکەین کە ئەو وەکو مرۆڤێکی مەسیحی بیر دەکاتەوە، لەوەش زیاتر ئەو خوێندنە لاهوتییەی سەردەمی لاوێتی دووچاری جۆرێك لەڕق و قینەی کردووە لەئاست ئایینی یەهودیدا، ئەو کاتێك مەسەلەکە دێتە سەر ئایین، بەرلەوەی هەر شتێك بێت، پیاوێکی مەسیحییە، پیاوی مەسیحیش بەم شێوەیە بیر دەکاتەوە ــ بەلایەنی کەم لەو سەردەمەی ژیانی هێگلدا.

ئەم نەزعەیە بۆ دژایەتی کردن و ڕق و قینە هەڵگرتن و بەکەم زانینی یەهودو ئایینی یەهودی، بووە هۆی ئەوەی سەدەیەك دواتر ئەلمانیا ببێتە ئەو وڵاتەی هۆلۆکۆستی تێدا ئەنجام دەدرێت، کەواتە ڕق و قینە بەرانبەر بە یەهود لەنێو کولتووری مەسیحیانەی ئەلمانییەکاندا ڕەگو ڕیشەی قووڵی هەیە، سەرەتاکانیشی لەگەڵ هێگل دەست پێناکات، بەڵکو هێگل تاکە وێستگەیەکە لەنێو کولتوورێکی پڕ لەڕەگەز پەرستیدا.

هەر لەنێو ئەم لێکۆڵینەوەیەشدا، هێگل جەخت دەکاتە سەر بیرۆکەی هەڵەکردن و دەیکاتە تەوەرەی سەرەکی بیرکردنەوە ئایینیەکانی خۆی. ئەوە لەکاتێکدا پێشتر ئەو خاڵەی بەلاوە نابوو ڕەتی دەکردەوە. ئەلێرەشدا دێت بیرۆکەی هەڵەکردن بەبیرۆکەی قەدەر ــ چارەنووس دەبەستێتەوەو جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە لێخۆشبوون لەهەڵەکان مانای ئەوە نییە هەموو ئەو ئێش و ئازارانەش دەسڕێنەوە کە ئەنجامی هەڵەکەیە، بەڵکو مانای وایە کە دەبێت ئێمە قبوولی ئەم ئێش و ئازارە بکەین و جۆرێك لەڕێکەوتن لەگەڵ چارەنووسدا بەدی بێنین.





جگە لەوەش تەوەرەیەکی هەرە گرنگی ئەو نووسینەی قسە کردنە لەبارەی چەمکی خۆشەویستی، ئەوەش بەپشت بەستن بە دواخوانی مەسیح لەگەڵ هاوڕێیانیدا ــ دواتر ئەم خوانە لەلای مەسیحییەکان دەبێتە جەژنی خۆشەویستی ــ واتا ئەو ئێوارەیەی مەسیح لەنێو هاوڕێیانی دادەنیشێت و نانیان لەگەڵ دابەش دەکات و بەیەکەوە نان دەخۆن.

(٦)

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر کتێبی (ژیانی یەسووع) و هەوڵبدەین بەپێی ئەو چیرۆکەی هێگل لەم شەوە ڕابمێنین، ئەوە دەبینین مەسیح زووتر هەست دەکات ئەوە دوا خوانیەتی لەگەڵ هاوڕێکانی، بۆیە هەوڵدەدات هەندێك ئامۆژگاری گرنگیان پێشکەش بکات.

لەسەرەتای دانیشتنەکەدا مەسیح خۆی هەڵدەستێتەوەو عەباکەی لەبەردەکاتەوەو پێیەکانی خۆی هەڵدەکات و دەستدەداتە پارچە قوماشێکی تەڕو یەکە بە یەکە پێی هاوڕێکانی دەشوات، بێگومان ئەوەش کارێکە بەردەوام خزمەتکارەکان ئەنجامیان دەدا، بەڵام ئەمجارەیان مەسیح خۆی بەم کارە هەڵسا، دەبینین هەموو هاوڕێکانی پێی خۆیان دەدەنە دەستی مەسیح تاوەکو بۆیانی بشوات، تەنیا پەترۆس نەبێت کە پێیەکانی خۆی ناداتە دەست مەسیح ــ بێگومان دواتر کاتێك مەسیح دەسگیر دەکرێت تاوەکو لەخاچ بدرێت دەبینین پەترۆس خۆی لێ نەناس دەکات و ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە ئەو پیاوە بناسێت ــ بەپێی هەمان دەقی

نووسراوی هێگل.

دوای ئەوەی تەواو دەبێت مەسیح پێیان دەڵێت:" بینیتان چیم کرد، من، کە بەمامۆستا ناوم دەبەن، پێی ئێوەم شووشت، ویستم پەندێکتان پێبدەم لەبارەی ئەو شێوازەی کە دەبێت لەنێوان خۆتاندا ڕەفتاری پێبکەن. میرەکان حەزیان بەدەسەڵاتە، بۆیە خۆیان وا پیشان دەدەن کە کاری چاکە بۆ مرۆڤایەتی ئەنجام دەدەن، ئێوە وەکو ئەوان مەبن. هیچ کەسێك لەئێوە هەوڵ نەدات دەسەڵاتی بەسەر کەسانیتردا بسەپێنێت، هیچ کەسێك لەئێوە مەبەستی نەبێت بەسەر ئەوانیتردا باز بدات، با هەر یەکێك لەئێوە خزمەتکارو نەرم بێت، وەکو چۆن لەنێوان هاوڕێیاندا هەیە، کاتێکیش خزمەتێك پێشەکش دەکات، وای پیشان نەدات کە خێری کردووە یا لەبەردەم کەسانیتردا تەنازولی کردووە".

لەم ئێوارەیەدا مەسیح پارچەیەك نان هەڵدەگرێت و بەسەر ئامادەبووواندا بەشی دەکات. ئەم دوا خوانەی مەسیح لەگەڵ هاوڕێیانیدا زیاتر مەبەست ئەوەیە گەشە بەڕۆحی خۆشەویستی و هاریکاری نێوانیان بدات و فێری سادەیی و دڵنەرمیان بکات، مەسیح مەبەستییەتی هەستی خۆشەویستی نێوانیان پتەوو بەهێزتر بکات، چونکە دەزانێت ئەوە دوا پەندە دەتوانێت پێیانی بدات.

لەڕاستیدا پارچە پارچە کردنی نانێكو بەخشینەوە بەسەر کەسانیتردا مەسەلەیەکی ڕەمزییە بۆ هاوکاری و خۆشەویستی و تەبایی، ئەوە مەسەلەیەکە لەلایەنی ڕۆحییەوە مانایەکی قووڵ و گەورەی هەیە، هێگل جەخت دەکاتە سەر ئەو مانا قووڵ و گەورەیەی مەسیحییەت.





بۆیە بەیەکەوە خواردن یا بەیەکەوە خواردنەوە، مەسەلەیەکە لەوە گەورەترە هەر تەنیا خواردن و خواردنەوە بێت، ئەوە مەسەلەی نمەك کردنە وەکو ئەوەی لەنێو هەموو گەلێکدا هەیە، دوای ئەم نمەك کردنە کۆمەڵێك پێوەندی و هەستی هاوبەش دروست دەبێت و سەرهەڵدەدات، کۆمەڵێك شت قەدەغە دەکرێت، خیانەت و داوێن پیسی و درۆکردن و فرت و فێڵ و....تاد، هەموو ئەوانە دەبێت بەلاوە بنرێن، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا مەسیح دەزانێت ئەم کارەی ئەو ناتوانێت هەموو ئەوانە لەنێو دڵی خۆفرۆش و خیانەتکاران بسڕێتەوەو بەلاوەیان بنێت، بۆیە دەڵێت:" یەکێك لەوانەی لەگەڵ مندا نان دەخۆن، پێی بەسەر مندا بەرز دەکاتەوە، چونکە یەکێك لەئێوە من بەدەستەوە دەدات ـ مەبەستی یەهودایە".

جگە لەوەش کاتێك بەهاوڕێکانی دەڵێت چارەنووسی نزیك بۆتەوەو خەریکە دەچێتە دونیایەکەی تر، پەترۆس لێی دەپرسێت:" دەتەوێت بڕۆیتە کوێ؟ گەرەکتە جێمان بێڵیت؟". مەسیح وەڵامی دەداتەوە:" تۆ ناتوانیت لەو ڕێگایەدا هاوڕێیەتیم بکەیت کە من دەیگرمە بەر". کەچی دەبینین پەترۆس واز ناهێنێت و خۆی هەڵدەکێشێت و دەڵێت:" بۆ ناتوانم لەگەڵت بم، من ئامادەم ژیانی خۆم لەم پێناوە دابنێم". مەسیحیش وەڵامی دەداتەوە:" دەتەوێت ژیانی خۆت بکەیتە قوربانی لەپێناوی مندا؟ من دەزانم تۆ هێشتا هێزی ئەوەت تێدا نییە کارێکی وا بکەیت. دەکرێت بەرلەوەی خۆر هەڵبێت تاقی بکرێیتەوە".

ئەوەبوو دواتر کاتێك یەهودا شوێنی مەسیح ئاشکرا دەکات و لەبەرانبەردا هەندێك پارە وەردەگرێت، مەسیحیش بەقۆڵبەستراوی

دەبردرێتە کۆشك، پەترۆسیش لەترساندا خۆی لێ نەناس دەکات.

لەولاشەوە یەهودا کاتێك هەستیکرد کارێکی خراپی ئەنجامداوە، پارەی خوێنی مەسیح دەداتە دەست کاهینەکان و خۆی دەکوژێت. بەم جۆرە هێگل لەم نووسینەیدا دێت قسە لەبارەی خۆشەویستیو هاریکاریو چارەنووسی مەسیحییەت دەکات.

لە ڕاستیدا گرنگی لێکۆڵینەوە لەم قۆناغەی ژیانی هێگل لەفرانکفۆرت، لەوەدایە کە سەرەتاکانی فەلسەفەی هێگل لەبارەی هزرو بیرۆکەی ڕەها دەردەکەوێت، چونکە لەنێو نووسینەکانی فرانکفۆرتدا هێگل باس لەوە دەکات کە موتەناهی هیچ مانایەکی نییە، تەنیا لەپێوەندی لەگەڵ ناموتەناهیدا نەبێت.

جگە لەوەش دەبینین جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هەموو ئەوشتانەی لەنێو وجوددا بوونیان هەیە کایەیەکن لەکایەکانی حەقیقەتی هەمەکی و کاری سەرەکی فەلسەفەش ئاشکراکردن و دۆزینەوەی حەقیقەتی هەموو شتێکە، یا دۆزینەوەی پێوەندییە لەگەڵ هەمەکیدا.

لەم قۆناغەدا سەرەتاکانی داڕشتنی فەلسەفەکەی هێگل دەردەکەوێت، کاتێك ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە واقیعی عەینی ئاشکراکردنی ڕەهایە، ڕەهاش بریتییە لەژیان، ژیانیش بەپێی ڕیتمێکی تایبەتی خۆی بەڕێوە دەچێت کە لەسەر دژکاری کردنی خودی خۆی بونیادنراوە.





(٦)

لە ساڵی (١٨٠١)دا هێگل گواستیەوە بۆشاری یێنا، ئەو کاتەش شلینگی هاوڕێی ببووە مامۆستای فەلسەفە لەزانکۆی یێنا، بۆیە هێگل دەستیکرد لەفەلسەفەی شلینگی کۆڵیەوە. ئەوە بوو یەکەم کاری فەلسەفی نووسی کە لەژیانیدا چاپکرا بێت، ئەویش بەناوی (جیاوازی لەنێوان مەزهەبی فیختەو مەزهەبی شلینگ) بوو کە لەتەمموزی ساڵی (١٨٠١)دا بلاّوکرایەوە.

بیرۆکەی سەرەکی ئەو کتێبە ئەوە بوو کە پێویستە کار لەپێناو ئەوەدا بکرێت هەموو جۆرە دژکاری و ناکۆکیەك لەناو ببردرێت، ئەوەش لەپێناو ئەوەنا تاوەکو بگەین بەیەکێتیەکی عەقڵی ئەبستراکت و وشك، بەڵکو بۆ گەیشتن بە یەکێتیەکی زیندوو بەپیت کە هاوکات لەناوەخۆیدا خودی جیاوازی و دژکاری و دوو بەرەکیش هەڵبگرێت.

هێگل تێبینی ئەوەی کردبوو فەلسەفەی ئەلمانی لەوکاتانەدا ببووە قوربانی جۆرێك لەدابڕان و درزو کەلێن و ناکۆکی، ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی درزێك لەنێوان عەقڵ و واقیعدا بێتە دی بەشێوەیەك نەتوانرێت پڕ بکرێتەوە. ئەو دابڕان و کەلێنە ئەنجامی خودی کردەی ژیانە، لەبەرئەوەی کاتێك ژیان خودی خۆی تەبەنی دەکات، ئەوە لەهەمان کاتیشدا لەگەڵ خودی خۆیدا دژکار دەبێت، ئەنجامدانی یەکێتیەکی زیندوو حەقیقی نایەتە دی تەنیا لەکاتی دوورە دەستی نەبێت لەهەموو دابڕانێك.

لەهەمان ئەم ساڵەشدا، باسێکی پێشکەشی زانکۆی یێنا کرد لەبارەی (سوڕی هەسارەکان)، تێیدا بەتووندی هێرشی کردە سەر نیوتن و

ڕەخنەی زۆری ئاڕاستەکردو هەوڵیدا بەشێوازێکی پێشینەییانە ئەوە بسەلمێنێت کە هیچ هەسارەیەك لە نێوان موشتەریو مەریخدا بوونی نییە.

هێگل ئەم باسەی لە ئابی ساڵی (١٨٠١)دا پێشکەشکرد، کەچی دوای ئەوە بەماوەیەکی زۆرکەم هەر لەهەمان ئەم ساڵەشدا هەسارەی سیریس لەنێوان موشتەری و مەریخدا دۆزرایەوەو تیۆرەکەی هێگل پووچەڵ دەرچوو. بەڵام هێگل لەپەنای ئەم باسەیدا گەرەکی بوو مەبەستێکی تر بپێکێت، ڕاستە باسەکەی ئەو ڕاست دەرنەچوو تیۆرەکەشی شکستی هێنا، بەڵام ئەو گەرەکی بوو جەخت لەسەر تێڕوانینە هەمەکییە تۆتالیتارییەکەی خۆی بکاتەوە لەبارەی گەردوونەوە.

ئەم باسە دژی بۆچوونە ماتماتیکییەکەی نیوتن بوو، لەبەرئەوەی نیوتن قوربانی بەمۆرکی چۆنایەتی گەردوون دابوو، بۆیە هێگل دەیویست ئەو مۆرکە چۆنایەتیو هەمەکییە بگێڕێتەوە.

جگە لەوەش، هێگل چەندین وتاری لەگۆڤاری ڕەخنەییدا بلاوکردەوەو تێیدا هێرشی کردە سەر ئەو نەزعە فەلسەفیانەی کە مەبەستیان بوو واقیع بەش بکەن و دژکارییەکی سەخت و یەکلاکەرەوە لەنێوان موتەناهی و ناموتەناهیدا بونیاد بنێن. لێکۆڵینەوەیەکی بلاوکردەوە لەژێر ناوی (لەبارەی جەوهەری فەلسەفەی ڕەخنەییەوە)، وتارێکی تریشی بلاوکردەوە بەناوی (فەلسەفەی هەستی هاوبەش)، وتارێکی تریشی بلاوکردەوە لەژێر ناوی (پێوەندی خولیای گومانکاری بەفەلسەفەوە)، تێیدا قسە لەبارەی نەزعەی گومانکارییەکان





دەکات. لێکۆڵینەوەکی تریش بلاو دەکاتەوە لەژێر ناوی (ڕێگا زانستییەکان بۆ باسکردنی مافی سروشی).

ڕەنگە گرنگترین باس هێگل لەم ماوەیەدا نووسیبێتی ئەو لێکۆڵینەوەیە بوو بێت کە بەناوی (ئیمانو مەعریفە) بوو لە ساڵی (١٨٠٢)دا نووسیویەتی و هەر لەم گۆڤارە ڕەخنەییەشدا بلاوی کردۆتەوە.

لەو باسەدا هێگل هەوڵیداوە شێوە گونجانێك لە نێوان مرۆڤی ئیماندارو فەلسەفەکار بخولقێنێت، بۆیە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دەبێت بڕوای ئایینی قابیلی بەعەقلانی کردن بێت، دەبێت شێوەیەك لەگونجاندن هەبێت لەنێوان شتە خودی و بابەتییەکاندا، ئەوەش مەسەلەیەکە ئەستەمە بێتەدی، تەنیا ئەوکاتە نەبێت کە ئەوە دەزانین مەبەستی ئایینو مەبەستی فەلسەفە یەك مەبەستە، چونکە هەردووکیان مەبەستیانە جۆرێك لەیەکێتی لەنێوان مرۆڤ و خواوەند بەدی بێنن، هەستێکی ڕوون و ئاشکرا بە بەرجەستە بوون و قوربانیدان، کەواتە دیارە ئەرکی فەلسەفە زۆر لە ئەرکی ئایین جیاواز نییە، چونکە گەرەکیانە دابەشبوون و دابڕان لەناوبەرن. تاکە جیاوازی نێوان ئایین و فەلسەفە ئەوەیە ئایین بەشێوەیەکی عەینی مێژووییانە گوزارشت دەکات، کەچی فەلسەفە بەشێوەیەکی تیۆری وێناکراو گوزارشت دەکات.

ئەگەر بەوردی بڕوانینە نووسینەکانی ئەم قۆناغەی پێشقەچوونی هزری هێگل، ئەوە بەدی دەکەین زۆربەی نووسینەکانی دژایەتی دوالیزمی دەکات، بەتایبەتیش دژی ئەو فەلسەفەکارانە دەوەستێتەوە کە ئیمان دەخەنە بەرانبەر عەقڵو بانگەشەی ئەوە دەکەن گوایە ڕەها

بابەتی ئیمانە، نەوەکو بابەتی مەعریفە بێت. بانگەشەی ئەوە دەکەن کە وجود هیچ دارشتنێکی زارەکی یا گوزارشتێکی وێناکراو قەبووڵ ناکات. لێرەدا ڕەخنەکانی هێگل زیاتر ئاراستەی هەریەك لە کانتو فیختەو جاکۆبی دەکرێت، چونکە پێی وایە ئەوانە هاتوون مەعریفەیان لە ئیمان دابڕیوە، وەکو ئەوەی کاری فەلسەفە لە بەرانبەر ڕەها تەنیا بێدەنگی بێت.

(٧)

گەڕانەوەیەکی ورد بۆ وتارو لێکۆڵینەوەکانی سەردەمی یێنا، ئەوە دەردەخات کە هێگل بەکردەییانە دەستی کردووە کێشەی ئاوێتە بوون و بەرجەستە بوونی ناموتەناهی لەنێو موتەناهیدا دەوروژێنێت، بۆیە دێت لێکۆڵینەوەیەك لەبارەی وتەزای چەندایەتی و چۆنایەتی دەنووسێت، دواتریش دێت لەبیرۆکەی ناموتەناهی دەکۆڵێتەوە. هێگل دێت پرسیار لەبارەی ئەوە دەکات چۆن دەکرێت گونجاندنێك لەنێوان هیلینیزم و مەسیحییەت ئەنجام بدات، یا گونجاندنێك لەنێوان جیهانو خوادا، یا لەنێوان موتەناهیو ناموتەناهیدا، بۆیە چەندین چارەسەری بۆ ئەم کێشەیە دەخاتە ڕوو، وەکو ئەو چارەسەرییەی ڕەوتی ڕۆمانتیکی و چارەسەری فەلسەفەکارە عەقڵانییەکان پێشکەشی دەکەن.

هەر لەم ماوەیەشدا، هێگل دێت لەبیرۆکەی جەوهەرو شیکردنەوەی کردەی پێوان ئەنجام دەدات، کار لەسەر سروشتی مەعریفە دەکات و جەخت دەکاتە سەر پرنسیبی شوناس و لەچەمکی نەفس ــ دەروون





دەکۆڵێتەوەو قسە لەبارەی ڕۆحی ڕەها دەکات. دواتریش دێت لێکۆڵینەوەیەك لەژێر ناوی (میتافیزیکای بابەتی) دەنووسێت.

لەم لێکۆڵینەوەیەشدا چەمکی دەروون شی دەکاتەوە بۆ ئەوەی پیشانی بدات کە لە دوولایەنی پۆزەتیف و نێگەتیف پێکدێت و بزاڤێك لەناوەخۆیەوە دەگرێت لەموتەناهیەوە بۆ ناموتەناهی، ئەوەش لەسایەی نەزعەیەك ڕووەو بالأبوونی یا بەزاندنی بەردەوام.

هێگل پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە ڕۆحی ڕەها لەنێو قوولأیی سەیرورەتدایە، ئەوەش پیشاندەدات کە ژیانی ئەم ڕەهایە لەناوەرۆکدا بریتییە لەبالأبوون و بەزاندنێکی بەردەوام و دۆزینەوەی خود. ئەوەش مانای وایە ڕەها قۆناغ بە قۆناغ بەعەقڵانیتر دەبێت، ئەم بەعەقڵانی بوونەش لەوەدا بەرجەستە دەبێت کاتێك دادەبەزێتە نێو جیهانی سەیرورەت.

هێگل لێکۆڵینەوەیەکی تریشی ئەنجامداوە لەبارەی فەلسەفەی سروشتی، لەو لێکۆڵینەوەیەشدا ڕەخنەی ئەوە لەزانستی نوێ دەگرێت کە وای لەسروشت کردووە مۆرکی ناعەقڵانییانەی خۆی لەدەست بدات و گەردوونی کردۆتە کۆمەڵێك هێزی مادییانە کە هیچ مۆرکێکی چۆنایەتییانەی نییە.

جگە لەوەش هێگل دێت چەمکی کات و شوێن شی دەکاتەوەو ئەم دوو چەمکەش وەکو دوو ڕووخسار نمایش دەکات بۆ ئەوەی ڕۆح لەخودی خۆیدا بچێتە دەرەوەو بەبزاڤی بالأبوون و بەزاندنی بەردەوامی دەبەستێتەوە، بەم شێوەیە باسەکانی ئەم ماوەیەی زیاتر جەخت دەکەنە

سەر مۆرکی دەرخستنی ئاوێتەبوونی ناموتەناهی لەنێو موتەناهیدا.

هێگل لەگەڵ ئەوەی لەم ماوەیەی ژیانیدا زیاتر بایەخی بەلێکۆڵینەوە لەفەلسەفەی سروشتی و فەلسەفەی ڕۆحی دەدا، بەڵام توێژینەوەی لەبارەی فەلسەفەی ئەخلاق و فەلسەفەی سیاسیش ئەنجامدا، هەر بۆیە دوو لێکۆڵینەوەی لەم بارەیەوە نووسیوە، یەکێکیان لەژێر ناوی (سیستەمی ئەخلاقی)و ئەویتریشیان بەناوی (باسێك لەبارەی مافی سروشتی)یەوە.

لەباسی یەکەمیدا جەخت دەکاتە سەر چالاکی مرۆڤ بەگشتی، بۆیە قسە لەبارەی کارو ئامێرو خێزانو زمانو دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی ژیانی مرۆڤ دەکات. لەباسی دووەمیشدا قسە لەبارەی دەوڵەت دەکات، هێگل پێی وایە هەموو دەوڵەتێك گوزارشت لەڕۆحی گەلێکی دیاریکراوو چارەنووسی ئەم گەلە دەکات.

لێرەدا نابێت ئەوەمان لەیاد بچێت هێگل هەموو تیزو تیۆرە سیاسییەکانی خۆی لەبارەی دەوڵەت و یاساو مافەوە لەشۆڕشی فەرەنسی وەرگرتووە، بەڵام دواتر خۆی لەئەنجامی پێشقەچوونی ڕەوتی ڕووداوەکانی شۆڕشی فەرەنسییەوە گۆڕانکاریان بەسەردا دێنێت لەپێناو دامەزراندنی دەوڵەتێکی مۆدێرندا، بۆیە شۆڕشی فەرەنسی سروش بەخشی هزری سیاسییانەی هێگلە.

لەڕاستیدا زۆرجار هێگل بەوە تۆمەتبار دەکرێت کە پاڵپشت و تیۆریستی دەسەڵاتی سەرکوتکارو ستەمکارانەی دەوڵەتی بروسی بووە، چونکە پاڵپشتی مافە ڕەهاکانی دەوڵەتی کردووە لەبەرانبەر تاکدا،





بەمانای ئەوەی تاك دەکاتە قورباتی دەوڵەت.

ڕەنگە ئەو تۆمەتانە ڕاست یا ڕاستیش نەبن! چونکە هێگل لەو سەردەمەدا پێی وابووە دەوڵەتی بروسی بەرجەستەکاری مێژووییانەی تیۆرەکەی خۆیەتی لەبارەی دەوڵەتەوە، تیۆری دەوڵەتێکی بەعەقڵانی کراو، واتا تا ئەو کاتە ئەوە باشترین شێوەی دەسەڵات و ڕێکخستنی دەوڵەت بووە. تێڕوانینی هێگل بۆ دەوڵەت ئەوەیە کە بوونەوەرێکی بایۆلۆژییە، لەدایك دەبێت و گەشە دەکات و گەورە دەبێت و پیر دەبێت تاوەکو دەمرێت.

جگە لەوەش لەلای هێگل دەوڵەت ئەوەندە پیرۆزە بەشێوەیەك هەموو هاوڵاتیان بەهاکانی خۆیان لەسایەی دەوڵەتەوە وەردەگرن. تیۆرو تێزی هێگل بۆ دەوڵەت ئەنجامی بیرۆکەی خۆیەتی لەبارەی مێژوو، بۆیە لەتیۆرەکەیدا دەوڵەت تەنیا بەشێك و لایەنێکی مێژوو نییە، بەڵکو جەوهەرو گیانی مێژووە، ناکرێت بەبێ ئەوەی باس لەدەوڵەت بکرێت باسی ڕووداوەکان بکرێت، لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتدا مێژوو دەست پێدەکات، ئەگینا هەموو ڕووداوەکانی تر دەکەونە دەرەوەی مێژوو.

هێگل کاتێك لەنێو کتێبی (فەلسەفەی ماف)دا پێناسەی دەوڵەت دەکات، دەنووسێت:" دەوڵەت بریتییە لەبوونی کردارەکییانەی بیرۆکەی ئەخلاقی، بریتییە لەڕۆحی ئەخلاقی، چونکە ویستێکی جەوهەرییە لە خودی خۆیدا بەرجەستە دەبێتو بیردەکاتەوەو دەزانێتو دەردەکەوێت، بەو ڕادەیەی کە دەزانێت کارەکانی ئەنجام دەدات، دەوڵەت ڕاستەوخۆ لەنێو عورفو یاسادا بوونی هەیە، ناڕاستەوخۆش لەنێو وشیاری خودی

تاك و مەعریفەو چالاکییەکانی، ئەوە لە کاتێکدا کە وشیاری خودی بەهۆی مەیلی بەرەو دەوڵەت، تێیدا ئازادی جەوهەری خۆی دەدۆزێتەوە، بەو سیفەتەی کە ماهییەتو مەبەستی چالاکییەکانییەتی".

**(٨)**

لە کۆتایی قۆناغی ژیانی لەشاری یێنادا، هێگل واز لەفەلسەفەی کردەیی دێنێت و ڕووەو کێشە میتافیزیکییەکان دەگەڕێتەوە، ئەو کێشانەی بەردەوام سەرقاڵیان کردبوو. کێشەی وەکو پێکهێنانی تێڕوانین و تیۆرێکی هەمەکیانە لەبارەی وجودەوە. شارەزایان لەژیانی هێگل ئەم قۆناغە ناودەنێن قۆناغی فەلسەفەی واقیعی و ساڵانی(١٨٠٥ ــ ١٨٠٦) دەگرێتەوە.

لێرەدا هێگل دێت بەشێوەیەکی مەزهەبییانە لەفەلسەفەی سروشتو فەلسەفەی ڕۆح دەکۆڵێتەوە، بەبێ ئەوەی هیچ ئاماژەیەك بۆئەو دابەشبوونە سێیانەیە بکات کەوا لە لۆژیك دەکات ببێتە بەشی یەکەم لەنێو بەشەکانی فەلسەفەدا. هێگل هەوڵیداوە ڕاڤەکردنێکی تیۆریانە بۆ واقیعی ئەزموونی عەینی بخاتە بەرچاو، بەڵام زیاتریش بایەخی بەوەداوە ژیانی ڕۆحییانەی مرۆڤ ڕاڤە بکات، بۆیە دێت لەوشیاری یا نەست دەکۆڵێتەوە، گوایە وشیاری وێنەی بەراییانەی ژیانی ڕۆحە.

لێرەدا دەبینین هێگل بایەخ بەلێکۆڵینەوە لەهێزە جۆراو جۆرەکانی وشیاری یا هەست دەدات و دێت لەهێزی یادەوەری و زمان دەکۆڵێتەوە کە لەلای ئەو هێزی یەکەمە، دواتریش لەئارەزوو دەکۆڵێتەوە کە هێزی





دووەمەو پاشانیش لەڕۆحی خێزانی یا ژیانی خێزانداری دەکۆڵێتەوە کە لەلای ئەو هێزی سێیەمە. کەواتە ئەوە بەدوایەکدا هاتنێکی پلەدارە لەژیانی تایبەتی خودیەوە تاوەکو باڵاترین پلە کە بریتییە لەیەکێتی نێوان خودو بابەت.

سەرەتا خود لەڕێگای هەستەکانەوە ڕووبەڕووی هەندێك حاڵەتی تایبەتی هەستی دەبێتەوە، کەچی دواتر لەڕێگای یادەوەرییەوە جۆرێك لەجێگیری بە بابەتەکە دەبەخشێت تاوەکو بیکات بە پێداویستیەکی هەمەکی. بەم شێوەیەش بەرزی دەکاتەوە سەر مۆرکی ڕاستەوخۆی هەستی پەتی. ئینجا زمان دێت و ناو بەسەر شتەکاندا دەسەپێنێت و جۆرێك لەیەکێتی لەنێو هەموو ئەو ناوە زۆرانە بونیاد دەنێت و جۆرێك لەتەبایی و هاوشێوەیی لەنێوان هزرو خود بونیاد دەنێت، لەگەڵ ئەوەشدا لەو قۆناغەدا هەست توانای ئەوەی نییە پێوەندیەکی ڕاستەقینە لەگەڵ ئەویتر بونیاد بنێت.

بەڵام لەقۆناغی دووەمدا ئەوە ئارەزووەکە پاڵ بەخودەوە دەنێت تاوەکو لەخودی خۆی بێتە دەرەوەو ڕووەو ئەویتر هەنگاو بنێت، ئەوەش چونکە ئارەزوو بریتییە لە جۆرێك لەخەوائی ناوەکی کە پاڵ بەخودەوە دەنێت بەدوای تێربووندا بگەڕێت. لەکاتێکدا تێربوون ئارەزووی ئاژەڵیانەی مرۆڤ تێردەکات، بەڵام ناتوانێت ئارەزووی مرۆڤایەتییانە لەناو ببات، لەبەرئەوەی هەنگاونان بەرەو ئەویتر لەنێو قووڵایی ئەو پێوەندیدایە کە لەگەڵ ئەویتردا کۆمان دەکاتەوە. هەرکاتێکیش ئارەزوو لەهەموو پێوەندییەکی چێژی سێکسی و چێژی جەستەیی ئازادبوو، ئەوە

یەکێتی ئافرەت و پیاو دەگۆڕێت بۆ پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ کە بریتییە لەخۆشەویستی. لەتێڕوانینی هێگل هاوسەرێتی ڕاسترین گوزارشتە لەو یەکێتییە ڕاستەوخۆیەی کە دوو بوونەوەری تەبا بەیەکەوە کۆدەکاتەوە.

لە قۆناغی سێیەمدا یەکێتی ژن و پیاو ئەو کاتە دەردەکەوێت کە ژیانی هاوبەشی خۆیان دەبەزێنن لەپێناوی بەرهەمهێنانی منداڵدا. منداڵ کە ئاوەژووکاری ڕاستەقینەی بەرووبوومی ئەو خۆشەویستییەیە کە لەنێو جیهانی دەرەکیدا بوونی هەیە.

ئەوە منداڵە وا لەدایك و باوك دەکات خودی خۆیان وەکو دوو خودو ئەندامی بەشداربوو لەتوخمی ئادەمیزادی بەدی بکەن. منداڵ ئەو هەستە بەدایك و باوك دەبەخشێت کە ئەوان بەشدارن لەدرێژەدان بەڕێڕەوی ڕەگەزی مرۆڤایەتی، بۆیە لێرەدا بایەخی هەریەك لەدایك و باوك وەکو خودێك لەنێو کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا دەردەکەوێت. ئەوەش باڵاتر کردنی خودی ئەوانە وەکو خودێك.

لەگەڵ ئەوەشدا کە منداڵ بەرهەمی پێوەندی نێوان ژن و پیاوە، بەڵام بۆخۆی هەستێکی تەواو سەربەخۆیە لەنێو جیهاندا، منداڵ هەر بەتەنیا ئاوەژووکاری یەکێتی و تەبایی نێوان ژن و پیاو نییە، بەڵکو جگە لەوە، ئەو بوونێکی تەواو سەربەخۆی هەیە لەئاست ئەواندا، کاتێکیش ئەوان بایەخی پێدەدەن و پەروەردەی دەکەن، ئەوە زیاتر ئەم سەربەخۆییەی منداڵ گەشە پێدەدەن و مۆرکێکی جێگیرترو ڕاستەقینەتر لەخۆیەوە دەگرێت، ئەوکاتەش ژیانی خێزانداری لەنێو باوەشی ئەو کۆمەڵگا بچووکەوە گەشە دەکات کە لەسەر کۆمەڵێك





پێوەندی دژکاری و تەبایی و کۆمەڵێك دوالیزم بونیادنراوە، دوالیزمی پۆزەتیف و نێگەتیف، ململانێ و خۆشەویستی....تاد.

ئەلێرەدا منداڵ لەئاست دایك و باوکدا یەکێکی تری ڕەهایە، ئەویترە. زۆرجاریش ئەوان هەوڵدەدەن خۆیان بەسەر ئەو خودە دابسەپێنن، بەڵام بێسودە، چونکە دواتر لەوە تێدەگەن کە بوونی ئەوان وەکو خودێك لەوەدایە دان بەبوونی ئەویترەوە بنێن. ئەویتر کە بەرهەمی خۆشەویستی و یەکێتی خودی ئەوانە، بۆیە ژیانی ڕاستەقینەی کۆمەڵگەرایی بونیاد نانرێت تەنیا ئەوکاتە نەبێت کە دان بەئەویترەوە دەنێن، تەنیا بەو ڕێگایە دەتوانن بەپرۆسەی باڵابووندا تێپەڕن.

بزاڤی باڵابوون و بەزاندنی خود بەشێوەیەك لەشێوەکان دەوڵەمەندکردنی خودو قووڵکردنەوەی ژیانی ڕۆحییە، ئەوە باشترین گوزارشتە لەپێوەندی نێوان خودو خوددا، لەلایەکی تریشەوە هەستکردنە بەخود وەکو ئەوەی کە ڕۆحە.

بەر لە ئەوکاتە، واتا لە ساڵی (١٨٠١)دا، هێگل وەکو مامۆستای بێ مووچە لەزانکۆی یێنا دامەزرابوو، دواتر وەکو قوتابییەکی بلیمەتی شلینگ ناوی دەرکردو وەکو مامۆستایەك لەدەرەوەداو لەبەرانبەر پاداشتێکی کەم، لە ساڵی (١٨٠٥)دا هەر لەزانکۆی یێنا دامەزرا، بەڵام هێگل هەر لە ساڵی (١٨٠٢)وە دەستیکرد بووە خاوەنی مەزهەبێکی تایبەت بەخۆی، ئەوەش زۆر بەڕوونی لەو وانەبێژییانەدا دەرکەوت کە لەساڵی خوێندنی (١٨٠٥ ـ ١٨٠٦)دا بۆ قوتابیانی زانکۆی یێنای دەگوتەوە.

لەم وانە بێژییانەدا هێگل باسی لەزۆر بابەت کرد، وەکو ڕۆحی

خودی و ڕۆحی بابەتی و تیۆری هزر ــ بیرۆکەو دابەزینی هزر بەردەوام بەرەو خوارەوە بۆ سروشتو بابەتی گواستنەوە لە وجود لەخودی خۆیەوە بۆ وجود بۆ خودی خۆی و شیکردنەوەی هەردوو چەمکی عەقڵو ویستو توێژینەوەی ورد لەڕۆحی بابەتی وەکو دەرکەوتەیەکی نێو ژیانی مەدەنی و سیاسی، جگە لەوانەش دێت لەجۆرەکانی حکومەتو سیستەمی سیاسی دەکۆڵێتەوەو جۆرەکانی دەستووری دەوڵەت شی دەکاتەوەو بەویستی هەمەکی و ویستی عەقڵیان دەبەستێتەوەو قسە لە بارەی چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکانیش دەکاتو .....تاد کە دواتر زۆر بە قووڵی لێیان دەکۆڵێتەوەو چەندین کتێبی گرنگو نایابیان لە بارەیەوە دەنووسێت.

لەدواییشدا دەبینین هێگل قسە لەبارەی هونەرو ئایین و فەلسەفە دەکات تاوەکو پەیامی هەریەك لەو کایانە ڕوون بکاتەوە لەنێو ژیانی ڕۆحدا، بۆیە لەم ساتانەدا بۆ یەکەمجار لەنێو پێشقەچوونی ڕۆحیانەی هێگلدا دەبینین بەیەکەوەو لەپاڵ یەکەوە قسە لەسەر ئەم سێ شێوەیەی چالاکی مرۆڤ دەکات و ئاماژە بەگرنگیان دەدات لەسەر بەزاندنی دژکاری نێوان خودو بابەتدا.

(٩)

لەنیوەی ساڵی خوێندنی (١٨٠٥ ـ ١٨٠٦)دا هێگل بەقوتابییەکانی خۆی ڕاگەیاند:" خۆری سەردەمێکی تازە بەسەر جیهاندا پرشنگ دەداتەوە... وادیارە کە لەکۆتاییدا ڕۆحی جیهان سەرکەوتوو بوو لەوەی درك بەخودی





خۆی بکات وەکو ئەوەی کە ڕۆحێکی ڕەهایە.... وشیاری موتەناهی وازی لەوەهێنا کە چیتر لەسەر حاڵەتی خۆی بمێنێتەوە، بۆیە هەر بەتەنیا هەستێکی موتەناهی نییە بەخود. لەلایەکی تریشەوە وشیاری ڕەهاش توانی ئەو وجودە واقیعییە بەدەست بێنێت کە نەیبوو".

مەبەستی هێگل لەم ڕاگەیاندنەیدا تەنیا ئەوەبوو بە قوتابیەکانی خۆی ڕابگەیەنێت کە ڕۆحی ڕەها توانیویەتی لەسەر دەستی هێگلەوە هەست بەخودی خۆی بکات، وەکو ئەوەی هێگل بووبێتە قسەکەری ڕەسمیو ڕەهای ناموتەناهی یا ڕەها.

هێگل بەرلەوکاتە، چەند ساڵێك بوو سەقاڵی نووسینەوەی چیرۆکی ئەم ڕۆحە ڕەهایە بوو، ئەوەبوو لەساڵی(١٨٠٦)دا، لەو ساڵەی شەڕە گەورەکەی ییێنا ڕوویدا، هات مەزنترین کاری فەلسەفی خۆی خستەڕوو، ئەویش کتێبی (فینۆمینۆلۆژیای ڕۆح) بوو کە لەسەرەتاکانی ساڵی(١٨٠٧)دا چاپکرا.

هێگل ئەم کارەی لەبارودۆخێکی سەختو دژواردا تەواوکردو نووسی، چونکە بلاوکەرەوەکەی زۆر پەلەی لێدەکرد. ئەو کاتەی دەستی بەنووسینی ئەم کارەی کرد، بۆ خۆیشی نەیدەزانی کۆتاییەکەی چۆن دەبێت، بەلام بێگومان ساڵێك بوو لەنەخشەی سەرەتایی و سیستەمی کارەکەی ڕادەما، لەکۆتاییشدا کورتەی سەرجەم هزرەکەی خۆی بەناوی (فینۆمینۆلۆژیای ڕۆح) بلاوکردەوە.

مەبەستی هێگل لەم توێژینەوە فینۆمینۆلۆژییە دوورو درێژەیدا ئەوەبوو بەشوێن پێی پێشقەچوونی وشیاریدا بڕوات و هێدی هێدی هەر

لەسەرەتای یەکەم دژکارییەوە دەست پێبکات لەنێوان وشیاری و بابەتدا تا دەگاتە قۆناغی مەعریفەی ڕەها کە کۆتایی ئەم قۆناغە فەلسەفییە مەزنەیە. لەگەڵ ئەوەی هێگل مەبەستی بوو ئەم کتێبە مەزنەی خۆی بکاتە دەسپێکی دەروازەی چوونە نێو مەزهەبی بیرکردنەوەی فەلسەفییانەی خۆی، بەڵام لەنێویدا گرنگترین ڕەگەزو بیرۆکە فەلسەفییە مەزنەکان بەدی دەکەین کە خودی مەزهەبی فەلسەفی خۆی لەسەر بونیادنراوە.

لەواقیعدا هێگل ویستوویەتی لەو کتێبەدا وێنەیەکی گشتی ئەو ڕێڕەوەمان بۆ بکێشێت کە دەروون ــ نفس گرتوویەتییە بەرو بە وشیاریدا تێپەڕیوە تاوەکو بووەتە ڕۆح. کەواتە ئەم کتێبە چیرۆکی پێکهاتنی ڕۆحە، یا ڕۆمانێکە کولتووری فەلسەفە دەگێڕێتەوە، چونکە شوێن پێ هەڵگرتنی وشیاری و دەسبەرداربوونی لەبیرو بۆچوونە سەرەتایی و بەراییەکانی خۆی و وەرگرتنی ئەزموونی بەردەوام بۆ گەیشتن بەتێڕوانینێکی فەلسەفییانەی دروستە بۆ گەیشتن بەمەعریفەی ڕەها.

هێگل خۆیشی لەچاپی دووەمی ئەم کتێبەدا پێشەکییەك دەنووسێتو ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەو دەستی وشیاری سروشتی گرتووە تاوەکو هێدی هێدی ڕووەو مەعریفەی فەلسەفی ببات.

فینۆمینۆلۆژیا لەبنەڕەتدا هەڵمەتێکە بۆسەر هەموو خولیایەکی ڕێژەگەراییانە لەنێو مەعریفەدا، ئارەزوویێکە بۆ بەرزکردنەوەی فەلسەفە بۆ ئاستی زانست. یا بەشێوەیەکی تر شۆڕشێکە بەسەر هەموو خولیا





ڕۆمانتیکییەکانی نێو فەلسەفەدا. هێگل لەزیاد لەشوێنێکیشدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەو مەبەستی بووە مەعریفەی ئەزموونی بکات بەمەعریفەی فەلسەفی، لەیەقینی هەستییەوە بمانبات بۆ مەعریفەی ڕەها.

کتێبی فینۆمینۆلۆژیای ڕۆح خاڵی وەچەرخانی گرنگی پێشڤەچوونی هێگل بووە، چونکە لێرەدا لەگەڵ ئەم کتێبەدا دەرکەوت کە هەڵوێست و تێڕوانینی فەلسەفییانەی هێگل زۆر لەهەڵوێست و تێڕوانینی کانت و فیختە و شلینگ جیاوازە. لەگەڵ ئەوەشدا زۆر لەهزرڤانان پێیان وایە هەندێك کەمو کوڕی لەنێو فینۆمینۆلۆژیادا هەیە، بۆ نموونە هێگل زۆر بەڕوونی ئاماژە بۆ ڕۆح ناکات، ئەو ڕۆحەی هێگل لێی دەکۆڵێتەوە، ڕۆحی کێیە؟

ڕاستە زۆرجار واهەست دەکەین کە ئەوە ڕۆحی سەرتاپای مرۆڤایەتییە، وەکو ئەوەی دیارە هێگل لەبارەی پەروەردەی مرۆڤایەتی دەنووسێت، کەچی لەهەندێك کاتی تردا ڕۆح وا دەردەکەوێت کە هاوشانو مورادیفی چەمکی خوا بێت!.

لەڕاستیدا ئالۆزییەك هەیە لەبەکارهێنانی چەمکی ڕۆح یا عەقڵ، چونکە زۆربەی وەرگێڕو تەنانەت نووسەرە عەرەبی و جیهانییەکانیش سەریان لێدەشێوێت، بەو مانایەی چەمکی (گایست ـ Geist) لەنێو زمانی ئەلمانیدا بەمانای ڕۆح دێت، بەڵام بەمانای دیکەش بەکارهێنراوە وەکو (عەقڵ، زەین، خەیاڵ، هزر، ماهییەت، تارمایی، دەروون، ڕۆحی پیرۆز، نیاز، .....تاد).

جـۆن کۆتنگهـام لـەبارەی چـەمکی گایـست دەنووسـێت:" دەکرێـت بیرۆکـەی گایـست لـەلای هێگـل کـەمێك مـاقووڵ ڕاڤـە بکـەین، چـونکە سـەرەڕای ئـەو بانگەشـە کردنـە دوورو درێژانـەی کـە هەنـدێکجار خەیکە سۆفییانە خۆیان دەردەخەن و هێگل بەم ڕۆحە ڕەهایەی دەبەخـشێت کـە خۆی گریمانی بوونی خودی خۆی دەکات، دەگەینە ئـەوەی کـە تێڕوانینـی فەلـسەفەی هێگلـی تێڕوانینـی حەقیقەتـە پێـشینەییە نازەمـەنی و حەقیقەتە نەمرەکان نییە، هێگل بەر لەهەمموو شتێك هەوڵدەدات کردەی دینامیکی و کردارەکییانەی مێژوویی جیهان بدۆزێتەوەو ڕاڤەی بکات.

ئەگەر ئێمەش بـەم شـێوەیە بڕوانینـە گایـست، ئـەوە گایـست دەبێتـە ڕەهاییـەکی ڕۆحـی ئـاڵۆزو نادیـارو تـەموو مـژاوی کـە هـەموو شـتێك بەشداری تێدا دەکات، وەکو قۆنـاغی کۆتـایی لەپێـشڤەچووندا کـە مێـژوو ڕووەو ئـەو هـەنگاو دەنێت. گایـست وەکو ئـەوەی هێگـل جـەختی لەسـەر دەکاتــەوە لەسـەر سێ شـێوە دەردەکـەوێت، ئـەویش هونـەرو ئـایین و فەلسەفەیە".

پێـشەکی ئـەم کتێبـە کـە هێگـل خـۆی نووسـیویەتی دوای نزیکـەی سەدەو نیوێك زیاتر هێشتا هەر قسەو باسـی زۆری لەسـەر کـراوە، ئـەوەتا هیپۆلێت وتارێکی تایبەتی خۆی بۆ خوێندنـەوەو شـرۆڤەکردنی پێشەکی ئـەم کتێبـە تـەرخانکردووە، هیپۆلێـت دەنووسـێت:" دوای ئـەوەی هێگـل لەفینۆمینۆلۆژیا بـۆوەو بـەپێی ئـەو کـارەی ئـەنجامی دابـوو لـەو پرۆسـە فەلـسەفییەی خـۆی ڕامـاو پێـشەکییەکەی بەشـێوەیەکی وا نووسـی کـە جیاوازە لەنمایشە ئەسڵییەکە. ئالێرەدا ئەوەمان پێ ڕادەگەیەنێت کە ئـەو





چۆن مەزندەی داهاتوو ئایندەی گوتاری فەلسەفی دەکات.

ئەوەش نمایشکردنێکی سەیر بوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئـەو بەرلەهـەموو شـتێکدا دەڵێـت:" وتـەکانی مـن لەسـایەی پێـشەکییەکەوە بەجیـدی وەرمـەگرن، چـونکە کـاری ڕاسـتەقینەی فەلـسەفی ئـەو شـتەیە کـە تـازە نووسیومە ـ فینۆمینۆلۆژیا ـ ئەگەر لەدەرەوەی ئەو شتەی کە نووسـیومە قسەت لەگەڵدا بکەم، ئـەوە ئـەم وتـە پەراوێزانـە ناشـێت بـەهای خـودی کارەکەیان هەبێت، لەوەش زیاتر ئەوەیە کە من کـارێکی تـری زۆر جیـاواز دەنووسم، ئەم کارەش لۆژیکێکی تێڕامانکارییانەیە).

هێگـل مەبەسـتی بـوو دوای بڵاوبوونـەوەی ئـەم کتێبـەی، ببێتـە مامۆستای فەلسەفە لەزانکۆی یێنا، بەڵام لەم کاتانەدا ئەوەنـدە هزرڤـان و فەلسەکار چاویان بڕیبووە ئەم کورسییە، بەشێوەیەك هێگل پاشەکشەی لـە ئارەزووەکـەی خـۆی کـردوو بەیـەکجاری وازی لـەزانکۆ هێنـاو بـوو بەسەرنووسـەری یـەکێك لەڕۆژنامـەکانی ئەوکاتـە کـە نـاوی (گازێتـا دی بـابێرگ) بـوو، لـەئاداری(١٨٠٧)دا تـاوەکو تـشرینی دووەمـی سـاڵی(١٨٠٨) بەسەرنووسەری ئەم ڕۆژنامەیە مایەوە.

ئەو کاتانە بروسیا لەژێر کۆنترۆڵی دەسەلاتی فەرەنسیدا بوو، چونکە سـوپاکەی نـاپلیۆن بەشـی هـەرە زۆری، بگـرە سـەرتاپای ئـەلمانیای داگیر کردبوو، بۆیە هێگل هاوکاری فەرەنسییەکانی کرد، جگە لەوەش ئـەوخۆی زۆر بەکەسایەتی نابلیۆن سەرسام بوو، بۆیە دەیگوت:" نـاپلیۆن دەروونـی جیهانە" ـ لەهەندێك نووسیندا ئاماژە بۆ ئـەوە دەکرێـت کـە گوتوویـەتی "ناپلیۆن ڕۆحی جیهانە".

لە ساڵی (١٨٠٧)دا کوڕێکی نا شەرعییانەی بوو کە ئەنجامی پێوەندییەکی نا شەرعییانەی بوو لەگەڵ خانمێکدا، ئەو کوڕەی ناونا لۆدڤیگ. لەدایکبوونی ئەم کوڕە لەو کاتانەدا هێگلی زۆر هەراسانکرد. لەلایەك باری ئابووری باش نەبوو، لەلایەکی تریش ئەو تازە دەستی دەکرد نووسین‌و لێکۆڵینەوە مەزنەکانی خۆی دەنووسی، بۆیە هەندێك کات ئەم مەسەلەیە نیگەرانی دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا دانی بەو کوڕەی خۆیەوە ناو وەکو منداڵێکی خۆی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرد.

لە ساڵی (١٨٠٨)دا لەڕێگای هاوڕێیەکی بەناوی نیشامیر کە سەرپەرشتیاری گشتی فێرکردن بوو لەباڤاریا، کرایە بەڕێوەبەری پەیمانگای نۆرمبێرگ و تاوەکو ساڵی (١٨١٦) لەم پۆستەدا مایەوەو سەرقاڵی گوتنەوەی وانەی کولتووری گریکی و لاتینی بوو، هەروەها وانەی (دەروازەی فەلسەفە)ی بۆقوتابیانی قۆناغە کۆتاییەکان دەگوتەوەو زۆر هەوڵیدەدا تاوەکو فەلسەفەو بۆچوونەکانی خۆی لەگەڵ ئاستی خوێندنی ئامادەییدا بگونجێنێت.

لە ساڵی (١٨٠٩)دا کتێبێك لەژێر ناوی (دەروازەیەك بۆ فەلسەفە) دەنووسێت، ئەم کتێبە بەناوی (پرۆپیدیتیك) ناسراوە.

هێگل کاتێك بیری لەزەواج کردەوە، لە (١٦)ی ئەیلولی ساڵی (١٨١١)دا خوازبێنی خاتوو ماریا فۆن تۆڤەری کرد، ماریا فۆن کچی خێزانێکی پایە بەرزی کەم دەرامەت بوو، لەو کاتەدا هێگل تەمەنی گەیشتبووە (٤١) ساڵ، کەچی خاتوو ماریا فۆن هێشتا (٢٠) ساڵی تێپەڕ نەکردبوو. هێگل لەماریا فۆن دوو منداڵی بوو، یەکەمیان کارڵ کە دواتر دەبێتە مامۆستای مێژوو،





ئەویتریشیان ئیمانوێڵ کە دەچێتە نێو خوێندنی لاهوتی برۆتستانتی و دەبێتە پیاوێکی ئایینی. بەم شێوەیە هێگل دەبێتە خاوەنی سێ کوڕ.

لەماوەی نیشتەجێبوونی لەنۆرمبێرگدا، هێگل دەست دەکات بەنووسینی کتێبێکی تری مەزنی خۆی ئەویش (لۆژیکزانی)یە کە سێ بەشەو لەماوەی نێوان ساڵانی (١٨١٢ ــ ١٨١٦)دا تەواوی دەکات، دیارە ئەم کتێبەش بەردی بناغەی مەزهەبەکەی خۆیەتی و کارێکی هەرە دەگمەنی هێگلە.

ئێمە ئەوەمانزانی کە هێگل لەنێو کتێبی فینۆمینۆلۆژیای ڕۆحدا ویستی وشیاری لەیەقینی هەستییەوە بگوازێتەوە ئاستێکی بالاتر بەرەو مەعریفەی فەلسەفی یا زانستی ڕەهای ببات، لەو کارەشدا پشتی بەجۆرێك لە بالابوونی عەقڵی بەستبوو.

کەچی دەبینین خاڵی دەسپێکی نێو کتێبی (لۆژیکزانی) دانپێدانانە بە هاوشێوەیی و تەبایی هزر لەگەڵ واقیعدا بەشێوەیەك ئەو واقیعە وێنەی نمایشکراوی هزرە، واتا هزر لەسایەی واقیعەوە خودی خۆی بەدی دەکات.

لەنێو (لۆژیکزانی)دا هزر لەبابەتەوە دەست پێناکات گوایە حەقیقەتێکی دەرەکییەو بوونی تایبەتی و سەربەخۆی خۆی هەیە، بۆ ئەوەی دواتر ئەم بابەتە بکات بەچرکەساتێك لەچرکەساتەکانی خود لەنێو چالاکی عەقڵیدا، بەڵکو لەوە دەست پێدەکات کە خودی خۆی عاقڵ بکات تاوەکو لەوە دڵنیابێت کە لەم ڕێگایەوە دەتوانێت جیهانی بابەتەکان ئافرێدە بکات.

دواتریش ئەوە بەدی دەکەین کە چۆن هێگل سەرجەم لۆژیکەکەی خۆی لەسەر شوناسی هزرو بوون بونیادناوەو جەخت دەکاتە سەر ماقوولیەتی واقیع. خودی ئەم مەسەلەیەش دواتر لەبەشی داهاتوودا بەدرێژی دەخەینەوە بەرباس و لێکۆڵینەوە.

ئەم کتێبە بووە هۆی ئەوەی زیاتر هێگل لەنێوەندی ئەکادیمیدا بناسرێت و ڕێزی زیاتری لێبگیرێت، بۆیە هێگل خۆی بۆئەوە خۆشکردەوە ببێتە مامۆستای فەلسەفە لەزانکۆی بەرلین، دوای ئەوەی فیختە لە ساڵی (١٨١٤)دا کۆچی دواییکردبوو، ئەم پۆستە بە بەتاڵی مابۆوەو کەسێك جێگاکەی نەگرتبۆوە. جگە لەوەش هێگل دوای ڕووخانی دەسەڵاتی ناپلیۆن باروگوزەرانی لەنۆرمبێرگ خراپ ببوو، چونکە لەباڤاریا کاتۆلیکەکان دوای ڕووخانی ناپلیۆن کەوتنە دژایەتیکردنی ئەو کەسانەی پاڵپشتیان لەناپلیۆن کردبوو یا کاریان لەگەڵ دەسەڵاتی فەرەنسی کردبوو.

ئەمجارەشیان مەسەلەکە سەری نەگرت و ئاواتەکەی هێگل نەهاتە دی و نەکرایە مامۆستای فەلسەفە لەزانکۆی بەرلین. بەناچاری لە ساڵی (١٩١٦) بەوە ڕازی بوو ببێتە مامۆستای فەلسەفە لەزانکۆی هایدلبێرگ. دوو ساڵ لەو پۆستەدا مایەوەو کارێکی تری مەزنیشی تەواوکرد، ئەویش (ئینسکلۆپیدیای زانستە فەلسەفییەکان) بوو کە چاپی یەکەمی لە ساڵی (١٨١٧)دا بلاوکرایەوە.

هێگل لەو کتێبەدا زۆر بەوردی ئایدیالیزمی دیالیکتیکی ڕەها نمایش دەکات و بەشێوەیەکی زۆر ئەپستراکتانەش بۆچوونە ئایینییەکانی خۆی





دەخاتە ڕوو، وەکو ئەوەی مەبەستی سەرەکی هێگل ئەوەبێت ڕۆح وەکو حەقیقەتێکی بالا پیشان بدات. لەڕاستیدا تاکە شت کە لۆژیك و فەلسەفەی سروشت و فەلسەفەی ڕۆح بەیەکەوە کۆدەکاتەوە (لۆگۆس)ە کە لەنێو هەموو شتێکدا هەیەو سەرتاپای بوون واپیشاندەدات وەکو ئەوەی ژیانێکی تۆتالیتاری لۆژیکی بێت.

کتێبی ئینسکلۆپیدیا هەموو مەزهەبەکەی هێگل لەخۆیەوە دەگرێت، بەڵام بەشێوەیەکی پلانئامێزانەو نەخشە بۆ کێشراوانە. لەبەشی یەکەمی ئەم کتێبەیدا، هێگل بیرۆکەیەکی گشتیمان پێدەدات لەبارەی فەلسەفەو مەعریفەی فەلسەفییەوە، تایبەتمەندییەکانی مەعریفەی فەلسەفیو ئەو شتانەی مەعریفەی فەلسەفی لەمەعریفەی ڕەمەکی جیا دەکەنەوەو خاڵی لێکچوونو هاوبەشو خاڵی جیاوازیو ناکۆکی لەگەڵ زانستەکانی تردا، ئێمەش هەموو ئەوانەمان لەبەشی دووەمی ئەم کتێبەدا خستۆتە ڕوو.

لەبەشی دووەمدا دێت بیرۆکەیەکی سەرەتاییمان لەبارەی پێناسەکردنی لۆژیك و بابەتەکانی و ئەو پێشفەچوونە تازەیەی ئەم زانستە دەخاتە بەردەست. لەکۆتایی ئەم بەشەدا هێگل دێت چیرۆکی کەوتنە خوارەوەی مرۆڤ لە بەهەشت شی دەکاتەوە. لەبەشی سێیەمدا هەڵوێستی میتافیزیکامان بۆ ڕاڤە دەکات و پێی وایە میتافیزیکا لەگەڵ کریستیان فۆڵف و قوتابخانەکەیدا گەیشتۆتە لوتکەی خۆی، لەگەڵ ئەوەشدا هێگل ڕەخنە ئاڕاستەی ئەو میتافیزیکایە دەکات، گوایە ئەو میتافیزیکایە خاوەنی شێوە بیرکردنەوەیەکی بابەتی نەبووەو ئازادیش

نەبووە. دواتر دێت ئەو میتافیزیکا کۆنە دەکاتە چوار بەشی سەرەکی: ئەنتۆلۆژیا، کۆسمۆلۆژیا، سایکۆلۆژیا، لاهوتی سروشتی.

لەبەشی چوارەمدا هێگل وتوویژ لەبارەی هەڵوێستی دووەمی هزر دەکات لەئاست بابەتگەراییدا وەکو ئەوەی لەهەردوو مەزهەبی گەورەی ئەزموونگەرایی و کانتیدا دەردەکەوێت و دێت لایەنە سەرەکییەکانی فەلسەفەی ڕەخنەیی شی دەکاتەوە، عەقڵی ئەپستراکت لەلای کانت، عەقڵی کردارەکی، ڕەخنەگرتن لەبڕیاردان لەلای کانت.

لەبەشی پێنجەمیشدا هێگل دێت هەڵوێستی سێیەمی هزرمان بۆ ڕوون دەکاتەوە لەئاست بابەتگەراییدا وەکو ئەوەی لەنێو مەعریفەی حەدسی یا ڕاستەوخۆدا هەیە. لەبەشی شەشەمدا هێگل دێت چەند پێناسەو دابەشکردنێکی تر بۆ لۆژیك پێشکەش دەکاتو سێ لایەنی لۆژیك دەخاتە ڕوو: لایەنی ئەپستراکت، لایەنی دیالیکتیکی یا لایەنی نێگەتیڤی عەقڵ، لایەنی تیۆری یا لایەنی پۆزەتیڤی عەقڵ.

بڵاوبوونەوەی کتێبی ئینسکلۆپیدیا، هێگلی وەکو فەلسەفەکارێکی گەورە ناساندو کۆمەڵێك لەقوتابیانی لەدەورەی کۆبوونەوەو ئەڵقەیەکی بچووکیان پێکهێنا تاوەکو لەبۆچوون و تیۆرەکانی بکۆڵنەوە، هەروەها بووە هۆی ئەوەی لەناوەوەو لەدەرەوەی ئەڵمانیادا، ئاشنایەتی لەگەڵ ناوەندی ئەکادیمی و هزری پەیدا بکات، ئەوە بوو هزرڤانی فەرەنسی فیکتۆر کۆزان زۆر پێیەوە سەرسام بوو لەساڵی(١٨١٧)دا لەفەرەنساوە چووە ئەلمانیا بۆ ئەوەی هێگل ببینێت، ئەو کاتەش کۆزان مامۆستابوو لەزانکۆی سۆربۆن و بەهاوکاری یەکێك لەقوتابییە ئەڵمانییەکانی





هەوڵیدا لەئینسکلۆپیدیا کەی هێگل بکۆڵێتەوە، ئەگەرچی دواتر کۆزان دانی بەوەدانا کە هەوڵ و کۆششەکانی بۆ تێگەیشتن لەهێگل بەفیڕۆچووە.

(١٠)

لەکانوونی دووەمی ساڵی (١٨١٧)دا وەزیری پەروەردەو خوێندن داوای لەهێگل کرد قبووڵی ئەوە بکات بچێتە بەرلین و ببێتە مامۆستای فەلسەفە. بەم جۆرە خەونە هەرە گەورەکەی هێگل هاتەدی و لەتشرینی یەکەمی ساڵی (١٨١٨)دا دەستی بەوانە گوتنەوە کرد. لەیەکەم وانەبێژیدا لەبەردەم قوتابیانی بەشی فەلسەفەی زانکۆی بەرلیندا هێگل گوتی:" ئازایەتی لەحەق و بڕواهێنان بەتوانای عەقڵ، دوو مەرجی سەرەکین بۆهاتنە ئارای فەلسەفە و سەرهەڵدانی. مادام مرۆڤ لەجەوهەردا ڕۆح یا عەقڵە، ئەوە لەتوانایدایە، بگرە مافی ئەوەی هەیە خۆی وا دابنێت کە شایستەی باڵاترین شتی نێو بوونە، بەڵام مرۆڤ هەرچییەك بکات، ناتوانێت بیرۆکەیەکی ڕاست لەلای خۆی لەبارەی تواناو مەزنێتی عەقڵی خۆی گەڵاڵە بکات. لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر بڕوای بەوەکرد کە عەقڵێکی باڵای هەیە، هیچ شتێك ناتوانێت بەر بەم بڕوایە بگرێت".

ئیتر لەم ڕۆژە بەدواوە تاوەکو لە (١٤)ی تشرینی دووەمی (١٨٣١)دا کە هێگل مرد، هەر سەرقاڵی وانە گوتنەوە بوو لەزانکۆی بەرلین. دەبێت ئەوەش لەیاد نەکەین کە بەچەند مانگێك بەر لەمردنی، هەواڵی خنکانی لۆدڤیگی پێدەگات کە لەدەریادا ژێر ئاو دەبێت. لەم ماوەیەدا وانەبێژی

لەبارەی مێژووی فەلسەفەو فەلسەفەی ئایین و فەلسەفەی مێژوو و ئیستاتیکا دەگوتەوە، هەروەها سەرپەرشتی زۆر لیژنەی وتوێژی زانستی و کاری تاقیکردنەوەکانی دەکرد.

هێگل دوای ئەوەی پێی خۆی لەم زانکۆیەدا قایم کرد، چەندین گۆڕانکاری و چاکسازی بەسەر میتۆدو پرۆگرامی خوێندندا هێناو هەندێك وانەی نوێی گوتەوە کە بەرلەئەو لەم زانکۆیەدا کەسێك نەیدەگوتەوە.

دوا کاری هەرە گەورەی هێگل، کتێبی (فەلسەفەی ماف) بوو کە لە ساڵی (١٨٢١)دا بڵاوکرایەوە. لەم کتێبەدا زیاتر بایەخ بەچالاکی سیاسییانەی تاك دەدات، مادام دەوڵەت ڕوخساری بەرجەستەکراوی بەدیهێنانی هەمەکییەتی بەرجەستەکراوە لەنێو واقیعدا، ئەوە بۆیە هێگل لەم بیرۆکە ئەفلاتوونییە نزیك دەبێتەوە کە دەڵێت دەبێت فەلسەفەکار سەرکردایەتی شار بکات، لای هێگل ئەم بیرۆکەیە بۆئەوەیە تاوەکو گونجان و ئاوێتە بوون لەنێوان ڕۆح و واقیعدا بێتەدی.

لەنێو (فەلسەفەی ماف)دا، هێگل جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە نابێت تاك لەنێو کۆمەڵگادا هەروەکو تاکێکی ئاسایی ژیان بەسەر ببات، بەڵکو دەبێت ئەندامێکی کارابێت لەنێو هەمەکییەتی گشتیدا. لێرەدا دیارە بۆچوونەکەی هیگل کار لەپێناو بەلاوەنانی خولیای تاکگەرایانەی ڕۆمانسییەکانو خولیای تاکگەرایانەی عەقڵی دەکات.

لەم کتێبەدا هیگل باس لەکێشەی ئازادی و پێوەندی بەپێداویستی دەکات، هەروەها قسە لەبارەی یاساو ئەخلاقو خێزانو کۆمەڵگای





مەدەنیو دەوڵەتیش دەکات، لەکۆی هەموو ئەو باسانەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دەوڵەت بەرجەستە بوونێکی ڕاستەقینە و کارایانەی ئایدیای باڵای ئەخلاقییە و تاکە فرمانیشی ئەوەیە یارمەتی مرۆڤ بدات لەدەست حاڵەتی نامۆبوونی خودی دەربازی بکات، ئەو نامۆبوونەی مرۆڤ کەوتۆتە داوی و سانا نییە لێی دەرباز بێت.

دوای مردنی، لایەنگرانی هێگل هەر زوو بەزوو دابەش بوونە سەر دوو لایەن و دوو ڕەوت، ڕەوتێکی ڕاستڕەو کە تا ئەوپەڕ ئیستیغلالی لاهوتی هێگلیان کردو هەوڵیاندا ژیانێکی نوێ بخەنەوە بەر پرۆتستانتییەت. ڕەوتێکی چەپڕەو کە بەناوی هێگلییە لاوەکان ناسراونو ڕۆحێکی شۆڕشگێڕانەیان هەبوو. ناودارترین ئەمانەش فیۆرباخ و مارکس بوون.

ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل

هەولێر ٢٠٠٧/٩/٣٠

# لەبارەی کتێبی ژیانی یەسووعەوە

کتێبی "ژیانی یەسووع" قۆناغێکە لەو ڕێگایەی کە هزری هێگلی لەنێوان سالانی (١٧٩٠ ــ ١٨٠٠) پێیدا تێپەڕیوەو لە سالّی (١٧٩٥) دا نووسیویەتی، کە ئەو کات ڕاستەوخۆ لەژێر کاریگەری کتێبێکی کانت بوو لەبارەی ئایینەوە. دیلتای پێی وایە ئەوە یەکەم کتێبی نووسراوی هێگلیشه. بەهەرحال ئەوە تاکە کتێبی تەواو کراوە لەنێو ئەو کتێبانەی کە دوای مردنی هێگل لەلایەن نۆلەوە چاپ و بلاّوو کۆکراوەتەوە.

لێرە لەنێو ئەو کتێبەدا بایەخەکانی هێگل ڕەوشتێتییە، نەوەکو بایەخێکی مێژوویی بێت. ئەو فرمانەی خۆیشی بۆ تەرخانکردووە، پێشتر لەلایەن کانتەوە دیاریکراوە کە دەتوانین ئەو تاقیکردنەوەیەی بۆ ئەنجام بدەین:

با ئێمە بەشێوەیەکی دابەشکراوو پارچە پارچە و تەنیا تەماشای سرووش بکەین، وەکو ڕێچکەیەکی مێژوویی لەسەر چەمکە ڕەوشتێتیەکان بووەستین بزانین ئەو ڕێگایە بەرەو کوێمان دەبات، ئایا دەمانبات بەرەو ڕێبازێکی ئایینی پەتی.

ئەگەر ئەو تاقیکردنەوەیە سەرکەوتوو بوو، ئەوا دەشێت بگوترێت هاوشێوەیی و گونجانێك لەنێوان عەقلّ و کتێبی پیرۆزدا هەیە. کانت پێی وابوو بڕوای ئایینی پەتی ڕاڤەکردنێکی بالاّتری بڕوای پۆزیتیڤیسمییە. بۆیە هەولێدا لەنێو کتێبی پیرۆزدا ـ ئینجیل ـ مانای گونجاو بدۆزێتەوە





(هاوشێوە بێت لەگەلّ پیرۆزترین ڕێنماییەکانی عەقلّدا). کانت پێی وابوو ئەو هەولّە ئەرکێکەو دەبێت جێبەجێ بکرێت.

هێگلیش کتێبی "ژیانی یەسووع" ی نووسی تاوەکو ئەو ئەرکە جێبەجێ بکات و هەولێدا تێیدا بەشێوەیەکی بەرچاوو دیار ئەوە بخاتە ڕوو: ململانێی نێوان ئایینی پەتی کە بریتییە لە ڕێبازەکەی یەسووع، لەگەلّ ئایینێکی دانراوی بە بەردبوو لەنێو فۆڕمێکی چەقگیرو تووندا، ئایینێك تەواو دەرەکییە کە ئایینی جوولەکەیە. هەروەها بۆ ئەوەی جەخت بکاتە سەر سەروەری ڕەوشتێتی مرۆڤ بەرانبەر بەهەر ناموسێك ـ نامووس لە بنەڕەتدا وشەیەکی یۆنانییە مانای ئەو کەسەیە کە ئاگاداری نهێنییەکانە، هەروەها بەمانای وەحی هاتووە. نامووس بەگشتی ئەم واتایانەشی هەیە: شەریعەت، یاسا، داب و نەریتی چەسپاوی یاسای گەردوون. لەکوردەواریشدا ئەو وشەیە بەمانای شەڕەف و حەیاو ئابڕوو بەکار دێت ـ کە دەویسترێت لە دەرەوەڕا بەسەریدا بسەپێنرێت. ئەوە ئەرك و فرمانی هێگلە لە نووسینی ئەو کتێبەدا.

بەو شێوەیە، ئەگەر بشێت بگووترێت، هێگل یەسووع دەکاتە مرۆڤێکی کانتی بەر لەوەی کانت بوونی هەبێت. ئێمە گوێمان لێیە یەسووعی هێگل وا قسە دەکات وەکو ئەوەی قوتابییەکی کانت بێت، باسی عەقلّ و پێوەری بالاّی بیروباوەڕو مەعریفە دەکات، (ئەو پێوەرەی کە پێوەری خوایەتییە)، باسی ئەو عەقلّە دەکات کە (هیچ دەسەلاّتێك لەسەر زەوی یا ئاسمان، ناتوانێت پێوەرێکی بۆ بدۆزێتەوە تاوەکو بڕیار لەبارەیەوە بدات) مەگەر ئەوە نەبێت کە خۆی دەیبەخشێت، باسی ئەو

عەقڵە ئازادە دەکات کە نامووسی ڕەفتاری ڕەوشتێتی بەسەر مرۆڤدا دەسەپێنێت کە نامووسێکی (پیرۆزە)، نامووسی (ڕزگارکردن کە مرۆڤ ئازادانە دەچێتە ژێر باری). باسی ئەو عەقڵە دەکات کە (ڕەوشتێتی وەکو ئەرکێك دەسەپێنێت)، وەکو تاکە ئەرك و فرمان، باسی ئەو خواپەرستییە دەکات کە لەسەر نامووسی ڕەوشتێتی دامەزراوە.

بەپێی بۆچوونی هێگل، هەر تەنیا لەمیانەی باوەڕ بوون و گوێڕایەڵی عەقڵ، ئاشتی و مەزنێتی ڕاستەقینە بەمرۆڤ دەبەخشێت، چونکە لەنێو ئەو کتێبەشدا لەسەر زاری یەسووع دەڵێت:" لە میانەی بڕوا بوون بەعەقڵ، مرۆڤ چارەنووسی باڵای خۆی بەدەست دێنێت".

باشە لێرەدا پێویست دەکات بڵێین ئەو مەسیحەی لەنێو ئینجیلەکاندایەو قسەکانی خراوەتە ڕوو، هەرگیز ڕۆژێك ئاوا بەو زمانە قسەی نەکردووەو پێناچێت گفتوگۆی کردبێت لەبارەی خزمەتی نوێکەرەوەی عەقڵی جێگیر لەمافەکاندا.

لەنامەیەکدا کە هێگل بۆ شلینگی ناردووەو مێژووی (١٦/٤/١٧٩٥) ی لەسەرە، هێگل سەرسوڕمانی خۆی پیشاندەدات ـ جا ڕاست بێت، یا هەڵە، ئێمە لێرەدا بڕیار نادەین ـ کە زۆر درەنگ ئەوە دۆزراوەتەوە کە چەندە سەربەخۆیی ڕەوشتێتی کەرامەتی بە کەسایەتی مرۆڤ دەبەخشێت. لە دیدی هێگلی لاوەوە، بەهای نەمری فەلسەفەی کردەیی کانت لەو دۆزینەوەیە سەرچاوە دەگرێت و دەڵێت ئەو دۆزینەوەیە ڕۆشنترین هێمای ئەو زەمانەیە کە ئێمە تێیدا دەژین و بەڵگەیە لەسەر ئەو خەرمانەی دەورەی سەری زۆردارو خوایەکانی ئەو جیهانەی داوە ون





دەبن. فەلسەفەکاران هەوڵدەدەن بەڵگە لەسەر ئەو کەرامەتە بەدەست بێنن و گەلانیش فێر دەبن چۆن ئاگاداری بن و هەستی پێبکەن.

مەسیح لە نێو کتێبی "ژیانی یەسووع"دا یەکێك لەو فەیلەسووفانەیەو زۆرجاریش قسە لە بارەی کەرامەتی ڕەوشتێتی مرۆڤی ئازاد دەکات کە لە میانەی عەقڵییەوە مەلەکەی (هەڵێنجانی چەمکی خواوەندێتی دەکات لەخودی خۆی و زانینی ویستی خوا). بۆیە دەبینین وا ئامۆژگاری قوتابییەکانی دەکات:

" ئەی هاوڕێیان پێتان دەڵێم لەو مرۆڤانە مەترسێن کە لە ڕاستیدا هەر تەنیا دەتوانن جەستە بکوژن و لەوەش زیاتر توانایان نییە. بەڵام لەوە بترسن سووکایەتی بە کەرامەتی ڕۆحتان بکرێت، ئەو کاتە لەبەردەم عەقڵ و خواوەنددا وا دەردەکەون وەکو ئەوەی شایانی لەدەستدانی ئەوپەڕی خۆشبەختی بن".

ئەرك و فرمانی مەسیحی هێگل لەسەر زەوی ئەوەیە وا بکات مرۆڤ پاك و بێگەردتر بن و لەنێو ڕۆحیاندا وشیاری کەرامەتیان بەئاگا بێنێتو وا یان لێبکات ئەو نامووسە ناوخۆییە بناسن کە دەبێت ئازادانە ملکەچی بۆ بکەن. ئەو نامووسی بنچینەیی فێر کردنی خۆی بەکورتی و بەهەمان شێوە گوزارشتە بەناوبانگە کانتییەکە دادەڕێژێتەوەو دەڵێت:" بەپێی پرنسیبێکی بنچینەیی ڕەفتار بکەن، بەمەرجێك بتوانن ئارەزوو بکەن بەسەر خۆشتاندا پراکتیك بکرێت وەکو یاسایەکی گشتی بۆ هەموو مرۆڤایەتی".

بەو شێوەیە دەبینین ئەو ئامانج و مەبەستەی هێگلی لاو لەنێو

کتێبی "ژیانی یەسووع" دا بەدوایەوەیە بریتییە لەو ئەزموونەی کە کانت سروشی بەخشیبوو کە پێشتر باسی لێوە کراوە: ئاشکرا کردن و دۆزینەوەی مانایەك لەناو کتێبی پیرۆز کە گونجاو بێت لەگەڵ پیرۆزترین ڕێنماییەکانی عەقڵ.

هێگل لەنێو ئەو کتێبەدا زۆر ئازادانە ڕەفتار دەکات و هیچ حیسابێك بۆ دەقی ئینجیلەکان ناکات و مانایەکی تەواو کانتییانەیان پێدەبەخشێت، بۆیە دەبینین ڕێبازە فێرخوازەکەی یەسووع زۆر بەئاسانی دەگۆڕێت بۆ ڕەوشتێتی کانتی. بەڵام باشە ئەی کانت نەیگوتووە:" لەگەڵ ئەوەی ئەو ڕاڤەکردنە پێدەچێت ناچارانە بێت لەئاست دەقی سرووشدا وەکو ئەوەی زێدەڕۆیی تێدا بێت، ڕەنگە بەڕاستیش زێدەڕۆیی تێدا بێت، بەڵام ئەوەندە بەسە ئەو دەقە بەرگەی بگرێت تاوەکو بتوانین پەسندی بکەین بەسەر هەموو ڕاڤەکردنێکی تری دەقاودەقی بەتاڵ لە سوودی ڕەوشتێتی، یا تەنانەت دژکاریش لەگەڵ پاڵنەرەکانیدا". کانت پێی وابوو چاکسازی ڕەوشتێتی ئامانجی ڕاستەقینەی هەموو ئایینێکی عەقڵییە، ئەوەش هەمان ڕاو بۆچوونی هێگلیش بووە.

بۆیە دەبینین هێگل زۆر بە ئاسانی دێت و هەموو ئەو موعجیزانە بەلاوە دەنێت کە ئینجیلەکان باسی لێوە دەکەن و لەساڵی ١٧٩٥ دا "ژیانی یەسووع" مان بەبێ موعجیزە دەخاتە بەردەست.

دێلتای ئەو کتێبەی لەگەڵ شانۆگەرییەکی کۆن بەراورد کردووە، ئەنتیگۆنا تراژیدیای سۆفۆکلیس، کاتێك ململانێ لەنێوان ناموسە نەمرەکانی سروشت سەرهەڵدەدات کە ئەنتیگۆنا نوێنەرایەتییان دەکات





لەگەڵ ناموسە دەسکردەکاندا.

لە نێو ڕەوشتێتی و ئایین کە مەسیح دایمەزراندوون، خۆشەویستی پاڵنەرێکی بنچینەییە، لێرەدا بەپێی بۆچوونە کانتییەکە پاشکۆی دەنگی ویژدانن، چونکە لەژێر کاریگەری کانتدا، هێگل بەردەوام جەخت دەکاتە سەر توانایی عەقڵی مرۆڤ بۆ سەپاندنی یاسای خۆی بەسەر خۆیدا. هەر بۆیەش پێی وابووە ڕەوشتێتی لەسەر جەوهەری عەقڵ دامەزراوە. بەو شێوەیە ئەو تێڕوانینەی گواستەوە بۆ سەردەمی یەکەمی مەسیحییەت، لەپاڵ ئەو ڕقەی کە خۆی هەیبوو بەرانبەر بە ئایینی دانراو خۆی و بیرو باوەڕو سرووتەکانی.

دیارە کتێبی "ژیانی یەسووع" وەرگێڕانی ئینجیلەکان نییە وەکو ئەوەی لەو دووەم ناونیشانەدا دیارە کە (پەخشخانەی ڕۆك) بۆی داناوە. ئەو قسانەی تازەش خستمانە ڕوو، بەڵگەن لەسەر ئەوە. هەروەها لەنێو (چاپەکەی نۆل) یشدا ئەو پەراوێزە نەنووسراوەتەوە کە هێگل خۆی لەسەر بەرگی کتێبەکە نوسیویەتی بەوەی کە ئەو کتێبە " بریتییە لە گونجاندنی هەموو ئینجیلەکان بەیەکەوە بەپێی وەرگێڕانی تایبەتی خۆم".

بەڵام ئێمە ئێستا چۆن ئەو پەراوێزە لێکبدەینەوە؟ ئایا هێگل ساتێك بڕیاریداوە "ژیانی یەسووع" بنووسێت، نەخشەو پلانێکی هەبووە بۆ ئەوەی دەقی ئینجیلەکان وەربگێڕێت، ئینجا دواتر وازی لەو کارە هێناوە کاتێك بەڕاستی چۆتە نێو نووسینەکەوە؟ ئەوە کارێکە دەشێت ڕاست بێت.

بەڵام زۆرتر پێدەچێت ئەو پەراوێزەی کە جێگای پرسیارە دەبێت بەو شێوەیە لێکبدرێتەوە: دیارە هێگل لەکاتی نووسینی کتێبەکەدا چۆتەوە سەر دەقی یۆنانی کتێبی پیرۆز، چونکە زاراوەی وەرگێڕان زۆرتر ئاماژەیە بۆ ئەو مەسەلەیە. کەچی وشەی گونجاندن ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە دانەری کتێبی "ژیانی یەسووع" هەوڵیداوە گێڕانەوەی هەر چوار ئینجیلەکان ڕەچاو بکات کە بەگشتی لەیەکتری دوورن و لەنێو یەك گێڕانەوەدا کۆیان بکاتەوە.

باشە تا چ ڕادەیەك هێگل هەر چوار ئینجیلەکەی هەڵێنجاوە؟

ئینجیلی لۆقا سەرچاوەی سەرەکی نووسینەکەی هێگلە و پێش هەموویان و زۆرتریش ئەوی بەکارهێناوە. ئەوەش بەڕوونی دەردەکەوێت کاتێك ئەو کتێبە بە ئینجیلی لۆقا بەراورد بکرێت. تەنیا بڕگەی ئەو موعجیزانە نەبێت کە ئینجیلی لۆقا دەیانخاتە ڕوو، ئەگینا تەواوی ئینجیلەکەی لەنێو ئەو ژیانی یەسووعەدا ئامادەیە.

لەوەش زیاتر، هێگل کاتێك چیرۆکی مەسیح دەگێڕێتەوە پارێزگاری لەهەمان بەدوایەکدا هاتنی زەمەنییانە کردووە کە لۆقا خستوویەتییە ڕوو، مەگەر هەندێك جیاوازی زۆر بچووك نەبێت. بۆ نموونە: کتێبی "ژیانی یەسووع" پێش ئەو تەرتیبە زەمەنییە دەکەوێت کە مەتی لەنێو ئینجیلەکەیدا داینـاوەو هەر تەنیا باسی کۆتاییەکانی ژیانی یۆحەننای مەعمەدان دەکات، کەچی هێگل لەسەرەتای کتێبەکەدا بەدرێژی باسی ژیانی یۆحەننای مەعمەدان دەکات وەکو ئەوەی لۆقا لەنێو ئینجیلەکەی خۆیدا کردوویەتی.





ئاماژەکانی هێگل بۆ ئینجیلەکان ڕاستی ئەو بۆچوونەی من دەسەلمێنێت لەبارەی پێوەندی ئەو کتێبە بە ئینجیلی لۆقاوە، چونکە ئەگەر ئێمە ئاماژەکان بکەینە چوار ستوون و هەر یەکێکیان هی ئینجیلێك بێت، ئەوە دەبینین ئەوانەی لە ئینجیلی لۆقا وەرگیراون زۆر زیاترن لە ئینجیلەکانی تر. لەوەش زیاتر، بەهەمان زنجیرەی بەشەکانی ئینجیلی لۆقا بەدوای یەکدا دێن، ئەوەش لەگەڵ ئینجیلەکانی تردا یەکناگرێتەوە. هێگل هەر تەنیا زنجیرەی زەمەنی ئینجیلی لۆقای نەپاراستووە، بەڵکو شێوازی گێڕانەوەی هەندێك ڕووداویش هەر بەشێوازی ئینجیلی لۆقایە.

بۆ نموونە لەباسی ئەو میرەی ویستی خوانێکی گەورە ساز بکات بەبۆنەی ژنهێنانی کوڕەکەی، دەبینین گێڕانەوەی هێگل لەگێڕانەوەکەی لۆقا نزیکترە، لەوەی لە گێڕانەوەی مەتی، ئەگەرچی لێرە ئاماژە بەمەتی دەکات کە دەڵێت:" یەکێکیان داوای لێبووردنی کرد، چونکە زەوییەکی هەیە دەبێت بچێت لێی بڕوانێت، دووەمیشیان گوتی پێنج جووتە گای کڕیوە دەبێت بچێت تاقییان بکاتەوە، سێیەمیش پاساوەکەی ئەوە بوو کە ژنی هێناوە .. تاد.".

ئەو مەسەلانە لۆقا باسیان دەکات، کەچی مەتی هەر بەوەندە دەوەستێت دەڵێت:" .... ڕۆیشتن، یەکەمیان چووە کێڵگەکەی، دووەمیش بۆ کاری بازرگانی .. تاد". هەروەها مەتی ئەوەش دەگێڕێتەوە کە بانگهێشتکراوەکان کۆیلەکانیان کوشتووە، بۆیە میر ناچار بووە سەربازەکانی خۆی بنێرێت بۆ ئەوەی سزایان بدات، ئەو ڕووداوەش نە

لۆقا باسی کردووە، نەهێگل.

بەگشتی، هێگل هانا دەباتە بەر ئینجیلەکانی تر تاوەکو ئەو شتانە باس بکات کە لۆقا باسیانی نەکردووە، یا بڵێین گێڕانەوەکەی وردترو درێژتر بێت لەهەندێك لایەندا. بۆیە هێگل ئینجیلی یۆحەننا بەکاردێنێت تاوەکو گێڕانەوەکەی لۆقای پێ تەواو بکات لەبارەی یۆحەننای مەعمەدان، هەروەها پەنا دەباتە بەر ئینجیلی مەتی تاوەکو ئەو باسە کورتەی پێ تەواو بکات کە لۆقا لەبارەی مردنی یۆحەننای مەعمەدان گێڕاویەتییەوە.

هێگل گێڕانەوەی ئەو دەمەقاڵێیەی یەسووعی لەگەڵ دەسفرۆشەکانی نێو پەرستخانە و وتووێژی لەگەڵ نیقۆدیمۆس و ئافرەتە سامرییەکە لە ئینجیلی یۆحەننا وەرگرتووە، چونکە لۆقا بەوردی باسی ئەو ڕووداوانە ناکات کە لە یەکەم سەردانی یەسووع بۆ ئۆرشەلیم ڕوویانداوە ـ دوای ئەوەی وەکو مامۆستایەك خۆی ناساند.

هەروەها هانای بردۆتە بەر ئینجیلی مەتی، چونکە لۆقا هیچ شتێك لەبارەی ئەو قسانە باس ناکات کە لەنێوان یەسووع و دایکی یۆحەنناو یەعقوب کراون (کە لەدوا سەردانی یەسووع بۆ ئۆرشەلیم کرابوو). باسی ئەو بڕیارەش ناکات کە کۆڕی گەورەی ئۆرشەلیم داویان بۆ دەسگیر کردنی یەسووع. هێگل پەنای بردۆتە بەر ئینجیلی یۆحەننا تاوەکو ئەو شتانە بگێڕێتەوە کە لە بێت عەنیا لەهەمان بۆنەدا ڕوویانداوە. کەواتە لە کۆمەڵێك شوێندا هێگل پەنا دەباتە بەر گێڕانەوەکانی یۆحەنناو مەتی تاوەکو ئەو شوێنانەی پێ پڕ بکاتەوە کە لەنێو گێڕانەوەکانی لۆقادا





بوونیان نییە.

دێلتای ئەو کتێبەی هێگل بەپڕۆژەیەکی هێگل دەبەستێتەوە بۆ دامەزراندنی ئایینێکی میللیانە. کەواتە کتێبی "ژیانی یەسووع" مەبەستێکی پراکتیکی لە دواوەیەو دەتوانین بڵێین هێگل لەو کتێبەدا تەنیا بەدوای ئامانجێکی تیۆریدا چووە. ویستوویەتی ئەزموونێك بکات، ئەو ئەزموونەش کانت لەنێو پێشەکی دووەمی کتێبەکەیدا لەبارەی ئایین باسی لێوە دەکات.

بەهەرحاڵ، ئەوەی لێرەدا گرنگە بخرێتە ڕوو، شوێنگەی ناوازەی ئەو کتێبەیە لەلای هێگل، نەوەکو هەر لەنێو دەفتەرەکانی سەردەمی لاوێتیدا، بەڵکو لەنێو هەموو کتێبەکانیدا. پێدەچێت ئەو کتێبە، تاکە کتێبێك بێت لەکاتی نووسینەوەیدا هێگل بەبێ ئەوەی هیچ کاردانەوەیەکی کەسی خۆی هەبێت، تێیدا ملکەچی کاریگەرییەکانی دامەزرێنەری فەلسەفەی ڕەخنەیی ـ واتا کانت ـ بووە.

دیارە بیرکردنەوەو هزری هێگل لەژێر کاریگەری کانت گەشەی دەکردو خۆی ڕادەهێنا بەو پرسانەی کانت خستوویەتییە ڕوو، ئەوە لە کاتێکدا خۆی لە دژی ڕووگەکانی فەلسەفەی ڕەخنەیی ڕەفتاری دەکرد، دەبینین لەنێو کتێبی "ژیانی یەسووع" دا هێگل وەکو قوتابییەك کە دەقاودەق لاسایی کانت دەکاتەوە.

بەو مانایە بێت، ئەو یەکەم کتێبەی هێگل بەهایەکی زۆری هەیە بۆ ئەو کەسانەی گەرەکیانە لە نزیکەوە لەو قۆناغانە تێبگەن کە هزرو فەلسەفەی هێگلی پێیدا تێپەڕیوە. بەڵام کتێبی "ژیانی یەسووع" یش

وەکو هەموو کتێبەکانی تری ئەو فەلسەفە ئەڵمانییە گەنجە، لەوە زیاتر لەخۆ دەگرێت و هەڵدەگرێت، چونکە سوودی زۆرە بۆ ئەو کەسانەی بایەخ بەمێژوو دەدەن، یا ئەوەی دەشێت ناوبنرێت مێژووی کاریگەرییەکان.

لە کۆتاییدا، کتێبی "ژیانی یەسووع" بەهایەکی تایبەتی هەیە هەموو کەسێك کە کتێبەکە بخوێنێتەوەو دان بەو بەهایەدا دەنێت. کتێبەکانی سەردەمی لاوێتی هێگل مایەی ئەوەیە وەربگێڕدرێن، بەتایبەتیش کتێبی "ڕۆحی مەسیحییەت و چارەنووسەکەی".

د. د. ڕۆسکا





# ژیانی یەسووع

عەقڵی پەتی کە هەموو ئاستێکی تێپەڕاندووە، بریتییە لە خواوەندێتی خۆی، چونکە لە بنەمادا نەخشەی جیهان بەپێی ئەو عەقڵە ڕێکخراوە. هەر ئەویشە مرۆڤ ڕادەهێنێت لەسەر ئەوەی چارەنووس و ئامانجی ڕەهای ژیانی خۆی بزانێت. ڕاستە زۆرجار تاریکی دایپۆشیوە، بەڵام هەرگیز نەیتوانیوە بەتەواوی دایمرکێنێتەوە، بۆیە تەنانەت لەنێو تاریکیشدا تروسکەیەکی لە ناوخۆیدا هەڵگرتووە.

لەنێو جوولەکەکاندا یۆحەننا سەری هەڵداو بانگەشەی مرۆڤی دەکرد بۆ ئەوەی وشیار بن لەو کەرامەتەی کە تایبەت بەخۆیانە و پێویستە لەنێو ناخ و خودی ڕاستەقینەی خۆیان بەدوایدا بگەڕێن، بەبێ ئەوەی پێیان وابێت کە لە دەرەوە هاتووە. ئەوان نابێت لەنێو ڕەسەنی خۆیاندا بەدوای ئەو کەرامەتەدا بگەڕێن، یا بەدوای خۆشبەختیدا غار بدەن، یا لەخزمەتی مرۆڤی پایە بەرز دابن، بەڵکو دەبێت لەگەشە پێدانی ئەو بڵێسە خواییەدا بن کە بەوان بەخشراوەو هەرگیز وەسف ناکرێت، بەوەی کە ئەوان خۆیان لە خواوەندێتییەوە هاتوون و سەریان هەڵداوە.

پێشقەچوونی عەقڵ تاکە سەرچاوەیەکی حەقیقەت و ئارامییە، ئەو سەرچاوەیەی کە هەرگیز یۆحەننا بانگەشەی ئەوەی نەکردووە کە هەر تەنیا هی خۆی بێت، یان وەکو شتێکی دەگمەن دەسگیری کردووە، بەڵکو

هەموو خەڵك دەتوانن لەنێو خودی خۆیاندا بیتەقێننەوەو دەسگیری بکەن.

چاکەی هەرە گەورەی مەسیح ئەوە بوو کە هات پرنسیبە گەندەڵەکانی مرۆڤی چاکردەوەو بەڕەوشتێتی ڕاستەقینەی ناساندن لەگەڵ خواپەرستییەکی ڕۆشنکەرەوە.

یەسووع لە گوندی بێت لەحمی جوولەکان لە دایکبووە، باوك و دایکی ناویان یووسف و مریەم بووە ـ دایك و باوکی پێشتر لە ناصرە بوون لە جەلیل، بەڵام ناچار بوون بچنە بێت لەحم شوێنی لەدایکبوونی یووسفی باوکی بەهۆی ئەو سەرژمێرییەی ئۆگست بڕیاری لەسەردابوو ئەنجام بدرێت. یووسف نەوەی داودە کە بەپێی دابونەریتی جوولەکان زۆر بایەخ بەزنجیرەی نەوەکان دەدەن. کاتێك یەسووع تەمەنی گەیشتە هەشت ساڵ، بەپێی شەریعەتی جوولەکان خەتەنە کرا.

کەس هیچ شتێك لەبارەی گەورەبوون و شێوازی پەروەردە کردنەکەی نازانێت، تەنیا ئەوە دەزانرێت کە هەر زوو نیشانەکانی زیرەکییەکی زۆری لێ دەرکەوت و بایەخی بە پرسە ئایینییەکان دەدا. وەکو نموونەیەکیش لەسەر ئەوە، لێی دەگێڕنەوە کە ڕۆژێك هێشتا تەمەنی تازە ببووە دوازدە ساڵ، لەماڵەوە ون ببوو، بەوەش خێزانەکەی دووچاری خەم و پەژارەیەکی زۆر بوون، بەڵام لەکاتی گەڕان بەدوایدا بینیان لە پەرستخانەی ئۆرشەلیم لەنێو کاهینەکان دانیشتووە کە سەرسام بوون بەمەعریفەو پێگەیشتنی عەقڵی بە بەراورد لەگەڵ تەمەنەکەی.





گرنگترین قۆناغی پێگەیشتن و پەروەردە بوونی، نێوان ئەو ماوەیەی هەرزەکارێتی تاوەکو دەگاتە تەمەنی سی ساڵی، کاتێك وەکو پیاوێکی کامڵ و مامۆستایەك دەرکەوت، ئەو ماوەیە پێویستە زۆر سەرنجمان ڕابکێشێت، چونکە هەر تەنیا ئەو پێدراوانەمان لێی ماوەتەوە:

لەو کاتانەدا یۆحەننای ناسی کە بە یۆحەننای مەعمەدان ناسرابوو، چونکە ڕاهاتبوو ئەو کەسانە پاکاو (تعمید) بکات کە بانگەشەکەی ئەویان قبووڵ کردبوو بۆ ئەوەی ببنە کەسانێکی باشتر.

یۆحەننا هەستی کرد پێویستە لەسەری هاوڵاتیان وشیار بکاتەوە لەبۆ ئامانجی بەرزو باڵاتر لەچێژی سادەو ساکار، بەرەو حەزلێبوونێکی باشتر لەزیندوو کردنەوەی دەوڵەتی جوولەکان بەگەشبوونەوەی جارانی. یۆحەننا لەناوچەیەکی تەنیاو دابڕاو ئەو کارەی دەکرد و پێداویستییەکانیشی زۆر سادە بوون و ژیانێکی سادە دەژیا، جلەکانی لە مووی حوشترو کەمەربەندی لە پێستەبوو، خۆراکیشی کلۆ بوو کە لەو دەوروبەرەدا بۆ خواردن دەشیا، لەگەڵ هەنگوینی کێوی.

شتێك لەبارەی فێرکردنەکەی نازانرێت، هەر ئەوە نەبێت کە خەڵکی هاندەدا شێوازی ژیانی خۆیان بگۆڕن و ئەو گۆڕانەش بەڕێگای کاری چاکەوە بسەلمێنن. بۆیە دەیگووت لە وێناکردنیاندا جووەکان بەهەڵەدا چوون بەوەی کە مادام ئەوان نەوەی ئیبراهیمن، ئەوە لەپێناو ڕازیکردنی خوا چیتر پێویستییان بە لێ فێر بوونی ئەو نییە. یۆحەننا ئەو کەسانەی تەعمید دەکرد کە دەهاتنە لای و تۆبەیان کردبوو لەو وێناکردنانەی کە پێشتر هەیان بووە. کاری تەعمیدکرنەکەی زۆر

ڕەمزییانە بوو زیاتر لە پاککردنەوەی زبل و خاشاك دەچوو، دەسبەرداربوون لە شێوازی ژیانی گەندەڵانە.

یەسووع هاتە لای یۆحەننا تاوەکو لەسەر دەستی ئەو خۆی تەعمید بکات. پێدەچێت یۆحەننا گەیشتبێتە ئەو بڕوایەی مافی ئەوەی نییە قوتابی هەبێت و پابەندی بن، بەڵام بۆی دەرکەوت یەسووع ئەو توانایەی تێدایە کە لە ئاییندەدا کاری گەورەو مەزن ئەنجام بدات، بۆیە شایەدی بۆ دا کە ئەو پێویستی بە پاکاو کردن نییەو ئامۆژگاری خەڵکانی تریشی کرد بچنە لای یەسووع و لێی فێر ببن. دواتریش خۆشحاڵی خۆی پیشاندا کاتێك زانی مەسیح کۆمەڵێك قوتابی دۆزیەوەتەوەو فێریان دەکات و زۆر کەسیشی تەعمید کردووە. (لەڕاستیدا یەسووع خۆی کەسی تەعمید نەدەکرد، بەڵکو هاوڕێکانی ئەو کارەیان دەکرد).

لە کۆتاییدا یۆحەننا بووە قوربانی لەخۆباییە زامدارکراوەکەی ئارەزوویکی هیرۆدۆس میری ئەو ناوچەیەو ئافرەتێك کە هیرۆدۆس پەیوەندی لەگەڵدا هەبوو، چونکە هیرۆدۆس پەیوەندی لەگەڵ هیرۆدیای براژنەکەی خۆی هەبوو، یۆحەنناش ڕەخنەی لەو پەیوەندییە گرتبوو، بۆیە خستیانە نێو زیندانەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هیرۆدۆس نەیوێرا لەناوی ببات و بیکوژێت، چونکە خەڵك وەکو پەیامبەرێك تەماشای یۆحەننایان دەکردو خۆشیان دەویست.

ڕۆژێکیان هیرۆدۆس بەبۆنەی یادی لەدایکبوونی خۆیەوە ئاهەنگێکی گەورەی ساز کردبوو، لەو ئاهەنگەدا کچی هیرۆدیا زۆر جوان سەمای دەکرد، بۆیە هیرۆدۆس پێی سەرسام بوو و سوێندی خوارد داوای هەر





شتێك بکات بۆی جێبەجێ دەکات، تەنانەت ئەگەر داوای نیوەی وڵاتەکەشی لێبکات. دایکی ئەو کچەش کە پێشتر بەهۆی قسەکانی یۆحەننا ئابڕووی چوو بوو و هەستی بەشەرمەزاری دەکردو تا ئەو کاتە تۆڵەی خۆی کپ کردبوو، بۆیە کچەکەی خۆی هاندا تاوەکو داوای کوشتنی یۆحەننا بکات.

لەگەڵ ئەوەشدا هیرۆدۆس نەیتوانی خۆی دڵنیا بکات، یان لەبەردەم خەڵکیدا بەڵێنەکەی خۆی ڕوونتر بکاتەوەو بڵێت ئەو سوێندەی من کوشتن ناگرێتەوە، بۆیە بڕیاریدا سەری یۆحەننا بخەنە سەر سینییەك و پێشکەشی کچەکە بکات، ئەویش پێشکەشی دایکی کرد، دواتریش قوتابییەکانی تەرمەکەیان ناشت.

ئەگەر ئەو بەخششانەی سەردەمی ژیانی یەسووع نەبووایە، ئەوە هیچ سیمایەکی گەشەکردنی ڕۆحیانەی ئەو نەدەچووە قۆناغەکانی دواترەوە.

لەکاتەکانی تێڕامانی لەدەشت و چۆڵیدا، ڕۆژێك پرسیاری ئەوەی لەخۆی کرد کە ئایا ئەو دەیەوێت لە میانەی توێژینەوە لە سروشت و بەهاوکاری لەگەڵ ڕۆحە باڵاکاندا، بگاتە ئاست و توانایەك بتوانێت هەندێك توخمی سادەی سەر زەوی بگۆڕێت و بیاناکاتە توخمی بەسوودو گرنگ بۆ بەکارهێنانی خەڵك ـ وەکو گۆڕینی بەرد بۆ نان ــ یا بەگشتی هەوڵبدات سەربەخۆتر بێت لەئاست سروشت، وەکو ئەوەی خۆی بخاتە خوارەوە (لێرەدا هێگل ئاماژە بۆ ئەو پلانە دەکات کە شەیتان پێشکەشی یەسووعی کردبوو بەوەی بچێتە سەر هەیکلی ئۆرشەلیم و لەوێدا خۆی

فرێبداتە خوارەوە).

بەڵام یەسووع ئەو بیرۆکەیەی قبووڵ نەکردو بەلاوەی نا و ڕەچاوی ئەو سنوورانەی کرد کە سروشت دایناوە بۆ دەسەڵاتی مرۆڤ بەسەریدا، چونکە ئارەزووی مرۆڤ بۆ ئەو جۆرە دەسەڵاتانە بۆتە هۆی دابەزینی ئاستی کەرامەتی مرۆڤ، چونکە مرۆڤ خۆی لەناوە خۆیدا هێزی زۆر گەورەتری هەیە لەسروشت، گەشەپێدان و چاککردنی ئەو هێزەش ئامانجی ڕاستەقینەی ژیانی مرۆڤە.

جارێکی تریش خەیاڵی بەرەو ئەوە چوو ئەوەی مرۆڤایەتی پێی مەزن و شیاوە ببێتە ئامانجی چالاکی مرۆڤ: وەکو ئەوەی ببێتە مامۆستا یا سەرکردەی ملیۆنەها کەس و وا بکات نیوەی جیهان پەیوەستی بڕیارو قسەکانی بن، یا ببینێت کە چۆن هەزارەها کەس پابەندی ویست و خولیای ئەون، یا بەتێرکردنی ئارەزووەکانی خۆی لە نێو چێژی خۆشی و شادیدا بژیت، بەمانایەکی تر هەستەکانی خۆی ڕازی بکات.

بەڵام کاتێك ڕۆچووە نێو ئەو بیرو بۆچوونانە و لەو مەرجانەی کۆڵییەوە کە ڕێگای پێدەدەن بگاتە ئەو حاڵەتانە، تەنانەت ئەگەر هەموو ئەوانەش بۆ خێرو خۆشی و چاکەی مرۆڤ بەکاربێنێت، واتا بچێتە ژێر باری شەهوەتەکانەوە، شەهوەت و ئارەزووەکانی خۆی و خەڵکانی تر و بیر نەکردنەوە لەکەرامەتی مەزنی مرۆڤ و دەسبەرداربوون لەڕێزگرتن لەخود، بەبێ دوودڵی ئەو بیرو بۆچوونانەی بەلاوە نا و بڕیاریدا هەتا هەتایە هەر ئاوا دڵسۆز بێت بۆ ئەو نەخشەی لەنێو دڵیدا ڕۆنراوەو بەهیچ شێوەیەك ناسڕدرێتەوە و دەبێت تا کۆتایی هەر تەنیا ڕێزی ئەو





ناموسەی ڕەوشتێتی بگرێت و ڕێگا نەدات جگە لەو ناموسە، هیچ شتێکی تر کار بکاتە سەر ئەو ویستە پیرۆزەی.

یەسووع لەتەمەنی سی ساڵیدا دەستی پێکردو بە ئاشکرا خەڵکی فێر دەکرد، دیارە سەرەتا ئەو فێر کردنە هەر تەنیا بۆ چەند کەسانێك لە قوتابییەکانی بووە. دواتر هەندێك لە هاوڕێیانیشی هاتنە ڕێزی قوتابییەکانی، هەندێکیان دەیانویست لەسەر دەستی ئەو فێر ببن و هەندێکی تریشیان لەبەر بانگەشەکەی هاتبوون، ئەوانە بەردەوام لەگەڵیدا بوون، دەچووە هەر شوێنێك بەدواوەی بوون و مەسیحیش هەوڵیدەدا لەمیانەی ڕابەرایەتی خۆی و بە فێر کردنەوە ئەو دەروونەیان بۆ چاك بکات کە پڕ بوو لە توندڕەوی و کبریائی نەتەوەیی و ڕۆحێکیان لەلا زیندوو بکاتەوە کە جگە لەچاکەکاری بایەخ بەهیچ شتێکی تر نەدات و پەیوەستی هیچ نەتەوەیەکی تایبەت و دامەزراوەیەك نەبێت.

یەسووع زۆرتر لەناوچەی جەلیل دادەنیشت لە شاری کەفر ناحوم. لەوێوە دەستی بەسەردانەکانی خۆی دەکرد بەرەو ئۆرشەلیم لەکاتی جەژنە گەورەکانی جووەکاندا، بەتایبەتیش لەکاتی جەژنی فەسحی ساڵانەدا.

یەسووع لەیەکەم سەردانیدا بۆ ئۆرشەلیم، سەرنجی خەڵکەکەی بۆلای خۆی ڕاکێشا لەبۆ وانە گوتنەوە، دوای ئەوەی خۆی وەکو مامۆستایەك پیشاندا. چووە نێو پەرستخانەکەو بینی خەڵکی جوولەکەی لەژوورەوە کۆبوونەتەوە و هەموو بایەخ و پرسێکی ژیانیانی خۆیانیان بەلاوەناوەو بەیەکەوە و بەهاوبەشی دەیانەوێت لەپەرستنی

خوا نزیک بکەونەوە، لەوێدا کۆمەڵێك وردە فرۆشیاری بینی ژیانیان بەخوا پەرستییەکەی جووان بەندە، ئەو شتانەیان پێدەفرۆشتن کە جووەکان پێویستیان پێی هەبوو بۆ پێشکەشکردنی قوربانییەکانیان. ئەو فرۆشیارانە فێر ببوون دەهاتنە ناو پەرستخانەکە، چونکە لەکاتی جەژنەکاندا خەڵکێکی زۆری ناوچەکانی جووان دەهاتنە سەردان، یەسووعیش بەو کارە زۆر تووڕە بوو کە بۆتە هۆی ئەوەی بازرگانبازی تێکەڵی خوا پەرستی و عیبادەت بێت، بۆیە دەستیکرد بەدەرکردنی دەستفرۆشەکان لەنێو پەرستخانەکەدا.

یەسووع چاوی کەوت بەزۆر کەس لەوانەی ڕازیبوون ببێتە مامۆستایان و تەواو تێگەیشت جوولەکەکان چەندە دەست بەوەهمە نەتەوەییەکانی ڕەگ چەسپیوی خۆیانەوە دەگرن و چەندە کەمیش درك بەکاروبارە باڵاکان دەکەن، بۆیە هیچ پەیوەندییەکی دۆستایەتی گەرم و گوڕی لەگەڵ نەبەستان و هیواخوازیش نەبوو بتوانێت بڕوایان پێبێنێت، واتا پێی وانەبوو بڕوای ئەوان لەو ئاستەدا بێت ئەو بتوانێت هیواو ئاواتی مەزنی لەسەر بونیاد بنێت. زوو خۆیشی لەو بۆچوونە پووچە دەرباز کرد گوایە مادام خەڵکانێکی زۆر ڕووی تێدەکەن بۆ ئەوەی فێریان بکات مانای وایە شەرافەتمەند دەبێت، هەروەها خۆی لەو کەسانەش پاراست کە لەمیانەی بڕواو متمانەی خەڵکانی ترەوەو بەڕەزامەندی ئەوانەوە دەگەنە بڕواو متمانە. لەبەرئەوەی یەسووع خۆی پێویستی بەڕەزامەندی هیچ دەسەڵاتێك نەبوو بۆ ئەوەی بڕوا بەعەقڵ بکات.

پێدەچێت ئەو وێنەیەی یەسووع لێرەدا دروستیکرد کەمتر کاری





کردبووە سەر مامۆستاکانی گەل و حبرەکان، یا ئەوەتا ئەوانە خۆیان وا پیشاندەدا کە ڕقیان لێیەتی و وەکو کەسێکی ئاست نزم تەماشایان دەکرد. بەڵام یەکێکیان کە ناوی نیقۆدیمۆس بوو هەستیکرد پێویستە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ یەسووع بەرەو پێشتر ببات و لە زاری خۆیەوە لێی فێربێت کە چ شتێك ڕێبازەکەی ئەو لەڕێبازەکانی تر جیا دەکاتەوەو بزانێت ئایا مەسیح کەسێکە شایانی ئەوەیە بایەخی پێبدات. بۆیە لەتاریکی شەودا هاتە لای نەوەکو خەڵك بیبینن و دووچاری گاڵتەو ڕق بێتەوەو گوتی:

"منیش هاتووم بۆ ئەوەی لێت فێر بم. هەموو ئەوانەی من لەبارەی تۆوە بیستوومە دەیسەلمێنن کە تۆ نێردراوی خوای و خواش لەنێو تۆدا نیشتەجێیە و لە ئاسمانەوە هاتوویت".

یەسووعیش وەڵامی دایەوە:

"بەڕاستی هەر ئەوەی سەرچاوەکەی لەئاسمان نەبێت، ئەوەی هێزی خواییانەی تێدا نیشتەجێ نەبێت، هەرگیز دانیشتووی مەلەکووتی خوا نییە". نیقۆدیمۆسیش گوتی:

"بەڵام مرۆڤ چۆن دەتوانێت خولیا سروشتییەکانی خۆی بەلاوە بنێت و خولیای باڵا بەدەست بێنێت؟ دەبێت جارێکی تر بچێتەوە نێو سکی دایکی و بەشێوەیەکی جیاوازتر لەدایك ببێتەوە، وەکو ئەوەی بوونەوەرێکە لە ڕەگەزێکی تر". یەسووعیش وەڵامی دایەوە:

"مرۆڤ، مادامەکی مرۆڤە، هەر تەنیا بوونەوەرێکی شەهوەتباز نییە، خووەکەشی هەر تەنیا لەخولیای چێژدا نییە. چونکە ڕۆحیشی

تێدایە، هەروەها لە بوونەوەری خواییەوە پشکۆیەکی تێدایە. هەر شتێکیش کە بوونەوەرە عاقڵەکان بۆیان دەمێنێتەوەو وەریدەگرن لەبەردەستی مرۆڤدایە. وەکو چۆن گوێت لەدەنگی با دەبیت و لەگڤە گڤەکەی دڵنیا دەبیت، بەڵام لە بەرانبەریدا ناتوانیت هیچ شتێك بکەیتو ناشزانیت لەکوێوە دێت و بەرەو کوێش دەڕوات، ئەوا ئەو هێزە ئازادو جێگیرەی ناوەوەشت بەشێوەیەك کە بەرگەی لێناگیرێت لەنێوتدا ئاشکرا دەبێت. بەڵام ئەوەی کە ئێمە نایزانین چۆن ئەو هێزە پەیوەستە بەهەست و نەستە گۆڕاوەکانی مرۆڤ و بەچ شێوەیەك باڵادەست دەبێت بەسەر هەستەکاندا".

نیقۆدیمۆس دانی بەوە دانا کە ئەو شارەزایی لەو چەمکانە نییە، بۆیە یەسووع پێیگوت:

" لە ئیسرائیل تۆ مامۆستایت، چۆن لەو شتانەی من دەیانڵێم تێناگەیت؟ بەڵام من بڕوام بەو چەمکانە بەجۆرێکە وەك چۆن من دڵنیام لەوەی دەبینم و دەبیستم، بەڵام من چۆن دەتوانم ناچارت بکەم بڕوا بەمن بێنیت، ئەگەر تۆ وشیار نەبیت لە ئاست بڕوای ناوەوەی ڕۆحی خۆت، واتا ئەو دەنگە ئاسمانییە؟ هیچ شتێك بوونی نییە تەنیا ئەو دەنگە نەبێت کە سەرچاوەکەی لە ئاسمانەوەیە و دەتوانێت فێری پێداویستییەکانی عەقڵی باڵات بکات.

بەهەرحاڵ، ئاشتی و مەزنێتی ڕاستەقینەو کەرامەتی مرۆڤ هەر تەنیا لە بڕوا بوون بە گوێڕایەڵی ئەو عەقڵەیە، چونکە خوایەتی، مرۆڤی لەشتەکانی تری سروشت بەوە جیا کردۆتەوە کە لەجەوهەری خۆی





فوێکی تێکردووەو عەقڵی پێبەخشیوە، مرۆڤیش بەبێ بڕوا بوون پێی، ناتوانێت چارەنووسی باڵای خۆی بەدەست بێنێت. عەقڵ ئیدانەی خولیا سروشتییەکان ناکات، بەڵکو بەڕێزەوە ئاراستەیان دەکات.

هەر کەسێك گوێڕایەڵی عەقڵ نەبێت، ئەوا بەخۆی خۆی تاوانبار دەکات، چونکە ئەو ڕۆشناییەی ڕەت کردۆتەوەو لە ناوەوەدا پەرەی پێنەداوە، بەو شێوەیەش بەکارەکانی خۆی شایەدی لەسەر ئەوە دەدات کە لەچ ڕۆحێك لەدایکبووە و خۆی لە ڕووناکی ئەو عەقڵە دەدزێتەوە کە فرمانی ڕەوشتێتی دەدات وەکو ئەرکێك، لەبەرئەوەی کارە خراپەکانی بەرەنگاری ئەو ڕۆشناییە دەبێتەوە کە پڕی دەکات لە شوورەیی و ڕق لێبوونەوە لەخودو پەشیمانی.

بەپێچەوانەوە، ئەوەی بەڕاست و ڕاستگۆیی هەڵس و کەوت بکات بەخۆشحاڵییەوە لەدادگای عەقڵ نزیك دەکەوێتەوە، بەبێ ئەوەی لەو سەرزەنشتانەی بترسێت یا ئەو مەعریفە خودییەی کە پێی دەدات، پێویستی بەوەش نییە کارەکانی خۆی بشارێتەوە، چونکە شایەدە لەسەر ئەو ڕۆحەی دەیژیێنێت، ڕۆحی جیهانی عەقڵی، ڕۆحی خوایەتی".

کاتێك بە یەسووعیان ڕاگەیاند کە ئەو ژمارە زۆرەی خەڵك کە قبووڵیان کردووە فێریان بکات و ببێتە ڕێبەریان وا خەریکە سەرنجی فریسییەکان ڕادەکێشێت، سەرلەنوێ ئۆرشەلیمی بەجێهێشت و ڕووی کردە جەلیل. ڕێگای ڕۆیشتنی بەشاری سامیرەدا تێپەڕ دەبێ. ئەویش قوتابییەکانی خۆی ڕەوانەی ئەو شارە کرد تاوەکو هەندێك خواردن بکڕن، کاتێك کە قوتابییەکانی ڕۆیشتن، لە سەر بیرێك هەڵوەستەی کرد

کە دیار بوو پێشتر بیری یەعقوب بووە کە یەکێکە لە باپیرە گەورەکانی گەلی جوولەکە. لەوێدا ڕێکەوتی ئافرەتێکی سامیرایی کرد و داوای لێکرد هەندێك ئاوی بداتێ تاوەکو بیخواتەوە، ئافرەتەکەش سەری سوڕما چۆن ئەوە کە پیاوێکی جوولەکەیە داوای خواردنەوەی ئاو دەکات لەئافرەتێکی سامرایی، چونکە ئەو دوو گەلە لەنێو ڕق و ئاژاوەیەکی ئایینی و نەتەوەییدا دەژیان کە ببووە ڕێگر لەبەردەم دروستبوونی پەیوەندی لەنێوانیاندا.

یەسووع وەڵامی دایەوە:

"ئەگەر تۆ بنەمای بیروباوەڕی منت بزانیبووایە، هەرگیز بەپێی ئەو بنەما بەربڵاوەی نێوان جوولەکەکان بڕیارت لەسەر من نەدەداو لەنێو خودی خۆشتدا دوو دڵ نەدەبووی لەوەی داوام لێبکەیت، منیش سەرچاوەیەکی تری ئاوی زیندووم لەبەردەمتدا دەکردەوە کە ئەگەر لێی بخۆیتەوە تینوێتیت دەشکێنێت، ئەوە ئەو ئاوەیە کە ڕووبارێکی لێ هەڵدەقوڵێت بەرەو ژیانی ئەبەدییەتت دەبات".

ئافرەتە سامراییەکەش پێگوت:

"دەبینم تۆ پیاوێکی دانایت، منیش زاتی ئەوە دەکەم داوای گرنگترین خاڵی ناکۆکی و جیاوازی نێوان ئایینی ئێمەو ئایینی خۆتم بۆ باس بکەیت. باوو باپیرانی ئێمە عیبادەتی خۆیان لەسەر چیای جرزیم سازکردووە، کەچی ئێوە جەخت دەکەنە سەر ئەوەی ئۆرشەلیم تاکە شوێنە کە تێیدا خوا ڕێزی لێدەگیرێت".

یەسووعیش وەڵامی دایەوە:





"ئەی ئافرەت بڕوام پێبکە، زەمانێك دێت هیچ جۆرە پەرستنێکی تێدا ئەنجام نادەن، نە لەچیای جرزیم و نە لە ئۆرشەلیم. زەمانێك دێت کەس بڕوای بەوە نییە کە خوا پەرستی هەر تەنیا بریتی بێت لەچەند کارێك کە پێشتر دیارکراوە، یا تەنیا دەبێت لە شوێنێکی دیاریکراودا ئەنجام بدرێت. زەمانێك دێت، بگرە ئەو زەمانە ئێستا هاتووە، تێیدا خواپەرستە ڕاستەقینەکان بەڕۆحی ڕاستەقینەی ئایین ڕێز لەباوکەی هەمەکی دەگرن، چونکە وەك ئەو جۆرە خوا پەرستانەی دەوێت کە عەقڵی تاك و باڵا ڕۆحیانی داپۆشتووە: واتا ناموسی ڕەوشتێتی. دەبێت تەنیا لەسەر ئەو ناموسەدا خوا پەرستی دابمەزرێت".

دواتر کاتێك ئەو ئافرەتە چیرۆکی وتووێژەکەی بۆ هاووڵاتیانی گێڕایەوە، زۆر کاریگەر بوو لەسەر ئەو بیرو بۆچوونانەی کە لەبارەی یەسووعەوە هەیانبوو و خەڵکانێکی زۆری سامری بەپیرییەوە هاتن تاوەکو لێی فێر بن و گوێبیستی ڕێنمایی و ئامۆژگارییەکانی بن. لەو کاتەشدا کە یەسووع قسەی بۆ دەکردن، قوتابییەکانی هاتنەوەو خۆراکیان پێشکەشکرد، یەسووعیش وەڵامی دانەوە:

"واز لەوە بێنن، من بیر لەخۆراکی جەستە ناکەمەوە. ئەرکی من ئەوەیە ویستی خوا بەدیبێنم و چاکسازی لەمرۆڤدا بکەم. بیرتان لە خواردن و نزیکبوونەوەی دروێنەیە. جا باش چاوەکانتان بکەنەوەو تەماشای دروێنەی ڕەگەزی مرۆڤایەتی بکەن کە پێگەیشتووە! پەلە بکەن لەچاندنی ئەو تۆیانە لەنێو ئەو کێڵگانەی کە هێشتا نەتان چاندوون! تۆی خێر کە سروشت لەنێو دڵی مرۆڤی داناوە وا خەریکە لەخۆیەوە،

لێرەو لەوێدا، پێدەگات. کاری ئێوەش ئەوەیە بایەخ بەو گوڵانە بدەن و چاوەڕوانی بکەن، دواتر ئەو کارە بکەن کە سروشت دەستی پێکردووەو پەلە بکەن لە پێگەیاندنی تۆیەکان".

یەسووع لەسەر داوای سامیرایییەکان دوو ڕۆژ لەلایان مایەوەو دەرفەتی پێدان لەڕێگای شارەزایی خۆیانەوە لەو کاریگەرییە قووڵە دڵنیا بن کە قسەی ئافرەتەکە لە نێویاندا جێیهێشتووە.

دوای ئەو دوو ڕۆژە چۆوە جەلیل. لەڕێگادا ئامۆژگاری خەڵکی دەکرد شێوازی ژیانی خۆیان بگۆڕن و ببنە خەڵکانێکی چاکەخواز. هەوڵیدەدا لەو نائاگاییە بەئاگایان بێنێتەوەو لەدەست ئەو خەیاڵە نەزۆك و سستانەی کە پێیان وابوو بەو نزیکانە ملهوڕێك سەرهەڵدەدات و جارێکی تر مەزنێتی ئایینی جوولەکە و دەوڵەتەکەیان بۆ دەگێڕێتەوە.

بەردەوام پێی دەگوتن:

"بەدەستی خۆتان خۆتان چاك بکەن و چاوەڕوانی یارمەتی کەسێکی تر مەبن! ئامانجی باڵاتر لەپێش خۆتان دابنێن، نەوەکو سەرلەنوێ هەر وەکو جوولەکە کۆنەکان هەیانبوو! ئێوە چاکەخواز بن! ئەوەیە کە لە مەلەکووتی خوا نزیکتان دەکاتەوە".

بەو شێوەیەو لە هەموو شوێنێك یەسووع خەڵکی فێر دەکرد، لە کەفەرناحومی سەر لێواری دەریاچەی تەبەرییەو لەشوێنە گشتییەکان و لەنێو پەرستگەی جوولەکەکانیش. کاتێك کە لەبارەی کتێبە پیرۆزەکانەوە سەرقاڵی قسەکردن و تووێژ بوو لەگەڵ خەڵکی ناسرە، ئەو گوندەی خۆی لێی لەدایك ببوو، ، لەبارەیەوە گوترا:" ئەرێ ئەوە کوڕەکەی یووسف نییە





کە لێرە لەنێو خۆماندا پێگەیشت و گەورە بووە؟"

بەڕای پێشوەختەی جوولەکەکان، کەسی ڕزگارکەر ــ ماسیا ــ کە چاوەڕوانی دەکەن، دەبێت لە ڕەسەنێکی باڵاو بێگەرد بێت و بەشکۆداری دەربکەوێت، ئەویش هیچ بەرەنگاری پیشان نەداو لە کۆتاییشدا هاوڵاتیان لەو شارە دەریان کرد، ئەویش ئەو پەندەی بیر کەوتەوە کە دەڵێت:

" هیچ پێغەمبەرێك لە وڵاتی خۆیدا ڕێزی لێناگیرێت".

لێرەدا داوای لە پەترۆس و ئەندراوس و یەعقوب و یۆحەننا کرد لەگەڵی بڕۆن، بینی ئەوانیش خەریکی ڕاوە ماسین کە پیشەی خۆیانە، بە پەترۆسی گوت:

"واز لە ماسییان بێنە، من دەتکەمە ڕاوکەری مرۆڤان!".

هێدی هێدی ژمارەی ئەو کەسانە زۆرتر دەبوون کە لەگەڵیدا بوون و خەڵکانێکی زۆری گوندو شارەکانیش دوای کەوتن. لەبەردەم ئەو جەماوەرە زۆرەدا چووە سەر چیاو لەو قۆناغەی ژیانیدا ئەو ئامۆژگارییانەی پێشکەشکرد:

" درووود بۆ خەڵکی بێدەسەڵات و هەژار، مەلەکووتی ئاسمان هەر بۆ ئەوانە".

" درووود بۆ خەمباران، ئەوانە دڵیان دەدرێتەوە".

" درووود بۆ خەڵکی نەرم و نیان، ئەوانە لە ئاشتیدا دەژین".

" درووود بۆ ئەوانەی زۆر حەزیان لە چاکەکارییە، ئامانجەکەیان دێتە دی".

" درووود بۆ ئەو کەسانەی بەزەیین، چونکە ڕەحمیان پێدەکرێت".

" دروود بۆ دڵپاکەکان، ئەوانە لە قدوس نزیك دەکەونەوە".

" دروود بۆ ئەوانەی حەزیان لە ئاشتییە، چونکە بەکوڕی خوا ناو دەبرێن".

" دروود بۆ ئەو کەسانەی لەپێناو چاکەدا دەچەوسێنرێنەوە، ئەوانەی لە پێناویدا جوێن و بوختانیان بۆ هەڵدەبەسترێت".

" بەختەوەر بن و هەلهەلە لێبدەن، ئێوە دانیشتووانی مەلەکووتی ئاسمانن".

" بەڵام لەبارەی ئێوە ئەی هاوڕێیانم، ئەوە دەمەوێت بڵێم: ئێوە خوێی زەوین، بەڵام ئەگەر خوێ تێکچوو و بۆگەنی کرد بەچی خوێدار دەکرێت؟ هێدی هێدی لەنێو مادە ئاساییەکانی تردا ون دەبێت. ئەگەر هێزی خێر لەنێو ئێوەدا مرد، ئەوە مرۆڤ و کارەکانتان لەگەڵ هەموو هەوڵ و کۆششە پڕو پووچەکان و کوێرەوەریدا ون دەبێت.

بیسەلمێنن کە ئێوە ڕۆشنایی جیهانن، با کارە خێرخوازەکانتان ببێتە ڕۆشنایی بۆ مرۆڤ و لە ناوەوەدا گڕی خێریان بوروژێنێت تاوەکو فێر ببن چۆن چاوەکانیان ڕووەو ئامانجی بەرزو باڵا بەرز دەکەنەوە، ڕووەو ئەو باوکەی لە ئاسماندایە!

پێتان وا نەبێت من بەرێکەوت هاتووم مژدەتان بدەمێ بۆ ئەوەی یاسا کۆنەکان پووچ بکەمەوە! نەهاتووم تایبەتمەندێتی ئیلزامی ئەو یاسایانە پووچ و بەتاڵ بکەمەوە، بەڵکو هاتووم تەواویان بکەم و ڕۆح بخەمەوە نێو ئەو پەرستخانە مردووەوە. ڕەنگە زەوی‌و ئاسمان لەناو بچن‌و نەمێنن، بەڵام ئامۆژگارییەکانی نامووسی ڕەوشتێتی لەناو ناچن و





ئەرکی ملکەچی بۆ ئەوانە لەناو ناچێت! هەر کەسێك خۆی یا کەسانی تر لە ئەرکی جێبەجێکردنی ئەو ئامۆژگارییانە بێبەری بکات، مافی ئەوەی نییە هەڵگری ناوی هاوولاتی مەلەکووتی خوا بێت. ئەوەی لەنێو خۆیشیدا تەواوی دەکات و خەڵکیش فێر دەکات ڕێزی بگرن، ئەوا لەنێو مەلەکووتی ئاسماندا خاوەن ڕێزە.

ئەوەی من زیادی دەکەم و دەیخەمە سەر ڕێچکەی یاساکان بەتەواوی، ئەوا مەرجی سەرەکییە: ئێوە تەنیا بەڕەچاوکردنی دەقی یاساکان مەوەستن کە دەشێت بەتەنیا ببێتە مادەی بڕیارەکانی ئادەمیزاد ــ وەکو ئەوەی فەریسی و ڕۆشنبیرانی گەلەکەتان دەیکەن ــ بەڵکو بەپێی ڕۆحی یاساکان هەڵس و کەوت بکەن، ڕێزی ئەرکەکانتان بگرن.

ئێستاش هەر لە نامووسی خۆتانەوە هەندێك نموونەی ئەوەتان بۆ ڕوون دەکەمەوە. یەکێك لە ڕاسپاردە کۆنەکان دەڵێت:" کەس مەکوژن، ئەوەی کەسێك بکوژێت دەبێت لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت".

بەڵام من دەڵێم: مردنی کەسانی تر نییە کە بەرپرسیارێتی تاوان دروست دەکات، ڕاستە ئەوەی بەخراپ ڕەفتار لەگەڵ براکەیدا دەکات، ناشێت هیچ دادگایەکی مرۆڤانە سزای بدات، بەڵام بەپێی ڕۆحی یاساکان، وەکو تاوانبارەکە بەرپرسیارە.

چەندین نەوەیە یاساکان فرمانی پێکردن کە لە هەندێك بۆنەدا قوربانی پێشکەش بکەن. ئەگەر لە قوربانگە نزیك کەوتنەوەو بیرتان کەوتەوە کە خراپەتان بەرانبەر پیاوێك کردووەو ئازارتان داوە، ئەوەی هێناوتانە لەبەردەم قوربانگە دایبنێن و بڕۆنە لای ئەو برایەتان و داوای

لێبکەن دەستی ئاشتبوونەوەتان بۆ درێژ بکات، ئینجا بگەڕێنەوە بۆ پیشکەشکردنی قوربانی، دوای ئەوە ئێوە لەلای خوا قبوولکراو دەبن.

یەکێك لە ڕاسپاردەکانتان دەڵێت:" زینا مەکە". منیش پێتان دەڵێم کە گوناح بەتەنیا لەنێو کردەی جەستەییدا نییە، بەڵکو شەهوەت بەگشتی وا دەردەکەوێت وەکو ئەوەی دڵیشی نەگریس کردبێت. هەرچەندە خولیاکە ئاسایی و خۆشەویستیش بێت، بەڵام ئێوە بەتوندی بەرەنگاری ببنەوەو قێزی لێ بکەنەوە بەر لەوەی واتان لێبکات لە سنووری چاکە دوورتان بخاتەوەو بەرلەوەی بەند بەند پشت بکەنە پرنسیبەکانی خۆتان و ڕێگا بدەن گەندەڵ بێت. وا بکەن ئەگەر ئێوە بەڕازیکردنی خولیاکانتان یەك پیت لە نامووسیش پێشێل نەکەن.

یاسایەکی کۆن هەیە دەڵێت:" سوێندی بەدرۆ مەخۆ". بەگشتی ئەگەر ئێوە ڕێزی خۆتان دەگرن، ئەوە هەر بەڵێنێك ئەگەر بە بەڵێ بێت یا بە نەخێر، دەبێت ڕاستگۆیانەو پیرۆزو تەواو بێت وەکو ئەو سوێندەی بەناوی خواوەوە دەیخۆن، چونکە ئێوە نابێت بڵێن بەڵێ یا نەخێر، تەنیا ئەگەر لەو بڕوایەدا بوون کە دەشێت ببێتە دەستوورێکی هەتا هەتایی کارکردن.

یاسایەکی مەدەنی هەیە دەڵێت:" چاو بەرانبەر بەچاوو ددانیش بەرانبەر بە ددان". بەڵام ئاگادارتان دەکەمەوە کە نابێت ئەو یاسایە بکەنە پێوەرێك بۆ ژیانی تایبەتی خۆتان، ئەگەر مەسەلەکە تایبەت بوو بەجوێندان یا پیشاندانی ڕوویەکی خۆش. گوێ بە ساماندارێتی مەدەن و دەسبەرداری حەزی تۆڵەسەندنەوە بن و بەرژەوەندەی تایبەتی خۆتان





بەلاوە بنێن، تەنانەت ئەوانەش کە بەرژەوەندی ڕەوان، لەپێناو سۆزی پاك و دڵنەرمی و چاکەدا.

بێگومان ئێوە بەسەرتاندا سەپێنراوە هاوڕێ و میللەتی خۆتان خۆشبووێت. لەپاڵ ئەوەشدا ڕێگاتان پێدراوە ڕقتان لە بێگانەو دوژمنانی خۆتان ببێتەوە. منیش پێتان دەڵێم: ڕێزی مرۆڤایەتی بگرن، تەنانەت بە دوژمنەکانیشتانەوە. ئەگەر نەتانتوانی خۆشتان بوێن، بەلایەنی کەم هیوای خێرو چاکەیان بۆ بخوازن، بۆ ئەوانەی نەفرەتتان لێدەکەن، خێر لەگەڵ ئەو کەسانە بکەن کە ڕقیان لێتانە. دوعای خێر بۆ ئەو کەسانە بکەن کە پاشملە باستان دەکەن و هەوڵدەدەن غەمبارتان بکەن.

ئا بەم شێوەیە دەبنە کوڕی ڕاستەقینەی ئەو باوکەی لە ئاسماندایە و هاوشێوەی ئەو دەبن کە چاکەی بێ سنوورە، چونکە ئەو خۆری خۆی بۆ خێرخوازو شەڕخوازان بەیەکەوە هەڵدێنێت و هەر بەیەکیشەوە بارانی خۆی بەسەر هەردوولا دادەبارێنێت. خۆ ئەگەر ئێوە هەر تەنیا ئەو کەسانەتان خۆشویست کە ئێوەیان خۆشدەوێت و چاکەتان تەنیا لەگەڵ ئەوانەی چاکەتان لەگەڵ دەکردن و قەرزێکتاندا بەهیوای ئەوەی قەرزەکە وەکو خۆی وەربگرنەوە، ئەوە کارەکانتان چ بەهایەکی هەیە؟ ئەوانە هەمووی هەستی سروشتین، تەنانەت خراپەکارانیش خۆ لێی بێبەش ناکەن. ئێوەش بەو شێوەیە بێت کەواتە هیچتان بۆ ئەرك نەکردووە، با لەمەودوا پیرۆزی ئامانجی ئێوە بێت وەکو چۆن خواوەندیش پیرۆزکارە.

خێر پێکردن و بەزەیی هاتنەوە دوو کاری چاکەخوازانەن جێگای ڕێزن، بەڵام ئەگەر وەکو ڕاسپاردەکانی پێشوو بەپێی ڕۆحی چاکەخوازانە

پەیڕەو نەکرێن، بەڵکو هەر تەنیا لەپێناو بەدەست هێنانی پلەو پایەیەك لەپێش چاوی خەڵك بێت، ئەوە بێ بەها دەبن. ئەگەر ویستتان خێرو چاکە بکەن، ئەوا نابێت زوڕنای بۆ لێبدرێ وەکو ئەوەی ڕیاکارەکان لەسەر شەقام و سەر مینبەرەکان و لەسەر لاپەڕەی بڵاوکراوەکاندا بڵاوی دەکەنەوە تاوەکو خەڵك ڕێزیان بگرن و بەچاوی مەزن تەماشایان بکەن. بەڵام ئێوە بەنهێنی خێری خۆتان بکەن، بەجۆرێك دەستی چەپەتان بەخێرو چاکەی دەستی ڕاستەتان نەزانێت.

پاداشتەکانتان، ئەگەر ئێوە پێویستیتان بەپاداشت هەیە وەکو هاندەرێك، بریتییە لەهزری دڵنیابوو بەوەی کە ئێوە بەجوانی ڕەفتارتان کردووەو بڕوا بوون بەوەی کە کاریگەری کارەکانتان کە زۆر کەس نازانن کێ ئەنجامیداوە و بریتییە لەکاری بچووکی وەکو یارمەتیدانی ئەو خەڵکانەی نەخۆش و زامدارن، یا ئەو دڵدانەوەیەی کە پێشکەشی کەسێکی لێقەوماوی دەکەن و لەپێناو نەمریشدا بڕوا بێنن بەوەی کاریگەریی کارەکانتان پڕی ئەنجامی بەسوودە.

ئەگەر نوێژیشتان کرد، وەکو کەسانی مەراییکار نوێژ مەکەن کە لەنێو پەرستگاکاندا سوژدە دەبەن، کەچی لەسەر شەقامەکانیشدا دەستەکانی خۆیان دەقوچێنن. یا ئەوانەی بەخوێندنەوەی تەراتیلەکانیان دراوسێیەکانیان بێزار دەکەن تاوەکو خەڵك گوێی لێیان بێت و بیانبینێت، بەڕاستی پێتان دەڵێم نوێژەکانیان بێ سوودو بێ بەرهەمە.

با ئێوە نوێژەکانتان لە چۆڵەوانی و نێو ژووەکاندا بێت، چونکە نوێژ دەبێت بالآبوونی دەروون بێت بەسەر ئامانجە پووچەکانی کە مرۆڤ





دەیخوازن و لەسەرووی شەهوەتەکاندا بێت. پێویستە بەرێگای هزرەوە نوێژ بەرزتان بکاتەوە بەرەو خوای پیرۆز کە یاسا خۆڕسکەی نێو دڵتان بیر دەخاتەوەو واتان لێدەکات ڕێزی ئەو یاسایانە بگرن، بەجۆرێك خولیا جیاوازەکانیش کارتان لێ نەکەن.

جەوهەری نوێژەکانتان بەقسەو وشەو ڕستەی زۆر دامەڕێژن وەکو ئەوەی ئەو کەسانە دەیکەن کە خۆیان داوەتە دەست خورافات و پێیان وایە قسەی زۆر لەلای خوا پلەو پایەیان بۆ دێنێت، یا کار دەکاتە سەر حیکمەتی ئەزەلی ئەو خوایە. خۆتان بەوانە مەشوبهێنن! باوکەتان دەزانێت ئێوە پێویستیتان بەچی هەیە بەرلەوەی داوای لێ بکەن. ناکرێت پێداویستییە سروشتییەکان و ئارەزووەکان کە خولیاکانتان دەیوروژێنن، ببنە بابەتی نوێژەکانتان. باشە ئێوە چۆن دەتوانن بزانن ڕازیکردنی ئەو خولیایانە بەشێکە لەو نەخشە ڕەوشتێتییەی کە خوای پیرۆز بۆتانی داناوە؟

ئەگەر نوێژتان کرد، با هزری خوا بتانجووڵێنێت تاوەکو لەبەردەم ئەودا جەخت لەسەر ئەوە بکەنەوە کە ئێوە ژیانی خۆتان بۆ چاکەکاری تەرخان کردووە. ڕەنگە بکرێت ڕۆحی نوێژ بەو شانەی خوارەوە دەستنیشان بکرێت:

ئەی باوکەی ئادەمیزادان کە هەموو ئاسمانەکانی لەژێر دەستدایە، هەر تۆ تاك و تەنیاو زێدە پیرۆزیت، دەبا هەر وێنەی تۆ لەنێو ڕۆحمان جێگیر بێت، تاوەکو هەوڵبدەین لێی نزیك ببینەوە! با ئەو ڕۆژە مەلەکووتی تۆ بێت کە هەموو ئەو کەسانەی خۆیان بەخاوەنی عەقڵ

دەزانن کە تەنیا یاسای ئایینی تۆیان کردۆتە بنچینەی کارەکانی خۆیان!

بەو بیرۆکەیەوە هێدی هێدی هەموو خولیاو هاوارەکانی سروشت ملکەچ دەبێت! ئێمە چۆن دەتوانین خۆمان وەکو دادوەری توونـدو دڵڕەق پیشان بدەین کە حەز بکەین تۆڵە لە براکانی خۆمان بکەینەوە لە ئاست ویستی پیرۆزی تۆدا ئێمەش خۆمان هەست بەو کەمو کورییەی خۆمان دەکەین؟ دەمانەوێت تەنیا کار لەسەر خۆمان بکەین تاوەکو بتوانین دڵەکانمان باشتر بکەین و پاڵنەری کارەکانیشمان ڕەواتر بێت و هێدی هێدی هەست و سۆزەکانمان پاك بکەینەوە تاوەکو زیاترو زیاتر لەتۆ بچین، تۆی تاك و تەنیاو خاوەنی پیرۆزیی و مەزنێتی بێکۆتایی.

ئێوە پێوەرێکتان هەیە بۆ پێوانی کاملبوونی ڕەوشتێتی خۆتان، ئەویش بریتییە لە ئاستی پێشکەوتنتان لە خۆشەویستی برایانە و هەنگاونان بەرەو لێبووردەیی. لەسەر زەوی ئەو هەموو سامانە کۆ مەکەنەوە کە نەتوانن بڵێن ئەوە سامانی تایبەتی خۆمانە. زێڕو زیوو حوشتر، ئەو شتانەن کە دووچاری تێکچوون و شێواندن و گۆڕانی بارودۆخ دێن، یا ژەنگ هەڵدێنن و مێروو لەناویان دەبەن و یا دەکەونە بەر مەترسی دزین. با دەروونتان چەشنی ئەو سامانانە پڕ نەبێت.

لەنێو دڵی خۆتاندا سامانێك کۆبکەنەوە کە هەرگیز لەناو نەچێت، واتا بەڕەوشت بەرزییەکی تێرو تەسەل بێت، ئەوە تاکە سامانە کە ئێوە بەهەموو مانای وشەکە دەتوانن بڵێن ئەوە تایبەتی خۆمانە، چونکە بەشێکە لەخودی خۆتان و هیچ شتێك توانای ئەوی نییە، نەپێداویستییە سروشتییەکان و نە ویستی خراپەخوازانەی مرۆڤ و نەمردنیش!





وەکو چۆن چاوی ساغ و سەلامەت چرایە بۆ جەستەو لەهەموو جووڵەیەکیدا ئاراستەی دەکات، ئەگەر شتێکی لێبێت، ئەوا جەستە کارامەیی خۆی ون دەکات و هیچی پێناکرێت، ئاواش کاتێك ڕۆشنایی دەروون دادەمرکێت، واتا عەقڵ، چۆن مەیل و خولیاکان دەتوانن ڕێگاو ئاراستەی ڕاستی خۆیان بدۆزنەوە؟

وەکو چۆن کەسێك ناتوانێت لەیەك کاتدا بەهەمان سەرگەرمی خزمەتی دوو کەس بکات، ئاواش خزمەتکردنی خواو عەقڵ لەگەڵ خزمەتکردنی هەستەکان ناگونجێت، چونکە هەر یەکەیان دژی ئەویدیە، یا وەرچەرخانێکی ترسناك و پەککەوتە لەنێوان هەردووکیان پەیدا دەبێت. بۆیە ئەو ئامۆژگاریەتان پێشکەش دەکەم:

"خۆتان لەو پێداویستییە بەردەوامانە دەرباز کەن کە پەیوەستن بە خواردن و خواردنەوەو جلوبەرگ، ئەو پێداویستییانەی کە جێگای بایەخی هەموو هەوڵ و کۆششێکی مرۆڤانەیە و بەهۆی ئەو بایەخەی کە خەڵك پێی دەدەن، وا پێدەچێت وەکو ئەوەی چارەنووسی ئەوان دیار بکات، یا ئەو شتانە دوا ئامانجی ژیانیان بێت.

باشە لەنێو دەروونی مرۆڤایەتیدا شتێك نییە لەخواردن و جلو بالاترو گرنگتر بێت بەرگ؟ کەواتە تەماشای باڵندەکانی ئاسمان بکەن! ئەوانە لەهەموو پێداویستییەك ئازادن، نە دەچێنن و نە دەدروونەوەو نە خەمباریش دەبن، ئەوە باوکەی سروشت خۆراکیان بۆ دابین دەکات. باشە ئەی ئامانجی ئێوە لە ئامانجی ئەوان بەرزو بالاتر نییە؟ ئایا سروشت ناچاری کردوون هەموو ئەو هێزە بێ سنوورانەی خۆتان بەکار بێنن

تەنیا لەپێناو تێرکردنی پێداویستییەکانی گەدەتان؟ ئێوە هەوڵێکی زۆر گەورە دەدەن بۆ ڕازاندنەوەو جوانکردنی ئەو دەمو چاوەی کە سروشت پێتانی بەخشیوە. باشە لەخۆ باییتان دەتوانێت یەك پەنجە بەژنی خۆتان درێژتر بکات؟ هەرچەندەی هەوڵ و کۆششی زۆریش دەدەن لەو پێناوەدا. یا تەماشای گوڵی نێو باخەکان بکەن کە ئەمڕۆ چەندە بەجوانی پشکوتوون، کەچی بەیانی دەبێتە ئالیکی ئاژەڵان. سلێمان بەهەموو گەشانەوەی خۆی توانی لاسایی جوانی ئازادانەی سروشت بکات؟ هەندێك ئەو پێداویستییە هیچ و پووچانە وەك جلوبەرگ و خۆراك لەخۆتان دوور خەنەوە! با ئامانجی باڵای هێزەکانت مەلەکووتی خواو ڕەوشتێتی بێت، هەر تەنیا بەوە شیاوی ئەوە دەبن ببنە دانیشتووی ئەو مەلەکووتە، ئەوەی دەشمێنێتەوە پێتان دەبەخشێت.

لە بڕیارەکانتاندا لەبارەی کەسانی تر تووندو تیژ مەبن، چونکە هەر بەو پێوەرە بۆتان پێورێت کە خۆتان پێی دەپێون و دەشێت هەموو جارێکیش لە بەرژەوەندی ئێوەدا نەبێت. بۆچی بەچاوی ڕازیبوونەوە تەماشای پوشکەیەکی بچووکی چاوی خەڵك دەکەن، کەچی ئەو دارەی نێو چاوەکانی خۆتان نابینن؟ بۆچی بە کەسانی تر دەڵێن:

هاوڕێ بوەستە با جارێ ئەو پوشکەی ناو چاوت دەربێنم! هەی ڕیاکار، جارێ دارەکەی نێو چاوی خۆت دەربێنە، پاشان ئاوڕ لە پوشکەکە بدەوە!

پێش ئەوەی کار بۆ چاککردنی خەڵك بکەیت، کار بۆ چاککردنی خۆت بکە! کوێر چۆن دەتوانێت کوێرێکی تر بەڕێگادا ببات؟ باشە ئەی





هەردووکیان ناکەونە نێو چاڵەوە؟ باشە مامۆستایەك ئەگەر خۆی زیرەك نەبێت، چۆن دەتوانێت قوتابییەکەی وا لێبکات زیرەك بێت؟ ئەگەر دەتانەوێت خەڵکانی تر بکەنە خێرخواز، ئەوە بەشێوەیەکی سەرلێ شێواوانەو بەبێ جیاکاری ڕوو مەکەنە هەموو کەسێك. ئەو شتانە مەخەنە بەردەمی سەگان کە پیرۆزن (ئەنگوستیلە)، مرواری خۆشتان مەخەنە بەردەم بەرازان، چونکە هەر بەوەندە دەوەستن بەسەری بکەون و دواتر ئێوەش فڕێدەدەنە سەر زەوی.

لە خەڵك نزیك ببنەوەو داوایان لێبکەن، ئەوانیش زۆرجار پێتان دەدەن. لەبەرەیەك بگەڕێن کە لێیەوە دەتوانن لێیان نزیك بکەونەوە، ئەگەر دۆزیتانەوە، بەنەرمی لەدەرگا بدەن و دەروازەش دەدۆزنەوە.

بەپێی ئەو پرنسیبە بجوولێنەوە کە دەڵێت: وا بۆ خەڵك بکەن وەکو ئەوەی چۆن دەتانەوێت ئەوان بۆتانی بکەن، هیوادار بن ئەو بنەمایە وەکو پرنسیبێك لەسەر هەموو مرۆڤایەتیدا پراکتیك بکرێت وەکو ئەوەی لەسەر ئێوەش پراکتیك دەکرێت. ئەوە لەلای هەموو گەلان بنەمای سەرەکی ڕەوشتەو ناوەڕۆکی هەموو یاساو کتێبە پیرۆزەکانە.

لەو دەرگایەی مافەوە بڕۆنە نێو پەرستخانەی چاکەخوازی! بێگومان ئەو دەرگایە تەسکەو ئەو ڕێگایەش کە ڕووەو ئەوێ دەڕوات پڕ مەترسییە، ئەوانەشی کە هاوڕێگاتانن زۆر کەمە.

ماڵی شەڕو لەناوچوون دەرگای گەورەو فراوانە و ڕێگاکەشی ڕاستەڕێیە، زۆریشن ئەوانەی حەز دەکەن بچنە ناویەوە. لەسەر ڕێگای خۆتان وریای مامۆستا درۆزنەکان بن، چونکە ئەوان بەڕوخساری کاوڕ

خۆیان پیشاندەدەن و لە ناوەوەش شەهوەتێکی لەناوبەری گورگانەیان هەیە. ئێوەش نیشانەیەکی ڕاستەقینەتان لەبەردەستدایە بۆ ناسینەوەی دووڕووییان: بەپێی کارەکانیان بڕیاریان لەسەر بدەن! چونکە لەدڕکەوە ترێ و لە تووتڕکەوەش هەنجیر بەرهەم نایەت! هەموو درەختێکی باش بەری باش دەگرێت و درەختی خراپیش بەری خراپ، درەختی باش بەری خراپ ناگرێت، هەروەها درەختی خراپیش بەری باش ناگرێت، هیچ درەختێکی خراپ بەری باش ناگرێت.

کەواتە لەبەروو بوومەکانیان دەیانناسنەوە. لە دەوڵەمەندی و لەدڵی خێرخوازەوە خێر هەڵدەقووڵێت، لەدڵی خراپ و شەڕانگێزیشەوە شەڕو ئاشووب. ڕێگا مەدەن وشەی تەقی و دڵسۆزی سەرنجتان ڕابکێشێت. مەرج نییە هەموو ئەوانەی لە خوا دەپاڕێنەوەو بۆ خوا نوێژ دەکەن و خێری بۆ دەکەن، ئەندامی مەلەکووتی خوایی بن، بەڵکو ئەو کەسانە ئەندامی ئەو مەلەکووتەن کە بەویست و ئارەزووی ئەو دەجووڵێنەوەو مرۆڤیش لەسایەی نامووسی عەقڵەوە پێی دەگات.

زۆرن ئەوانەی لە ڕۆژی کۆتاییدا لەبەردەم دادوەری جیهاندا دەوەستن و دەڵێن: خوایە، خوایە، باشە ئەی ئێمە نەبووین لەمیانەی ناوی تۆدا موعجیزەمان دروستکردو ڕۆحە شەڕانگێزەکانمان دەرکردو کاری مەزنمان ئەنجام دا؟ باشە ئێمە لەسایەی ئەو کارانەوە ناوی تۆمان شکۆدار نەکردو سوپاسی تۆمان نەکرد وەکو ئەوەی کاری تایبەتی خۆت بێت؟

ئەو کاتیش خوا بەو شێوەیە وەڵامیان دەداتەوە: باشە بایەخ و





گرنگی موعجیزەو کارە مەزنەکانی ئێوە لەچیدایە! ئایا ئەوە مەسەلەیەکە پەیوەستە بەوە؟ خوا دان بەوە دانانێت کە ئێوە بەشێکی تایبەتی ئەون، ئێوە دانیشتووانی مەلەکووتی ئەو نین. ئێوە دروستکەری موعجیزەو پەیامبەرو ئافرێدەکاری مەزنەکانن. ئێوە شەڕخوازی دروست دەکەن، ڕەوشتێتیش تاکە پێوەرە کە لەلای خوا قبوولکراو بێت.

ئەو کەسەی گوێبیستی ئەو نموونەیە دەبێت و پێڕەوی دەکات وەکو ئەو پیاوە وایە کە خانووەکەی خۆی لەسەر بەردان دروست کردووە، کاتێك گەردەلوول هەڵیکردو هاشو هوشی ئاوی ڕووبارو دۆڵەکان بەسەریدا ڕژاو ڕەشەبا ڕوویکردە ئەو ماڵە، خانووەکە نەڕووخا، چونکە بنچینەکەی لە بەردە. ئەو کەسانەی کە گوێبیستی ئەو ڕێنماییانەش دەبن و کاری پێناکەن، وەکو نموونەی ئەو پیاوە نەزانە وایە کە خانووەکەی لەسەر لم دروست بکات، هەر کاتێك باو بۆران هات و ڕووی تێکرد، دەیڕوخێنێت، ئەو ڕووخاندنەش زۆر گەورەیە، چونکە بنچینەکەی لاوازە".

ئەو قسانە کاریگەری زۆری کردە سەر بیسەرانی یەسووع، چونکە ئەو بەهێزو بەدەنگێکی گەورە قسەی بۆ کردن و بابەتی قسەکانیشی گەلێك جێگای سەرنجی مرۆڤایەتی بوو.

لەو ڕۆژە بەدواوە ژمارەی ئەو کەسانە زۆرتر بوو کە دەهاتن بۆ ئەوەی گوێبیستی ڕێنماییەکانی یەسووع بن. هاوتا لەگەڵ ئەوەشدا، سەرنجی فەریسی و حبرەکانی جوولەکەکانیش زیاتر ببوو. بۆیە زۆرجار یەسووع ڕووی دەکردە دەشت و چۆڵایی و لەدەست فەریسی و کاهینەکان

ڕای دەکرد کە بە هات و هاوار بە دوای دەکەوتن.

لە کاتی جێنشینبوونی لەناوچەی جەلیل، ڕۆژێك بە بەردەم خانەی باجستاندن دا تێپەڕی و لەوێدا کەسێکی بینی پلەی عەشاری هەبوو ناوی مەتی بوو، یەسووع داوای لێکرد بەدوای بکەوێت و ببێتە هاوڕێی، ئەویش ئەو داوایەی قبوولکردو دواتریش پەیوەندییەکەیان زۆر توندو تۆڵ بوو، مەتی داوای لێکرد بێتە سەر خوانەکەی دابنیشێت و زۆربەی دانیشتووانی خوانەکەشی کەسانێکی فەرمانبەری وەکو خۆی بوون. (عەشار ـ دەسێن واتا ئەو کەسەی کە دەیەك دەستێنی، چونکە عەشار باجگرەو باج ئەستێنە).

ئەو کاتەش زاراوەی عەشار ـ دەسێن، لەلای جوولەکەکان بەهاوواتای (گوناحکار) بەکار دەهات، بۆیە فەریسییەکان بەسەر سوورمانەوە بەهاوڕێیانی یەسووعیان ڕاگەیاند چۆن ئەو خۆی تێکەڵ بە دەسێنەکان دەکات.

یەسووع کاتێك گوێی لێبوو ئەوان ئەو قسەیان کرد، پێیانی گوت:

"خەڵکی ساغ و سەلامەت پێویستییان بە پزیشك نییە، تەنیا خەڵکی نەخۆش پێویستییان بەپزیشکە. ئێوەش لەگەڵ منن لەمانای ئەو قسەیە ڕابمێنن کە لەنێو یەکێك لە کتێبە پیرۆزەکانتاندا باسکراوە دەڵێت: قوربانی لەلای من قبووڵ نییە، بەڵکو ڕاستەڕێی قبووڵە".

هەندێك لە قوتابییەکانی یۆحەنای مەعمەدانیش وەکو فەریسییەکان سەریان سوڕما بوو، چونکە ئەوان زۆر بەڕۆژوو دەبوون، بەپێچەوانەی هاوڕێیانی یەسووع کە بەڕۆژوو نەدەبوون. یەسووعیش





بەو شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانیانی دایەوە:

"چ هۆکارێکی ڕاستەقینە هەیە بۆ ئەوەی خەمبار بن؟ ڕۆژگارێك دێت مامۆستاکەیان بۆ ئاسمان بەرز دەکرێتەوە وەکو چۆن مامۆستایەکەتان بەرز کرایەوە، ئەو کاتە دەتوانن بەڕۆژوو بن! بەهەرحاڵ، بۆچی دەتانەوێت زەحمەتی زیاتر بخەمە سەر ژیانیان؟ ئەو کارە ناگونجێت لەگەڵ ئەو دابونەریتەیان کە تا ئێستا پێوەی بەڕێوە چوون، هەروەها لەگەڵ بنەماکانی منیش ناگونجێت کە هیچ بایەخ بەزەحمەتی و ناخۆشی دەرەکی نادەم و ڕێگام پێنادات شتێك بەسەر خەڵکدا بسەپێنم وەکو ڕەچاوکردنێکی دەقەکانی پەیڕەوکردن".

کاتێك جەژنی فەسح نزیك بۆوە، یەسووع جارێکی تر چۆوە ئۆرشەلیم، لەکاتی دانیشتنی لەوێدا جوولەکەکان زۆر لێی بیزارو تووڕە بوون، چونکە لەڕۆژی شەممەدا یارمەتی یەکێك لە نەخۆشەکانی دا. جوولەکەکانیش بەو کارەی زۆر تووڕە بوون و پێیان وابوو ئەو ڕۆژەی ناپاك کردووە و بەڵگەیەکە کە ئەو ڕاسپاردەیەی خوای بەجێ نەگەیاندووە کە ڕاسپاردەیەکی مولزەمەو خۆی داوەتە بەر کارێك کە تەنیا کاری خوایەو بۆی نییە ئەنجامی بدات، بەوەش پیشانیداوە کە دەسەڵاتی ئەو هاوشانی دەسەڵاتی خوایە.

یەسووعیش بەو شێوەیە وەڵامی دانەوە:

"ئەگەر ئێوە پێتان وایە تێکڕای یاساکانی کلێساو ڕاسپاردە دانراوەکانتان نامووسێکی باڵایەو بە مرۆڤ دراوە، ئەوا ئێوە بەو کارەتان ئینکاری لە کەرامەتی مرۆڤ و تواناکەی دەکەن لە هەڵێنجانی چەمکی

خوایەتی لەخودی خۆی و ناسینی ویستی خوا. ئەوەی ڕێزی ئەو توانایە نەگرێت کە لە ناوەوەی مرۆڤدایە، خواش شکۆدار ناکات. ئەوەی مرۆڤ دەتوانێت ناوی بنێت (مـن) ئەوەیە کە لە میانەیدا بەسەر گۆڕو گەندەڵیدا بەرز دەبێتەوە، هەر کەسێکیش کە خۆی بەشایانی ئەوە دەزانێت پاداشتێك وەربگرێت، ئەوە هەر تەنیا خۆی لە دادگاییکردنی خۆی بەرپرسیارە. ئەو منە باڵا دەبێت وەکو ئەو عەقڵەی کە یاساکانی لەبەردەم هیچ شتێکدا ناوەستن و هیچ دەسەڵاتێکیش لەسەر زەوی یا ئاسمان ناتوانێت پێوەرێك بدۆزێتەوە بۆ بڕیاردان لەسەری. ئەو فێرکردنەم، ڕایناگەیەنم کە بیرۆکەی خۆمە و بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە من هەمە هیچ مرۆڤێکیش ناچار ناکەم قبووڵی بکات، چونکە من بەدوای شکۆدارکردنی خۆمدا ناگەڕێم. من فێرکردنی خۆم دەخەمە ژێر ڕەخنەی عەقڵی هەمەکی، هەر ئەویشە وا لەهەموو کەسێك دەکات بڕوای پێبێنن یا پێی نەهێنن.

بەڵام باشە ئەگەر ئێوە گوێ بۆ دەنگی خوایەتی ڕانەدێرن! چۆن دەتوانن عەقڵ وەکو باڵاترین پێوەری مەعریفەو بڕوا وەربگرن، ئێوە لە دڵی خۆتان هیچ ڕۆژێك گوێتان بۆ ئەو دەنگدانەوەیە شل نەکردووەو گوێتان بەوە نەداوە کە ئەو دەنگە دەردەکات. ئێوە پێتان وایە ناسینی ویستی خوا هەر تەنیا بۆ ئێوە تەرخانکراوە، بۆیە ئەو جیاکارییەی خۆتان وا لێدەکەن ئێوە بچنە سەرووی مرۆڤەوە و دەیکەنە بابەتێك بۆ چاوچنۆکی خۆتان. ئێوە لە مووسا دەپاڕێنەوە، بەردەوام لەمووسا دەپاڕێنەوەو بڕوای خۆتان لەسەر بنەمای دەسەڵاتێکی نامۆی تەنیا تاکە





پیاوێك دادەمەزرێنن. بەڵێ!

بڕۆن بەوردی کتێبە پیرۆزەکانی خۆتان بخوێننەوە، بەڵام بەمەرجێك لەگەڵ خۆتاندا ڕۆحی حەقیقەت و چاکەخوازی هەڵبگرن. ئەو کاتە تێیدا شایەدی لەسەر ئەو ڕۆحە دەبینن، لەهەمان کاتیشدا گلەیی و ناڕەزایی لەسەر خۆشتان بەدی دەکەن: واتا کبریای خۆشبەختانەی ئێوە لەو ئاسۆیە سنووردارەی خۆیدا، ڕێگاتان پێنادات چاوتان هەڵبڕن و ئەو شتانە ببینن کە لەسەرووی زانستی ئێوەیە کە زانستێکی بێ گیانە، هەروەها ئەوا لە سەرووی مومارەسەی میکانیکی ئێوەیە".

هەندێك هۆ دێنە پێشەوەو دەبنە دەرفەت بۆ ئەوەی فەریسییەکان جارێکی تر یەسووع و قوتابییەکانی تۆمەتبار بکەنەوە بەوەی کە ئەوان پیرۆزیی ڕۆژی شەممە ناپاك دەکەن. ڕۆژێك لەگەڵ هەندێك لەهاوڕێکانی لەنێو بێستانێکدا پیاسەیان دەکردو هەستیان بە برسێتی کرد و دەستیانکرد لەبەروو بوومی ئەو بێستانەیان خوارد کە پێدەچێت فاصۆلیای خۆرهەڵاتی بووبێت و دنکە فەریکەکەیان دەجووی ـ ئەوەش تاکە کارە کە ڕێگا پێدراوە ـ فەریسییەکانیش ئەوەیان بینی و سەرنجی یەسووعیان بۆ ئەوە ڕاکێشا کە ئەو کارەی قوتابییەکانی دەیکەن لەڕۆژی شەممەدا قەدەغەیە، بەڵام مەسیح بەو شێوەیە وەڵامی دانەوە:

"ئەدی لەنێو مێژووی گەلی خۆتاندا بیرتان نییە، کاتێك داود برسی بوو، هەستا نانی تایبەتی پەرستخانەی خواردو بەسەر هاوڕێیانی خۆی دابەشی کرد؟ باشە ئەی خودی حبرەکان لەڕۆژی شەممەدا هەندێك کاری

ڕۆژەکانی تریان تەواو ناکەن؟ ئایا ئەوە پەرستخانەکەیە کە ئەو کارانە پیرۆز دەکات؟ بەڵام من پێتان دەڵێم مرۆڤ لە پەرستخانە مەزنترە. مرۆڤ، نەوەکو شوێنی دیاریکراو، کارەکان پیرۆزو ناپاك دەکات. ڕۆژی شەممە لەپێناو مرۆڤ دانراوە، نەوەکو مرۆڤ لەپێناو ڕۆژی شەممە دانرابێت، چونکە مرۆڤ خۆی سەروەری ڕۆژی شەممەیە. ئەگەر بیرتان لەو قسانە کردبێتەوە کە پێشتر بەهەندێك لە ئێوەم گوت: خوا داوای خۆشەویستی دەکات، نەوەکو قوربانی. بۆ وا تووند ئەو خەڵکە بێتاوانەتان سەرزەنشت کرد".

لە شەممەیەکی تردا یەسووع چووە نێو پەرستخانە، بینی پیاوێك لەوێیەو دەستی زامدار بووە، جوولەکەکانیش ویستیان هۆیەك بدۆزنەوە بۆ ئەوەی یەسووع تۆمەتبار بکەنەوە، جا لێیان پرسی: ئایا دەبێت لەو ڕۆژەدا برینەکەی تیمار بکرێت و دەستی چاك بکرێتەوە، یەسووعیش وەڵامی دانەوە:

"کێ لە ئێوە ئەگەر بەرخێکی هەبێت و لێی بکەوێتە نێو چاڵێکەوە، لەڕۆژی شەممەدا دەری ناهێنێت؟ باشە ئەی بەهای مرۆڤ لە بەرخێك زیاتر نییە؟ بۆیە چاکەکاری لە ڕۆژی شەممەدا ڕێگا پێدراوە".

ئێمە لەمیانەی چەند نموونەیەکەوە زانیمان کە فەریسییەکان نیازێکی خراپیان بەرانبەر بە یەسووع هەبووە. هەر واش بوو، چونکە لەو کاتەوە لەگەڵ گرووپی هیرۆدۆس ڕێکەوتن بۆ ئەوەی ئەگەر بۆیان بلوێ، یەسووع لەسەر ڕێگای خۆیان لابدەن.

بۆیە یەسووع چووە جەلیل و بەهۆی ئەو ڕاوەدوونانەوە شوێنی





نیشتەجێ بوونی خۆی شاردەوە. زۆریش جەختی دەکردە سەر بیسەرانی خۆی کە لەگەڵی بوون، هەرگیز لەلای کەس شوێنەکەی ئاشکرا نەکەن.

لەو کاتانەدا یەسووع تەنیا دوازدە هاوڕێی خۆی هەڵبژارد بۆ ئەوەی بەردەوام لەگەڵیدا بن تاوەکو بتوانێت ڕۆحی پەتی خۆی بخاتە نێویان، چونکە زۆرباش زانی بەتەنیا ژیانی تاکە کەسێك بەس نییە بۆ ئەوەی گەلێك بگاتە ئاستی ڕەوشتێتی. ئەوانەی زۆرباش فێرکرد بەجۆرێك بتوانن یارمەتی بدەن لە بڵاوکردنەوەی ڕێبازە فێرخوازییەکەیدا.

کاتێك یۆحەننای مەعمەدان هەندێك لە هاوڕێیانی خۆی ناردبووە لای یەسووع تاوەکو پرسیاری لێبکەن لەبارەی ئامانج لەفێرکردنەکەیدا، بەتوندی هێرشی کردە سەر فەریسییەکان لەبەرئەوەی زۆر بەساردی بانگەوازی یۆحەننایان قبووڵکردبوو بۆ ئەوەی ببنە مرۆڤی چاکەخواز، هەروەها گوتی:

"باشە چی وای لێکردن بچنە ساراو دەشت؟ دیارە ئارەزوو نەبووە بۆ ئەوەی ببنە کەسانێکی خێرخواز. بۆ ئەوە چوونە دەرێ تاوەکو کەسانێك ببینن شێوەیان لە ئێوە بکات، یا پیاوێك ببینن بەبێ جیاوازی هەر ڕۆژێك پرنسیبەکانی خۆی دەگۆڕێت لەپێناو بەرژەوەندی خۆیدا؟ قامیشێکتان بینی با ئەولاو ئەولای پێدەکرد؟ یا پیاوێك کە جلێکی نایاب لەبەردایە و ژیانێکی خۆشگوزەران دەژیا؟ ئێوە ڕێکەوتی ئەو پیاوانە ناکەن لەنێو ساراو دەشت و چۆڵەوانیدا، بەڵکو ئەو پیاوانە لەنێو کۆشکی پاشاکاندان، یا ڕەنگە ئێوە بۆ بینینی پەیامبەرێك چوو بن یان کەسێ موعجیزە دروست بکات؟ یۆحەننا زۆر لەوە گەورەترە.

یۆحەننا بەگەرمی پێشوازیکراوە لەلایەن چین و توێژی خوارەوەی کۆمەڵگاوە، بەڵام نەیتوانی کار بکاتە سەر فەریسییەکان و ڕاڤەکارانی تەقلیدی یاسای ئایین دەکەن و نەیتوانی دڵیان وا لێبکات بەئاسانی بگاتە چاکە. باشە ئەوجۆرە مرۆڤانە بەچی بشوبهێنم؟ بەو منداڵانە دەچن کە لەنێو گۆڕەپانە گشتییەکەدا گەمە دەکەن و هەندێکیان بەهاوار بەیەکتر دەڵێن: زوڕنامان بۆ لێدان و سەماتان نەکرد، سەردولکەمان بۆ گوتن و نەگریان! یۆحەننا هاتەلاتان، نان و شەرابی نەخوارد، ئێوە گوتتان: مگێزێکی خراپی هەیەو ئازاری دەدات! منیش هاتم وەکو هەر مرۆڤێکی تر لەگەڵ ئێوە دەخۆم و دەخۆمەوە، دیسان گوتتان: ئەو پیاوە زۆرخۆرو سەرخۆشەو لەگەڵ خەڵکی خراپ هاوڕێیەتی دەکات! بەڵام حیکمەت و چاکەکاریی بەردەوام خواپەرستی وا دەدەوزنەوە کە بەهاکەی بسەلمێنن".

سەرەڕای ئەو پۆلێنکردنەش، یەکێك لە فەریسییەکان کە ناوی سەمعان بوو داوەتی کرد بۆ نان خواردن. ئافرەتێکیش زانیبووی یەسووع داوەتی سەمعانەو پێدەچێت لەژێر کاریگەری ڕێنماییەکانی یەسووع بوو بێت، هاتە نێو ژوورەکەو شووشەیەك بۆنخۆشی بەهاداری پێ بوو، لە یەسووع نزیك کەوتەوەو کاتێك چاوی بەپیاو چاکێکی وەکو یەسووع کەوت، بەکوڵ گریاو هەستی بەوە دەکرد ژیانی پڕ بووە لە هەڵەو خۆی هاوێشتە بەرپێیەکانی و بەبڕوای خۆی ئەو بەو کارەی تۆبە دەکات و دەگەڕێتەوە سەر ڕێگای ڕاست و چاکەخوازی، بۆیە پێیەکانی یەسووعی ماچ کردو بە فرمێسکەکانی تەڕی کردن و بەقژەکەی سڕییەوەو بەڕۆنی





گرانبەهاش چەورو بۆنداری کرد.

بەڵام بەو دڵنەرمی و میهرەبانییەی کە یەسووع پێشوازی و ڕەفتاری ئەو ئافرەتەو کارەکەی کرد، کە ئەمانە بەڵگە بوون لەسەر ئەوەی دڵێکی پڕ لە تۆبەکاری و دانپێدانان بەهەڵە، ئێستا سەرەخۆشییەکی دۆزیوەتەوەو دڵی پێی خۆشە، ئەو دڵنەرمییەی یەسووع کە هەستی ئەو ئافرەتەی ڕەت نەکردەوە، فەریسییەکانی بریندار کردو بەڕوویاندا دیار بوو کە سەریان سووڕماوە، چۆن یەسووع بەخۆشەویستییەکی مەزنەوە باوەشی بۆ ئافرەتێك کردەوە کە ناوو ناتۆرەیەکی خراپی هەبووە.

یەسووع زوو درکی بەو مەسەلەیە کردو بە سەمعانی گوت:

"با شتێکت بۆ بگێڕمەوە". ئەویش گوتی: فەرموو،

یەسووعیش گێڕایەوەو گوتی:

"پیاوێك پارەی بەقەرز دابووە دوو کەسان، یەکێکیان پێنج سەد دینارو ئەویتریشیان پەنجا دینار، ئەوانەش پارەیان نەبوو ئەو قەرزە بدەنەوە، بۆیە کابرایەکە لە هەردووکیان خۆش بوو. باشە لەو حاڵەتەدا کامەیان زۆرتر ئەو پیاوەی خۆش دەوێت؟" سەمعانیش گوتی:

" بێگومان ئەوەی پارەی زۆرتری قەرزار بووە". یەسووعیش گوتی:

"بێگومان". ئینجا یەسووع ئاماژەی بۆ ئافرەتەکە کردو گوتی:

"تەماشای ئێرە کە، من هاتمە نێو ماڵی تۆ، ئاوت پێنەدام تاوەکو پێیەکانم بشۆم. کەچی ئەو ئافرەتە، بەفرمێسکی چاوەکانی پێیەکانی منی شووشت و بەقژیشی سڕییەوە. تۆ منت ماچ نەکرد، کەچی ئەو هەرگیز هەستی بەوە نەکرد بەماچ کردنی پێیەکانی من کەرامەتی

بڕوشێت. تۆ سەری منت بە ڕۆن چەور نەکرد، کەچی ئەو بەنایابترین زەیتی بۆندار پێیەکانی منی چەور کرد. ئافرەتێك کە ئەوەندە توانای خۆشەویستی هەبێت و دان بەهەڵەکانی خۆیدا بنێت، بەر لێبووردەیی دەکەوێت هەرچەندە گوناحەکانیشی زۆر بن، چونکە ساردو سڕی لەهەست و سۆزە پاکەکان بەو شێوەیە، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە گەڕانەوە نییە بۆ لای چاکەخوازی کە باڵاتر بێت لە ئامانج".

ئینجا یەسووع بە ئافرەتەکەی گوت:

" ئەوە خۆشبەختییەکی خواییە کە ببینم بڕواییت بەسەر خودی خۆتدا زاڵەو بڕوات وایە کە تۆ هێشتا دەتوانیت کاری چاکەخوازی ئەنجام بدەیت و ئازایت! ئیدی بە ئاسوودەیی بژی".

یەسووع بەڕێگای خۆیدا ڕۆیشت و چەندین گوندو شاری بڕی و لەهەموو شوێنێکیش ئامۆژگاری پێشکەش دەکرد و دوازدە نێردراوەکەی خۆی لەگەڵدا بوو لەگەڵ هەندێك ئافرەت کە بەشێکیان دەوڵەمەند بوون‌و لەپارەی خۆیان خواردنیان بۆ ئەو کۆمەڵە دابین دەکردو دەکڕی. ڕۆژێك کۆمەڵێکی زۆر لێی خڕ بوونەوەو ئەویش ئەو پەندەی بۆ هێنانەوە ــ بێگومان پەند چیرۆکێکی خەیاڵییەو تێدا بەشێوەیەکی هەست پێکراو ڕێبازە فێرخوازییەکەی خۆی ڕاڤە دەکات، بۆیە جیاوازە لە حەکایەت و ئەفسانە، جا لە پەنددا خەڵکەو لە حەکایەتدا گیاندارەو لەئەفسانەشدا ئەجندەو بوونەوەری ڕەمزین ـ و گوتی:

"جوتیارێك چوو زەوییەکەی بکێڵێت، کاتێك زەویەکەی تۆ دەدا، بەشێکی کەوتە سەر ڕێگاو خەڵك بەسەری کەوتن و باڵندەکانیش





خواردیان، هەندێکی تریشی کەوتنە سەر گابەردەکان، چونکە خۆڵی کەمە، شین بوون، بەڵام بەهۆی گەرماو نەبوونی ڕەگو ڕیشەی قووڵ، سیس بوون. هەندێکی تریشی کەوتە نێو دڕکان، لەگەڵ دڕکان گەورە بوون، دواتریش بەهۆی ئەوانەوە خنکان. هەندێکیشی کەوتنە سەر زەوییەکە یەك بە سی و بە شەست و بە سەد هەندەی خۆی لێدەرچوو".

کاتێك قوتابییەکانی لێیان پرسی بۆچی ئەو دەیەوێت لەمیانەی پەندان خەڵك فێر بکات، وەڵامی دانەوەو گوتی:

"ئێوە مانای هزرە بەرزەکانتان هەیە لەبارەی مەلەکووتی خواو ئەو ڕەوشتێتییەی کە مافی هاوڵاتیبوونی مرۆڤی تێدا سەرهەڵدەدات. بەڵام من بەشارەزایی خۆم فێر بووم کە بزانم ئەو مانایە لەلای جووەکان هەر تەنیا وشەی بۆش و بەتاڵە. سەرەڕای ئەوەش، ئەوان هەر دەیانەوێت شتێك لەمن ببیستن، بەڵام ئەو بۆچوونە پێشوەختەی نێو ناخیان قووڵ‌و ڕەگدارەو ڕێگاشیان پێنادات حەقیقەتی ڕووت بچێتە نێو دڵ و دەروونیانەوە. هەر تەنیا ئەو کەسەی کە لەناخی خۆیدا ئامادەیی هەیە شتێکی بەرزو باڵا قبووڵ بکات، ئەوا خۆی دەتوانێت سوود لە فێرکردنەکانی من وەربگرێت. ئەو کەسەش ئەو هەستە باڵایەی تێدا نەبێت، ئەوا هەرگیز نازانێت چۆن ئەو مەعریفە کەمە بەکاربێنێت کە بە ڕێکەوت دەستگیری کردووە. ئەوان چاویان هەیە، بەڵام هیچ شتێك نابینن. گوێیان هەیە، بەڵام هیچ شتێك نابیستن. بۆیە منیش هەر تەنیا لەڕێگای پەندەوە قسەیان لەگەڵدا دەکەم. ئێستاش با ئەو پەندەی تازەتان بۆ ڕاڤە بکەم:

ئەو گەنمەی تۆ دەكرا، ناسینەوەی نامووسی ڕەوشتێتییە. ئەوەی دەرفەتی هەبووە بۆ ئەو مەعریفەیەو بە باشی تێینەگەیشتووە، ئەوە هەر كەسێكی گومڕا دەتوانێت زۆر بەئاسانی ئەو ڕێژە كەمەی خێروبێرەی كە بەڕێكەوت لەنێو دڵیدا شین بووە، لێبكاتەوە. ئەوە مانای ئەو تۆییانەیە كە كەوتنە سەر ڕێگاكە.

بەڵام ئەوانەی كەوتنە سەر زەمینەی بەردەكان، ئەوا مەعریفەیێكە بەخۆشبەختییەكی ڕاستەقینە قبوولكراوە، بەڵام بەبێ ئەوەی ڕەگو ڕیشەیەكی قووڵی هەبێت، بۆیە بەگۆڕانی بارودۆخ و لەكاتی ناخۆشی و ئازاردا زوو دەگۆڕێت و خۆی بەدەستەوە دەدات و لەناو دەچێت.

ئەو تۆوانەی كەوتنە نێو دڕكان، لە ئەوانە دەچن كە بەڕاستی باسی چاكەخوازی دەكەن، بەڵام ئەو چاكەخوازییە هەر تەنیا لەنێو دڵ و دەروونیاندا دەمێنێتەوەو بەروو بوومی نابێت، چونكە دەروونیان پڕە لەبایەخدان بەژیان و فریوی دەوڵەمەند بوون.

كەچی ئەو تۆیەی دەكەوێتە سەر زەوییەكی بەپیت، ئەوا دەنگی بیستراوی چاكەخوازییە كە بایی سی تا شەست و تا سەدان جارە هەندی خۆی بەروو بووم دەگرێت".

دواتر یەسووع نموونەیەكی تریشی بۆ باسكردن و گوتی:

"دەشێت مەملەكەتی خێر بەو كێڵگەیە بچوێنین كە خاوەنەكەی زۆر بەجوانی تۆی كردووە، بەڵام كاتێك پیاوەكانی خەوتوون، دوژمنێكی دێت و لەنێو گەنمەكەدا زیزان پەرت دەكات و بەدزی دەڕواتەوە. كاتێك گەنمەكە خەریكە ببێتە گوڵەگەنم، زیزانەكەش سەری لەگەڵ دەرهێنا،





خزمەتكارەكانی پێیان گوت: لەنێو كێڵگەكەی خۆتدا گەنمێكی پوختەت ڕوواند، ئەدی ئەو زیزانە لە كوێوە هات؟ ئەویش وەڵامی دانەوە: بێگومان هەندێك لە دوژمنان وایان كردووە. خزمەتكارەكانی پرسیان: دەتەوێ بچین زیزانەكان هەڵكێشین؟ ئەویش كە لەوان داناتر بوو پێیگوتن: نا، چونكە ئێوە لەگەڵ هەڵكێشانی زیزانەكاندا گوڵە گەنمەكانیش هەڵدەكێشن، لێگەڕێن با بەیەكەوە گەورە بن تاوەكو ڕۆژی دروونە دێت. ئەو كاتە بە دروێنەكەرەكان دەڵێم زیزانەكان جیا بكەنەوەو فڕێیان بدەن و تەنیا گەنمەكە كۆ بكەنەوە".

كاتێكیش یەسووع بەتەنیا لەگەڵ قوتابیەكانیدا مایەوە، داوایان لێكرد ئەو پەندانەیان بۆ شرۆڤە بكات، ئەویش گوتی:

"ئەوانەی تۆی باش دەچێنن بریتین لەمرۆڤی چاكەخواز كە بەچاكەكاری و قسەی باش و پێشەنگی سەرنجی خەڵك بۆ خۆیان ڕادەكێشن. كێڵگەكەش بریتییە لەجیهان. تۆی باشیش بریتییە لەمرۆڤی دەستە بژاردە، زیزانەكانیش مرۆڤی گەندەڵن. ئەو دوژمنەش كە زیزانی چاند، بریتییە لەو كەسانەی گومڕا بوون و ئەوانەی خەڵك گومڕا دەكەن، زەمەنی دروێنەش بریتییە لەڕۆژی قیامەت و پاداشتی چاكەو خراپە. لە چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەدا، ئەوە چاكەخوازی و شەڕانگێزی پێوەندییەكی توندیان بەیەكەوە هەیەو لەئێستادا ناكرێت شەڕانگێزی بنبڕ بكرێت بەبێ ئەوەی ئازار بەچاكەخوازی بگات".

لە ڕوانگەیەكی ترەوە، یەسووع خێری بە دەنكە خەردەلێك چوواند كە سەرەڕای بچووكی، بەڵام دەبێتە ڕووەكێكی مەزن بەجۆرێك كە باڵندە

دەتوانن هێلانەی تێدا بکەن. هەروەها بەکەمێك خومرەی چوواند کە بەسەر سێ کێش ئاردا بکرێت و هەمووی ترش بکات. مەملەکەتی خێر وەکو تۆو وایە کە لەنێو زەویدا دەچێنرێت و پێویستی بەهیچ پەروەردە کردنێك نییە، بگرە بەخۆی دەڕوێت و شین دەبێت بەبێ ئەوەی کەس بزانێت ئەوە چۆن بووە، چونکە زەوی بەسروشتی خۆی هێزێکی تایبەتی هەیەو لەمیانەی ئەو هێزەوە تۆیەکان دەڕوێن و گەورە دەبن و گوڵە گەنمی پڕ دەگرن.

هەروەها مەملەکەتی خێری بە گەنجینەیەکی شاراوەی نێو کێڵگەیەك چوواند کە پیاوێك دەیدۆزێتەوە، بەڵام مەسەلەکە دەشارێتەوەو ئاشکرای ناکات. دواتر بەدڵشادییەوە دەچێت هەر چییەکی هەیە دەیفرۆشێت، تاوەکو ئەو زەوییەی پێ بکرێت. هەروەها بە بازرگانێکی چوواند بەدوای مرواری جواندا دەگەڕێت بۆ کڕین، کاتێك مروارییەکی دەگمەن و نایاب دەبینێت، دەچێت هەموو شتێکی خۆی دەفرۆشێت بۆ ئەوەی ئەو مروارییە دەگمەنە بکرێت. یا ڕاوچییەك کە لەنێو تۆڕەکەی خۆیدا هەموو جۆرە ماسییەك دەبینێت، کاتێك چووە سەر دەراو، ماسییەکانی لەیەکتری جیا کردەوەو باشەکانی لەناو سەبەتان کۆ کردەوەو خراپەکانیشی فرێدا. بەو شێوەیەش لەڕۆژی دروونەی گەورەدا ــ مەبەست ڕۆژی قیامەتە ــ خەڵکی خێرخواز لەخەڵکی شەڕانگێز جیا دەکرێنەوە. پاداشتی خێرخوازەکان ئەو ئاشتییە وەردەگرێت کە لە چاکەخوازیەوەیە، شەڕخوازەکانیش سەرشۆڕ دەبن.

لەو کاتانەدا خزمەکانی یەسووع هاتن بۆ بینینی، بەڵام لەبەر زۆری





خەڵك نەیانتوانی پێی بگەن و بیبینن، کاتێکیش پێیان ڕاگەیاند، وەڵامی دانەوە:

" ئەوانەی دەنگی خواوەند دەبیستن و گوێڕایەڵی دەبن ئەوا ئەوان دایك و براکانی منن".

کاتێکیش هەواڵی مردنی یۆحەنناى مەعمەدانی پێگەیشت، لەسەر لێواری خۆرهەڵاتی دەریاچەی تەبەرییەدا سواری گەمێیەك بوو، بەڵام هەر تەنیا ماوەیەکی کەم لەلای جراسییەکان مایەوەو سەرلەنوێ گەڕایەوە جەلیل.

هەر لەو کاتانەدا بوو کە یەسووع دوازدە نێردراوەکەی خۆی نارد تاوەکو بچنە لای جوولەکە تووندڕەوەکان، ئەوانەی شانازییان بەڕەچەڵەك و ڕەسەنی خۆیان دەکرد ــ ئەوەش لەلای جوولەکەکان شتێکی گرنگ بووە ـ بۆیە ئەو مەسەلەیەیان خستبووە سەرووی بەهای تاکەوە، ئەو بەهایەی ڕەوشتێتی بەمرۆڤی دەبەخشێت و پێیانی گوت:

"پێویستیتان بەوە نییە زۆر خۆتان ئامادە بکەن بۆ ئەو گەشتەتان، یا بتانەوێت لەمیانەی پۆشتەیی و زێدە مەسرەفییەوە سەرنجی خەڵك ڕابکێشن. ئەگەر گوێیان لێتان گرت ماوەیەك لەلایان بن و خۆتان بەسەر ئەو کەسانەدا مەسەپێنن کە بەخێر هاتنتان دەکەن، بەڵکو زوو ئەو شوێنە جێبێڵن و بەرێگای خۆتاندا بڕۆن".

پێدەچێت ئەوانە هەر ماوەیەکی کەم لەوێ بوون و زوو گەڕابنەوە بۆ لای یەسووع.

ڕۆژێك یەسووع خۆی بینییەوە کەوتۆتە نێو کۆمەڵێك فەریسی و

مامۆستای ئایینی لە ئۆرشەلیمەوە هاتبوون، ئەوانە زۆر سەریان سووڕما کاتێك بینیان قوتابیەکانی یەسووع بەبێ ئەوەی دەستیان بشۆن هاتنە سەر نانخواردن، چونکە جوولەکەکان هەتا دەستیان باش باش نەشۆن نان ناخۆن، ئەوەش لەلای ئەوان دابونەریت و عورفێکی کۆنەیە کە دەبێت بە ئاو هەموو قاپ و پەرداخ و کورسییەکان بشۆنەوە پێش هەموو ژەمێك. بۆیە فەریسییەکان بە یەسووعیان گوت:

"بۆچی قوتابییەکانی تۆ بەپێی فرمانی باوك و باپیرانمان ڕەفتار ناکەن، ئەمانە بەبێ دەست شووشتن دێنە سەر خوانی نانخواردن؟".

یەسووعیش گوتی:

"ئەوەی لەنێو یەکێك لەکتێبە پیرۆزەکانتاندا گوتراوە بەتەواوی بەسەر ئێوەدا جێبەجێ دەبێت: ئەو گەلە بەزمان ڕێزم دەگرن، بەڵام دڵیان زۆر لێم دوورە. پەرستنیشیان بەتاڵە، چونکە ئەوا تەنیا ڕەچاوکردنی ئەو بنەماو دابونەریتانەیە کە هیچ سەرچاوەیەکیان نییە.

ئێوە ڕێزی ڕاسپاردەی خوایی ناگرن، بەڵام دەست دەگرن بە دابونەریتە ئادەمیزادییەکان وەکو بە ئاو پیرۆز کردنی پەرداخ و کورسی و شتی تر. لەوەدا ئێوە ڕاست دەکەن، ئێوە ڕاسپاردەی خوا دەشکێنن بۆ ئەوەی دڵسۆزی بنوێنن بۆ سیستەمی کلێساکەتان.

ئەوە نامووسەکەیە: ڕێزی دایك و باوکت بگرە، هەرکەسێکیش قسەیەکی ناشیرین بەرانبەر دایكو باوکی بکات دەبێ بکوژرێت. بەڵام ئێوە نامووسێکی ترتان دامەزراندووە، ئەگەر یەکێك بەتووڕەیی قسە لەگەڵ دایكو باوکی خۆی بکاتو بڵێت: ئەو پارەو خزمەتەی دەیدەم





بەئێوە، دەچم دەیدەم بە پەرستخانە. پێتان وایە ئەوە بەو قسەیە نەزری لەخۆی گرتووە قازانجێکیان پێنەدات، خۆ ئەگەر خزمەتێك بە دایكو باوکی خۆی بگەیەنێت، بەوە تۆمەتباری دەکەن کە گوناحی کردووە. بەو شێوەیە ڕاسپاردەیەکی خوایی دەشکێنن و سیستەمگەلێك بە ڕاسپاردەیەکی خۆتانی دەگۆڕنەوە. ئێوەش لەو شێوەیەتان هەیە".

دواتر یەسووع ڕووی کردە خەڵکەکەی دەورووبەری و گوتی:

"گوێم لێبگرن و تێبگەن چی دەڵێم، لە دەرەوە هیچ مادەیەکی سروشتی نییەو هیچ شتێکیش نییە مرۆڤ بیخوات پیسی بکات. ئەوەی مرۆڤ دەیکات و ئەوەی لەدەمی دێتە دەرەوە، ئەوە بەڵگەو نیشانەیە لەسەر ئەوەی دەروونی پاك و بێگەردە یا پیسە".

قوتابیەکانی یەسووع هەوڵیاندا سەرنجی بۆ ئەوە ڕابکێشن کە فەریسییەکان بەو قسانەی تووڕە بوون، بۆیە گوتی:

"لێگەڕێن با هەر بێزار بن، پێویستە ئەو جۆرە گژو گیایانەی کە لە مرۆڤەوە دەردەچن بنبڕ بکرێن. ئەوانە کوێرن و دەستی کوێرانیش دەگرن و ئاراستەیان دەکەن. منیش گەرەکمە ئەو جۆرە سەرکردە کوێرانەیان لەناو دەرکێشم، ئەگینا گەل خۆی و ئەو جۆرە کەسانە کە متمانەیان پێ کردوون، بەیەکەوە دەکەونە نێو چاڵەوە".

کاتێك خەڵکەکە بڵاوەیان کردو یەسووعیش گەڕایەوە ماڵەوە، هاوڕێیانی داوایان لێکرد هەندێك لەو شتانەیان بۆ ڕوون بکاتەوە کە بۆ خەڵك باسی کرد لەبارەی پاك و بێگەردی و پیسی، ئەویش گوتی:

"تەنانەت ئێوەش تا ئێستا لەو مەسەلەیە نەگەیشتوون؟ باشە نازانن

ئەوەی دەچێتە نێو دەمی مرۆڤ لەنێو گەدەو ڕیخۆڵەدا دەگۆڕێت و دواتریش فڕێدەدرێتە دەرەوە؟ ئەو شتانەش کە لەدڵ دەردەچن، وەك وشەو کارەکان، لەدەروونی مرۆڤەوە دێن و دەشێت بێگەرد یا پیس بن، پیرۆز یا گڵاو بن. هزرو بیرو بۆچوونە خراپەکانی وەکو کوشتن و زیناو دزی و شایەتمانی بەدرۆو بوختان و ئیرەیی و لەخۆبایی و ژیانی داوێنپیسی و ڕژدی، هەمووی لەدەروونەوە دێت. ئەو کارە خراپانەن کە مرۆڤ پیس دەکەن، نەوەکو ئەوەی بەرێکەوت بیری چووبێت بەر لەنان خواردن دەستەکانی خۆی بشوات".

چەژنی کەپرانی ـــ کەپرە شینە ـ جوولەکان نزیك کەوتەوە، خزمەکانی لێی پاڕانەوە لەگەڵیان بڕوات بۆ ئۆرشەلیم تاوەکو بازنەی ئەوانەی لەوێدا دەیناسن و گوێی لێ دەگرن، فراوانتر بێت، چونکە ئەوێ شارێکی گەورەیەو خەڵکەکەشی زۆر لەشارو گوندەکانی جەلیل زۆرترە. یەسووعیش پێیگوتن کاتەکە گونجاو نییە بۆ ئەو کارەو داوای لێکردن بڕۆن، چونکە خەڵك ڕقیان لەوان نییە وەکو ئەوەی ڕقیان لە یەسووعە، لەبەرئەوەی لەبەردەم جوولەکانـدا شایەدی ئەوەیداوە کە کارەکانیان گەندەڵ و شەڕانگێزە.

پاش چەند ڕۆژێك دوای ئەوەی خزمەکانی ڕۆیشتن، ئەو خۆیشی چووە ئۆرشەلیم، بەڵام بەنهێنی و شاراوەیی. لەوێدا خەڵك سۆراغیان دەکرد، چونکە وەکو جوولەکەیەك چاوەڕوانیان دەکرد. حوکم و بڕیاری خەڵك لەبارەی یەسووع، بەتایبەتیش لەلای خەڵکی جەلیل، جیاواز بوو، چونکە هەندێکیان پێیان وابوو پیاوێکی چاکەخوازەو هەندێکی تریش





پێیان وابوو ڕێگومکارە. بەڵام جەلیلییەکان لەترسی جوولەکەکان نەدەوێران بەئاشکرا باسی بکەن.

لە ناوەڕاستی جەژنەکەدا یەسووع چووە پەرستخانەکەو لەوێدا دەستی بەفێرکردنی خەڵك کرد. جوولەکەکان سەریان سوڕما، چونکە دەیانزانی ئەو نەخوێندەوارە، ئەویش وەڵامی دانەوەو گوتی:

"ڕێبازەکەی من داهێنراوی دەستی مرۆڤ نییە تاوەکو مرۆڤ ناچار بێت هەوڵبدات و لەخەڵکی ترەوە فێری بێت. ئەوەی دەیەوێت بەدوای نامووسی ڕەسەنی ڕەوشتێتی بکەوێت، بەبێ ئەوەی هیچ بڕیارێکی پێشینەی دابێت، دەتوانێت هەر ئێستا بزانێت کە ئایا ڕێبازەکەم داهێنراوەی خۆمە یا نا. ئەوەی بەدوای شکۆداری تایبەتی خۆیدا بگەڕێت، دیارە بایەخێکی زۆر بەتیۆرو ڕاسپاردە مرۆڤایەتییەکان دەدات، بەڵام ئەوەی بەڕاستی بەدوای شکۆداریی خوادا دەگەڕێت، ئەوەندە ڕاشکاو دەبێت بتوانێت ئەو شتە داهێنراوانە بخاتە ڕوو کە مرۆڤ خستوویانەتە نێو نامووسی ڕەوشتێتی، یا ئەو شتانەی خۆیان لەجێگای ئەویان داناوە! من دەزانم ئێوە ڕقتان لێمەو هەوڵدەدەن بمکوژن، چونکە من گوتوومە دەکرێت نەخۆش لە ڕۆژی شەممەدا چارەسەر بکرێت. مووسا ڕێگای پێداون ڕۆژی شەممە خەتەنە بکەن، چەندە گرنگە ئێمە تەندروستی پێبدەینەوە".

هەندێك خەڵکی ئۆرشەلیم گوێیان لەو قسانە بوو، لە قسەکانیاندا دیار بوو کە گوێبیستی کۆڕی گەورەی جوولەکان ببوون کە دەیانەوێت یەسووع لەناو ببەن، بۆیە سەریان سوڕما کاتێك بینیان بەئاشکراو بە

ئازادی دەدوێت بەبێ ئەوەی کەسێك دەستی بۆ درێژ بکات. کەواتە ئەو ماسییەی جووەکان چاوەروانن بێت تاوەکو مەزنێتی خوا پەرستییان بۆ نوێ بکاتەوەو سەربەخۆیی مەملەکەتیان بۆ بگێڕێتەوە، بێگومان نابێت یەسووع بێت، چونکە باش دەزانن ئەو کێیەو خەڵکی کوێیە، کەچی ماسیا بەپێی پێشبینییەکان دەبێ لەناکاو سەرهەڵبدات.

بەو شێوەیە یەسووع بەردەوام تووشی بڕیاری پێشوەختەی جووەکان بوو، چونکە ئەوان زۆر کەم ئارەزووی ئەوەیان هەبوو مامۆستایەك بێت و ڕەفتاریان باشتر بکات و لەو بڕیارە پێشوەختانەیان دەربازیان بکات کە دژ بە ڕەوشتێتی. ئەوان ماسیایەکیان دەویست لە ملکەچی و بندەستی بۆ ڕۆمانییەکان ڕزگاریان بکات، ئەوەشیان لە یەسووع بەدی نەدەکرد.

هەندێك لە خزمەتکارەکانی کۆڕی باڵای جوولەکە، ئەندامانی کۆڕیان ئاگادار کردەوە کە یەسووع لەنێو پەرستخانەیە، ئەوانیش سەرکۆنەیان کردن بۆچی دەسگیریان نەکرد، بەڵام خزمەتکارەکان بەبیانوویەك گوتیان هیچ مرۆڤێکیان نەبینیوە وەك ئەو بدوێت و قسە بکات، بۆیە زاتی ئەوەیان نەکرد دەسگیری بکەن. کە فەریسییەکان ئەوەیان بیست پرسیان:

"ئەوە چۆن دەبێت؟ پێدەچێت ئێوەشی گومڕا کردبێت! هیچ فەریسی و ئەندامێکی کۆڕتان بینیوە بایەخی پێبدات؟ ئەو هەر تەنیا دەتوانێت ئەو کەسانە گومڕا بکات کە ڕەش و ڕووتن و شارەزای شەریعەتی ئێمە نین".

بۆیە نیقۆدیمۆس کە پێشتر بەشەو چوو بووە لای یەسووع، وشیاری





کردنەوە کە بەپێی شەریعەت و یاسای ئەوان نابێ هیچ کەسێك تۆمەتبار بکرێت بەر لەوەی گوێی لێ بگیرێت و لەبارەی کارەکانی زانیاری وردی لێ وەرگیرێت، بۆیە تۆمەتباریان کرد بەوەی کە پاڵپشتی لەو پیاوە جەلیلییە دەکات، لە کاتێکدا ناشێت هیچ پێغەمبەرێك بەرەسەن جەلیلی بێت. بەو شێوەیە نەیانتوانی هیچ بڕیارێکی کۆ دەنگ بدەن دەرهەق بە یەسووعەوە.

ئەو شەوە یەسووع لە چیای زەیتوون مایەوە، لەوانەیە لە بێت عەنیای سەر ئەو چیایەدا لەلای هەندێك ناسیاوی خۆی بووبێت، ڕۆژی دواتر هاتەوە شارو چۆوە ناو پەرستخانە. لە کاتێکدا کە ئەو خەڵکی فێردەکرد، هەندێك مامۆستای شەریعەت لەگەڵ فەریسی ئافرەتێکیان هێنایە لای کە بەتۆمەتی زینا دەسگیر کرابوو. لەناوەندی خەڵکەکە ڕایانگرت تاوەکو دادگایی بکەن، ڕەوشی ئەو ئافرەتەیان بۆ یەسووع شیکردەوەو ئاماژەیان بۆ ئەوە کرد کە بەپێی شەریعەتی مووسا دەبێت بەردباران بکرێت، ئینجا داوایان لە یەسووع کرد لەوبارەیەوە ڕای خۆی بڵێت.

یەسووع زانی ئەوانە مەبەستیانە تەڵەیەکی بۆ دابنێنەوەو خۆی وا پیشاندا کە هیچ گوێی لەو قسانە نەبووە، ئینجا داچەمیو لەسەر لم بە پەنجەی هەندێك وێنەی کێشا، کاتێك ئەوان زۆر جەختیان لەسەر کردەوە کە هەر دەبێت ڕای خۆی بۆیان ڕوون بکاتەوە، هەڵسایە سەر پێو گوتی:

"کێ لەئێوە بێ گوناحە، با ئەو یەکەمجار بەردی تێبگرێت". ئینجا

دەستیکردەوە بە وێنەکێشان لەسەر لمەکە.

کاتێك مامۆستایانی شەریعەت ئەو ڕایەی یەسووعیان بیست، یەکە یەکە بە پەلە خۆیان کێشایەوەو ڕۆیشتن بەجۆرێك دوای ماوەیەکی کەم هەر تەنیا یەسووع لەگەڵ ئەو ئافرەتەدا مایەوە. ئینجا کاتێك سەری هەڵبڕی و تەماشای کرد، بینی کەسێك لەوێ نەماوەتەوە، لە ئافرەتەکەی پرسی:

"کوا ئەو کەسانەی تۆیان تۆمەتبار کردبوو، کەس نەبوو بەردت تێبگرێت؟". ئافرەتەکەش وەڵامی دایەوە:

"نەخێر کەس نەبوو". یەسووعیش پێیگوت:

"منیش تۆمەتبارت ناکەم. ماڵئاوا، جارێکی تر نەگەڕێیتەوە سەر کاری هەڵە".

جارێکی تریش یەسووع لەپەرستخانەدا قسەی بۆ خەڵك دەکرد، فەریسییەکان لێیان پرسی چ بەڵگەیەکیان دەتوانێت پێشکەش بکات و بسەلمێنێت فێرکردنەکەی ئەو ڕاست و دروستە، چونکە ئەوان خۆشبەخت بوون بەوەی کە دەستوورو شەریعەتیان هەیە و بەشێوەیەکی ڕەسمی جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە لەلایەن خواوەیە. یەسووعیش وەڵامی دانەوە:

"پێتان وایە خوا مرۆڤی فڕێداوەتە نێو جیهان و بەسروشتی سپاردووە، بەبێ هیچ نامووسێك و بەبێ هیچ هەستێك بەئامانجی باڵا بوونی خۆی و بەبێ ئەوەی بتوانێت لەنێو دەروونی خۆیدا ئەو ڕێگایە بدۆزێتەوە کە خوای پێ ڕازی بکات؟ یا ڕەنگە ئێوە پێتان وابێت





مەسەلەی زانینی شەریعەتەکانی ڕەوشت هەر تەنیا مەسەلەی بەختە و لەسەر ئەو پارچە زەوییەدا تەنیا بەئێوە دراوە، بەبێ ئەوەی کەسێك هەبێت بزانێت بۆ بەتەنیا ئێوە لەنێو هەموو گەلاندا؟ بیرتەسکی و خۆپەرستی دووچاری ئەو وەهمەتان دەکات. کەچی من تەنیا گوێ لەو دەنگە ڕاستگۆیەی دڵ و دەروونی خۆم دەگرم. هەر کەسێك بەوردی گوێی لێبگرێت ڕاستیی ڕۆشنی دەکاتەوە.

گوێ لەو دەنگە بگرن، من تەنیا ئەو داوایەم لە قوتابییەکانم هەیە. ئەو نامووسە ناوخۆییە نامووسی ئازادییە، مرۆڤ خودی خۆی پێ دەبەخشێت و ئازادانە ملکەچی دەبێت و هەتا هەتاییە، هەستکردن بە نەمریش پشت بە ئەو دەبەستێت. لەپێناو ئەو ئەرکەی کە دەبێت من ئەو نامووسە بگوازمەوە بۆ نێو ویژدانی مرۆڤ وا لەسەر لێواری دەسبەرداربوونی ژیانی خۆمم، وەکو شوانێکی دەسپاك کە لەپێناو بەرگری کردن لەڕانە مەڕەکەی خۆی دەکاتە قوربانی. ئێوە دەتوانن ژیانی من ببەن، نەوەکو لێمی بسێنن، چونکە من خۆم بە ئارەزووی خۆم پێشکەشی دەکەم. ئێوە کۆیلەن، چونکە کەوتوونەتە ژێر کاریگەری ئەو نامووسەی لە دەرەوەڕا بەسەرتاندا سەپێنراوە، بۆیە ئەو ناتوانێت لەخزمەتکردن بەخولیاکانی خۆتانتان دەرباز بکات و واتان لێبکات ڕێزی خۆتان بگرن".

ئەو پێشوازییەی یەسووع لە ئۆرشەلیم لێی کراو ڕەفتارە دوژمنکارانەکانی جوولەکەکانیش، بەتایبەتی کاهینەکان کە بڕیاریاندابوو سزای هەموو ئەو کەسانە بدەن کە پێیان وابوو یەسووع ئەو ماسییایە کە

چاوەڕوانی دەکەن، هەروەها بەفەرمی ڕێگایان پێنەدەن خوا بپەرستن و لەخوێندن و فێرکردن بێبەش بکرێن، لەبەرئەوەش یەسووع خۆی بەشێوەیەکی ئاشکرا پێشکەشی خەڵك نەدەکرد، ئەو ڕەفتارە دوژمنکارانەیە وای لێکرد هەست بکات کە تووندوتیژی بەرانبەر بەکاردێت و ڕەنگە بشمرێت، بۆیە ئەو بیرو بۆچوونانەی خۆی لەلای قوتابیەکانی درکاند.

ئەو کاتە پەترۆس گوتی:

"هیوادارین خوا نەخواستە هیچت لێ نەیەت ".

یەسووعیش وەڵامی دایەوە:

"چۆن قسەی وا دەکەیت؟ ئایا تۆ بڕوات لاوازەو ناتوانیت خۆت بۆ ئەو کارە ئامادە بکەیت، یا پێت وایە من بۆ ئەو کارە ئامادە نیم؟ تۆ هێشتا بەهەستەکانت بیر دەکەیتەوە! هێشتا لەتوانای خوایی تێناگەیت کە ڕێزی ئەرك دەسەپێنێت و بەهۆی خۆشەویستنی ئەرکەوە بەسەر خولیاو نەزعەکاندا زاڵ دەبیت، تەنانەت بەسەر خۆشەویستی ژیانیشدا!".

دواتر یەسووع ڕووی کردە قوتابیەکانی تری و گوتی:

"ئەوەی حەز دەکات گوێڕایەڵی چاکەخوازی بێت، دەبێ بزانێت چۆن خۆی پابەندی هەژاری بکات. ئەوەی دەیەوێت بەشێوەیەکی چەسپاو بۆ چاکەخوازی دڵسۆز بێت، دەبێت خۆی بۆ هەموو شتێك ئامادە بکات، تەنانەت ژیانی خۆیشی بخاتە ئەو پێناوە! هەر کەسێك ژیانی تایبەتی خۆی خۆشبوێت، بەخۆی خۆی گەندەڵ دەکات. هەر کەسێکیش ڕقی





لەژیانی خۆیەتی، دڵسۆز دەمێنێتەوە بۆ منی چاکەخوازی خۆی و دەربازی دەکات لە پێداویستییەکانی سروشت. چ بەهایەکی هەیە مرۆڤ هەموو جیهان بباتەوەو خۆی بدۆڕێنێت؟ چ نرخێك یەکسانی چاکەخوزاییەکی لەدەستچووە؟ ڕۆژێك دێت تێیدا چەوسێنراو بەشکۆداری خۆی ڕۆشن دەبێت و عەقڵی جێگیریش لەمافەکاندا دەستنیشانی پاداشتی کارەکانی هەموو مرۆڤێك دەکات".

دوای مانەوەیەکی لەجاران درێژتر ــ چونکە یەسووع لەجەژنی کەپرانەوە تاوەکو جەژنی نوێبوونەوە لە کانوونی یەکەمدا هەر لە ئۆرشەلیم مایەوە ـ بۆ دوایەمین جار گەڕایەوە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی لەجەلیل و پێدەچێت ئەو ماوەیە وەکو پێشتر لەبەردەم خەڵکدا وانەی نەگوتبێتەوە، بەڵکو هەر تەنیا خۆی بە ڕۆشنبیر کردنی قوتابییەکانی تەرخان کرد.

لە کەفەرناحوم داوای باجی ساڵانەی لێکرا کە بەتایبەتی بۆ پەرستخانە کۆ دەکرایەوە. لەڕێگای چوونە ماڵەوەدا بە پەترۆسی گوت:

"ها پەترۆس ڕات چییە، پاشایانی سەر زەوی، باج لە هاوڵاتیانی خۆیان وەردەگرن، یا لەخەڵکی بێگانە؟". پەترۆسیش وەڵامی دایەوە:

" لە بێگانە". یەسووعیش پێیگوت:

" کەواتە هاوڵاتیان باجیان لەسەر نییە. ئێمە کە بەپێی ڕۆحێکی ڕاستەقینە خواپەرستی دەکەین، هەرگیز نابێت بەشداری بکەین لەدانی تێچووی پەرستخانەدا کە بۆ خواپەرستیە، چونکە ئێمە هەوڵدەدەین بەکارو ڕەفتاری باش بیپەرستین. بەهەرحاڵ، لەجیاتی ئێمە پارەیان بدێ

با تووڕە نەبن و ئێمەش بەڵگەیەك پیشان نەدەین، گوایە ڕقمان لەو شتەیە كە ئەوان بەپیرۆزی دەزانن".

وتووێژێك لەنێوان قوتابییەكانی یەسووع هاتە ئارا لەبارەی شوێن و پێگەی هەر یەكێكیان لەنێو مەلەكووتی خوا لە ڕۆژی قیامەتدا، چونكە ئەوان لەمیانەی هزرو بۆچوونی جیهانی هەستی خۆیانەوە تەماشای مەسەلەكەیان دەكردو هێشتا لەو وێناكردنە جوولەكانییە دەرباز نەبوون كە بۆ مەملەكەتی سەر زەوی هەبوو و بەشێوەیەكی پەتی لەوە تێنەگەیشتبوون كە مەلەكووتی خوا بریتییە لەمەملەكەتی خێر و هیچ دەسەڵاتێكی تێدا نییە جگە لەدەسەڵاتی عەقڵ و نامووس نەبێت.

یەسووع بەخەمبارییەوە گوێبیستی ئەو وتووێژە بوو، ئینجا منداڵێكی بانگ كردو بە قوتابییەكانی خۆی گوت:

"ئەگەر نەگۆڕێن و وەكو ئەو منداڵە پاكو بێگەردو سادە نەبنەوە، ئەوا ئێوە نابنە هاوڵاتی ئەو مەلەكووتەی خوا. هەر كەسێك بەرانبەر بەخەڵكانی تر هەڵە بكات، تەنانەت بەرانبەر منداڵێكی ئاواش و پێی وابێت دەتوانێت ڕێگا بەهەر كارێك بدات لەدژیان و دەسەڵاتێكی باڵای هەیە بۆ ئەوەی بە لاموبالاتەوە ڕەفتاریان لەگەڵدا بكات، خەتابارە. بەڵام ئەوەی پیرۆزیی بێگەردێتی زامدار دەكات و ناپاكی دەكات، وا باشترە بەردێكی دەستاڕ بخرێتە گەردنی و فڕێبدرێتە نێو دەریاوە! لەنێو ئەو دونیایەدا خراپەكاری بەرانبەر دەروونی پاك كەم نییە، بەڵام قوڕ بەسەر ئەو مرۆڤەی دەبێتە ئاستەنگێك. زۆر وریا بن بۆ ئەوەی ڕقتان لەكەس نەبێتەوە، بەتایبەتیش سادەیی دڵ، چونكە ئەو گوڵێكی هەرە ناسك و





پایە بەرزی مرۆڤایەتییە، ئەو بێگەردترین وێنەی خواییە. هەر تەنیا ئەویش پێگەی بەرزو باڵا دەبەخشێت، بگرە بەرزترین پلەو پایە. ئەو سادەییە دەخوازێت قوربانی بەهەموو ئەو ئارەزووانە بدرێت كە خۆشەویستیشن، بەهەموو هەست و حەزوو ئارەزوویێك یا شەرمی درۆزنانە و هەموو شتێكی سوودمەندو فریودەر.

شانازیكردن بەوەی كە ئێوە لە سەرووی خەڵكی ترن، كۆنترۆڵتان ناكات ئەگەر ڕووەو سادەبوونەوە بچن و بزانن چۆن ڕێزی ئەو كەرامەتە بگرن كە هەموو مرۆڤێك لە پێناویەوە هاتۆتە بوون و هەموو كەسێكیش پێی دەكرێت دەسگیری بكات. هەروەها ئەگەر لە كۆتاییدا بیرتان لەوە كردەوە كە چۆن ناشێت درەختەكان یەك شێوەو فۆڕم بن، ئەوا هەر كەسێك كە دژتان نییە، لەگەڵتاندایە، ئەگەرچی خاوەنی خوو ڕەفتاری جیاوازە ـ ئەوانەش هەرگیز گرنگ نین.

بەڵام ئەگەر ئێوە بەڕاستی پێتان وایە هەندێك شت هەیە دیار نییە، ئەوە ڕق و قینەی خۆتان دەرمەخەن، بەڵكو هەوڵبدەن چاكی بكەن و خەڵكیش بگێڕنەوە سەر ڕێگای چاكەخوازی. پێتان وا نییە شوان، تەنانەت ئەگەر مەڕێكی ئەو سەد مەڕەی لێ ون بێت، ناگەڕێتەوە لە نێو شاخ و دۆڵەكان و بەدوایدا نەگەڕێت و بیدۆزێتەوە؟ كاتێكیش دەیدۆزێتەوە، ئەی هەست بەخۆشییەكی مەزنتر ناكات لەوەی هەر نەوەدو نۆیەكەی تر ون نەبوون؟

ئەگەر كەسێك خراپەی لەگەڵدا كردی، هەوڵبدە لەگەڵی ئاشت ببیتەوەو ڕێگای پێبدە ڕەفتارەكەی خۆیت بۆ باس بكات و لەگەڵی ڕێك

بکەوە. ئەگەر گوێی لێگرتی و لە گەڵی ڕێك نەکەوتی، ئەوا دیارە هەڵەی تۆیە. ئەگەر گوێشی لێ نەگرتی، دوو کەسی تر لەگەڵ خۆت ببە تاوەکو ئاشتتان بکەنەوە. ئەگەر ئەو هەوڵەش سەرکەوتوو نەبوو، داواکەی خۆت بخەرە بەردەستی هەندێك خەڵکی ناوبژیکار. ئەگەر ئەو دەستی ئاشتبوونەوەی بۆ درێژ نەکردی، لە کاتێکدا کە تۆ هەموو شتێکت کردووە، ئەوە خۆتی لێ لابدەو تێکەڵی مەبە. کە مرۆڤ لەسووکایەتی و زۆرداریی یەکتر دەبوورن و چاکی دەکەنەوە، لە ئاسمانیش چاك دەکرێنەوەو دەبووردرێن. کاتێکیش لەمیانەی ڕۆحی خۆشەویستی و ئاشتەواییدا یەك دەگرن، ئەوا ئەو ڕۆحەتان تێدا زاڵ دەبێت کە من دەمەوێت لە نێوتاندا زیندووی بکەمەوە".

لێرەدا پەترۆس لێی پرسی:

"چەندجار دەبێت ئەو مرۆڤە ببوورم کە خراپەم لەگەڵدا دەکات و ئازارم دەدات؟ حەوت جار باشە؟". یەسووعیش وەڵامی دایەوە:

"پێت وایە حەوت جار زۆرە؟ من دەڵێم حەفتا کەڕەت حەوت. ئێستاش گوێ لەو چیرۆکە بگرە:

میرێك ویستی حیسابی خۆی لەگەڵ خزمەتکارەکانی یەکلا بکاتەوە، یەکێکیان دە هەزار درهەمە زیو قەرزار بوو، ئەو پارەیەشی نەبوو. میرەکە داوای لێکرد هەر چییەکی هەبێت بیفرۆشێت تاوەکو قەرزەکەی لێ وەربگرێتەوە، تەنانەت ژن و منداڵەکانیشی بفرۆشی و بیانکات بەکۆیلە تا قەرزەکەی پێبداتەوە. خزمەتکارەکە خۆی خستە سەر پێی و داوای لێکرد هەندێك مۆڵەتی پێبدات تا هەموو قەرزەکەی بۆ بگێڕێتەوە.





میرەکەش دڵی پێسووتاو وازی لێهێناو لە تێکڕای قەرزەکەشی خۆش بوو.

کاتێك ئەو خزمەتکارە لەلای میرەکە چووە دەرەوەو خزمەتکارەێکی بینی هاوڕێی خۆی بوو کە سەد دینار قەرزاری ئەو بوو ـ ئەوەش بڕە پارەیەکە بەڕێژەی یەك لە ملیۆن لەو بڕە پارەیە کەمترە کە ئەو پێشتر خۆی قەرزار بوو ـ خۆی لێ تووڕە کردو داوای لێکرد زوو قەرزەکەی بۆ بگێڕێتەوە. کاتێکیش هاوڕێکەی لەسەر چۆك دانیشت و لێی پاڕایەوە هەندێك مۆڵەتی پێبدات تاوەکو قەرزەکەی بۆ بگێڕێتەوە، گوێی لێ ڕانەگرت و خستییە حەپسخانەوە. خزمەتکارەکانی تر بەو کارە دڵگران بوون و چوون مەسەلەکەیان بۆ میر گێڕایەوە. ئەویش خزمەتکارە دڵڕەقەکەی بانگ کردوو پێیگوت: هەی مرۆڤی دڵڕەق، کاتێك تۆ لێم پاڕایتەوە من لەو قەرزە زۆرەت خۆشبووم. باشە نەدەبووایە تۆش وەکو چۆن من بەزەییم بەتۆدا هاتەوە، ئاوا بەزەییت بەو پیاوەدا هاتبووایە؟ بیبەن! ئینجا میر بڕیاریدا زیندانی بکرێت تاوەکو هەموو قەرزەکانی دەداتەوە.

لەو نموونەیەدا دەبینن کە ڕۆحی ئاشتەوایی بەڵگەیە لەسەر پاکی هەست کە خواوەندی پیرۆز لەوە زیاتر قبووڵ ناکات، چونکە کەماڵی بەهایە، کەچی زۆرجار کارەکان ناکامڵ دەبن. ئێوە دەبینن ئەو ڕۆحە تاکە مەرجە کە ئێوە دەتوانن لێی ڕابمێنن، تاوەکو لەو دادپەروەرییە ئەزەلییەدا لەو سزایانە دەربازتان بکات کە ئێوە لەبری ژیانی ڕابردووتاندا دەبێت بیانچێژن، تاکە مەرجە بۆ ئەوەی ببنە مرۆڤێکی تر، ئەویش بەگۆڕینی ڕۆحتان".

یەسووع بڕیاریدا سەرلەنوێ لە ڕێگای ناوچەی سامیرەدا بگەڕێتەوە بۆ ئۆرشەلیم، بۆیە هەندێك لە هاوڕێیانی نارد تاوەکو پێشی بکەون و پێداویستییەکانی ئەو سەفەرەی لەیەکێك لەگوندەکاندا بۆ ئامادە بکەن. کاتێك سامرییەکان زانییان بڕیاریداوە بەبۆنەی جەژنەوە بچێتەوە ئۆرشەلیم، حەزیان نەکرد میوانداری بکەن، تەنانەت قبووڵیان نەکرد بە گوندەکەی ئەوانیشدا تێپەڕێت. بۆیە هەندێك لە هاوڕێیانی یەسووع وایان بەخەیاڵدا هات ئاسمان بروسکە بەسەر ئەو گوندەدا بکات، ئەو کاتەش یەسووع ئاوڕی لێیاندایەوەو گوتی:

"ئەوەیە کە ئێوە دەبزوێنێت، ڕۆحی تۆڵەسەندنەوەیە؟ ئەگەر هێزەکانی سروشت خۆیان خستە ژێر دەستتان بۆ ئەوە بەکاری دێنن تۆڵە لەخەڵك بکەنەوە! با ئامانجتان بونیادنانی مەملەکەتی خێر بێت نەوەکو تێکشکاندن". ئینجا ڕێگایەکی تریان گرتە بەرو تێپەڕین.

کاتێك ئەوان خەریکی ڕۆیشتن بوون، یەکێك لە مامۆستایانی شەریعەت داوای کرد ئەگەر ڕێگای پێبدەن بەردەوام لەگەڵ یەسووع بێت، یەسووعیش پێیگوت:

"باش بیر لە مەسەلەکە بکەوە، ڕێوی کون و باڵندەش هێلانەیان هەیە. من ناتوانم پێت بڵێم چ شوێنێك شوێنی تایبەتی منە، یا سەرم لەکوێ دەحەسێتەوە".

ئینجا یەسووع ڕێگایەکی هەندێك دوورتری بۆ ئۆرشەلیم گرتەبەرو بەردەوامیش دوو لە هاوڕێیانی خۆی دەنارد بۆ ئەوەی لە پێشەوەدا بڕۆنو خەڵك لەهاتنی ئاگادار بکەنەوە، چونکە هاوڕێ و بڕواپێکەرانی





زۆر ببوون، بۆیە یەسووع هەندێك ڕێنمایی پێدان لەبارەی ڕەفتارو ئاکاریان لەکاتی سەفەرەکەدا. چونکە ئەوان نابێت بەزۆری لە شوێنێکدا کە حەزپێکراو نین بیانەوێت خۆیان بەسەر خەڵکدا بسەپێنن، بەڵکو دەبێت ڕێگاکەی خۆیان بگرنە بەرو بڕۆن و ئامانجی سەرەکیان لەهەموو شوێنێك هاندانی خەڵکە بۆ چاکەخوازی، بۆیە پێیگوتن:

"لێرەدا ئیش و کارێکی زۆر هەیەو کرێکاریش کەمن!".

قوتابییەکانی هەواڵی ئەوەیان پێدەدا کە لەو شوێنە یا لە ئەویتر خەڵك بەباشی پێشوازی لێکردوون، کاتێك ئەو هەواڵانەی بیست، گوتی:

" ئەی باوکەی ئاسمان و زەوی با هەر شکۆدارتر بیت، چونکە هەموو مرۆڤێك ناتوانی بە بەهرەی زانست و زانین جیاوازیی ئەرك بزانێتا، چونکە هەموو دڵێکی پاك و بێگەرد دەتوانێت لەخۆیەوە هەست بەجیاوازی نێوان چاکەو خراپە بکات. خۆزگە خەڵك لەو ئاستەدا دەوەستان و چیتر لەو شتانە زیاتر کە عەقڵ دەیان سەپێنێت، باری خۆیان گرانتر نەدەکرد تاوەکو مرۆڤایەتی کلۆڵی پێ ئازار بدەن! ئەو بارگرانییەی کە دەبێتە سەرچاوەی لەخۆبایی ئەوسا کەس نازانێ چۆن ئەو لەخۆباییە ڕازی بکات مەگەر تەنیا لەسەر حیسابی چاکەخوازییەوە بێت".

لەکاتی گەشتەکەدا یەسووع چاوی کەوت بەیەکێك لەمامۆستایانی شەریعەت، ئەو مامۆستایەش ویستی قسەی لەگەڵدا بکات تا بڕواکانی شارەزا تاقی بکاتەوە، بۆیە پێیگوت:

"مامۆستا، من دەبێت چیبکەم بۆ ئەوەی موستەحەقی کامەرانیەکی

گەورە بم؟". یەسووعیش لێی پرسی:

"شەریعەت فرمانی چیت پێدەکات؟"، ئەویش گوتی:

"لەهەموو دڵتەوە خوات خۆشبووێت، چونکە ئەو نموونەی پیرۆزییەو خەڵکی نزیکی خۆشت بەقەد خۆت خۆشبووێت". یەسووعیش پێیگوت:

"وەڵامەکەت ڕاستە. ئەوانە بکە کە حەقی خۆشبەختییەکی گەورەیە".

مامۆستاکەی شەریعەت ویستی ئەوە پیشان بدات کە ئەو وەڵامە هێشتا تینوێتی پرسیارەکەی ئەو ناشکێنێت و لەقووڵایی ڕۆحەوە ڕازی نەبووە، بۆیە لێی پرسی:

"ئەوە پێویستی بەڕوونکردنەوە هەیە، کێیە ئەو کەسە نزیکەی کە تۆ بڕیار دەدەیت خۆشمان بووێت؟". یەسووعیش گوتی:

"بەگێڕانەوەی چیرۆکێك ئەوەت بۆ ڕوون دەکەمەوە:

پیاوێك هەبوو لە ئۆرشەلیمەوە بۆ ئەریحا دەڕۆیشت، ڕێگاکەشی بەبیابانێك تێپەڕ دەبوو کە ئەمین نەبوو، بۆیە کەوتە ناو دەستی دزان لێیانداو هەرچی پێی بوو بردیان و بەتەنیا بەنیوە مردوویی جێیان هێشت. ئەو دزانە تازە لە تاوانەکەیان تەواو ببوون کاتێك کاهینێك بەهەمان ڕێگادا دەڕوات. کاهینەکە پیاوە بریندارەکەی بینی، بەڵام نەچووە لای و بەڕێگای خۆیدا ڕۆیشت. دواتر لاوییەکیش بەوێدا تێپەڕی و پیاوەکەی بینی و دڵی پێ نەسووتاو نەچووە لای. بەڵام پیاوێکی سامری بەوێدا ڕۆیشت و بریندارەکەی بینی دڵی پێی سووتاو برینەکانی





ساڕێژکرد، هەر بەوەش نەوەستا بەڵکو هەندێك عارەق و ڕۆنیشی کردە سەر برینەکەی و لەسەر هێسترەکەی خۆی داناو بردییە یەکێك لە هۆتێلەکان و لەوێدا جێی هێشت تاوەکو یارمەتی بدەن. بۆ بەیانی، کابرا بەرلەوەی بکەوێتەوە ڕێگا، هەندێك پارەی دایە خاوەن هۆتێلەکە تاوەکو لە چارەسەرکردنی بریندارەکە خەرجی بکات و دەرمانی بۆ بکڕێت و داواشی لێکرد ئەگەر پارەکە کەم بوو، با پارەی زیاتری لێ سەرف بکات، چونکە کاتێك گەڕایەوە پارەکەی دەداتەوە.

ئێستا تۆ پێم بڵێ کێ لەوانە وەکو کەسێکی نزیکی ئەو پیاوە لێقەوماوە مامەڵەو ڕەفتاری کرد؟ کێ ئەو پیاوەی بەکەسێکی نزیکی خۆی دانا؟". مامۆستاکەی شەریعەتیش گوتی:

"ئەوەی بەزەیی پێدا هاتەوە". یەسووعیش پێیگوت:

"تۆش هەر بەو شێوەیە ئاوا تەماشای هەموو کەسێك بکە کە پێویستی بەیارمەتی تۆ هەیە وەکو ئەوەی کەسێکی نزیکی خۆتە، بەبێ ئەوەی تەماشای نەتەوەو بیرو بۆچوون و ڕەنگی بکەی".

فەریسییەکان نەیاندەتوانی لە ڕێبازە فێرکارییەکەی یەسووع تێبگەن، لەبەرئەوەی یەسووع ئەوەی بیر دەخستنەوە کە ڕێبازەکەی ئەوان هەر تەنیا چاوی بڕیوەتە سەر ڕەفتار کردن ئەگەر بەراورد بکرێت بە ڕەوشتێتی، زۆرجار داوایان لێدەکرد لە فێرکردنەکەیەوە بەڵگەیەك بێنێ بەهای شەریعەتیان پێ پووچەڵ بکاتەوە. دیاردەیەکی ئاسمانی دەراسا بێنێ وەك ئەوەی یەهوە دەرکەوتە شکۆدارەکەی پێ بسەلمێنێ.

بۆیە یەسووع وەڵامی دانەوە:

"ئێواره دەڵێن بەیانی کەش و هەوا خۆش دەبێت، چونکە خۆر لەشەفەقدا سووره. خۆ ئەگەر خۆری بەیانی سووری تۆزاوی بوو، ئەوە پێشبینی باران دەکەن لەو ڕۆژەدا. ئێوه بەو شێوەیە بارانی ئاسمان دەزانن‌و پێشبینی کەش‌و هەوا دەکەن. کەچی ناتوانن پێشبینی ئاماژەو هێماکانی زەمەنی ئێستا بکەن. باشە ئێوه تێبینی ئەوە ناکەن کە پێداویستە باڵاکان ئێستا لەنێو مرۆڤدا ڕوون بۆتەوەو دەرکەوتووەو عەقڵیش بەئاگا هاتووە؟ ئەوە عەقڵە ناڕازییە بەرانبەر بە ڕێبازو یاسا تووندەکانی ئێوە، ناڕازییە بەوەی ئێوە ڕقتان لە چاکەکارییەو چارەنووسی کۆتایی مرۆڤ دەخەنە ژێر دەستی ڕێبازو یاساکانتان. عەقڵ ڕازی نییە بەو شێوە زۆرەملێیەی ئێوە کە دەتانەوێت لەسایەیدا دەسەڵاتی بڕواو ڕاسپاردەکانی خۆتان بەسەر گەلەکەتاندا بسەپێنن! هیچ ئاماژەیەکتان پێنادرێت تەنیا ئاماژەی ئەو مامۆستایانە نەبێت کە دەشێت ئێوە لێیان فێر بن‌و لەپێناو خێرو خۆشی ئێوەو مرۆڤایەتیدا بەکار بێت".

یەکێك لە فەریسییەکان یەسووعی داوەت کرد بۆ ئەوەی بچێتە ماڵیان لەگەڵیدا نان بخوات، کابراش سەری سووڕما کاتێك بینی یەسووع دەستی نەشوشتووەو هاتۆتە سەر سفرەی نان خواردن. یەسووع پێیگوت:

"ئێوه ڕووی دەرەوەی قاپ و پەرداخەکان دەشۆن، باشە بەوە ناوەوە پاك دەبێتەوە؟ ئەی بەوەی ناوەوەشی ڕێکخرا، هەر کاتێك دەروون پاك بێت، ئەوا دەرەوەش پاك دەبێت. ئێوه لەنێو باخچەکانتاندا بەردەوام بایەخ بەچاندنی هەندێك گژوگیای بەسوودو گەلێکی بێسوود دەدەن،





باشە لەکاتی بایەختان بەو شتانەدا بیرتان نییە کە ئەرکی باڵاتر هەیە وەکو ڕەحمەت و دادپەروەری و ئەمانەت و دەستگرتن بەو شتانە جەوهەری چاکەخوازییەو لەپاڵ ئەوانەشدا کۆمەڵێك کاری تر هەیە؟ ئەی چەمکەکانتان لەبارەی بەها، باشە مەبەست ئەوە نییە یەکەم کورسی بەدەست بێنن لە کۆڕەکانداو لەڕیزی پێشەوەی خەڵك بن لەکاتی داوەت و خوانەکاندا، یا بۆ ئەوە نییە خەڵك لەسەر شەقامەکاندا ڕێزتان بگرن و سڵاوتان لێبکەن؟ ئێوه بەکۆمەڵێك ڕاسپاردەی بێزارکەر باری خەڵکتان گران کردووە، کەچی هەر بەتەنیا ڕوخساری شتەکانتان وەرگرتووە! بانگەشەی ئەوە دەکەن گوایە کلیلی پەرستگای ڕاستەقینەتان لەلایە، کەچی هەر بەخۆتان بەکۆمەڵێك ڕاسپاردەی پڕو پووچ دەرگاو دەروازەکانی بەسەر خۆتان و خەڵکانی تر دادەخەن ".

ئەو جۆره سەرزەنشتانە کە یەسووع ئاراستەی فەریسییەکانی دەکرد، بگره زۆرجار قسەی ڕەقتریشی پێدەگووتن لەبارەی دابونەریتی پیرۆزیان، هەروەها ئاراستەی مامۆستایانی شەریعەتی دەکرد ــ کە دەسەڵاتگێری وڵات بەدەستی ئەوانەوە بوو ـ بووە هۆی ئەوەی زۆرتر لێی بێزار بن و شکایەتی لێبکەن.

لەبەردەم کۆمەڵە خەڵکێکی زۆردا، یەسووع بەشێوەیەکی قووڵتر لەبارەی مەترسی پەڕینەوەی نەخۆشی ڕۆحی فەریسییەکان بۆ خەڵك دواو گوتی:

"وشیار بن لەئاست ویژدانی فەریسییەکان، سەرەڕای بچووکی، ئەگەرچی ناتوانێت ڕوخساری کۆی خەڵك بگۆڕێت، بەڵام تامێکی

جیاوازی دەداتێ. من مەبەستم ڕیاکارییە! ئەو ڕیاییەی ناتوانێت چاوەکانی ئەو کەسە فریو بدات کە هەموو شتێك دەبینێت. هەرچەند هەوڵبدەین شتێکی لێ بشارینەوە، بەڵام هەستەکانی دڵی لێ ناشاردرێتەوە. هەر ئەو تەنیا ئاگاداری هەموو شتێکە و پێویستی بەوە نییە مرۆڤ بەپێی کارەکانیان دادگایی بکات، یا بەپێی ڕوخساری دەرەکییان، کە زۆرجار خەڵك فریو دەدات، یا بەپێی تایبەتمەندێتیان، بەڵکو بەپێی دڵپاکی ناوەوەی ویست بڕیاریان لەسەر دەدات.

هاوڕێیانم پێتان دەڵێم لەو مرۆڤانە مەترسێن کە لەڕاستیدا هیچیان پێناکرێت تەنیا کوشتنی جەستە نەبێت و توانایان لەوە زیاتر نییە. لەوە بترسێن نەوەکو سووکایەتی بە کەرامەتی ڕۆحتان بکرێت و لەبەردەم عەقڵ و خوادا وا دەربکەون وەکو ئەوەی شایانی ئەوپەڕی کامەرانی نەبن.

ئەوە ڕیایەکی گەمژانەیە کە لەترسی مرۆڤ نەوێرین بەکردەوە گوزارشت لەحەقیقەت و چاکەخوازی بکەین، یا هەر بەتەنیا بەقسە نەوێرین باسی لێوە بکەین. قسەکردن بەخراپە لەسەر من یا لەسەر هەر مامۆستایەکی تری چاکەخوازی دەشێت ببوردرێت، بەڵام ئەوەی سووکایەتی بەڕۆحی پیرۆزو چاکەخوازی کرد، ئەوە نەفرەت لێکراوە!

کاتێك لەبەردەم دادگا و کۆڕان لێکۆڵینەوەتان لەگەڵدا دەکرێت، ڕێگا مەدەن ترسی منداڵانە ڕێگاتان لێبگرێت و بتانشێوێنێت، لەبەردەم قسەی ئازاد لەبارەی خێرەوە. ئەگەر ڕۆحی چاکەخوازی ئێوە ببزوێنێت، ئەوا هەرگیز پێویستیتان بەئازایەتی و وشە نابێت بۆ بەرگری کردن لێی".





یەکێك لەو کەسانەی لەوێ بوون لە یەسووع هاتە پێش و داوای لێکرد هانی براکەی بدات میراتی لەگەڵدا بەش بکات بەهیوای ئەوەی یەسووع بتوانێت کارێك بکات کە ئەو خۆی پێی نەکراوە، بەڵام یەسووع وەڵامی دایەوە:

"کێ دابنێم بۆ بەردادکردنتان، قازی یا دادوەر؟". ئینجا ڕووی کردە خەڵکەکانی ترو پێیگوتن:"

خۆتان مەدەنە دەست چاوچنۆکی، مرۆڤ ئەگەر دەوڵەمەند نەبێت ناگاتە چارەنووسی خۆی. ئێستا بە نموونەیەك ئەوەتان بۆ ڕوون دەکەمەوە:

زەوی پیاوێك زۆر بەپیت بوو بەجۆرێك کابراکە لەبەر زۆری بەرو بووم سەری لێ شێوا بوو، بۆیە ناچار بوو عەمبارەکانی خۆی فروانترو گەورەتر بکات و لەدڵی خۆی بیری دەکردەوە: کاتێك ئیشەکان تەواو بوون، هەموو بەرو بوومەکە بەجوانی عەمبار دەکەم، بەو شێوەیە بۆ ماوەی چەندین ساڵ بەدەوڵەمەندی دەژیم، بۆیە هەر دەخۆم و دەخۆمەوەو دەحەسێمەوە. لەو کاتانەدا گوێی لەدەنگی مردن بوو دەیگوت: هەی نەزان، ئەوە ئەو هەموو بەروو بوومە بۆ کێ کۆ دەکەیتەوە، هەر ئەم شەو داوای گیانت لێدەکەم.

ئەوەی سامان کۆ دەکاتەوەو بیر لە دەوڵەمەندی و چارەنووسێك ناکاتەوە کە ئامانجەکەیان نەمرییە، هەوڵێکی بەتاڵ دەدات لەپێناو ئامانجێکی پووچدا. ناکرێت بایەخدان بە دەوڵەمەندی دەروونتان داگیر بکات، با ڕۆحتان تەنیا خۆی بۆ ئەرك تەرخان بکات و کاریشتان هەر

تەنیا بۆ مەملەکەتی خێر بێت!

خۆتان ئامادە بکەن وەکو ئەو پیاوانەی خۆیان بۆ ژیان و مردن چەکدار کردووە! ئەگینا، خۆشەویستی ژیان، مردن لەدژی ئێوە بەتۆقاندن چەکدار دەکات، چونکە ترس لەمردن ژیانتان لێ دەستێنێت. هەرگیز کارە باڵاکان دوا مەخەن و بڕواتان وا نەبێت کە شتێك نییە هانتان بدات خۆتان بۆ مەبەستی باڵا تەرخان بکەن، لەبری مەبەستەکانی کۆکردنەوەی سامان و پارەو ژیان لەپێناو چێژدا. هەر چرکەیەك کە تێیدا خۆتان لەخزمەتکردنی خێر بدزنەوە، چرکەساتێکی ون بووە لە چارەنووسی ئێوەدا.

یا ئەوەتا مردن لەناکاو ڕێگاتان پێدەگرێت، ئێوەش ئەو کاتە لەو بریکارە دەچن کە گەورەکەی داینابوو لەکاتی نا ئامادەبوونیدا چاوی لەماڵەکەی بێت. بریکارەکەش بیری کردەوە: گەورەکەم بۆ ماوەیەکی زۆر نایەتەوە، بۆیە دەست دەکات بەشێوەیەکی خراپ مامەڵە لەگەڵ خزمەتکارەکان دەکات و لەنێو ژیانێکی پڕ لەمەستیدا دەژی، کەچی لەناکاو گەورەکەی لەو چرکە ساتەدا دێتەوە کە ئەو پێشبینی لێ نەدەکرد، بۆیە بەو شێوەیە سزای دەدات کە موستەحەقیەتی.

وەکو چۆن خزمەتکار ویستی خاوەنەکەی دەزانێت و جێبەجێی ناکات، بە توندی سزا دەدرێت و سزاکەی لەو کەسە زۆرترە کە بەشێوەیەکی تۆمەتبارانە ڕەفتار دەکات، بەڵام بەبێ ئەوەی ویستی گەورەکەی بزانێت. ئاواش شتی زۆرتر لەو مرۆڤە داوا دەکرێت کە جێگای بڕواو متمانەیەو توانایەکی باشی هەیەو لە ڕەوشێکی باشیشدایە بۆ





ئەنجامدانی کاری خێری زۆرتر.

پێتان وایە من هاتووم بانگتان بکەم بۆ ئەوەی بەهێمنی چێژ لەژیان وەربگرن؟ یا ئەو چارەنووسەی چاوەڕوانی دەکەم و حەزم لێیەتی، ئایندەیەکە بەتاڵە لەبایەخ و خۆشی؟ نا... چەوساندنەوە بەشی منەو بەشی ئێوەشە! ناکۆکی و ململانێ ئەنجامی ڕێبازەکەی منە. ئەوە ململانێی نێوان چاکەخوازی و شەڕانگێزییە، لەنێوان دەسگرتن بە بڕواکانەوەو دابونەریتی تەقلیدیانەی بڕوایی کە دەسەڵاتێك لەنێو دڵ و دەماغی خەڵکی دایمەزراندوون، لەگەڵ گەڕانەوە بۆ خزمەتێکی نوێتر بۆ عەقڵی جێگیر لەمافدا، ئەو ململانێیە هاوڕێ و خێزان لەیەکتری دادەبڕێنێت و بۆ دەستەبژێرەی مرۆڤیش دەبێتە شانازییەك.

بەڵام بکوژ دەبێت ئەگەر ئەوانەی شتە کۆنەکان دەڕووخێن، چونکە بەربەستن لەبەردەم ئازادی عەقڵ و سەرچاوەکانی ڕەوشتە بەرزە گلاو دەکەن، ئەگەر ئەوانە هاتن و بڕوایەکی سەپێنراوو پڕ لەکۆت و پەندیان سەپاند، بەوەش جارێکی تر عەقڵ ئەو مافەی لێ دەسەنرێتەوە کە لەخۆیەوە نامووس بەدەست بێنێتەوەو ئازادانە بڕوای پێ هەبێت و ملکەچی بۆ بکات. مخابن! ئەو ململانێیە بکوژانە دەبێت، ئەگەر ئەو بڕوایەیان سەپاند لەڕێگای شمشێرو ئەرکی ڕوخسارییەوە، یا ئەگەر باوکانیان هاندا لەدژی کوڕان و برایان لەدژی برایان و دایکانیش لەدژی کچەکانیان، یا ئەگەر مرۆڤایەتیان وا لێکرد خیانەت لەخۆی بکات".

ڕووداوێکیان بۆ یەسووع گێڕایەوە کە لەو ڕۆژگارەدا ڕوویدا بوو بریتی بوو لەوەی بیلاتسی والی ڕۆمانی بەسەر جوولەکەکان چەند

کەسێکی خەڵکی جەلیلی کوشتبوو کە بەنیاز بوون قوربانی پێشکەش بکەن، بەبێ ئەوەی کەس بزانێت لەسەرچی بوو. یەسووعیش شارەزای شێوازی بیرکردنەوەی قوتابییەکانی خۆی ببوو کە جارێك پیاوێکی کوێریان بینیبوو یەکسەر گەیشتبوونە ئەو باوەڕەی کەوا ئەو پیاوە کوێرە خۆی یا یەکێك لەخزمەکانی دەبێت تاوانبارێکی گەورە بن.

یەسووع بینی گێڕانەوەی ئەو ڕووداوە دەرفەتە بۆ پێشکەشکردنی ئەو ئامۆژگارییەو گوتی:

"پێتان وایە ئەو جەلیلییانە لەهەموو کەسێك بەگوناحتر بوون، بۆیە بەو چارەنووسە گەیشتن، یا ئەو هەشت کەسە یا دە کەسەی بەو دواییانە کەوتنە ژێر بورجی سلدام لەهەموو دانیشتوانی ئۆرشەلیم گەندەڵتر بوون؟ نەخێر. دەرکردنی بڕیارێکی بێ بەزەییانە بەسەر خەڵکانێك کە دووچاری ئەو ناخۆشییانە هاتوون، کارێکی باش نییە بۆ تێڕامان لەو ڕووداوانە.

بەڵام ئەگەر ئەو ڕووداوە لەو هێمنییە بسێنین کە ئێوە خۆتان داوەتە دەستی و لەڕەزامەندی خۆتان لەبارەی خۆتانەوە، ئەوە پێویستە بەویژدانی خۆتان دەست پێبکەن و بە ئەمانەتەوە پرسیاری ئەوە بکەن ئایا ئێوە موستەحەقی ئەو جۆرە چارەنووسەن؟ گوێ لەو چیرۆکە بگرن:

پیاوێکی خاوەن درەختی میوەدار دار هەنجیرێکی چاند، هەرجارێك دەهات بۆ ئەوەی هەنجیر لێبکاتەوە، دەیبینی هیچی نەگرتووە. بۆیە بە باخەوانەکەی گوت: سێ ساڵە بەبێ هودە دێمە لای ئەو درەختە، بیبڕەوە تاوەکو زەوییەکەی ژێری باشتر بەکار بێنین. باخەوانەکەش وەڵامی





دایەوە: ئەو ساڵیش لێگەڕێ تاوەکو من زەوییەکەی ژێری وەردەگێڕم و پەیینی پێدادەکەم، هیوادارم ئەو کاتە هەنجیرێکی باشمان بداتێ، ئەگەر نا ئەو کاتە بیبڕەوە.

چارەنووسی موستەحەق زۆرجار چاوەڕوانیەکی درێژ دەخوازێت، بۆیە ڕێگا دەدرێت بەخەڵکی خراپ بۆ ئەوەی خۆیان چاك بکەنەوە، دەرفەتە بۆ مرۆڤی تەمبەڵ خۆیان لەسەر زانینی ئامانجی باڵا ڕابێنن. ئەگەر ئەو ماوەیەش بەبێهوودە تێپەڕی، ئەوا لە ناکاو چارەنووسەکەی دێتە پێش و سزای خۆی وەردەگرێت".

یەسووع بەڕێگای خۆیدا بەرەو ئۆرشەلیم ڕۆیشت و لێرەو لەوێ کاتێك دەرفەت هەبووایە دەوەستاو هەندێك ڕێنمایی باشی پێشکەشی خەڵك دەکرد. لەو گەشتەدا پرسیارێکی ئاراستە کرا کە ئایا ژمارەی ئەو کەسانەی دەرباز دەبن کەمە؟ لە وەڵامدا گوتی:

"هەر یەکێك لەئێوە با خەبات بکات تاوەکو ڕێگای تەسکی شێوەی ژیانی چاکی خۆی دەدۆزێتەوە. ئەگەر خاوەن ماڵ دەرگای داخست و ئێوەش بەهاوار لە دەرگاکەتاندا تاوەکو بۆتان بکاتەوە، ئاوا وەڵامتان دەداتەوەو دەڵێت: من ئێوە ناناسم. ڕەنگە زۆرجار لەگەڵ ئەو خواردبێتتان و خواردبتانەوەو گوێتان لەقسەکانی گرتبێت، بەڵام ئەو وەڵامتان دەداتەوەو دەڵێت:

ڕاستە بەیەکەوە خواردوومان و خوادروومانەتەوە و گوێتان لێگرتووم، بەڵام ئێوە گەندەڵ بوون و من ئێوە وەکو هاوڕێی خۆم ناناسم، بڕۆن ئێرە جێبێڵن.

زۆرکەس لەخۆرهەڵات و خۆرئاواو باکوورو باشووردا، ئەوانەی کە زیۆس و براهماو فۆدن دەپەرستن، لەبەردەم دادوەری جیهاندا نیعمەتیان بەر دەکەوێت و زۆریش لەوانەی شانازی بەوە دەکەن خوا دەناسن و بەشێوازی ژیانیان ئەو مەعریفە باڵایە لەبەردەم خەڵکانی تردا دەشێوێنن، پێیانوایە ئەوان لە پێشەوەن، ئەوە نەفرەت لێکراو دەبن".

هەندێك فەریسی یەسووعیان ئاگادار کردەوە کە زوو بڕوات و ناوچەی ژێر دەسەڵاتی هێرۆدس بەجێبێڵێت لەبەر ئەوەی بەنیازە بیکوژێت، دیاریش نییە کە ئەوان ئایا بەنیازپاکی ئەو کارەیان کردووە یا بە پێی پیلانێك، بەڵام یەسووع وەڵامی دانەوە کە سروشتی کارەکانی ئەو هیچ نیگەرانییەك بۆ هیرۆدس دروست ناکات. لەوەش زیاتر، شتێکی شازە ئەگەر ئەو شوێنە ئۆرشەلیم نەبێت کە شوێنگەی مردنی زۆر لەمامۆستایان بووە کە ویستوویانە گەلی جوولەکە لەبڕیارە پێشینەکان دەرباز بکەن و بوونەتە قوربانی لەو پێناوەدا، سەیرە ئەگەر ئۆرشەلیم ئەو شوێنە نەبێت کە تێیدا ئەو چارەنووسە چاوەڕێی دەکات.

جارێکی تریش چوو لەلای یەکێك لە فەریسییەکان نانی خوارد و تێبینی کرد هەندێك کەس خێرا خێرایان بوو زوو بچن لەپێشەوە دابنیشن و پێیانوایە دانیشتن لەپێشەوەی ڕێزەکان دەبێ بەپێی چین و توێژی خەڵکەکە بێت. ئاگاداری کردنەوە کە خێرا کردن و پەلە پەلی بۆ گرتنی شوێنەکانی پێشەوە دەشێت زۆرجار ببێتە هۆی ئاژاوە نانەوە، چونکە ئەگەر کەسێکی پایە بەرزتر هات، دەبێت ئەو کەسەی پێشتر دانیشتووە ڕازی بێت بەوەی شوێن و کورسی خۆی بۆ ئەو کەسە





جێبێڵێت. ئەوەی لەکورسی دواوە دابنیشێت ئەوە خاوەن بانگهێشتەکە خۆی داوای لێدەکات بێتە پێشەوەو لەشوێنی باشتر دابنیشێت، بەوەش پلەو پایەی بەرزتر دەبێتەوە. بەگشتی ئەوەی خۆی هەڵبکێشێت بچووکتر دەبێتەوە، ئەوەی خۆیشی بەسادەیی پیشان بدات مەزنتر دەبێت.

یەسووع سەرنجی خانەخوێیەکەی بۆ ئەوە ڕاکێشا کە جگە لەو میوانداریيە گەورەیەی خزم و هاوڕێ و دراوسێ و خەڵکانی دەوڵەمەند کە بەردەوام ئامادەی ئەو جۆرە میوانداریيانە دەبن وەکو نواندنی ڕێزو خۆشەویستی و خۆیشیان وەکو بەرسڤێك ئەو جۆرە داوەتانە ساز دەکەنەوە، داوەتی مەزنترو نەبیلتریش هەیە، ئەویش نانداني نەخۆش و هەژارو بێ سەرپەرشتانە کە ناتوانن ئەو چاکەیە بدەنەوە، تەنیا لەمیانەی گوزارشتێکی ڕاستگۆیانەی سوپاسێکی لەدڵەوە نەبێت بەوەی کەسێك هەیە بەو شێوە دڵیان دەداتەوەو هاوکاریان دەکات، ئەو هەستەی کارێکی وا دەیخولقێنێت وەکو مەرهەم وایە بۆ سەر برینی کلۆڵان و دڵدانەوەیانە.

لێرەدا یەکێك لەمیوانەکان گوتی:

"درووود بۆ ئەو کەسەی وا دەکات، ئەوە هاوڵاتییە لەمەلەکووتی خوا". بۆیە یەسووع چەمکی مەلەکووتی خوای بۆ ڕاڤەکردن لەمیانەی باسکردنی نموونەی ئەو میرەی ویستی لەزەماوەندی کوڕەکەیدا خوانێکی نایاب ساز بکاتو میوانێکی زۆریشی بانگهێشت کرد. لەڕۆژی ئاهەنگەکەشدا خزمەتکارەکانی نارد بەدوای میوانەکاندا تاوەکو بانگیان بکەن، چونکە خوانەکە ئامادەکراوە. کەسی یەکەم داوای لێبووردنی کردو

گوتی دەبێت بچێتە سەر کێڵگەی خۆی، کاری زۆری هەیە. دووەمیان گوتی پێنج جووتە مانگای کڕیوەو دەبێت تاقیان بکاتەوەو ئاگاداریان بێت. سێیەمیش گوتی خەریکی زەواجم و ناتوانم بێم. هەندێکی تریش بەشێوەیەکی خراپ مامەڵەیان لەگەڵ خزمەتکارەکان کردبوو، بۆیە هیچ یەکێك لە داوەتکراوەکان نەهاتن.

میر زۆر تووڕە بوو و فرمانیدا خزمەتکارەکانی بچن لەسەر شەقامە گشتییەکان و کۆڵانەکاندا خەڵکی هەژارو کوێرو سەقەت داوەت بکەن، هەر کەسێك نەخۆشییەکی هەبێت، چونکە تازە پارەکە سەرفکراوەو خزمەتکارەکانیش چوون وایان کرد. لەگەڵ ئەوەشدا هەر هەندێك کورسی بەتاڵ مایەوە، بۆیە سەرلەنوێ میر پیاوەکانی خۆی ناردەوە تاوەکو بگەڕێن و خەڵکی تر بێنن تاوەکو ماڵەکە پڕ دەبێت.

مەلەکووتی خواش ئاوایە.

ئامانجە کەم بەهاکان بۆ زۆر کەس بایەخێکی زیاتری هەیە لە بانگەشە باڵاکەیان. زۆریش لەوانەی سروشت یا بەخت خستوونیەتی شوێنی بەرزی دەسەڵاتداری بەشێوەیەك کە هەرگیز نابوورێن، ڕێگا دەدەن دەرفەتی کاری باشەیان لەدەست بچێت. زۆرجاریش ڕاستگۆیی و ڕاستەڕێی لەنێو کووخی خراپ یا بۆ عەقڵە سنووردارەکان جێهێڵراوە. قوربانی دان یەکێکە لەسیفەتە هەرە گرنگەکانی هاوڵاتیی مەلەکووتی خوا.

هەر کەسێك پێی وابێت کوڕ، یا برا، یا مێرد، یا باوك و یا کامەرانی، یا ژیان لە چاکەخوازی ئازیزترە، شایانی ئەوە نییە بتوانێت ڕێگایەك بۆ





خۆی بەرەو کاملبوون خۆش بکات یا تێیدا خەڵکی بەو ڕێیەدا ببات. ئەوەی گەرەکیەتی لەپێناو خەڵکانی تردا کار بکات، دەبێت سەرەتا تەماشای هێزی خۆی بکات و بزانێت لە توانایدایە ئەو کارە بکات.

وەکو چۆن ئەو کەسەی دەست دەکات بەدروستکردنی خانوو بەبێ ئەوەی پێشتوەختە حسێبی هەموو تێچووەکەی کردبێت، ناچارە خانووەکەی بە ناتەواوی جێبێڵێت و ببێتە گاڵتەجاڕی خەڵك. وەکو چۆن ئەو میرەی مەبەستییەتی لەگەڵ میرێکی تردا بجەنگێت، پێشتر دێت هێزەکانی خۆی دەپشکنێت، ئەگەر بینی لەئاستی هێزی میرەکەی بەرانبەریدا نییە، هەوڵدەدات لەگەڵیدا ڕێك بکەوێت. وەکو چۆن ئەوەی گەرەکیەتی خۆی بۆ چاکردنی مرۆڤ تەرخان بکات، دەبێت پێشتر تەماشای ئەوە بکات ئایا ئەو ئامادەیە لەپێناو ئەو خەباتەدا دەسبەرداری هەموو ئەو شتانە بێت کە دەخرێنە بەردەمی.

دیسان لێرەدا فەریسییەکان تووڕە بوون لە ئامادەبوونی دەسێن و گوناحکاران لەنێو ڕێزی ئەو کەسانەدا کە گوێ لەیەسووع دەگرن، بەبێ ئەوەی دەریان بکات، بۆیە یەسووع پێیگوتن:

"ئەگەر شوان مەڕێکی بزر کرد، ئەدی خۆشحاڵ نابێت کە دەیدۆزێتەوە؟ ئەگەر ئافرەتێك پارەیەکی ون کرد، زۆر بەوردی بەدوایدا ناگەڕێت؟ کاتێکیش دەیدۆزێتەوە دڵی بەو پارەیە زیاتر خۆشتر نییە لەوانەی تر کە ونی نەکردبوون؟ ئەی مرۆڤە باشەکانیش هەست بەخۆشییەکی هاوشێوە ناکەن ئەگەر بینیان مرۆڤێکی گومڕا دەگەڕێتەوە سەر چاکەخوازی؟

با لێرەدا چیرۆکێکتان بۆ باس بکەم: پیاوێك دوو کوڕی هەبوو، بچووکەکەیان داوای بەشی خۆی کرد لە میراتەکەی و باوکیشی لە نێوانیاندا بەشی کرد. دوای چەند ڕۆژێك کوڕە بچووکەکەی پارەو سامانەکانی خۆی کۆکردەوەو ڕووی کردە وڵاتێکی دوور تاوەکو بەئارەزووی خۆی پارەکە سەرف بکات. لەوێدا هەموو سامانەکەی لەکاری خراپ خەرج کردو دووچاری ڕەوشێکی خراپ هات، ڕەوشەکەی ئەو شوێنەش خراپتر بوو و گرانی و برسێتی باڵی بەسەردا گرت. دواتر شوێنێکی بۆ خۆی دۆزییەوە لەلای پیاوێك و ناردی بۆ کێڵگە تاوەکو ببێتە شوانی بەرازان، بۆیە ناچار بوو خواردن لەگەڵ بەرازەکان بەش بکات کە بریتی بوو لە بەڕوو. ئەو ڕەوشە سەختەی ژیانی بیری ماڵی باوکی خستەوە خەیاڵی و لەدڵی خۆیدا گوتی: کرێکارەکانی باوکم چەندە لەمن باشترن کە هەرگیز نانیان لێنابڕێت، کەچی من وا خەریکە لەبرسان بمرم. دەمەوێت بگەڕێمەوە لای و پێی بڵێم باوکە! من بەرانبەر بەتۆو ئاسمان هەڵەم کرد و حەقی ئەوەم نییە بەکوڕی تۆ بانگ بکرێم، بۆیە وەکو یەکێك لە کرێکارەکانی خۆت قبوڵم بکە!

ئینجا گەڕایەوەو لەدوورەوە باوکی چاوی پێکەوت و خۆی پێداداو ماچبارانی کرد و ئەو بەدبەختە پەشیمان کردەیە گوتی: باوکە گیان هەڵەکانم وام لێدەکەن مافی ئەوەم نەبێت بەکوڕی تۆ ناو ببرێم. بەڵام باوکەکە داوای لە خزمەتکارەکانی کرد جوانترین پۆشاکی بۆ بێنن بیکاتە بەری و پێڵاویشی پێبدەن و گوتیشی: گۆلکی دابەستی و قەڵەوی بۆ سەر ببڕن با هەموومان بەختەوەر بین، چونکە ئەو کوڕەم بەمردوو حسێب





کردبوو، زیندووەو دۆزیومەتەوە!

لەوکاتەدا کوڕە گەورەکەی لەکێڵگە دەگەڕایەوە و کاتێك لەماڵ نزیك کەوتەوە بیستی خۆشییەو پرسی ئەوە چی بووە، کاتێکیش یەکێك لە خزمەتکارەکان مەسەلەکەی بۆ گێڕایەوە، تووڕە بوو و بڕیاریدا نەچێتە نێو ئەو ماڵەوە. باوکەکەی هاتە دەرەوەو لێی پاڕایەوە بێتە ژوورەوە، بەڵام کوڕەکە ڕازی نەبوو گوتی: من چەندین ساڵە لەلای تۆم، لەپێناو تۆدا کار دەکەم و لەهەموو شتێکدا ویستی تۆ جێبەجێ دەکەم، ڕۆژێك پێت نەگوتم بچم لەگەڵ هاوڕێکانم بەخۆشی و شادی ڕابوێرم. کاتێکیش ئەو کوڕە هاتەوە کە هەموو سامانەکەی خۆی لە سۆزانیان خەرج کردووە، تۆ دێیت و خوانی بۆ ئامادە دەکەیت!

باوکەکەش گوتی: کوڕەکەم، تۆ بەردەوام لەگەڵ مندای و هیچ شتێکت پێویست نەبووە و هەر شتێك هی منە هی تۆشە. دەبێت خۆشحاڵ بیت ئەو برایەت کە گومڕا بوو، ئێستا خۆی دۆزیوەتەوە، ئەوەی ئێمە دەسبەرداری بووین ئێستاکە چاك بۆتەوە".

لە بۆنەیەکی تریشدا کە ئێمە نازانین چی بووە، یەسووع ئەو چیرۆکەی گێڕایەوەو گوتی:

"پیاوێکی دەوڵەمەند بریکارێکی هەبوو، قسەی پێگەیشتەوە ئەو بریکارەی دەست بڵاوەو پارەکەی ئەو بەلاش سەرف دەکات، ئەویش بانگی کردو پێیگوت: ئەوە چییە ئەو قسانەم لەبارەی تۆوە گوێ لێدەبێت! حیسابەکەت ساف بکەو لە ئەمڕۆ بەدواوە بریکاری من نیت. بریکارەکەش بیری کردەوە کە پێویستە چی بکات، چونکە تازە کارەکەی

خۆی لەدەستدا و ناشتوانێت بچێت کرێکاری بکات و شەرمیش دەکات دەرۆزە بکات و دەست لەخەڵکی پان بکاتەوە. بۆیە بیری کردەوە قەرزارەکانی گەورەکەی خۆی بکاتە هاوڕێی خۆی تاوەکو قبووڵ بکەن کارێکی پێبدەن کاتێك بریکارییەکە جێدەهێڵێت، یەکە بەیەکە بانگی کردن. یەکەمیان کە سەد بەرمیل زەیت قەرزار بوو، چەکێکی پێدا تەنیا بەپەنجا بەرمیل. قەرزی یەکێکی تری کردە هەشتا ڕبە گەنم لەبری سەد ڕبە، بەو شێوەش لەگەڵ هەمووان ڕەفتاری کرد. کاتێك گەورەکەی بەو کارەی زانی دانی بەوەدانا کە بریکارە خائینەکەی زیرەکانە جوولاوەتەوە. زۆرجار مرۆڤی گەندەڵ و ناپاك سەردەکەون بەسەر مرۆڤی دەست پاکدا، چونکە دەروونی فێڵزانی ئەوانە ڕێگر نییە لەبەردەمیان بۆ ئەنجام نەدانی خیانەکردن بە ئەسپەردە.

منیش لێرە لەو چیرۆکەوە ئەو ئامۆژگارییەتان بۆ هەڵدەهێنجێنم و دەڵێم: بیری تیژی خۆتان بەکار بێنن، ئەو پارەیە بەکار بێنن کە دەشێت پێتان بێت بۆ ئەوەی هاوڕێ بۆ خۆتان پەیدا بکەن، بەتایبەتیش لەنێو بەدبەختان. بەمەرجێك لەسەر حیسابی دەستپاکی و ڕاستگۆیی نەبێت وەکو ئەوەی بریکارە خیانەتکارەکە کردی. ئەوەی بۆ هەندێك شتی کەم دەسپاك نەبێت، بۆ شتی زۆریش دەسپاك نابێت. ئەگەر نەتوانن لەمەسەلەی پارەدا ڕاستگۆ بن، باشە لە مەسەلەی تایبەت بە بەرژەوەندی باڵای مرۆڤدا چۆن دەبن؟

ئەگەر دەستتان بەشتێکەوە گرت و وا مامەڵەتان لەگەڵ کرد وەکو ئەوەی بێگانەن بەجۆرێك بەهۆی ئەوەوە چاکەخوازیتان بیر چۆوە، باشە





لەوە زیاتر چاوەڕوانی چیتان لێدەکرێت؟ ئامانجی باڵای ژیانی خۆتان نەکەنە کار کردن لەپێناو بەرژەوەندی خۆتان و پێناو خزمەتکردنی چاکەخوازی، چونکە ئەوانە دوو شتی جیاوازو دژکارن".

هەندێك فەریسی کە حەزیان لەپارەو سامان بوو گوێیان لەو قسانە گرت، بۆیە گاڵتەیان بە یەسووع کرد، چونکە تا ئەو ڕادەیە لە بەهای دەوڵەمەندی کەم کردەوە، یەسووعیش ڕووی تێکردن و گوتی:

" ئێوە لەوە ڕاهاتوون لەپێش چاوی خەڵك وەکو کەسانی پیرۆز دەربکەون، بەڵام خوا دەزانێت چی لەنێو دڵتاندایە. ئەوەی بەپشت بەستن بەهەستەکان خۆی مەزن و خاوەن پێگە پیشان بدات، لەبەردەم خوادا نەدار دەردەکەوێت.

پیاوێکی دەوڵەمەند هەبوو پۆشاکی حەریرو ئەرجوانی دەپۆشی و هەموو ڕۆژێکیش خواردنی بەتام و چێژی دروست دەکرد. زۆرجاریش لەپێش دەرگاکەی پیاوێکی هەژارو نەخۆش و لەش پڕ برین دادەنیشت ناوی لەعازر بوو. هیچ ڕۆژێك کەس دڵی نەدەدایەوەو خەمەکانی سووك نەدەکرد، بۆیە هەندێکجار سەگ دەهاتن و پێستی ئەو پیاوەیان دەلێستەوەو بەختەوەریش بوو ئەگەر پاشماوەی خواردنی ئەو دەوڵەمەندەی دەست بکەوتایەو بیخواردبووایە. ئەو پیاوە هەژارە مرد، ئێستاش لەشوێنگەی خۆشبەختاندایە. دواتر پیاوە دەوڵەمەندەکەش مردو بەڕێزەوە شاردرایەوە، کەچی بەشی ئەو وەکو بەشی پیاوە هەژارەکە نەبوو، چونکە کاتێك چاوی هەڵبڕی بینی لەعازر لەلای ئیبراهیم دانیشتووە هاواری کرد: ئەی باوکەی ئیبراهیم ڕەحمم پێبکە و

لەعازرم بۆ بنێرە، چونکە ئەوە دەبێتە هۆی سارێژ کردنی برینەکانم و ئارام کردنەوەم وەکو چۆن ئەوەی تادار بەدڵۆپەی ئاو سارد دەکرێتەوە.

ئیبراهیمیش وەڵامی دایەوە: کوڕی خۆم بیرت بێت تۆ لەو دونیای تردا بەشی خۆت لەخێرو خۆشی وەرگرتووە، کەچی بەشی لەعازر هەر ناخۆشی بوو. ئێستا ئەو لەخۆشیدایەو تۆش لەنێو ئازار. پیاوەکەش گوتی: کەواتە خوایە داوات لێدەکەم بینێریتە ماڵی باوکم، چونکە من پێنج برام هەیە با ئاگاداریان بکاتەوە کە من چیم بەسەر هاتووەو ئەوان ئاگاداری خۆیان بن نەوەکا وەکو منیان بەسەر بێت و چارەنووسیان وا بێت. ئیبراهیمیش وەڵامی دایەوە: ئەوان لەنێو عەقڵی خۆیاندا نامووسیان هەیە، هەروەها مرۆڤی چاکەخوازیش هەیە ڕێنماییان دەکاتو فێریان دەکات، با گوێی لێبگرن. پیاوەکەش گوتی: ئەوەندە بەس نییە، بەڵام ئەگەر مرۆڤێك لەگۆڕ بێتە دەرەوەو بێتە بەر چاویان، بێگومان باشتر دەبن و چاکەی زۆرتر دەکەن. ئیبراهیمیش وەڵامی دایەوە: ئەوەی بەمرۆڤ دراوە نامووسی عەقڵی خۆیەتی. هیچ مەعریفەیەکی تر ناگاتە ئەو نامووسە نە لەئاسمان و نە لەگۆڕەوە، چونکە ناکۆك و دژکارە لەگەڵ ڕۆحی ئەو نامووسە کە ملکەچییەکی ئازادانە دەخوازێت نەوەکو ملکەچییەکی کوێلانە کە بە تۆقاندن زەوتکراوە".

لە بۆنەیەکی تریشدا کە زۆر ڕوون نییە کەی بووە، هاوڕێیانی یەسووع داوایان لێکرد هانی ئازایەتی و خۆڕاگریان بدات، ئەویش پێیگوتن:

"هیچ شتێك ناتوانێت ئەوا ئەنجام بدات، تەنیا بیرکردنەوە نەبێت





لەو ئەرکەی پێتان سپێردراوە، ئەو ئامانجە باڵایەو چارەنووسی مرۆڤ نەبێت. بەو ڕێگایە ئێوە هەرگیز ناگەنە ئەو بڕوایە کە گەیشتوونەتە کۆتایی کارەکەتان، بۆیە لەمڕۆ بەدواوە مافی خۆتانە چێژی لێ وەربگرن. کاتێ خزمەتکارێك لە کێڵگە دێتەوە، خاوەنەکەی پێی ناڵێت: ئێستا بڕۆ بۆخۆت کەمێك بحەسێوە. بەڵکو پێی دەڵێت: بڕۆ نانم بۆ ئامادە بکەو خزمەتم بکە، ئینجا خۆت بڕۆ نان بخۆ. کاتێکیش خزمەتکارەکە ئەو کارانە جێبەجێ دەکات، خاوەنەکەی هەست ناکات پێویستە لەسەری سوپاسی بکات لەبەر ئەوەی ئەرکی خۆی جێبەجێ کردووە.

ئێوەش هەر وان، کاتێك کارێك دەکەن کە دەبێت بیکەن، مەڵێن: زیاد لەپێویست کارم کردووە و ئێستاش کاتی کارکردن بەسەر چووە و دەبێت کاتی حەسانەوە بێتە پێشەوە. بەڵکو بڵێن: ئێمە هیچمان نەکردووە تەنیا ئەرکی خۆمان جێبەجێ کردووە.

جارێکی تریش فەریسییەکان کە ناتوانن لەوێناکردنی هەستییانەی خۆیان دەرباز بن لەبارەی مەلەکووتی خوا. لە یەسووعیان پرسی:

"کەی مەلەکووتی خوا دێت؟". ئەویش وەڵامی دانەوە:

"مەلەکووتی خوا بەباق و بریق و ئاماژەی دەرەکی دەرناکەوێت و نابێت بگوترێت: تەماشاکە لێرەیە، یا وا لەوێیە. چونکە مەلەکووتی خوا دەبێت لەنێو دڵ و دەروونی خۆتان دابمەزرێت".

ئینجا ڕووی کردە قوتابیەکانی و گوتی:

"ئێوەش بەردەوام حەز دەکەن مەلەکووتی خوا ببینن لێرە لەسەر زەوی دامەزرابێت. زۆرجاریش پێتان دەگوترێت برایەتییەکی

خۆشبەختانە هەیە لێرە یا لەوێ لەنێوان ئەو کەسانەی کە ملکەچی ناموسی ڕەوشتێتین. بەدوای ئەو جۆرە سەرابانە ڕامەکەن و چاوەڕوانی ئەوەش مەبن مەلەکووتی خوا لەسەر شێوەی دەوڵەتێکی بریقەدارو درەوشاوەی هەندێك مرۆڤ بەدی بکەن، یا بتانەوێت لەنێو کۆمەڵگایەکدا ببینن کە لەژێر کۆنترۆڵی شەریعەتە گشتییەکانی یەکێك لەکڵێساکانە. ئەو جۆرە حاڵەتە هێمن و ڕۆشنە چارەنووسی هاوڵاتیانی ڕاستەقینەو هەڵبژێردراوی مەلەکووتی خوا نییە، بەڵکو ئەو چەوساندنەوەیە کە زۆرجار لەسەر دەستی ئەو جوولەکانە دێت کە شانازی بەوە دەکەن هاوڵاتی ئەو جۆرە کۆمەڵگایەن.

ئەگەر دوو کەس هەمان بڕوا جاڕدەن و سەر بەیەك کڵێساش بن، دەشێت یەکێکیان پیاوی چاك بێت و ئەویتریشیان خراپ. بۆیە چیتر خوو بەشێوەو فۆڕمی دەرەکییەوە مەگرن! ڕێگا مەدەن دەروونتان بخزێتە نێو دڵنەوایی بەوەی هەست بکەن ئێوە بەڕەچاوکردنی وردی شێوەو فۆڕم هەمموو ئەرکەکانتان جێبەجێ دەکەن، چونکە خۆشەویستی ژیان و چێژ بەوە تێر دەبێت. ئەوەی لەپێناو ئەرکدا نەتوانێت قوربانی بەو خۆشەویستییە بدات، ئەوە خۆی وا لەخۆی دەکات کە شیاوی ئەو ئەرکە نەبێت.

وەکو دەبێت ئێوە بەردەوام لەهەوڵ و کۆشش دابن و لێتان دانەبڕێت ئەگەر لەماوەیەکی دوورو درێژدا بینیتان هیواکانتان بە بەدەستهێنانی خێر لەو خەباتەتان نەهاتۆتە دی، بۆیە واتان لێبێت بڕیار بدەن لەگەڵ شەپۆلی گشتی گەندەڵیدا مەلە بکەن، چونکە ماندوو بێزار بوون، وەکو





چۆن ئەوە ڕاستگۆیی و دەسپاکی دادوەر نییە کە وادەکات یەکێك لە لایەنگرانی لەلا پەسندتر بێت، بەڵکو ئارەزوویەتی بۆ خۆ دەرباز کردن لەخوازەلۆکی داواکارییەکانی.

ئێوەش بەهۆی هەوڵ و تێکۆشانتان خێری زۆر بەرهەم دێنن، ئەگەر بەمەزنێتی ئەو ئامانجە درك پێبکەن کە ئەرکەکە دیاریکردووە، ئەوە هەوڵ و کۆششتان وەکو ئامانجەکە هەتا هەتایێ بەردەوام دەبێت و هەرگیز لاواز نابێت، جا لەو ژیانەدا بەری گەییوی ببینن، یا نەبینن!".

لەبەر ئەو فەریسییانەی کە پێیان وایە ئەوان مرۆڤی کاملن، بۆیە لەبەر ئەو بانگەشەیەوە ڕقیان لە مرۆڤەکانی ترە، یەسووع ئەو چیرۆکەی گێڕایەوە:

"دوو پیاو چوونە پەرستخانە بۆ ئەوەی نوێژ بکەن، یەکێکیان فەریسی بوو ئەویتریشیان دەسێن. فەریسییەکە بەدەنگێکی هەندێك بەرز نوێژی کردو گوتی: خوایە سوپاست دەکەم کە من وەکو خەڵکانی تر نیم، وەکو ئەو دەسێنە دزو زۆردارو زایەندکار نیم، من هەفتانە دوو ڕۆژ بەڕۆژوو دەبم و بەردەوام بەشداری خزمەتکردنی خوا دەکەم و دەسپاکانە دەیەی داهاتەکانم بۆ پەرستخانە تەرخان دەکەم.

کەچی دەسێنەکە هەندێك لەدوورتر وەستاو نەیوێرا سەری بەرز بکاتەوە بۆ ئاسمان و بەدەست لەسینگی خۆی دەداو بەکوڵ نوێژی دەکردو دەیگوت: خوایە ڕەحمم پێبکە من هەڵەم!".

ئینجا یەسووع گوتی:

"پێتان دەڵێم، ئەو پیاوەی دووەم کە گەڕایەوە ماڵەوە ویژدانی لە

پیاوە فەریسییەکە ئاسوودەترە".

یەکێك لەپیاوە ماقووڵە گەنجەکان هاتە پێش یەسووع و پێیگوت:

"ئەی مامۆستای چاکەخواز، پێویستە چیبکەم بۆ ئەوەی چاکەخواز بم و لەبەردەم خوادا موستەحەقی ئەوپەڕی خۆشبەختی بم لەدوای ئەو ژیانەدا؟". یەسووعیش وەڵامی دایەوە:

"بۆچی بەپیاوێکی چاکەخواز بانگم دەکەیت؟ تەنیا خوا چاکەخوازە. تۆ باش ئەو ڕاسپاردانە دەزانیت کە مامۆستاکانتان فێرتانی دەکەن: زینا مەکەن، مەکوژن، بەدرۆ شایەدی مەدەن، ڕێزی دایك و باوکتان بگرن".

ئینجا کوڕە گەنجەکە وەڵامی دایەوە:

"هەر لە منداڵییەوە ڕەچاوی ئەو شتانەم کردووە". یەسووعیش پێیگوت:

"باشە، بەڵام ئەگەر هەستتکرد دەتوانیت لەوە زۆرتر بکەیت، دەوڵەمەندییەکەی خۆت بەکار بێنە بۆ یارمەتی هەژاران و هانی ڕەوشتێتی بدەو لەو کارەشدا هاوکاریم بکە".

کوڕە گەنجەکە کە گوێبیستی ئەو قسانە بوو، زۆر خەمبار بوو، چونکە پیاوێکی زۆر دەوڵەمەند بوو، یەسووعیش تێبینی ئەوەی کردو بە قوتابییەکانی خۆی گوت:

"ئەو هێزە چەندە مەزنە کە خۆشەویستی پارە مرۆڤی پێدەخاتە نێو تەڵەو داوەکانی خۆی! ئەو کۆت و پێوەندەش چەندە قورسە کە چاکەخوازی پێ دەبەسترێتەوە! چاکەخوازی پێویستی بەقوربانی هەیە،





خۆشەویستی پارەش بەردەوام پێویستی بەدەسکەوتی تازەو زیاتر هەیە. یەکەمیان دەخوازێت ئاستێك بۆ ئارەزووەکانمان دابنێین، ئەویتریشیان دەیەوێت موڵك و سامانەکەی فراوانترو زۆرتر ببێت".

لێرەدا هاوڕێیانی لێیان پرسی:

"بەڵام باشە چۆن بە ئومێدبین ئەو خولیا سروشتیەی مرۆڤ ئەو ڕەوشتێتیە نەکاتە کارێکی ئەستەم؟". یەسووعیش وەڵامی دانەوە:

"دژکاری ئەو خولیایانە کۆتایی هات، کاتێك خوا دەسەڵاتێکی یاسادانانی بەیەکێکیاندا کە تەنیا فرمانی ئەرك دەردەکات، ئەو دەسەڵاتە هەوڵدەدات سەرکەوتوو بێت و خواش ئەو هێزەی پێداوە بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێت". پەترۆسی هاوڕێی یەسووعیش پێیگوت:

"تۆ خۆت دەزانیت ئێمە هەموو شتێکمان بەجێهێشت تاوەکو بەدوای فێربوون لەتۆوە بین و خۆمان تەنیا بۆ ڕەوشتێتی تەرخان کردووە". یەسووعیش پێیگوت:

"لەپێناو هەموو ئەو شتانەی لەدوای خۆتاندا بەجێتان هێشت، ئەو هەستەی ئێوە لەمیانەی ژیان لەپێناو ئەرکدا وەرتان گرتووە قەرەبووکردنەوەیەکی گرانبەهای دەروونی ئێوەیە لەو ژیانەداو هەتا هەتاییٚ".

یەسووع لەگەڵ شوێنکەوتووانی کە ئەو دوازدە کەسە بوون کە خۆی هەڵیبژاردبوون، گەیشتە نزیك ئۆرشەلیم. ئینجا دەستیکرد ناخی دڵتەنگی خۆی بۆ هەڵڕێژتن لەبارەی ئەو پێشوازییەی کە چاوەڕوان دەکرێت لێی بکرێت و ئەو مامەڵەیەی لەوێدا لەگەڵی دەکرێت، ئەو

هەستەی تەواو جیاواز بوو لەوەی قوتابیەکانی پێشبینیان دەکرد بە بەراورد لەگەڵ مانەوەی ماوەکانی تری لەو شارەدا.

تەنانەت ئەو قوتابیانەش کە ڕۆژ بەڕۆژو هەنگاو بەهەنگاو بەدوای یەسووعەوە بوون و گوێبیستی ڕێنماییەکانی دەبوون، لەدەروونی جوولەکانەی خۆیاندا بڕوایان وابوو یەسووع دێت لەبەردەم خەڵکدا وەکو پاشایەك دەردەکەوێت و سەرلەنوێ باق و بریقی دەوڵەتی جوولەکەو سەربەخۆیی لەدەستی ڕۆمانییەکان بەدەست دێنێتەوەو تۆڵەی ئەو بێبەشی و ناخۆشییانەیان بۆ دەکاتەوە کە لەماوەی هاوڕێیەتی و هاوکاری وەکو قوتابی لەگەڵیدا بوون، بەوەی دەسەڵات و مەزنێتییان پێبدات. ئەوان هێشتا لەنێو ئەو هیواو ئاواتەدا دەژیان و هێشتا لەگەڵ مانای ڕۆحی مەلەکووتی خوا نەگونجا بوون وەکو سەروەرییەکی یاسای ڕەوشتێتی بەسەر مرۆڤایەتیدا.

دایکی یۆحەنناو یەعقوب لە یەسووع نزیك کەوتەوەو خۆی خستە سەر پێیەکانی، کاتێکیش یەسووع لێی پرسی چی دەوێت، ئەو ئافرەتە پێی وابوو خۆی و کوڕەکانی نزیك بوونەتەوە لەبەدیهێنانی هیواو ئاواتەکانیان، جا داوای لێکرد:

کاتێك مەملەکەتی خۆت دادەمەزرێنیت، پلەو پایەی کوڕەکەم بەرز بکەوە بۆ جێگری ڕاستەوخۆی پلەو پایەی خۆت".

یەسووعیش وەڵامی دانەوە:

"ئێوە نازانن داوای چی دەکەن. ئایا ئێوە ئامادەن بۆ ژیان لەپێناو ئەو ئەرکەی شانتان داوەتە بەری بۆ چاککردنەوەی مرۆڤ و





هاوچارەنووسی من بن، جا هەرچییەك ڕوو بدات و بێتە پێشەوە؟".

ئەوانیش کە بڕوایان وابوو ئەو چارەنووسە بێگومان چارەنووسێکی ڕۆشن دەبێت، وەڵامیان دایەوە:

"بەڵێ! ئێمە ئامادەین!". بۆیە یەسووع گوتی:

"کەواتە ئەرکی خۆتان جێبەجێ بکەن و بەهێمنی چارەنووسی خۆتان قبووڵ بکەن و چاوەنۆڕ مەبن ببینن ئەو ئاواتەی هەتانە بێتە دی. هیچ شتێك لەبەردەم خوایەتیدا بەهای ئێوە دەرناخات، تەنیا پاکی ئەو سۆزە ئاشکرایەتان نەبێت لەبەردەم خوادا، نەوەکو لەبەردەم مندا".

قوتابیەکانی تر لەداواکاری ئەو دوو برایە تووڕە بوون، بۆیە یەسووع پێیگوتن:

"ئێوە دەزانن ئارەزووی کۆنترۆڵکردن شەهوەتێکە پڕ لە فریودانە و لەنێو مرۆڤیشدا بڵاوەو لەنێو فراوانترین و تەسکترین بواری ژیاندا بوونی هەیەو بەرجەستە دەبێت! با ئەو شتە لەنێو ئەو گرووپەی ئێوەدا نەبێت! دەست بەخۆشەویستی یەکترییەوە بگرن و خزمەتی یەکتریش بکەن وەکو چۆن ئامانجی ژیانی من هەرگیز ئەوە نەبووە فرمان بەسەر خەڵکدا بکەم، بەڵکو ئەوە بووە خزمەتی مرۆڤایەتی بکەم تا ڕادەیەك کە ژیانی خۆمی بۆ بکەمە قوربانی".

هاوڕێکانی ویستیان بزانن ئایا ئەو بەشێکی گەورەی دەسەڵاتەکەی خۆی کە خەریکە وا نزیکە بێتە دی، دەداتە دەست ئەوان بەهۆی هاوڕێیەتیو سۆزو خۆشەویستی نێوانیان، بۆیە یەسووع لەبارەی جیاوازی بەهای مرۆڤ بەو پەندە بۆیان دوا:

"یەکێك لە میرەکان چووە وڵاتێکی دوور بۆ ئەوەی حوکمی تێدا بگێڕێت. پێش ئەوەی لەو وڵاتە بڕوات کە پێشتر لێی میر بوو و حوکمی دەکرد، دە کێشە زێڕی دایە خزمەتکارەکانی تاوەکو بازرگانی پێ بکەن. کاتێك بەڕێگاوە بوو بچێتە نێو وڵاتە تازەکەی، خەڵکی وڵاتەکەی وەفدێکیان بۆ ناردو پێیان ڕاگەیاند کە ئەوان دان بە دەسەڵاتدارییەکەی نانێن، بەڵام سەرەڕای ئەمەش گەڕایەوە وڵاتەکەی پێشووتر و دەسەڵاتەکەی خۆی پاراست. ئینجا داوای لە خزمەتکارەکانی کرد ئەو پارەیەی بۆ بگێڕنەوە کە پێیدا بوون، یەکەمیان هاتو پێیگوت: بەو سەرمایە زێڕەی پێت دابووم، توانیم یەك بە دە بەدەست بێنم. میرەکەش وەڵامی دایەوە: زۆر باشە، بەباشی ئەو بڕە کەمەت بەکارهێنا کە پێم دابووی، بۆیە شتی زیاترت پێدەدەم و گەرەکمە بتکەم بەحاکمی دە شار. ئەوەیتریان هات یەك بە پێنجی بەدەستهێنا بوو، کردی بەحاکمی پێنج شار.

یەکێکی تریش هات و گوتی: ئەوە زێڕەکەت دەدەمەوە بەبێ ئەوەی ونم کردبێت، زۆر بەباشی پاراستوومەو نەوێرام بە بەلاش سەرکێشی پێوە بکەم، چونکە تۆ شازادەیەکی دڵڕەقی و دەتەوێت شتێك ببەیت کە هی خۆت نییە و بەروبوومێك بدوریتەوە کە تۆ نەتچاندووە.

میرەکەش وەڵامی دایەوە: ئەو پاساوانەی خۆت ئیدانەت دەکەن. مادام دەزانیت من پیاوێکی دڵڕەقم و دەمەوێت شتێك بدوورمەوە کە خۆم نەمچاندووە، ئەی باشە بۆ سامانەکەت نەداوەتە دەست پارەگۆڕ تاوەکو کاتێك وەری دەگریتەوە بە سوودەوە بیدەیتەوە بەمن، ئەوە تۆ





تازە ئەو پارەیەت لەدەست چوو و دەبێت بۆ ئەو کەسە بێت کە دە هەندەی قازانج کردووە.

خزمەتکارەکانی تر سەریان سووڕما کاتێك بینیان خاوەنی دە بڕە پارەکە ئەو سەرمایە زێڕەکەش وەردەگرێت، بەڵام میرەکە پێیگوتن: هەر کەسێك بتوانی ئەو شتانەی کە پێی دەسپێردرێت بەباشی بەڕێوە ببات، شتی زۆرتری پێدەدرێت. هەر کەسێکیش بەخراپی بەکاری بێنێت، یا هەرگیز بەکاری نەهێنێت، ئەوە بەو کارەی پیشانی دەدات شیاوی ئەوەی نییە کە پێی دەدرێت. ئێستاش بڕۆن ئەو کەسانەم بۆ بێنن کە ملکەچی بڕیارەکانی من نەبوون تاوەکو سزایان بدەم.

کە میر کاری وای کرد، خواش بریار لەسەر بەهای مرۆڤەکان دەدات بە گوێرەی شێوازی بەکارهێنانی دڵسۆزانەی ئەو هێزانەی کە پێیان دراوەو چەندە گوێڕایەڵی یاسا ڕەوشتییەکان دەبن کە دەبینن دەبێت ملکەچی بۆ بکەن".

لێرەشدا ( یەسووع لە ئەریحا بوو کە بەڕۆیشتن نزیکەی شەش کاتژمێر لە ئۆرشەلیم دوورە)، فەریسییەکان سەرلەنوێ بێزاری خۆیان پیشاندا لەوەی یەسووع لەماڵی یەکێك لە دەسێنەکان دابەزیوەو بۆتە میوان، ئەو باجگرە دەسێنەش ناوی زەککا بوو. کاتێك یەسووع چووە ئەو شوێنە، زەککا زۆر هەوڵیدا لە یەسووع نزیك بکەوێتەوە، بەڵام بەهۆی کورتیی بەژن و باڵای نەیتوانی لەنێو خەڵکدا بگاتە ئەو ئاواتەی، بۆیە بەناچاری چووە سەر درەختێك تاوەکو بتوانێت یەسووع ببینێت. زەککا تووشی سەرسوڕمان هات کاتێك یەسووع ڕێزی گرت و بڕیاریدا ببێتە

میوانی و له ماڵه‌کەی ئەو پشوویێك بدات، بۆیە توانی وێنای ئەو بیرۆکەیە بکات کە یەسووع لە بارەی ئەوەوە دروستی دەکات، مادام زانیویەتی کە ئەو تا ئەو ڕۆژەی پیشەی دەسێنی هەبووە، هەستیکرد ڕەنگە بەشێوەیەك دەربکەوێت کە لەبەرژەوەندی خۆیدا نەبێت، بۆیە بە یەسووعی ڕاگەیاند کە ئەو ئێستا شێوازی بیر کردنەوەی خۆی چاککردۆتەوەو گوتی:

"ئامادەم نیوەی سامانەکەم بدەمە خەڵکی هەژار، ئەگەر هەر کەسێکیشم ئیستیغلالکردووە، ئامادەم چوار ئەوەندە قەرەبووی بکەمەوە". یەسووعیش خۆشی خۆی پیشاندا لەوەی کە زەککا دەگەڕێتەوە سەر ڕێگای ڕاست و پێیڕاگەیاند کە لەسەر زەمین ئامانجی ئەوەیە مرۆڤ بەو ڕێگا ڕاستەدا ببات.

جەژنی فەصح نزیك بۆوەو زۆرینەی جوولەکەکان لە ئۆرشەلیم بوون و یەسووعیش چەند ڕۆژێك لەنزیك ئۆرشەلیم مایەوە لەشارێك کە ناوی ئەفرام بوو، بەوردیش لە بێت عانیادا مایەوە.

لەکاتی یەکێك لەژەمەکانی خواردندا کە لەوێ بۆی ئامادە کرابوو، ئافرەتێك هاتە لای ناوی مریەم بوو کە هاوڕێی یەسووع بوو بەزەیتێکی بۆنخۆش پێیەکانی یەسووعی چەور کردبوو و بەقژەکەی خۆیشی بۆی سڕیبۆوە، ئەو کاتەش یەهوودا کە پەیامبەرێکی یەسووعەو سەرپەرشتیاری سندووقی پارەکانی یەسووع بوو، پێی وابوو باشتر بوو ئەگەر ئەو زەیتە بۆنخۆشە گرانبەهایەی بفرۆشرابۆوەو پارەکەی بدرایە هەژاران. یەهوودا بیری لەوە کردبۆوە پارەی نرخەکەی بخاتە نێو کیسەکەی خۆی، چونکە ئەو هەرگیز لەکاتی بەخشینی پارە بەسەر





هەژاراندا خۆی لەبیر نەدەکردو بەشی خۆیشی دەبرد.

بەڵام یەسووع ئاگاداری کربۆوە کە نابێت بەو قسەیە دڵی مریەم بشکێنێت و پێیوابوو ئەو کارەی مریەم گوزارشتە لە هاوڕێیەتییان، چونکە ئەو کارە وەکو ئەوە وابوو کاتێك خەڵك کەسێکی خۆشەویستییان دەمرێت دێن مۆمیای دەکەن. کەچی یەهوودا دەیتوانی لەهەموو بۆنەیەکدا ئەو سەخاوەتەی کە بانگەشەی بۆ دەکات بەرانبەر بە هەژاران بنوێنێت.

لەو کاتانەدا کۆڕی گەورەی جووان وەکو هەموو جووەکان، ئەو جەژنەیەش چاوەڕوانی هاتنی یەسووع بوون، چونکە بڕیاریاندابوو لەو بۆنەیەدا دەسگیری بکەن و بڕیاری مردنی بۆ دەربکەن. بەڵام لەترسی هاوڵاتیانی جەلیل کە لەوێدا ئامادەبوون و دۆست و خزمی یەسووع بوون نەوەکو ئازادی بکەن، نەوێران لەوجەژنەدا ئەو کارە بکەن و دوایان خست بۆ دوای جەژن.

کۆڕی گەورەی جوولەکە هەموو کارێکیان بەتەواوی ڕێکخستبوو تاوەکو هەر کاتێك یەسووع لەنێو پەرستخانەدا بینرا ڕاستەوخۆ دەسگیری بکەن، بەڵام ئەوانەی دانرابوون تاوەکو چاودێری هاتنی یەسووع بکەن بۆ نێو پەرستخانە، نارەحەت بوون، چونکە لەڕۆژی یەکەمی جەژندا یەسووعیان لەوێدا نەبینی.

دوای تێپەڕینی شەش ڕۆژ بەسەر داوەتەکەدا، یەسووع گەیشتە ئۆرشەلیم و لە دوورەوە کاتێك شارەکەی بینی فرمێسك بەچاوەکانیدا هاتنە خوارەوەو گوتی:

"خۆزگە دەتزانی چ شتێك بۆ ڕزگار كردنی تۆ بەسوودە! بەڵام تۆ هیچ شتێك نابینیت و لێت شاردراوەتەوە، چونكە لەخۆباییبوون و جەختكردنەوەت لەسەر بڕیارە پێشوەختەكانت و تووندڕەویت دژ بەخۆت هانی دوژمنانت دەدات. گەمارۆت دەدەن و لەهەموو لایەكەوە دەرووەت دەگرن تاوەكو دەستوورو وڵاتەكەت خاپوور دەكەن، هەر ئەوانەش هۆی كبریائی تۆن و دەخرێیتە ژێر گڵەوە، بەبێ ئەوەی هەست بەمەزنێتی بكەیت بەوەی كە تۆ لە پێناو بەرگری كردن لە شتێكی پیرۆزو خێرخوازانەدا وات بەسەر هاتووە".

یەسووع وەكو دابونەریتی خۆرهەڵاتییەكان سواری پشتی گوێدرێژێك ببوو و هەندێك خەڵك كە ناسییانەوە بەرەو ڕووی هاتن و بەچڵە زەیتوون پێشوازییان لێكردو بە گۆرانی و هەلهەلەی ئەوانەوە چووە نێو شارەكە. یەسووع شەو لە ئۆرشەلیم نەمایەوە، بەڵكو گەڕایەوە بۆ بێت عەنیا، بەڵام بۆ بەیانی دیسان گەڕایەوە ئۆرشەلیم و لەبەردەم خەڵكدا لەنێو پەرستخانە دەركەوت و دەستیكرد بەفێركردنی خەڵك.

دوژمنەكانی هەوڵیاندا بەهەندێك پرسیار تەنگاوی بكەن و كێشەی بۆ بنێنەوە، مەبەستیشیان لەلایەك ئەوە بوو بیانوویەكی لێبگرن تاوەكو دواتر شكایەتی لێبكەن، لەلایەكی تریش بۆ ئەوەی وا بكەن خەڵك ڕقی لێ ببێتەوە، چونكە لەوەی دووەم دڵنیا نەبوون و زۆرتر ترسا بوون كاتێك بینیان خەڵك بەو شێوەیە پێشوازییان لێكرد.

ڕۆژێك كە یەسووع لەنێو پەرستخانەدا وەستا بوو خەڵكی فێر دەكردو ڕێنماییەكانی خۆی بڵاو دەكردەوە، پرسیاریان لێكرد كە كێ ئەو





دەسەڵاتەی پێداوە بتوانێت ڕێگا بەخۆی بدات خەڵك فێر بكات؟

ئەویش وەڵامی دانەوە كە:

"ڕێگام بدەن لەبری وەڵام، من پرسیارێكی ترتان لێبكەم: ئایا سەرگەرمی یۆحەننا بۆ ڕاستی و چاكەخوازی پاڵیان پێوەنا بوو دەست بەفێر كردنی خەڵك بكات؟ یا لەڕێگای ئەو كارەوە ئامانجی خۆ ویستانەی هەبوو؟". ئەو كەسانەی پرسیارەكەیان ئاراستەی یەسووع كردبوو دووچاری شڵەژان هاتن و بیریان كردەوە كە ئەگەر بڵێین لەپێناو حەقیقەت و خێرخوازی بووە، ئەوە بێگومان یەسووع پێمان دەڵێت: ئەی كەواتە بۆ گوێتان لێ ڕانەگرت؟ ئەگەر بڵێین لەپێناو مەزنێتی شەخسی خۆی بووە، ئەوە خەڵك دەكەونە دژمان و لێمان توورە دەبن، بۆیە بەناچاری گوتیان نازانین. لێرەدا یەسووعیش پێیگوتن:

"منیش ناتوانم وەڵامی پرسیارەكەی ئێوە بدەمەوە، بەڵام ئێوە خۆتان بڕیار بدەن: پیاوێك دوو كوڕی هەبوو، بەكوڕی یەكەمی گوت بڕۆ ناو ڕەزو كاری تێدا بكە، ئەویش گوتی من ناڕۆم. بەڵام دواتر لەو قسەیەی پەشیمان بۆوەو چووە ناو ڕەزەكەو كاری تێدا كرد. هەمان قسەی بەكوڕی دووەمیش گوت، ئەو یەكسەر هەستایە سەر پێ و بەڵێنی پێدا كە دەڕوات، بەڵام نەڕۆیشت. باشە كامەیان قسەكەی باوكیان جێبەجێكرد؟".

لێرەدا خەڵكەكە گوتیان:

"كوڕی یەكەم". یەسووعیش وەڵامی دانەوە:

"ئێوەش هەر وان. هەندێك مرۆڤ هەن ناسراون بەوەی كە خراپەكارن، بەڵام كاتێك گوێیان لەدەنگی خێرخوازی بوو كە یۆحەننا

بانگەشەی کرد، چوون. ئێستا ئەوان لەئێوە باشترن، ئێوە کە بانگەشەی ئەوە دەکەن گوایە بەردەوام ناوی خواتان لەسەر زارەو لەپێناو پەرستنی ئەودا دەژین".

ئینجا یەسووع چیرۆکێکی تری بۆ گێڕانەوەو گوتی:

"پیاوێك باخە ترێیەکی مەزنی چاند و بەدیوار شوورەی قایمی بۆ کردو دایە دەست هەندێك ڕەزەوانی شارەزا تاوەکو بیکێڵن، خۆیشی ڕۆیشت. لە پاییزدا خزمەتکارەکانی خۆی نارد تاوەکو لەو بەرهەمە بەشە ترێی خۆی بۆ بەرن، باخەوانەکان زۆر بەناشیرینی و بەخراپی مامەڵەیان لەگەڵ ئەو خزمەتکارانە کرد. بۆیە ئەو ناچار بوو هەندێکی تر بنێرێتو چارەنووسی ئەوانیش هەر وەکو دەستەی یەکەم وابوو. ناچار کوڕەکەی خۆی نارد بەهیوای ئەوەی باخەوانەکان ڕێزی بگرن. بەڵام ئەو باخەوانانە لەبری ڕێزگرتن، بیریان لەوە کردەوە کە ئەو کوڕە میراتگری باوکییەتی، ئەگەر بیکوژن دەتوانن دەست بەسەر هەموو موڵکەکەدا بگرن، بۆیە کوشتیان".

لێرەدا یەسووع ڕووی کردە خەڵکەکەو لێیانی پرسی:

"ئەو خاوەن ڕەزە چی بکات باشە؟". ئەوانیش وەڵامیان دایەوە کە:

"دەبێت بەتوندی سزای باخەوانەکان بدات و باخەکەش بداتە دەست هەندێك باخەوانی تر بەجۆرێك حەقی خۆی لەترێ پێبدەن".

بۆیە یەسووع پێیگوتن:

"جوولەکەش ئاوان، لە پێش گەلانی تری سەر زەوی دەرفەتیان پێدراوە بەڕاستی بتوانن چەمکە ڕاستەقینەکانی خوایەتی فێر بکرێن و





ملکەچی ویستی بن وەکو مرۆڤ. بەڵام ئەوان ئەو بەرو بەرهەمەیان پیشکەش نەکرد وا بکات خوا لە مرۆڤ ڕازی بکات. بۆیە ئێستا ئەستەمە پێتان وا بێت ئێوە لەلای خوا لەپێشترن لەگەلانی تر هەر تەنیا لەبەر ئەوەی پێشتر لەپێش بوون. بۆیە تاوانە ئەگەر ئێوە ئازاری ئەو مرۆڤانە بدەن کە هەست دەکەن یا پێتان دەڵێن هەندێك شتی باڵاتر هەیە لەوەی ئێوە، ئەوەش بەهای ڕاستەقینە بەمرۆڤ دەبەخشێت".

دوای تەواو بوونی ئەو قسانەو دەرفەتدان بە یەسووع تا سەرکۆنەیان بکات، ئەندامانی کۆڕی جوولەکە خەریکبوو دەست بکەن هێرش بکەنە سەر یەسووع و دەسگیری بکەن، بەڵام لەکاردانەوەی خەڵکەکە ترسان.

هەندێك جوولەکەی یۆنانیش ئەو ساڵە بەبۆنەی جەژنەوە هاتبوونو ویستیان قسە لەگەڵ یەسووع بکەن. پێدەچێت ئەوانە ڕوویان کردبێتە لای هەندێك لە هاوڕێکانی یەسووع بۆ ئەوەی داوای لێبکەن قسەی لەگەڵدا بکەن. یەسووع هیچ خۆشییەکی بەو کارە پیشان نەدا، چونکە پێیوابوو ئەوانەش هەر هەڵگری هەمان بیرو بۆچوونی باوی جوولەکەن لەبارەی ماسییاوە و دەیانەوێت بەوەی کە پاشاو سەروەری جوولەکەیە، پێشوەختە لێی بپاڕێنەوە، بۆیە بەقوتابیەکانی خۆی گوت:

"ئەو کەسانە بەهەڵەدا دەچن ئەگەر پێیان وابێت من حەز دەکەم لەسەر شێوەی ماسییا دەربکەوم وەکو ئەوەی ئەوان وێنای دەکەن. ئەوانە بەهەڵەدا چوون ئەگەر پێیان وابێت من داوای خەڵك دەکەم بۆ ئەوەی خزمەتم بکەن، یا مەزنتر دەبم ئەگەر بێن ببنە ئەندامی دەست و

پێوەندی من. ئەگەر ئەوانە ملكەچی یاسای پیرۆزی عەقڵی خۆیان بوون، ئێمە دەبینە براو یەك گرووپ.

ئەگەر پێیان وایە ئامانجی من شكۆداری و هێزە، ئەوە بەو بۆچوونەیان چارەنووسی باڵای مرۆڤ لەبیر دەكەن، یا وا دەزانن من لەبیرم كردووە. وەكو چۆن ئەو تۆیەی یەكەمجار دەخرێتە نێو زەوی دەمرێت تاوەكو ناوكەكەی دەبێتە قەدێك، ئەوە منیش هەر وام، داوا ناكەم بژیم تاوەكو بەری كارەكانی خۆم ببینم، هەروەها ڕۆحیشم، هێشتا چارەنووسی خۆی لەنێو پەردەی ئەو جەستەیەدا تەواو نەكردووە.

لەپێناو پاراستنی ژیانی خۆم، ئایا دەبێت خیانەت لەو شتە بكەمە كە دەزانم ئامانجی منە؟ من بەخەمبارییەوە لەو خولیایانە ڕادەمێنم كە نەخشەو پلانەكانی بەڕێوەبەرانی ئەو گەلە ئامادەی دەكەن. ئەوانە دەیانەوێت ژیانم لێ بسێنن. باشە لەپێناو ئەو كارەدا ئایا پێویستە لە سەرمو ئارەزوو بكەمو داوا لەخوا بكەمو بڵێم: باوكە لەو مەترسییە دەربازم بكە؟ نەخێر. چونكە سەرگەرمی من بۆ بانگەشەكردنی خەڵك بۆ خزمەتكردنی ڕاستەقینەی خوایەتی و چاكەخوازی وام لێدەكات بكەومە نێو ئەو هەڵوێستەوە، منیش ئامادەم بەرگەی هەموو ئەو ئەنجامانە بگرم.

باشە ئەوە جارێكی تریش پێچەوانەی پێشبینییەكەی ئێوەیە كە دەبێت ماسیا نەمرێت؟ باشە ئەی ژیان خۆی بەڕای ئێوە شتێكی مەزنەو مردنیش شتێكی ترسناكە، بەجۆرێك نەتوانن جیاوازی لەنێوان مردن و بیرۆكەی خۆتان بكەن بەوەی كە پیاوێك هەیە شایانی ڕێزی ئێوەیە؟





بەڵام باشە من داوای ڕێزم بۆ كەسایەتی خۆم كردووە؟ داوای ئیمانی ئێوەم كردووە بۆخۆم؟ یا دەمەوێت پێوەرێكتان بەسەردا بسەپێنم تاوەكو بتوانن بەهای مرۆڤ لە یەكتری جیا بكەنەوەو بڕیاریان لەسەر بدەن وەكو ئەوەی ئافرێدەكراوی دەستی خۆم بێت؟ نەخێر، ڕێزتان بۆ خۆتانو ئیمانتان بەناموسی پیرۆزی عەقڵتان و گوێگرتن لەدەنگی ناوەوەی دەروونی خۆتان و وێژدانتان و ئەو پێوەرەی كە هەمان پێوەری خوایەتییە، ئەو مەسەلانەیە كە دەمەوێت لەنێوتاندا بەئاگایان بێنم!".

فەریسییەكان و لایەنگرانی هیرۆدۆس هەندێك خەڵكیان نارده لای یەسووع تاوەكو لەگەڵیدا بچنە نێو وتووێژو بەڵگەیەكیان دەست بكەوێت بۆ داوا تۆماركردن لەسەری لەبەردەم دەسەڵاتی ڕۆمانیدا. تاوەكو ئێمەش بزانین پرسیارەكەیان چەندە فریودەرەو چەندە بە ئاسانی یەسووع بە وەڵامێكی، دەسەڵاتی ڕۆمانی و بڕیارە پێشینەییەكانی جوولەكەكانیش بەیەكەوە بریندار بكات، دەبێت ئێمە شێوازی بیركردنەوەی جوولەكەشمان لەیاد بێت كە پێیان وابووە بەخشینی باج بەدەسەڵات و خەڵكی بێگانە كارێكی نەشیاوە، چونكە ئەوان تەنیا دەبێت باج بە خواوەندەكان و پەرستخانە ببەخشن.

نێردراوەكان پرسیاریان لەیەسووع كردو گوتیان:

"مامۆستا، ئێمە دەزانین تۆ لەو قسانەی دەیكەیت ڕاستگۆیت و تەنیا حەقیقەتت لەلا گرنگە و لەكاتی قسەكردنیشدا موجامەلەی كەس ناكەیت. بۆیە ئێستا پێمان بڵێ ئێمە لەسەرمانە باج بدەینە ئیمپراتۆری ڕۆمانی؟". یەسووعیش زوو زانی مەبەستیان چییەو پێیگوتن:

"هەی دوو ڕووینە، مەبەستتان چییە؟ دەتانەوێت تەڵەم بۆ دابنێنەوە؟ کوا دینارێکم پیشان بدەن! ئەو وێنەیەی سەر دینارەکە هی کێیە؟". ئەوانیش گوتیان:

"وێنەی ئیمبراتۆرە". یەسووعیش پێیگوتن:

"باشە، ئەگەر ئەو پارەیەی کە بەکاری دێنن دەدەنە ئیمبراتۆر، ئەوا هەر شتێك هی خۆیەتی بیدەنەوە بەخۆی، بۆ خوایەکەشتان پێویستە عیبادەت بکەن".

ئینجا نێردراوەکان ناچار بوون بەو وەڵامە ڕازی بن کە هیچ بەڵگەیەکی بەدەستەوە نەدا، تاوەکو لەلای ئیمبراتۆر سکاڵای لێبکەن.

سدوقییەکان (تایفەیەکی جوولەکەن و بڕوایان بەنەمری گیان نییە)، ئەوانیش هەوڵیاندا ڕاو بۆچوونەکانی یەسووع تاقیبکەنەوەو پێیان گوت:

"ئەگەر مرۆڤێك بمرێت بەبێ ئەوەی کوڕی هەبێت، بەپێی شەریعەتەکانی ئێمە پێویستە برایەکەی ژنەکەی مارە بکاتەوە. وا ڕێکەوتووە کە ئافرەتێکیش شوو بەحەوت برا بکات یەك بە دوای یەك، بەبێ ئەوەی هیچ یەکێك لەو برایانە وەچە بخەنەوە. مادام مرۆڤیش دوای مردن زیندوو دەبێتەوە، ئەوە ئەو کاتە ئافرەتەکە بۆ کامە برا دەبێت؟". یەسووعیش بەو شێوەیە وەڵامی ئەو پرسیارە گەمژانەیەی دایەوە:

"ڕاستە مرۆڤەکان لەو ژیانەدا زەواج دەکەن، بەڵام هەر کاتێك نەمرەکان چوونە ڕێزی ڕۆحە ئەپستراکتەکان، ئەو کاتە پێداویستی





جەستەییان نامێنێت!".

یەکێك لە فەریسییەکان گوێی لەو وەڵامە ڕێکو پێکانەی یەسووع بوو بۆ پرسیاری خەڵکەکەی تر، ئەویش ــ پێدەچێت بەنیاز خراپی نەبووبێت ـ پرسی:

"بنەمای باڵای ڕەوشتێتی چییە؟". یەسووعیش وەڵامی دایەوە:

"خواوەندێك هەیە، دەبێ بەهەموو دڵی خۆت خۆشت بووێت و بە تەواوەتی ویست و خودو هێزی خۆتی بۆ تەرخان بکەیت. ئەمە ڕاسپاردەی یەکەمە. ڕاسپاردەی دووەمیش وەکو یەکەم مولزەمەو بریتییە لەوەی کە دەبێت هەموو کەسێك وەکو خۆت خۆش بووێت و هیچ ڕاسپاردەیەکیش لەوە باڵاتر نییە". فەریسییەکە سەری لەو وەڵامە سوڕماو گوتی:

"قسەی ڕاست دەکەیت، خۆ تەرخانکردن بۆ خواو خۆشویستنی ناسیاوانت وەکو خۆشویستنی خۆت، لەهەموو قوربانی و بخور سووتاندنێك گرنگترە". بۆیە یەسووع لەو هەستە پاکەی ئەو پیاوە دڵخۆش بوو و پێیگوت:

"تۆ، بەو هەستانەی خۆت، نزیکی بۆ ئەوەی ببیتە هاوڵاتی مەلەکووتی خوا، چونکە نیعمەتی خوا بەقوربانی و کەفارات و قسەی سەر لێوان نایەتە دی، یان وازهێنان لە عەقڵ".

لەیەکێك لە گۆشەکانی پەرستخانەدا سندوقێك هەبوو خەڵك پارەی خێراتیان تێدەکرد، یەسووع تێبینی کرد لەنێو ئەو کەسانەی کە پارەی خێری تێدەکەن، ئافرەتێکی هەژاری بینی لە تەنیشت دەوڵەمەندەکاندا

کە پارەی زۆریان تێدەکرد، ئەویش هات دوو فلسی کردە نێو سندوقەکەوە، یەسووعیش گوتی:

"ئەو ئافرەتە لە خەڵکانی تر پارەی زۆرتری تێکرد. هەموویان پارەی زیادەی خۆیان تێکردە ناو سندوقەکە، کەچی ئەو ئافرەتە ئەگەرچی پارەیەکی کەمی دانا، بەڵام ئەو پارە کەمە هەموو سامانەکەی بوو".

یەسووع ئەو دەرفەتەی قۆستەوە تاوەکو خەڵك و هاوڕێیەکانی خۆی ئاگادار بکاتەوە لەو هەوڵانە کە فەریسییەکان بۆ لەناوبردنی دەدەن و گوتی:

"فەریسی و مامۆستایانی شەریعەت لەسەر کورسییەکەی مووسا دانیشتوون، بۆیە ڕەچاوی ئەو شەریعەتانە بکەن کە فرمانتان پێدەکەن ڕەچاویان بکەن. بەڵام بەدوای ڕێبەریی و شێوازی ڕەفتارو هەڵس و کەوتیان مەکەون! چونکە باسی شەریعەتی مووسا دەکەن، کەچی ئەزبەری ناکەن. ئەوانە لە کارەکانیاندا تەنیا یەك ئامانجیان هەیە، ئەویش ئەوەیە لەبەردەم خەڵکیدا ڕووخساری خۆیان وەکو خەڵکی ڕاستەڕێ پیشان بدەن.

پارەو سامانی بێوەژنان دەخۆن و شانازیش بەوە دەکەن کە مێوانداریتان لێدەکەن بەپاساوی ئەوەی نوێژیان لەگەڵ دەکەن. ئێوە لەگۆڕی کلسڕێژ دەچن، ڕووخسارەکانیان جوانەو ناوەکەشیان گەندەڵ بووە. ڕووخساری خۆتان بەفۆڕمی پیرۆز پیشاندەدەن، ناوەوەشتان پڕە لە دووڕوویی و زۆرداری".





هەروەها یەسووع کۆمەڵێك سیفەتی بەبیر خەڵکی هێنایەوەو هەر کاتێك دەرفەتی هەبووایە، لەسەر یەکە یەکەی ئەم سیفەتانە سەر کۆنەی دەکردن. کاتێکیش لەنێو پەرستخانەدا پیاسەیان دەکرد، قوتابیانی یەسووع باسی مەزنێتی ئەو پەرستخانەیان دەکرد، بۆیە یەسووع پێیگوتن کە وا مەزندە دەکات ئەو عیبادەتە زۆر مەزنەو خودی ئەو تەلارانەش کۆتاییان هەر دێت، بەو قسەیەش هاوڕێکانی سەریان سوڕما.

بۆیە کاتێك بەتەنیا لەسەر شاخی زەیتووندا مانەوە کە دەڕوانێتە تەلارە جوانەکانی پەرستخانە و بەشێکی زۆری شاری ئۆرشەلیم، لێیان پرسی:

"کەی ئەو شتە ڕوو دەدات کە پێش کەمێك بۆت باسکردین؟ ئاماژەکانی چین تاوەکو ئێمە بزانین لەمیانەیەوە هاتنی مەملەکەتی ماسییا نزیك بۆتەوە؟". یەسووعیش پێیگوتن:

"ئەو چاوەڕوانکردنەی هاتنی ماسییا میللەتەکەم دەخاتە نێو مەترسی گەورەوە. بەهۆی پێوەندی و گرێدراوی لەگەڵ بڕیارە پێشینەکانیان و توندڕەوی و کوێرەوەرییان، دەرگا بەڕووی دارمانی تەواویاندا دەکاتەوە. ئەو هیوا وەهمییە دەبێتە هۆی ئەوەی ببنە گەمەی دەستی دەجال و فێڵبازان، یا ئەو خەوخۆشانەی سەریان پێوە نییە. وریا بن با باڵ بەسەر ئێوەشدا نەکێشێت. چونکە ڕەنگە زۆرجار بگوترێت: ماسییای چاوەڕوانکراو لێرەیە! یا لەوێیە. زۆریشن ئەوانەی بەساختە ناوی خۆیان دەنێن ماسییا و خۆیان وەکو ئەو دەناسێنن و ئەو ناوە هەڵدەگرن، سەرکردەی هەڵگەڕانەوەو دامەزرێنەری گرووپی ئایینی دەبن.

زۆرن ئەوانەی پەیامبەری و موعجیزە دروست دەکەن تاوەکو ئەوەندەی لە توانایاندایە خەڵکی چاکەخواز فریو بدەن و بخەڵەتێنن.

زۆر دەگوترێت: لەوێ لەنێو بیاباندا ماسییای چاوەڕوانکراو دەردەکەوێت، یا لێرە بەنهێنی خۆی لەنێو ئەشکەوتدا شاردۆتەوە. ڕێگا مەدەن ئەو جۆرە قسانە کێشتان بکات و بەدوای بکەون. قسەو قسەڵۆکی لەو جۆرە ڕێگا بە سەرهەڵدانی یاخیبوونی سیاسی و جوداخوازی ئایینی دەدات، بۆیە بەحزبی بوون دێتە کایەوەو بەهۆی ڕۆحییەتی حزبایەتییەوە خەڵك ڕقیان لەیەکتری دەبێتەوەو لەیەکتری دوور دەکەونەوەو ئابڕووی یەکتری دەبەن. هەندێك پێیان وایە ئەوان مافی ئەوەیان هەیە لەپێناو ئەو سەرگەرمییە کوێرانەیەدا بۆ چەند ناوو قسەیەك، قوربانی بە پیرۆزترین ئەرکەکانی مرۆڤایەتی بدەن.

دوای ئەوە دەوڵەت کۆتایی دێت و پێوەندییە کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتییەکان هەڵدەوەشێنەوە، ئینجا پەتا و برسێتی دێت، بەوەش وڵاتە خراپەکان بەئاسانی دەبنە نێچیری دوژمنە دەرەکییەکان، ئەو کاتەش قوڕ بەسەر ئافرەتە ئاوسەکان و منداڵە شیرخۆرەکان.

ڕێگا بەخۆتان مەدەن لەنێو ئەو ڕەوشە ئاڵۆزانەدا حزبایەتی بکەن، چونکە زۆر کەس تووشی ئەو پەتایە فریودەرە دێن، بەبێ ئەوەی بزانن ئەوە چۆن ڕوویداوەو چۆن بووە. ئەو ڕەشەبایە زۆر کەس لەگەڵ خۆی لوول دەدات و دەبات، لەگەڵ هەر هەنگاوێکیشدا لەڕۆحی میانڕەوی دوور دەکەونەوەو لە کۆتاییدا خۆیان دەبینن دەستیان چووەتە نێو تاوان و تاوانکاری و تێکدانی حزبەکەشیان، بەبێ ئەوەی تازە بتوانن پاشەکشە





بکەن و بگەڕێنەوە دواوە.

ئەوەندەی پێتان بکرێ ڕابکەن و خۆتان لەسەر شانۆی ئەو گەندەڵییەو بێ بەزەییە دوور بخەنەوە! خۆتان لەهەموو پێوەندییەکانی خزمایەتی دەرباز بکەن و ئەو کارە بەپاساوی جێبەجێکردنی ئەو ئیشە، یا ڕزگار کردنی ئەو شتە دوا مەخەن. هەرچییەك ڕووبدات ئێوە دڵسۆز بن بۆ بنەماو پرنسیبەکانی خۆتان.

کاتێك ڕۆحی حزبایەتی هێرشتان بۆ دێنێت و ئازارتان دەدات، ئێوە مزگێنی میانڕەوی بڵاو بکەنەوە و ئامۆژگاری خۆشەویستی و ئاشتی بکەن و گوێ بەهیچ یەکێك لەحزبە ئایینی و سیاسییەکان مەدەن.

هەرگیز پێتان وانەبێت ئەو جۆرە کۆمەڵ و گرووپە ئاژاوەگەرایانەی کە بەناوی کەسێك یا بەناوی ئیمانەوە حوکم دەکەن، نوێنەرایەتی ویستی خوا بکەن. ویستی خوا تەنیا بۆ یەك گەل و یەك ئیمان نییە، بەڵکو هەموو مرۆڤایەتی دەگرێتەوەو بریتییە لە خۆشەویستییەکی ساف. ئێوە دەتوانن بڵێن ئەو ویستە بەدی هاتووە، کاتێك کە عەقڵ و چاکەخوازی بەبێ ڕەچاوکردنی ناو پەرستی و وتە پەرستی دەبێتە کردەوەیەکی سەلمێنراوی گشتی لەسەر هەموو جێیەکی زەویدا.

ئەوەی ئێوە لەڕۆحی دابەشبوون و پەرتبوون دەپارێزێت و واتان لێدەکات بەردەوام خۆ ڕاگرو ئازا بن، بریتییە لە بینینێکی بەرچاو بۆ هیوای مرۆڤایەتی، نەوەکو هیوای پڕوو پووچی نیشتیمانیی جوولەکەکان.

لەنێو ئەو هەموو دابەشبوون و پەرتبوونەدا، با هێمنی و ئازایەتی

ئێوە پشت بە چاکەخوازییەکی نەشێوێنراو ببەستێت. وشیار بن، نەوەکا لەناکاو هەستکردن بەوازهێنان و دەسبەردار بوون بچێتە نێو دڵتانەوە، هەستێکی ساختەو ترسنۆکانە، هەستێك پشت بەپەیوەستبوون بەشێوازە ئایینییەکان ببەستێت، یا پەرستنی قسەو قسەلۆك و زێدە ڕەچاوکردنی سرووتەکانی هەر کلێسایەك.

ئەو کارەتان وەکو ئەوە وایە کە دە کچی پاکیزەی چرا هەڵگر چووبن بەشەو پێشوازی لەزاوا بکەن تاوەکو بێت بووکەکەی بباتە نێو ماڵەکەی خۆی لەوانە پێنج کچ ژیرن لەگەڵ خۆیان شووشەی ڕۆنیان بردبوو، کەچی پێنجەکەی تر نەزان بوون و ئەو کارەیان نەکردبوو. پاش چاوەڕوانییەکی زۆر، شەو بەدرەنگەوە زاوا گەیشت و ئەوانیش ویستیان لە پێشیدا بڕۆن و ڕێگای بۆ ڕووناك بکەنەوە. بۆیە ئەوانەی ڕۆنی چرایان پێبوو وەپێش کەوتن و بەڕێگایاندا بردو، ئەوانەش کە ڕۆنی چراشیان لێبڕابوو، خێرا چوونە بازاڕ بۆ ئەوەی ڕۆنی چرا بکڕن، چونکە کچەکانی تر، هیچیان پێ نەدان زەیتەکە هەندەی نەمابوو ئەگەر بەشی خۆیان بکات. لەکاتی چوونیان بۆ بازاڕ بۆ پەیدا کردنی نەوت، پێنج کچە عاقڵەکە لەگەڵ زاوا چوونە ماڵەوە بۆ داوەت و زەماوەند، ئەوانی تریش کە زۆر بایەخیان بەو مێوانداریيە دابوو، بەڵام شتە بنچینەییەکانیان فەرامۆش کردبوو، نەیانتوانی ئامادەی خوانەکە بن.

ئێوەش هەر وان، پێتان وا نەبێت هەر تەنیا ئەوە گرنگە بێنە نێو ئایینێك و ئەوەتان بیر نەچێتەوە کە زۆر گرنگترە، ئەویش مومارەسەی چاکەخوازییە. بە هەڵەدا مەچوون و پێتان وا بێت لەکاتی تەنگانەو





ناخۆشی و نزیکبونەوە لەمردندا، هەر ئەوەندە بەسە کە پێڕەوی لەپرنسیبەکان بکەن. بیر لەوە مەکەنەوە بەشتی سەیرو نامۆ کە هەر یەکێك لەئێوە پێی وایە بۆ خۆی دەشێت، خۆتان بڕازێننەوەو نەتوانن بیگوزانەوە بۆ خەڵکانی تر. تەنیا بەبڕوا هێنان بە کلێسا، یان بەهیوای فریودەرتان بۆ سیفاتی خەڵکی، ئەوا ناتوانن لەبەردەم دادوەری پیرۆزی جیهاندا بەردەوام بن.

من حوکمی ئەو بەحوکمی ئەو پاشایە بەراورد دەکەم کە گەلەکەی خۆی کۆکردەوەو خەڵکی باشی لەخەڵکی خراپ جیا کردەوە، وەکو چۆن شوانکارە بەران لەبەرخ جیا دەکاتەوە بەخەڵکە باشەکەی گوت:

نزیك بنەوە ئەی هاوڕێیانم و دڵخۆش بن بەو خۆشبەختییەی کە مافی خۆتانە، چونکە کاتێك من برسی بووم، ئێوە نانتان پێدام. کاتێکیش تینوو بووم، ئێوە ئاوتان پێدام. کاتێك لەنێو ئێوەدا غەریب و نامۆ بووم، پێشوازیتان لێکردم. کاتێك ڕووت و قووت بووم، ئێوە پۆشاکتان پێدام. کاتێك نەخۆش بووم، ئێوە یارمەتیتان دام. کە زیندانیش بووم، سەردانتان کردم.

ئەوانیش بەسەر سوڕمانەوە لێیان پرسی: بەڵام گەورەمان کەی تۆ برسی و تینوو بوویت تاوەکو ئێمە نان و ئاوت پێبدەین؟ کەی تۆمان بینیوە نەخۆش و نامۆو زیندانی بوو بیت تاوەکو پۆشاکت پێبدەین و پێشوازیت لێبکەین و سەردانت بکەین؟ پاشاکەش وەڵامی دانەوە:

هەر کارێکتان بۆ بچووکترین براکانی خۆتان و براکانی من کردبێت، وا پاداشتتان دەدەمەوە وەکو ئەوەی بەرانبەر بەمن کردبێتتان.

ئینجا ڕووی کردە خەڵکە خراپەکەش و پێیگوتن:

دوور کەونەوەو سزای کاری خۆتان وەربگرنەوە، چونکە کاتێك برسیو تینوو بووم نان و ئاوتان نەدامێ. کاتێکیش ڕووتو قووتو نەخۆشو زیندانی بووم، یارمەتیتان نەدام. ئەوانەش ڕوویان کردە پاشاو پێیانگوت:

بەڵام ئێمە کەی تۆمان بینیوە برسیو تینوو بیت، یا ڕووتو قووتو نەخۆش و زیندانی بیت، تاوەکو بتوانین خزمەتێکت پێشکەش بکەین؟ پاشاش هەمان وەڵامی پێشووتری دانەوەو گوتی: هەر شتێك کە بۆ بچووکەکانتان نەکردبێت، تۆڵەتان لێدەکەمەوە وەکو ئەوەی بۆمنتان نەکردبێت.

هەر بەو شێوەیەش دادوەری جیهان بڕیاری ئیدانەی ئەو کەسانە دەردەکات کە هەر تەنیا بەسەری زمانیان خوا پەرستی دەکەن و تەنیا ڕووخساری تەقوایان وەرگرتووە، بەبێ ئەوەی لەسەر شێوەی خۆی بیپەرستن کە شێوەی مرۆڤایەتیە".

دیارە کۆڕی گەورەی جوولەکان نەوێران بەئاشکراو لەبەردەم خەڵك یەسووع دەسگیر بکەن، بۆیە لەو دەرفەتە باشتریان دەرست نەکەوت کە یەهوودای یەکێك لەدوازدە هاوڕێیە نزیکەکانی یەسووع پێیدابوون بەوەی بەشەو بێت شوێنی نیشتەجێبوونی یەسووعیان نیشان بداتو یارمەتیان بدات بەنهێنی دەسگیری بکەن، ئەوەش لەبەرانبەر بڕێك پارەدا.

پێدەچێت چاوچنۆکی فاکتەری سەرەکی ئەو کارەی یەهوودا





بووبێت، چاوچنۆکییەك ڕێگای بەهیچ هەستێکی پاکو باڵا نەدا بۆ ئەو پێوەندییەی کە لەگەڵ یەسووعدا هەیبوو نەبووە ڕێگر لەبەردەمی، چونکە ئەوە پاڵنەری سەرەکی یەهوودا بوو هەر لە یەکەم ڕۆژەوە کە ببووە هاوڕێی یەسووع و پێی وابوو کاتێك یەسووع مەملەکەتی ماسییایی خۆی دادەمەزرێنێت دەتوانێت پێی بگات. بۆیە کاتێك دڵنیا بوو لەوەی یەسووع ئامانجی ئەوە نییە ئەو جۆرە مەلەکووتە دابمەزرێنێت و زانی بێ هیوا بووە، هەوڵیدا سوودێکی زۆرتر بەدەست بێنێت و قازانجێکی زۆرتر لە هاوڕێیەتییەکەی خۆی لەگەڵ یەسووع بەدەست بێنێت، بۆیە خیانەتی لێکرد.

بەپێی دابونەریتی جوولەکان، یەسووع لەجەژنی فەسحدا ئێوارە خوانێکی لە ئۆرشەلیم ئامادەکرد و خۆراکە هەرە نایابەکەی گۆشتی مەڕ بوو. ئەوەش دوا ئێوارەی یەسووعە لەگەڵ هاوڕێکانی، بۆیە بەتەواوی بۆ ئەوەی تەرخانکرد تاوەکو بتوانێت بەقووڵی کاریان تێبکات.

لە سەرەتای ئێوارە خوانەکەدا، یەسووع هەڵسایەوە سەرپێ و چاکەتەکەی لەبەرکردەوەو پێیەکانی لێی هەڵماڵی، ئینجا دەستی دایە پارچە قوماشێك و یەکە بەیەکە پێی هاوڕێکانی خۆی شووشت ــ ئەوە کارێکە بەردەوام خزمەتکارەکان دەیکەن ـ پەترۆس ڕازی نەبوو یەسووع پێیەکانی بشوات، بەڵام یەسووع پێیگوت دوای کەمێکی تر پێی دەڵێت بۆ وا دەکەم. ئینجا کاتێك تەواو بوو، گوتی:

"بینیتان چیم کرد. من، کە ئێوە بە مامۆستا ناوم دەبەن، پێیەکانی ئێوەم شووشت. ویستم نموونەیەکتان بدەمێ لەبارەی شێوازی مامەڵەو

ڕەفتارکردنی نێوان خۆتان. میرەکان حەزیان بەدەسەڵاتە، بۆیە خۆیان وا دەناسێنن گوایە چاکەخوزان بۆ مرۆڤایەتی. ئێوە وەکو ئەوان مەبن. هیچ یەکێکتان با هەوڵەدات باڵادەست بێت بەسەر ئەوانی ترو کەسێکتان سنووری ئەوان نەبەزێنێ، هەمووتان دڵسۆزو خزمەتکار بن وەکو چۆن هاوڕێ بۆ یەکتری وان. کاتێکیش یەکێکتان کارێك بۆ یەکێکی ترتان دەکات، با وا تەماشای نەکات ئەوە خێر پێکردن، یا تەنازولە بۆ ئەوانی دی. ئێوە ئەوا دەزانن، درووود بۆتان ئەگەر واتان کرد!

من ئەو قسەیەم بۆ هەمووتان نییە، بەڵکو لێرەدا دەتوانم ئەو قسەیە بەکار بێنم کە پێشتر لە شوێنێکی تردا گوتراوە: یەکێك لەوانەی نانم لەگەڵ دەخوا، پێی بەسەر مندا بەرز دەکاتەوە، چونکە یەکێك لە ئێوە من بەدەستەوە دەدات".

ئەم بیرۆکەیە یەسووع و هاوڕێکانی خەمبار کرد. یۆحەننا کە لێی نزیك بوو بەهێمنی لێی پرسی ئەو کەسە کێیە؟ یەسووعیش پێیگوت:

"ئەو کەسەیە کە ئەو پارچە نانەی پێدەدەم". ئینجا ڕووی کردە یەهووداو پێیگوت:

"ئەو کارەی دەتەوێت بیکەی، بەخێرایی بیکە".

کەسێك لە ئامادەبووان لەو قسەیە تێنەگەیشت و پێیان وابوو پێوەندی بەکارێك هەیە کە پێشتر یەسووع یەهوودای ڕاسپاردووە ئەنجامی بدات، چونکە یەهوودا سەرپەشتی سندوقی کۆمەڵەکەی دەکرد. ئەوکاتە یەهوودا بەخێرایی لەسەر خوانەکە هەڵساو ڕۆیشت نەوەکو یەسووع لە بەردەم هاوڕێکانیدا قسەی ناشیرینی پێبڵێت، لەبەرئەوەی





بۆی دەرکەوت یەسووع بەمەبەستەکەی زانیوە، هەروەها ترسا نەوەکو بەهۆی ئەو قسانەوە لە کارەکەی پەشیمان ببێتەوەو ئەگەر زۆرتر لەوێ دابنیشێت.

ئینجا یەسووع بەهاوڕێکانی گوت:

"کوڕە ئازیزەکانم، هاوڕێکەتان بەچارەنووسی خۆی دەگات و باوکی مرۆڤ لەنێو مەلەکووتی خۆیدا پێشوازی لێدەکات. دوای کەمێکی تر من بەرز دەکرێمەوەو تەنیا یەك ڕاسپاردەشم بۆ ئێوە هەیە، یەکتریتان خۆشبووێت و بەو خۆشەویستەی من بۆتان شوێن پێی من بکەون، تەنیا لەمیانەی ئەو خۆشەویستییەوە ئێوە بەهاوڕێی من وەسف دەکرێن".

ئینجا پەترۆس لێی پرسی:

"دەتەوێت بڕۆیتە کوێ؟ گەرەکتە جێمان بێڵیت؟".

یەسووعیش پێیگوت:

"تۆ ناتوانیت بەو ڕێگایەدا بێیت کە من پێیدا دەڕۆم".

پەترۆسیش وەڵامی دایەوە:

"بۆ ناتوانم بەدواتدا بێم، من ئامادەم ژیانی خۆم لەپێناوی ئەو کارەدا بکەمە قوربانی"! یەسووعیش پێیگوت:

"دەتەوێت ژیانی خۆت بکەیتە قوربانی لەپێناوی من؟ من باش دەزانم کە تۆ هێشتا ئەو هێزەت تێدا نییە کارێکی وا بکەیت. دەشێت بخرێیتە ژێر تاقیکردنەوە بەر لەوەی بەیانیەکی تازە سەرهەڵبدات".

ئینجا ڕووی کردە هاوڕێکانی و پێیگوتن:

"سەرتان سوڕ نەمێنێت کە من لێتان جیا دەکرێمەوە. ڕێزی ئەو

ڕۆحە بگرن کە لەنێوتاندا جێنشینەو لەوەوە فێری زانینی ویستی خوا ببن. تەنیا لەمیانەی ئەو ڕۆحەوە دەکرێت وەکو بەشێك لەمەلەکووتی خوا تەماشا بکرێن. تەنیا ئەو دەتوانێت ئەو ڕێگایەتان لەبەردەمدا بکاتەوە کە بەرەو حەقیقەت و خواوەندێتی دەڕوات. گوێ لەو دەنگە ڕەسەنە بگرن، ڕاستە ئێمە کەسایەتیمان جیاوازەو جیا دەبێتەوە، بەڵام جەوهەرەکەمان هەر یەك جەوهەرەو زۆریش لەیەکتری دوور نین.

تا ئێستا مامۆستاتان بووم و لەمیانەی ئامادەگی خۆمەوە کارەکانتان ئاراستە کراو بووە. من جێتان دێڵم، بەڵام وەکو منداڵی بێکەس جێتان ناهێڵم. من دەڕۆم، بەڵام لە ناوەوەتان ئاراستەکارێك جێدەهێڵم. من تۆی خێرم لە ناوەوەتاندا بەئاگا هێنا کە عەقڵ خستوویەتییە ناوەوەتان، لەپاڵ یادەوەری و وانەکانم و خۆشەویستیم بۆتان. پارێزگاری لەڕۆحی حەق و چاکەخوازی بکەن و جێگیری بکەن لەنێو خۆتاندا، ئەوە ئەو ڕۆحەیە کە مرۆڤ ڕێزێکی زۆری بۆ نیشان دەدەن، هەر لەبەرئەوەی نایناسن و لەنێو خودی خۆیاندا بەدوایدا ناگەڕێن.

ئێوە ئێستا بوونەتە کەسانێك دەکرێت بۆ خودی خۆتان جێبهێڵرێن بەبێ ئەوەی پێویستیتان بەڕاسپاردە بێت. کاتێك من لەگەڵتان نەبم با ڕەوشتێتی پێشکەوتووتان ڕێگاتان نیشان بدات. ڕێزی یادەوەری و خۆشەویستیم بگرن لەمیانەی هەڵس و کەوت و ڕەفتارتان بە گرتنە بەری ڕێگای ڕاست، ئەو ڕێگایەی من ئێوەم پێدا بردووە. ڕۆحی پیرۆزی چاکەخوازیی لە هەڵخلیسکانی هەنگاوەکانتان دەتان پارێزێت و بەتەواوەتی فێری هەموو ئەو شتانەتان دەکات کە هێشتا نایزانن و فێری





نەبوون و بەرگەی فێر بوونی ناگرن، هەروەها زۆر شتیشتان بیر دەخاتەوە کە تا ئێستا لێی تێینەگەیشتوون و واتا دارییان پێدەدات.

من دەڕۆم و بەرەکەتی خۆمتان پێدەبەخشم، ئەو سڵاوەی لەیەکتری دەکەین بەبێ ماناو دەلالەت نییە، بەڵکو من دەمەوێت پڕ لەخێرو بەرهەمدار بێت. تەنانەت بۆ ئێوەش باشترە من جێتان بێڵم، چونکە ئێوە ئەگەر پشت بەخۆتان نەبەستن و فێر نەبن خۆتان ئاراستە بکەن لە میانەی ئەزموون و چالاکیتانەوە، ناتوانن ئازادو سەربەخۆ بن. نابێ ڕۆیشتنی من پڕ خەم و پەژارەتان بکات، بەڵکو پێویستە خۆشبەخت و دڵشاد بن، چونکە من لەناو جیهانێکی باڵاو بەرزتردا ڕێگایەکی پاك و بێگەرد دەگرمە بەر کە تێیدا ڕۆح دەچێتەوە نێو وڵاتی خۆی، وڵاتی ناموتەناهی و خێراو زۆر ئازادانە ڕووەو یەکەم سەرچاوەی گشت خێر هەنگاو دەنێت.

من لەمیانەی ئەو خوانە لەگەڵ ئێوەدا، ویستم بەختەوەر بم، ئێوەش قاپ و پەرداخەکانتان بگۆڕنەوەو با لێرەدا سەر لەنوێ بەڵێنی هاوڕێیەتی نوێبکەینەوە".

ئینجا وەکو چۆن ئێستا لەنێو عەرەبدا باوە کە هاوڕێیەتی لەمیانەی خواردنی نانێك و خواردنەوە لەیەك پەرداخ دروست دەبێت، یەسووع وەکو نەریتێکی خۆرهەڵاتییانە، نانەکەی لەنێوانیان دابەشکردو گوتی:

"کاتێك ئاوا لەگەڵ هاوڕێکانتان کۆ دەبنەوەو بەیەکەوە نان دەخۆن، کۆنە هاوڕێ و مامۆستای خۆتان بیر بێت. وەکو چۆن لەلای ئێوە جەژنی فەسح ڕەمزی ئەو نانە بێ هەوێنەیە کە پێشتر باپیرانتان لەمیسر

خواردوویانـەو خـوێنیش ڕەمـزی ئـەو قوربانییانەیـە کـە خوێنیـان ڕژاوە بەپێی ئەو پەیماننامەیەی کە مووسا لەنێوان یەهوەو گەلەکەیدا بەستای. ئـاواش ئێـوە لـە ئایینـدەدا کاتێـك نـان دەبیـنن، جەسـتەی هـاوڕێ و مامۆسـتاکەتان بـیر بکەوێتـەوە کـە وەکـو قوربـانی پێـشکەشکراوە. هـەر کاتێـك بـادەی مـەیتان بینـی، خـوێنی ڕژاوی هـاوڕێ و مامۆسـتاکەتان بـیر بکەوێتەوە!

لەنێو یـادەوەری خۆتانـدا بمپارێزن، مـن کـە ژیـانی خـۆم پێـشکەشی ئێـوە کـرد! بـا یـادەوەری و پێـشڕەوایەتی مـن بەچـاکەخوازی بـەهێزتان بکات. من لەدەوری خۆمدا وا دەتانبینم وەکو ئـەوەی ئێـوە خونـچە تـرێی ڕەز بن کـە لـەو باخـە دەخـۆن و بـەر دەگـرن، ئینجا لێـی جیـا دەبنـەوەو بەهۆی هێزی زیندووی تایبەت بەخۆیەوە خێر پێدەگات.

یــەکترتان خۆشــبووێت و هــەموو مرۆڤایــەتیتان بــەو شــێوەیە خۆشبووێت کە من ئێوەم خۆش دەوێت. من ژیانی خۆم دەکەمە قوربـانی لـەپێناو خێـری گـەورەی هاوڕێکـانم تـاوەکو خۆشەویـستی خـۆمی پـێ بسەلمێنم. من ناوتان نابـەم بـەقوتابی و فێرخـواز، چونکە ئەوانـە تـەنیا ویستی مامۆستاکانیان جێبەجێ دەکـەن، زۆرجـاریش بـەبێ ئـەوەی بـزانن بۆ دەبێت وا بکەن. ئێوە کەسانێکی پێگەیشتوون و هەولبدەن سـەربەخۆو ئازاد بن و چێژ لەو ئازادییەتان وەربگرن کە لەناو ویستی تایبەتی خۆتان مــات بــووە. ئێــوە بــەهۆی هێــزی چـاکەخوازی تایبــەتی خۆتانــەوە بەروبەرهەم هەڵدەگرن، ئەگەر ڕۆحی خۆشەویستی، واتا ئـەو هێـزەی کـە دەمانژیێنێت، من و ئێوە هەر هەمان هێز بێت.





کاتێك دەتانچەوسێننەوەو خراپەتان بەرانبەر دەکەن، پێشڕەوایەتی منتان بیر بکەوێتـەوەو چارەنووسـی مـن و هـەزارانی ترتـان بـیر بێـت کـە هـەرگیز لـەوە باشـتر نـەبووە. ئەگـەر بڕواتـان بەشـەڕانگێزی و بڕیـاری پێشوەختەی باو هەبێت، دەبنە خاوەنی هاوڕێی زۆر. بـەڵام ئێوە بێـزراو دەبــن لەبەرئــەوەی هــاوڕێی چـاکەخوازین. ژیــانی مرۆڤــی ڕاســتەڕێ خەفــەکردنێکی بــەردەوامی شــەڕانگێزییە کــە هەســتیان پێــدەکات و دەیوروژێنن. کاتێك هیچ بیانوویەك نامێنێت بـۆ چەوساندنەوەی پیـاوی خێرخـواز کـە هـەلگری هـیچ بڕیـارێکی پێشینە نییـە، ئـەوە مەسـەلەی بڕیاری پێشینەو چەوساندنەوەو شەڕانگێزی دەکرێتـە پرسـێکی خـوایی، بــەوەش چەوســاندنەوەی مــرۆڤ، چــونکە ڕقــی لەچــاکەیە، دەبێتــە خزمەتکردنی خواوەند.

بـەڵام ڕۆحـی چاکەخوازی کـە هاوشـێوەی ڕۆشـناییەکە لەجیهانـە باڵاکانــەوە هاتبێـت، دەتانژیێنێتــەوەو بــەرزتان دەکاتــەوە بــۆ ســەرەوەی ئامانجە خراپ و فاسیقەکانی مرۆڤ. من پێشوەختە پێتـان دەڵـێم تـاوەکو دووچـاری شـۆك نـەبن، وەکـو چـۆن ناخۆشـی و ئـێش و ئـازاری ئـافرەت لـەدوای منداڵبوونـدا دەبێتـە خۆشـی و شـادی کاتێـك مرۆڤێـك دێنێتـە دونیاوە، ئاواش ئەو کوێرەوەرییـەی چاوەڕێتان دەکات دەبێتـە ئـەو پـەڕی کامەرانی".

ئینجا یەسووع چاوەکانی بەرەو ئاسمان بەرز کردەوەو گوتی:

"ئـەی باوکـە وادەو کـاتم هـات. کـاتی دەرخـستنی ئـەو ڕۆحـەی لەکەرامەتدا هەڵقووڵاوی ناموتەناهی تۆیەو کاتی گەڕانەوەیـە بـۆ لای تـۆ.

چارەنووسی ئەو ڕۆحە نەمری و بەرز بوونەوەیە بەسەر هەموو شتێك کە سەرەتاو کۆتاییان هەیە، بەسەر هەموو شتێکی سنووردارردا. چارەنووسی خۆم لەسەر زەوی تەواو کرد، بەوەی کە تۆ بناسم ئەی باوکم، ئەو نزیکییەی نێوان ڕۆحی خۆم و ڕۆحی تۆ بزانم و سەربەرز بم بەوەی کە دڵسۆز بووم بۆی و وا لەمرۆڤ بکەم پاك و بێگەردتر بێت بە بەئاگا هێنانی ئەو هەستە بەکەرامەت. خۆشەویستی من بۆ تۆ کۆمەڵێك هاوڕێی پێدام زانیان من نەمویستووە شتی سەیرو چەوسێنەرانە بەسەر مرۆڤدا بسەپێنم، بەڵام من فێری نامووسی تۆم کردوون، ئەو نامووسەی بەهێمنی لەنێو هەموو دڵێکدا جێنشینە و تەنیا مرۆڤیشە کە ڕەتی دەکاتەوە.

مەبەستم نەبووە لەمیانەی کاری ناوازەو دەرئاسا مەزنێنی بەدەست بێنم، بەڵکو مەبەستم بووە ئەو ڕێزە بگێڕمەوە بۆ مرۆڤ کە لەدەست چووە. بابەتی شانازی من ئەو تایبەتمەندییەیە کە بەهەموو بوونەوەرەکان دراوە کە عەقڵیان هەیە و ڕێکخستنی چاکەخوزایش بەهەموو کەسێك دراوە!

ئەی بوونەوەری ڕەها، بیانپارێزە تاوەکو نامووسی باڵا لەنێویاندا باڵادەست بێت کە بریتییە لە خۆشویستنی خێر. ئاوا دەبن بەیەك و بە تۆو بەمنەوە بە یەکگرتوویی دەمێنێتەوە. من بەرەو لای تۆ دێم و ئەو نوێژە ئاراستە دەکەم: با ئەو ئامادەکارییە ئازایانەی کە لەنێو مندایە بچێتە نێو ئەوانیش. من فێری خۆشەویستی تۆم کردن، ئەوانیش ئەو خۆشەویستییەیان ئەزبەر کردووە، بۆیە هەموو خەڵك ڕقی لێیانە وەکو





چۆن ڕقیان لەمنە، من کە گوێڕایەلی تۆم!

من داوات لێناکەم لەسەر ئەو زەویە بەرزیان بکەیتەوە. هیچ کەسێك ناتوانێت لەبەردەم عەرشی تۆدا داوایەکی وا پێشکەش بکات. بەڵام بەحەقیقەتی خۆت پیرۆزیان بکە، چونکە تەنیا لەمیانەی نامووسی تۆدا ڕۆشن دەبێت. من ئەو داوایەم بۆیان جێهێشتووە کە تۆ ڕاتسپاردم بیگەیەنم: ڕاهێنانی مرۆڤ لەسەر چاکەخوازی، ئەو داوایە بوو کە من دوای کەوتم. با ئەوانیش دوای من تەواوی بکەن و هاوڕێ وا دروستبکەن کە لەبەردەم هیچ بتێکدا نەنووشتێنەوە و یەکێتی خۆیان لەسەر هیچ قسەو بڕوایەك بونیاد نەنێن، تەنیا ئارەزووی نزیکبوونەوە نەبێت لەتۆ ئەی زێدە پیرۆز!".

دوای ئەو قسانە هەڵسانە سەر پێ بۆ ئەوەی وەکو پێشتر بڕۆن و ئۆرشەلیم بەجێبێڵن، (ئەو کاتەش شەو داهاتبوو)، لە جۆگەلە ئاوێکدا پەڕینەوە کە ناوی قەدرون بوو لەنێو باخچەی جەسمانییە لەنزیك چیای زەیتوون. یەهوودا ئەو شوێنەی جێنشین بوونی شەوانی پێدەزانی، چونکە زۆر لەگەڵ یەسووع بوو.

یەسووع داوای لە قوتابیەکانی کرد هەر لەو شوێنە بمێننەوە، کەچی ئەو خۆی لەگەڵ سێ کەسی تردا هەندێك دوور کەوتنەوەو چوونە ئەولاتر تاوەکو تەنیاتر بێت و قووڵتر خۆی بداتە دەست بیر کردنەوەکانی.

لێرەدا سروشت بۆ ماوەیەك گەڕایەوە سەر مافەکانی خۆی و یەسووعیش لەنێو تەنیایی شەودا بیری لەخیانەتی هاوڕێکەی و زۆرداری

دوژمنەکانی و سەختی ئەو چارەنووسە کردەوە کە چاوەڕوانی دەکات، بۆیە هەندێك ترس دایگرت و داوای لە هاوڕێکانی کرد لە نزیکی بن و لەگەڵی دابنیشن. خۆیشی پێ ڕانەدەگیراو لە شوێنێکەوە دەچووە شوێنێکی ترو لەهاتوو چۆو دڵەڕاوکێدا بوو، ماوە ماوەش قسەی لەگەڵ دەکردن و ئەگەر بیزانیبووایە خەوتوون، بەئاگای دەهێنانەوەو هەندێك کاتیش لێیان دوور دەکەوتەوەو تەنیا دەبوو، هەندێکجاری تریش نوێژی دەکردو دەیگوت:

"ئەی باوکە، ئەگەر دەکرێت ئەو بادە تاڵ و ئازاربەخشەم لێ دوور بخەرەوە کە چاوەڕوانم دەکات. بەڵام با بەویستی تۆ بێت، نەوەکو بەویستی من. ئەگەر ناکرێت لەو ناخۆشییەش ببورێم، ئەوە من ملکەچی ویستی تۆم".

لەکاتی ئەو قسانەدا لەزۆر شوێنی جەستەیەوە عارەقەیەکی دڵۆپ گەورەی کرد، کاتێکیش سەر لەنوێ گەڕایەوە بۆ لای قوتابییەکانی، داوای لێکردن نەخەون و دابنیشن، بینی هەندێك خەڵك لێیان نزیك دەکەونەوە، بۆیە بانگی قوتابیەکانی کردو گوتی:

"دەی، هەڵسن، ئەو کەسەی خیانەتی لێکردم نزیك بۆتەوە".

ئەو کاتەش یەهووداو هەندێك خەڵکی چەکدار کە مەشخەڵیان بەدەستەوە بوو نزیك کەوتنەوە، یەسووع دانی بەخۆیدا گرت و بەرەو پیلیان چوو لێی پرسین:

"لە کێ دەگەڕێن؟". ئەوانیش گوتیان:

"یەسووعی ناصری". یەسووعیش پێیگوتن:





" من ئەو کەسەم".

ئەوانیش نەیانزانی چیبکەن و ترسان نەوەکو بەهەڵەدا چووبن، بۆیە جارێکی تریش لێی پرسین و ئەوانیش هەمان وەڵامی پێشووتریان دایەوەو یەسووعیش گوتی:

"ئەگەر منتان گەرەکە، واز لە هاوڕێکانم بێنن".

لێرە یەهوودا نزیك کەوتەوەو ئاماژەیەکی بۆ یاوەرانی کرد کە پێشتر لەسەری ڕێککەوتبوون بۆ ئەوەی یەسووع بناسنەوەو بڵێت:" مامۆستا سڵاوت لێبێت!" ئینجا ماچی بکات. بۆیە یەسووع وەڵامی دایەوەو پێیگوت:

"ئەی هاوڕێ، بەماچێك خیانەتم لێدەکەیت؟".

ئینجا دوای ماچەکە سەربازەکان یەسووعیان دەسگیر کرد. کاتێك پەترۆس ئەوەی بینی، شمشێرەکەی خۆی هەڵکێشاو دەستیکرد بەڕاست و چەپدا وەشاندی و گوێچکەی کۆیلەیەکی گەورەی حبرەکانی بڕی. یەسووع داوای لێکرد هێمن بێت و پێیگوت:

"شمشێرەکەت دابنێ و ڕێزی ئەو چارەنووسە بگرە کە خوا بۆی دەستنیشانکردووم".

هاوڕێکانی تری یەسووع کە بینیان ئەویان دەسگیر کردووەو خەریکە دەیبەن، هەر یەکەیان بەلایەکدا ڕایانکردو هەڵاتن، تەنیا کوڕە گەنجێك نەبێت کە دشداشەیەکی لەبەردابوو لەخەو ڕاچڵەکی و ویستی بەدوایدا بچێت، بەڵام سەربازەکان دەسگیریان کرد، ئەویش بۆ ئەوەی دەرباز بێت خۆی لە دشداشەکەی ترازاندو بەڕووتی هەڵات.

کاتێك ئەوان بەڕێگادا دەڕۆیشتن، یەسووع بەپاسەوانەکانی گوت کە دەسگیریان کردبوو:

"بەچەکەوە هاتنە بەرانبەرم وەکو ئەوەی من دز بم و ئێوە بتانەوێت بمگرن. بەڵام، خۆ من هەموو ڕۆژێك لەنێوانتان بووم و ڕۆژانە لەگەڵ خەڵك لەنێو پەرستخانەدا دادەنیشتم و منتان دەسگیر نەکرد. بەڵام نیوەی شەو کاتی ئێوەیەو تاریکیش توخمتانە".

یەکەمجار یەسووعیان بردە حەنانیا بۆ لای کۆنە گەورەی حبرەکان، ئینجا بۆ لای قیافای گەورەی ئەو ساڵی حبرەکان. لەوێدا کۆڕی گەورەی جوولەکەکان کۆ ببوونەوەو چاوەڕوانی بوون، چونکە قیافا ئەندامانی کۆڕی هێنابووە سەر ئەو باوەڕەی کە لەپێناو ڕزگاربوونی تێکڕای گەل پێویستە مرۆڤێك بکرێتە قوربانی.

پەترۆس دوور بەدوور بەدوای پاسەوانەکانەوە بوو و نەوێرا بچێتە نێو ئەو خانووەی کە دانیشتنەکەی تێدایە، بەڵام یۆحەننا زۆرباش گەورەی حبرەکانی دەناسی و بەئازادی دەچووە نێو ماڵەکەی، بۆیە داوای لەدەرگاوانە ئافرەتەکە کرد ڕێگا بدات پەترۆس بچێتە ژوورەوە، دەرگاوانەکەش هەر کە پەترۆسی بینی پێیگوت:

"ئەی تۆش یەکێك نیت لە شوێنکەوتووانی ئەو پیاوە؟"

پەترۆسیش بەبێ دوودڵی ئینکاری لێکردو لەنزیك ئاگر لەناوەندی دەرگەوان و خزمەتکارەکان دانیشت تاوەك ئەوان خۆی گەرم بکاتەوە.

ئینجا یەسووعیان هێنا بەردەمی گەورەی حبرەکان، ئەویش زۆر پرسیاری ئاراستە کرد لەبارەی ڕێبازەکەی و قوتابییەکانی. یەسووعیش





بەو شێوەیە وەڵامی دایەوە:

"بەئاشکرا خەڵکم فێر کردووە. لەنێو پەرستخانە و کۆمەڵگاکان و ئەو شوێنانەی جوولەکەکان ڕووی تێدەکەن خەڵکم فێرکردووە. هیچ پرنسیبێکی شاراوەم نییە، کەواتە بۆچی پرسیارم لێدەکەیت؟ پرسیار لەو کەسانە بکە کە من فێرم کردوون و گوێیان لێم بووە، ئەوان دەتوانن وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانە بدەنەوە کە ئاراستەی منیان دەکەیت".

ئەو وەڵامەی یەسووع بەلای یەکێك لەپاسەوانەکان زماندرێژی بوو، بۆیە شەقێکی لەبناگوێی یەسووع داو پێیگوت:

"ئاوا وەڵامی گەورەی حبرەکان دەدەیتەوە؟".

ئینجا یەسووع بەهێمنی پێیگوت:

"ئەگەر لەوەڵامدا هەڵەم کردووە، فێرم بکەو پێم بڵێ هەڵەکەم لەکوێیە، ئەگەر باشیش وەڵامم داوەتەوە بۆ لێمدەدەیت؟".

ئینجا زۆر لە گەواهیدەرەکان بانگکران تاوەکو لەدژی یەسووع شایەدی بدەن. بەڵام حبرەکان نەیانتوانی هیچێك لەو گەواهییانە لەدژی یەسووع بەکار بێنن، یا لەبەرئەوەی زۆر ورد نەبوون، یا لەگەڵ تۆمەتەکان نەدەگونجان. ئینجا هەندێك خەڵك هاتن و گوتیان گوێمان لێبووە یەسووع بەخراپی باسی پەرستخانەی کردووە، بەڵام ئەو شایەدییانەش زۆر گونجاوو بەهێز نەبوون.

یەسووع هیچ وەڵامێکی ئەو تۆمەتانەی نەدەدایەوەو بێدەنگ بوو. لە کۆتاییدا گەورەی حبرەکان سەبری نەماو لە یەسووع نزیك کەوتەوەو پێیگوت:

"هیچ وەڵامێکی ئەو تۆمەتانە نادەیتەوە؟ من بەخوای زیندوو سوێندت دەدەم کە پێمان بڵێیت ئەگەر تۆ قدیسیت، یا کوڕی خواوەندیت؟". ئینجا یەسووع وەڵامی دایەوە:

"بەڵێ، من وام. ئەو پیاوەی کە خۆی بۆ خواوەندێتیو چاکەخوازی تەرخانکرووە، ڕۆژێك دێت دەیبینن بێگەردەو لەسەرووی ئەستێرەکانەوەیە".

ئینجا کاتێك گەورەی حبرەکان گوێی لەو قسانە بوو، جلەکانی خۆی دادڕی و هاواری کرد:

"قسەی بەخوا گوت! تازە چ پێویستیمان بەشایەدی تر هەیە؟ بیستتان بەخۆی شایەدی لەسەر خۆی دا، ڕاتان چییە؟". ئەوانیش گوتیان:

"حەقی مردنی هەیە".

ئەو هەڵوێستەی حبرەکان وەکو ئاماژەیەك بوو، بۆیە پاسەوانەکان جوێنیان پێیداو ڕەزیلیان کرد، چونکە دوای ئەوەی کۆڕی حبرەکان بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێك هەڵگیرا تاوەکو دواتر بۆ بەیانی کۆ ببنەوە، یەسووع لەبەردەستی پاسەوانەکاندا هێڵرایەوە.

لەو کاتانەدا کە هێشتا پەترۆس لەنزیك ئاگرەکە دانیشتبوو، ژنێك لە خزمەتکارەکانی گەورەی حبرەکان ناسییەوەو بەو خەڵکانەی گوت کە لەوێدا بوون:

"بێگومان ئەوەش هاوڕێی پیاوە زیندانیکراوەکەیە!".

پەترۆسیش بەتوندی ئەوەی ڕەتکردەوە. بەڵام پیاوێکی تر





لەخزمەتکارەکانی گەورەی حبرەکان کە لەوێدا بوو خزمی ئەو پیاوە بوو کە پەترۆس پێش چەند کاتژمێرێك گوێچکەی بریندار کردبوو لەکاتی دەسگیر کردنی یەسووعدا، گوتی:

"باشە ئەی تۆش لەوێ نەبوویت لەنزیك بێستانەکە؟". خەڵکەکەش بڕوایان بەقسەی ئەو پیاوە هات، چونکە لەشێوەزاری پەترۆسدا دیار بوو کە خەڵکی جەلیلە.

لەنێو ئاپۆرای ئەو بارودۆخە کە تێکڕا پەترۆسیان تۆمەتبار کردبوو، پەترۆس سەری لێشێواو خۆی لەبیر کرد و لەترساندا هاواری کرد بەڕووی خەڵکەکەدا کە هیچ لەو قسانە تێناگات کە دەیکەن و هەرگیز ئەو پیاوەی نەناسیوە کە ئێستا ئەوان دەڵێن گوایە هاوڕێیەتی.

ئەو کاتە کەڵەشێر بانگیداو بەرەبەیانی ڕاگەیاندو یەسووعیش لەو شوێنە لابرا کە تێیدا پەترۆس بەئاشکرا ڕەتیکردەوە کە دەیناسێت. ئینجا یەسووع ڕووی وەرگێڕاو نیگایەکی پەترۆسی کرد چوو بەقووڵایی ناخیەوە، پەترۆسیش زانی بەدڕەفتاری کردووەو یەسووعیش لەسەر حەق بوو ئێوارە یەك قسەی بۆ دەکردن و گومانی لەدڵسۆزی پەترۆس هەبوو کە شانازی بەخۆیەوە دەکردو یەسووع پێی وابووە پەترۆس لە تاقیکردنەوە دەرناچێت. ئینجا بەخێرایی بەچاوی پڕ لەگریانەوە ڕۆیشتو شوێنەکەی بەجێهێشتو لەنێو دڵی خۆیدا هەستی بەشەرمەزاریو پەشیمانی دەکرد.

کەچی یەهوودای خائین، کاتێك بینی مەسەلەکان بەشێوەیەکی تر بوون و یەسووع بڕیاری مردنی بۆ دەردەکرێت، لەوکارەی کردبووی

پەشیمان بۆوەو ئەو پارەیەی وەری گرتبوو لەحبرەکان لەبەرانبەر کارەکەی خۆی، (سی دینار بوو) گێڕایەوە بۆیان و پێیگوتن:

"من کارێکی خراپم کردو پیاوێکی بێ تاوانم دا بەدەستتانەوە". ئەوانیش وەڵامیان دایەوە کە ئەوە کارەکەی ئەو بووەو ئەوان چیتر لەلایان گرنگ نییە، ئینجا یەهوودا پارەکە فڕێدەداتە نێو سندووقی پەرستخانەکە و دەچێت خۆی دەخنکێنێت.

دواتریش حبرەکان لەخەرجکردنی ئەو پارەیەی یەهوودا دوودڵ بوون، چونکە ئەوە نرخی خوێن بووە، بۆیە چوون بەو پارەیە باخچەیەکیان کڕی و کردییانە گۆڕستانی غەریبان.

دوای تێپەڕ بوونی چەند کاتژمێرێکی شەو، سەرلەنوێ کۆڕی حبرەکان کۆبوونەوەو بڕیاری مردنی یەسووعیان دەرکرد. بەڵام ئەو کاتە کۆمەڵگا بۆی نەبوو ئەو بڕیارە دەربکات و جێبەجێ بکات، بۆیە هەموویان یەسووعیان لەگەڵ خۆیان بردو چوونە لای بیلاتس کە حاکمی ڕۆمانی ئەو ناوچەیە بوو تاوەکو یەسووعی تەسلیم بکەن و کارەکە لەڕێگای ئەوەوە بکەن و خۆیان لە تووڕەیی خەڵك بپارێزن ئەگەر یەسووع هەر لەدەستی ئەواندا بمێنێتەوە.

ئەوانە نەچوونە نێو کۆشك نەوەکو پیس بن، چونکە ئەو ڕۆژە جەژن بوو. بۆیە بیلاتس هاتە ڕاڕەوەکەو لێی پرسین:"

ئەو پیاوە بەچ تاوانێك تۆمەتبار دەکەن، تاوەکو داوا بکەن تاوانبار بکرێت؟". حبرەکانیش وەڵامیان دایەوە:

"ئەگەر تاوانبار نەبووایە نەماندەدا دەست ئێوە". بیلاتسیش





پێیگوتن:

"کەواتە ئێوە خۆتان داوای لەسەر تۆمار بکەن و بەپێی شەریعەتی خۆتان دادگایی بکەن". حبرەکانیش گوتیان:

"ئێمە دەسەڵاتی ئەوەمان نییە بڕیاری مردن دەربکەین".

کاتێك بیلاتس بیستی مەسەلەکە تاوانەو دەشێت بڕیارەکەش بگاتە مردن، چیتر نەیتوانی دادگاییکردنی یەسووع ڕەتبکاتەوەو تۆمەتەکانی کۆڕی لەدژی یەسووع بیست. کۆڕی جوولەکە باش دەیانزانی ئەوان ناتوانن بڕیاری لە سێدارەدانی یەسووع لە بیلاتس بەدەست بێنن، ئەگەر بەوە تۆمەتباری بکەن کە بانگەشەی ئەوەی کردووە گوایە کوڕی خوایە، کە ئەوەش لەلای جوولەکەکان جوێنە بەخواو لەلای کۆڕی جوولەکەش هەر کەسێك ئەو قسەیە بکات بڕیاری مردنی بۆ دەردەچێت. بۆیە یەسووعیان بەوە تۆمەتبار کرد گوایە خەڵك گومڕا دەکات و وایان لێدەکات گوێ بەدەستووری وڵات نەدەن و هانی خەڵکی داوە باج نەدەنە ئیمپراتۆر، هەروەها بەوە تۆمەتباریان کرد گوایە گوتوویەتی ئەو پاشایە.

بیلاتس دوای ئەوەی گوێی لەو تۆمەتانە بوو، چۆوە ناو کۆشکەکەی خۆی و بانگی یەسووعی کردو پێیگوت:

"بەڕاستی بانگەشەی ئەوە دەکەیت کە تۆ پاشای جوولەکەیت؟".

ئینجا یەسووعیش لێی پرسییەوە:

"تۆ خۆت هەر لەخۆتەوە پێت وایە من ئەو قسەیەم کردووە، یا لەبەرئەوەی خەڵك بەوە تۆمەتبارم دەکەن، بۆیە پرسیارم لێدەکەیت؟".

بیلاتسیش وەڵامی دایەوە:"

جا من جوولەکەم تاوەکو لەدڵەوە چاوەڕوانی بم ببمە پاشایەك بەسەر وڵاتەکەتانەوە؟ ئەوا خەڵك و حبرەکانن کە بەوە تۆمەتبارت دەکەن. تۆ چیت کردووە تاوەکو بەو شێوەیە لێت تووڕە بن؟".

یەسووعیش وەڵامی دایەوە:

"ئەوان بەوە تۆمەتبارم دەکەن کە بانگەشەی مەملەکەت دەکەم، کەچی ئەو مەملەکەتە هەمان ئەو مەدلولەی نییە کە بەردەوام دەدرێتە پاڵ ئەو بیرۆکەیە. خۆ ئەگەر وابێت، ئەوە دەبووایە من خەڵك و شوێنکەوتووم هەبێت لەپێناومدا بجەنگن تاوەکو نەکەومە دەست جوولەکەکان".

ئینجا بیلاتس وەڵامی دایەوە:

"کەواتە تۆ بانگەشەی ئەوە دەکەیت کە پاشایت، چونکە باسی مەملەکەت دەکەیت". یەسووعیش پێیگوت:

"با وابێت، ئەگەر دەتەوێت ئەو ناوەی لێبنێیت. بڕوام بەوە هەیە کە من هاتوومەتە نێو دونیا تاوەکو ئەرکی فێر کردنێکی ڕاستەقینە بگرمە بەر و لایەنگرانی بۆ پەیدا بکەم. هەر کەسێك حەزی لەڕاستی بێت گوێ بۆ دەنگی من ڕادەدێرێت".

بیلاتس وەکو کەسێکی نێو ئەو جیهانە دەرکەوت کە لە ڕوانگەیەکی تەسکەوە بڕیار لەسەر شتەکان دەدات، بۆیە بە زەردەخەنەوە گوتی:

"حەقیقەت چییە؟".

بێگومان بیلاتس پێی وابووە یەسووع کەسێکی خەونديتەیەو خۆی بۆ بیرۆکەیەکی ئەبستراکت تەرخانکردووە، ئەوەش لەلای ئەو زۆر گرنگ نەبووەو پێی وابووە ئەوە مەسەلەیەکە تایبەتە بەئایینی جوولەکەو





نابێتە پێشێلکردنی یاسا مەدەنییەکان و هەڕەشەیەکیش نییە لەسەر ئاسایشی وڵات. بۆیە ڕێگای بەیەسووع دا بڕوات و چووە دەرەوەو بەجوولەکەکانی گوت کە ئەو هیچ تاوانێك لەو مرۆڤەدا نابینێت.

جوولەکەکانیش لەسەر قسەی خۆیان سوور بوون بەوەی کە کێشەیان بۆ دروست دەکات هەر لە جەلیلەوە تاوەکو دەگاتە ئۆرشەلیم.

بیلاتس تێبینی کرد خەڵکەکە باسی شاری جەلیل دەکەن گوایە لەوێوە دەستیکردووە بەفێر کردنی خەڵك، بۆیە پرسیاری کرد ئایا یەسووع جەلیلییە. کاتێکیش دڵنیا بوو لەوەی جەلیلییە، خۆشحاڵ بوو کە خۆی لەو کێشەیە دەرباز بکات بەوەی کە مادام یەسووع جەلیلییە، ئەوە دەچێتە ژێر باری یاساکانی ئەویّ و هێرۆدۆتس حاکمی جەلیلە، جا ناردییە لای ئەو.

ئەو کاتەش بەهۆی ڕۆژی جەژنەوە هێرۆدۆتس لەشاری ئۆرشەلیم بوو. هێرۆدۆتس کاتێك یەسووعی بینی خۆشحاڵ بوو، چونکە ماوەیەکی زۆربوو گوێی لەناوی ببوو و حەزی دەکرد لەنزیکەوە بیبینێت بەتایبەتیش لەکاتی ئەنجامدانی کارێکی دەرئاسا.

هێرۆدۆتس پرسیاری زۆری ئاراستەی یەسووع کردوو حبرەکانیش بەیاوەرەکانیانەوە بەردەوام تۆمەتباریان دەکردەوە لەپێشیدا، یەسووعیش هیچ قسەیەکی نەدەکرد و هێمن بوو، تەنانەت ئەو کاتەش کە هێرۆدۆتس گاڵتەی پێکردو جلو بەرگێکیان کردە بەر کە ڕەمزی پاشایەتی بوو.

هێرۆدۆتس نەیزانی چی لێبکات، چونکە پێی وابوو بابەتەکە زۆرتر گاڵتە ئامێزە لەوەی کە یەسووع تاوانبار بێت و پێویست بێت سزا بدرێت، بۆیە بڕیاریدا بیگێڕنەوە بۆ لای بیلاتس. گێڕانەوەی یەسووع بۆ

بەردەستی هیرۆدۆتس وەکو کەسێکی جەلیلی، بووە هۆی ئەوەی سەرلەنوێ پێوەندی برادەرایەتییان بگەڕێتەوە کە پێشتر ئەو پێوەندییەیان پچڕا بوو.

بیلاتس دیسان دووچاری کێشەکە هاتەوەو نەیزانی دەبێت چیبکات، بۆیە هات حبرەکان و گەورە پیاوانی کۆڕی کۆکردەوەو پێی ڕاگەیاندن کە ئەو پیاوەیان بەوە تۆمەتبار کردووە گوایە هانی شەڕو ئاژاوەی داوە، بەڵام ئەو خۆی و هیرۆدۆتس هیچ شتێکی لێ نابینێن کە ببێتە هۆی سزادانی بەکوشتن، بۆیە هەر تەنیا ئەوەندە دەتوانێت هەندێك جەلدەی لێبدات و پاشان ئازادی بکات.

جوولەکەکان بەو ئەنجامە ڕازی نەبوون و جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە دەبێت لە سێدارە بدرێت. کەچی بیلاتس لەکاتی ئەو مشتومڕەدا، بەهێمنی و بێدەنگیەکەی یەسووع سەرسام بوو، نەیویست ببێتە ئامرازێك بۆ بەدیهێنانی تووندڕەوی ئایینی جوولەکەکان بەوەی کە قوربانی بەیەسووع بدات. بۆیە بیری لە دەروازەیەکی تر کردەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە، بەتایبەتیش کە هاوسەرەکەی کەسێکی ناردبووە لای تاوەکو ئاگاداری یەسووع بێت و بایەخی پێبدات.

ئەو کاتە دابونەریت وابوو دەسەڵاتی ڕۆمانی لە جەژنی فەسحدا کەسێکی لە زیندانییە جوولەکەکان ئازاد دەکرد، ئەو کاتەش پیاوێکی جوولەکە لەزینداندا بوو ناوی باراباس بوو، جوولەکە بەدزی و پیاو کوشتن تۆمەتباریان کردبوو. بیلاتس پێی وابوو ئەوە مادام دابو نەریتێکی کۆنە، بێگومان جوولەکەکان داوای ئازادکردنی یەسووع دەکەن، نەوەکو پیاوە





تاوانبارەکە. بۆیە هات داوای لێکردن لەنێوان باراباس و پاشای جوولەکەکاندا، کە بۆ گاڵتە بەیەسووعیان دەگوت، یەکێکیان ئازاد بکات.

حبرەکان خەڵکیان هاندا داوا بکەن باراباس ئازاد بکرێت و یەسووعیش لە سێدارە بدرێت. کاتێکیش بیلاتس پرسیاری لەخەڵك کرد کێ ئازاد بکات؟ هەموویان هاواریان کرد باراباس!. ئینجا بیلاتس بەبێزارییەوە هاواری کرد:

"ئەی چی لە یەسووع بکەم؟". خەڵکەکەش هاواریان کرد:

"لەخاچی بدە". ئینجا بیلاتس جارێکی تریش لێی پرسینەوە:

"بەڵام لەسەر چی و چیکردووە؟". خەڵکەکەش بەدەنگێکی گەورەو بەهێز هاواریان کرد:

"لەخاچی بدە، لەخاچی بدە!".

ئەوکاتە بیلاتس بڕیاریدا جەلدە لە یەسووع بدرێت، پاسەوانەکانیش تاجێکی لەدڕکیان بۆ چنییەوەو خستیانە سەر سەرییەوەو جلێکیان لە ئەرجوان کردە بەری و قامیشێکیان دایە دەستی لەسەر شێوەی سەوڵەجان بوو و لەکاتی دارکاری کردنیشیدا پێیان دەگوت:

" سڵاوت لێبێت ئەی پاشای جوولەکان".

بیلاتس پێی وابوو خەڵکەکە دڵیان داکەوتووەو پێیگوتن:

"دووبارەی دەکەمەوە، من نابینم ئەو پیاوە هیچ گوناحێکی کردبێت". ئینجا هێنایە بەرچاوی خەڵکەکەو پێیگوتن:

"بەچاوی خۆتان ببینن و تێر تەماشای ئەو دیمەنە بکەن!".

بەڵام ئەو دیمەنە دڵیانی نەرم نەکردو هەر لەسەر داوای مردنی

سوور بوون.

ئینجا بیلاتس بە بێزارییەوە گوتی:

"باشە بیبەن خۆتان لەخاچی بدەن، من نابینم گوناحبار بێت".

جوولەکەکانیش وەڵامیان دایەوە:

"بەپێی شەریعەتی ئێمە حەقی مردنی هەیە، چونکە بانگەشەی ئەوە دەکات کە کوڕی خوایە". ئەو کاتە بیلاتس پێی وابوو مەسەلەکە پەیوەستە بەکوڕی خوا بەپێی ئەو وێناکردنەی ڕۆمانییەکان هەیان بوو، بۆیە زۆرتر گومان دایگرت و لە یەسووعی پرسی:

"بەڕاستی تۆ لە کێیت؟". بەڵام یەسووع وەڵامی نەدایەوە.

ئینجا بیلاتس پێیگوت:

"وەڵامی منیش نادەیتەوە؟ دەزانیت ژیان و مردنت بەدەستی منە؟". یەسووعیش پێیگوت:

"ئەوە ڕاستە ئەگەر ژیانو مردنی من هاوشانی ویستی خوا بێت. بەڵام ئەوەش لە هەڵەی ئەو کەسانە کەم ناکاتەوە کە منیان داوەتە دەست".

بیلاتس هێدی هێدی بەلای یەسووعدا چوو و دەیویست ئازادی بکات. کاتێك جوولەکەکان ئەوەیان بینی، خۆیان وەکو خەڵکێکی دڵسۆز بۆ قەیسەر پیشاندا، ڕۆڵێکیان گێڕا کە زۆر زەحمەت بوو بۆیان و لەدڵەوە پێی ڕازی نەبوون، بەڵام لە میانەیەوە دەگەنە ئامانجەکەی خۆیان.

بۆیە هاواریان کرد:

"ئەگەر ئازادی بکەیت، ئەوە تۆ هاوڕێی قەیسەر نیت. هەر کەسێك





بانگەشەی پاشایەتی بکات، ئەوا دژی پاشای ئێمەیە". ئەوکاتە بیلاتس دەستیکرد بەدادگاییکردنی بەشێوەیەکی ڕەسمیو لە یەسووع نزیك بۆوەو گوتی:

"ئەوە پاشای ئێوەیە، پاشاکەتان لەخاچ بدەم؟". ئەوانیش گوتیان:

"لەخاچی بدە، ئێمە تەنیا قەیسەر بەپاشای خۆمان دەزانین!".

کاتێك بیلاتس بینی دەنگە دەنگ و ئاژاوە خەریکە لەنێو خەڵکەکەدا سەرهەڵدەدات، ترسا نەوەك کێشەکە گەورەتر بێت و جوولەکەکان شۆڕشێك بەرپا بکەن لەپەنای پەردەی بەرگریکردن لە شەرەفی قەیسەر، ئەوەش بۆ خودی بیلاتس تۆمەتێکی مەترسیدار بوو، جا کە زانی جووان هێور ناکرێنەوە، بۆیە بیلاتس هات قاپێك ئاوی ساردی هێناو لەبەردەم خەڵکەکە دەستی خۆی پێ شووشت و گوتی:

"من بێ بەریم لەخوێنی ئەو پیاوە بێتاوانەو، ئێوە بەرپرسیارن!".

جوولەکەکانیش هاواریان کرد:

"بەڵێ، ئێمەو منداڵەکانمان کەفارەتی مردنی ئەووین!".

بەو شێوەیە جوولەکەکان سەرکەوتن. ئینجا باراباس ئازاد کراو بڕیاری لە خاچدانی یەسووعیش درا (کە ئەو کاتە شێوازی لە سێدارەدان بوو لەلای ڕۆمانییەکان – لەسەردەمی ئێمەدا زۆر قێزەونە وەك پەلی خنکاندن).

یەسووع بەردەوام لەلایەن پاسەوانەکانەوە سووکایەتی پێدەکرا تاوەکو بردیانە شوێنی ئازاردانەکەی. نەریت وابوو کە کەسی لەخاچ دراو دەبووایە خۆی خاچە دارینەکەی خۆی هەڵبگرێت، بەڵام یەسووع ئەوەی

بەسەردا نەسەپێنراو بووردراو خاچەکەی درایە پیاوێك ناوی سەمعان بوو، ئەو بۆی هەڵگرت.

خەڵکێکی یەکجار زۆر ئامادەی لەخاچدانەکەی بوون. هاوڕێکانی یەسووعیش نەوێران بێنە پێشەوەو پەرت بوون و لەدوورەوە تەماشایان دەکرد. هەندێك ئافرەت لەوێ بوون یەسووعیان ناسییەوەو دەستیان بەگریان و فیغان کرد بۆ چارەنووسەکەی، یەسووعیش لەڕێگای خۆیدا کە ئەوانی بینی، پێیگوتن:

"ئەی کچانی ئۆرشەلیم بۆ من مەگرین، بۆ خۆتان و بۆ منداڵەکانتان بگرین. ڕۆژێك دێت دەگوترێت درووود بۆ ئافرەتە نەزۆکەکان و ئەو مەمکانەی شیریان لێ نەمژراو ئەو ژنانەی منداڵیان نەبوو! دەبینن چیم بەسەرهات! خۆتان بڕیار بدەن، گەل دەگاتە چ ئاستێك کە ئەو ڕۆحەی تێدا بێت!".

لەکاتی لە خاچدان، یەسووع لەگەڵ دوو کەسی تاوانباری تر لەخاچ درا و خاچەکەی ئەویش خرایە ناوەڕاستی هەردووکیان. کاتێکیش لەسەر خاچەکە قایم دەکرا لەمیانەی کوتانی دەستەکانی بەبزمارو بەستنەوەی پێیەکانی بەگوریس لەخاچەکە، یەسووع هاواری کرد:

"ئەی باوکە، بیانبوورە، چونکە ئەوانە نازانن چی دەکەن!".

بەپێی نەریتو لەکاتی لەخاچدانەدا سەربازەکان لەنێو خۆیاندا جلو بەرگەکانیان دابەشکرد. بیلاتس تابلۆیەکی لەسەر خاچەکەی یەسووع قایمکرد بەهەر سێ زمانی عیبری و یۆنانی و لاتینی تێیدا نووسرا بوو:" ئەوە پاشای جوولەکەکانە".





ئەو کارەش حبرەکانی تووڕە کردو گوتیان دەبووایە بیلاتس بنووسێت یەسووع بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە پاشای جوولەکەکانە. بەڵام بیلاتس کە لێیان تووڕە بوو ئەو کارەی کردبوو، کاتێکیش بینی بەو کارە تووڕە بوون و تابلۆکە سووکایەتییەك بوو بۆیان، دڵی خۆش بوو. کاتێکیش داوایان لێکرد تابلۆکە بگۆڕێت، وەڵامی دانەوەو گوتی:

"ئەوەی من نووسیومە، هەر وەکو خۆی دەمێنێتەوە".

ئەو کاتە، یەسووع جگە لەوەی دووچاری ئێش و ئازارێکی زۆری جەستەیی هاتبوو، لەلایەن جوولەکەکان دووچاری جوێنو سووکایەتی پێکردن بوو، هەروەها سەربازە ڕۆمانییەکانیش گاڵتەیان پێدەکرد. ئەو چارەنووسە هاوبەشە ڕێگر نەبوو لەوەی یەکێك لەو کەسانەی لەگەڵ یەسووع لەخاچ دەدرا ئەویش لەگەڵ خەڵکەکە قسەی ناشیرین بە یەسووع بڵێت.

بەڵام دزەکەی تر، سەرەڕای ئەوەی تاوانباریش بوو، بەڵام هەر خاوەنی هەستێکی مرۆڤانە بوو ویژدانی زیندوو بوو و بەتووڕەیی قسەی بەکەسەکەی تر گوت، لەبەرئەوەی قسەی ڕەق و ناشیرینی بەیەسووع گوتووە، لەکاتێکدا ئەویش وەکو ئەو دووچاری ئازار دێت و لەڕەوشێکی ناخۆشدایەو ئازار دەدرێت.

ئینجا گوتی:

"چارەنووسی ئێمە دادپەروەرانەیە، چونکە حەقی کارەکانی خۆمان وەردەگرینەوە. کەچی ئەو پیاوە، هەمان چارەنووسی هەیە، لەکاتێکدا بێتاوانە!". ئینجا ڕووی کردە یەسووع و پێیگوت:

"منت بیر بێت، کاتێك هاتمە نێو مەملەکەتی تۆ".

یەسووعیش وەڵامی دایەوە:

"بەو نزیکانە بەیەکەوە دەبین و لەشوێنی خۆشبەختان جێنشین دەبین".

لەبەردەم خاچەکەدا دایکی یەسووع لەگەڵ هەندێك ئافرەتی تری هاوڕێی بەخەمباری وەستا بوو. ئەو کاتە لەنێو هاوڕێ دڵسۆزەکانی یەسووعدا تەنیا یۆحەننا لەوێ بوو لەگەڵ ئافرەتەکان وەستا بوو. یەسووع بینییانی، ڕووی کردە دایکی و گوتی:

"لەبری من ئەوە کوڕی تۆیە". بە یۆحەنناشی گوت:

"وەکو دایکی خۆت تەماشای بکە". بەو شێوەیە یۆحەننا بردییە ماڵەکەی خۆی و لەسەر داوای هاوڕێکەی خزمەتی کرد.

دوای چەند کاتژمێرێك کە یەسووع بەئازارێکی زۆرەوە لەسەر خاچدا ژیا، هاواری کرد:

"خوایە، خوایە، بۆ جێت هێشتم؟".

ئینجا هاواری کرد کە تینوویەتی، پاش ئەوەی بە ئیسفەنجێکی تەڕەوە هەندێك سرکەیان پێیدا، گوتی:

" تەواو بوو".

ئینجا بەدەنگێکی بەرز هاواری کرد:

"باوکە، ڕۆحی خۆم دەخەمە نێو دەستی تۆ". ئینجا سەری دانواندو گیانی سپارد.

ئەو سەرکردە ڕۆمانییەی سەرپەرشتی لەخاچدانی یەسووعی دەکرد سەری سوڕما لەو هێمنی و شکۆمەندییەی یەسووعی تێیدا مرد.





هاوڕێکانیشی لە دوورەوە کۆتایی هاوڕێ نزیك و خۆشەویستەکەی خۆیان بینی.

لەبەرئەوەی لەخاچدراوان زۆر لەسەرەخۆ دەمرن و کاتی دەوێ تاوەکو بەتەواوی دەمرن، بۆیە بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك هەر بەخاچەکەدا دەمێننەوە. ڕۆژی دواتریش ڕۆژی جەژنە گەورە بوو لەلای جوولەکەکان، بۆیە داوایان لە بیلاتس کرد خاچەکان بشکێنرێن و لەخاچ دراوەکان دابەزێنرێنە خوارەوەو قاچیان بشکێنرێت تاوەکو لەڕۆژی جەژندا بەخاچەوە نەبن. ئەو کارەیان لەگەڵ دوو تاوانبارەکەدا کرد، چونکە هێشتا هەر نەمردبوون.

بینیان پێویست ناکات ئەو کارە لەگەڵ یەسووع بکەن، لەبەرئەوەی مردبوو، بۆیە نێزەیەکیان لە لاتەنیشتێکی ڕاکردو هەندێك ئاوی سپی تێکەڵاو بەخوێن هاتە دەرەوە.

یووسفی ڕامی یەکێك بوو لە ئەندامانی کۆڕی ئۆرشەلیم و هیچ شتێکی لەبارەیەوە نازانرێت، تەنیا ئەوە نەبێت کە هاوڕێی یەسووع بووە، داوای لە بیلاتس کرد تەرمی یەسووعی پێبدات، بیلاتسیش ڕازی بوو. یووسف لەگەڵ نیقۆدیمۆس کە هاوڕێیەکی تری یەسووع بوو، چوون تەرمەکەیان هێناو پاکیان کردەوەو بۆنداریان کرد و (بەقوماشی کەتان) کفنیان کردو خستییانە نێو گۆڕستانی خێزانەکەی یەسووع خۆیان کە لەبەرد هەڵکەنرابوو لە بێستانێکدا بوو نزیك شوێنی لەخاچ دانەکەی. بەو شێوەیە توانی بەئاسانی هەموو ئەو کارانە بکات بەرلەوەی جەژن دەست پێبکات: واتا ئەو ڕۆژەی ڕێگا نادرێت مردوو بشاردرێنەوە.

**زۆر سوپاس بۆ بەڕێز ع. ع. یووسف کە چەند تێبینییەکی بەنرخی لەسەر وەرگێڕانەکە هەبوو.**

## لەکتێبە بڵاوکراوەکانی وەرگێڕ

١) فەلسەفەی دەوڵەت، لێکۆڵینەوەیەکی فەلسەفی سیاسی مێژووییە، نووسینی: ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل، چاپی یەکەم، ١٩٩٧.

٢) قوتابخانەی فرانکفۆرت، نووسینی: فیل سلیتەر، وەرگێڕانی بەهاوکاری: نوری بێخاڵی و ئیسماعیل کوردە، ٢٠٠٢، سەنتەری نما.

٣) سیستەمی سیاسی، هزرو فەلسەفەی سیاسی، نووسینی: ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل، چاپی یەکەم، ٢٠٠٣، وەزارەتی ڕۆشنبیری ـ سلێمانی.

٤) هیگڵ..فەلسەفەو مۆدێرنیزم، نووسینی: ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل، چاپی یەکەم، ٢٠٠٣.

٥) هەڵوەشاندنەوەگەرایی، لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی، نووسینی: پییر. ڤی. زیما، وەرگێڕانی: ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل، پێداچوونەوەی: ئازاد سوبحی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٤.

٦) بیرمەندان لەهەزارەی سێیەم ڕادەمێنن، کۆمەڵێك نووسەر، وەرگێڕانی: ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل، چاپی یەکەم، ٢٠٠٤، سەنتەری نما.



٧) ئەپستمۆلۆژیاو فەلسەفە، لێکۆڵینەوە لەفەلسەفەی زانست، بەرگی یەکەم، نووسینی: ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل، چاپی یەکەم، ٢٠٠٤.

٨) ئەنترۆپۆلۆژیا، لێکۆڵینەوەی تیۆری، نووسینی: ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل ـ دیار عەزیز شەریف، چاپی یەکەم، ٢٠٠٤.

٩) تێڕامانی میتافیزیکانە لەفەلسەفەی یەکەم، نووسینی: ڕینێ دیکارت، وەرگێڕانی: ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل، پێداچوونەوەی: عەبدولموتەڵب عەبدوڵڵا ، چاپی یەکەم، ٢٠٠٧.

١٠) فەلسەفەی هێگل، کۆمەڵێك نووسەر، وەرگێڕانی: ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل، چاپی یەکەم، ٢٠٠٨، خانەوەی وەرگێڕان.

١١) تیۆری کۆمەڵایەتی لەپارسۆنزەوە تا هابرماس، نووسینی: ئیان کریب، وەرگێڕانی: ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل، چاپی یەکەم، خانەی وەرگێڕان، ٢٠٠٨.

١٢) ژیانی یەسووع، نووسینی: هێگل، وەرگێڕانی: ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل، چاپی یەکەم، ٢٠٠٨، خانەوەی وەرگێڕان.

# Jesus life

## Hegel

Translated by:
Rebin rasul esmail